# قەیرانی ئەقڵ

**فوئاد سدیق**

**نەورۆزی** 2015 **هەولێر**

ناوەرۆک


مێژووی ساختە، مرۆڤی ساختە دروستیدەکات....... ل5

بۆنی خاک دێ ..... ل35

شپرزەیی و بێمتمانەیی حزبی کوردی ل53

یەکێتی بەمازوو کەوتووەو دەیەوێ بە سیچکە هەڵسێتەوە ل73

گفتوگۆی فیکری بە ئەهلی فیکر دەکرێ ل91

داعش و ئیسلام، عومەرو عەلی ل99

دروستبوونی سوننەوشیعە،سەرەتایەک بوو بۆ

قووڵکردنەوەیناکۆکییەسیاسییەکان ل119

خزمەکانی داعش، لە کوڕەکانی قابیلن ل135

کۆمەڵگای مێگەل ، دەسەڵاتی گەندەڵ ل149

غیابی کورد لەناو فەلسەفەو مێژوو ل181

سلێمانی و کام پایتەختی رۆشنبیری ل199

جارێکی تر سلێمانی و کام پایتەختی رۆشنبیری ل217

قەیرانی رۆشنبیرانی کورد ل235

وەزارەتی رۆشنبیری وەزارەتی بێ رۆشنبیرو بێ مەعریفەت ل267

پێش سەربەخۆیی ل283

فسف س پاڵەوان و مۆسیقاو پێشمەرگە ل297

بێشوناسی نوخبەی رووناکبیریی و تەمتومانی

سەدەکانی ناوەڕاست ل311

مێوانە درۆنگەکانی مێژوو ل323

**مێژووی ساختە،مرۆڤی ساختەو درۆزن دروستیدەکات**

وەنەبێ تەنها کورد مێژوویەکی شاراوەو نادیار، ئینجا درۆزن و ساختەو شێوێنراوو تیفتیفەکراوی هەبێت، ئەگەر بە وردی لە مێژوو بڕوانین، دەبینین مێژوو زۆرترین مەرگەسات و کارەساتی بەسەردا هاتووە، ئەم مێژووەی کە هەیە مێژوویەکی درۆزنانەیە، ئەی کوا مێژووی راستەقینە ؟بە درێژایی مێژوو، مێژوو زوڵمی لێکراوەو لێدەکرێ،چونکە لەوەتەی هەیە، بوختانی بۆ دروستدەکرێ،پاشقووڵی لێدەگیرێ، لەهەمانکاتیشدا مکیاجیشی بۆ دەکرێ، کەوابێ ئێستا هەموو گەلانی دونیا دوو مێژوویان هەیە، وایلێهاتووە هەردوو مێژووەکەیان وەها تێکەڵاو کردووە وەک تان و پۆ،مێژوویەک زۆر لاپەڕەی شاراوەیە،مێژوویەکیش دەیان کتێبی پڕ کردۆتەوە،.... ئێمەی کورد لەم هەرێمە، خاوەنی دوو مێژووین، مێژوویەک

رۆژانە چەپڵەی بۆ لێدەدەین و بۆی هەڵدەپەڕین و هوتافی بۆ دەکێشین، مێژوویەکیش هێشتا لاپەڕەکانی،کتێبەکانی لەناو باولەکان قفل دراون، لەبن ئەستێڕکەکان شاردراونەتەوە، لەناو کۆمپیوتەرەکان کراونەتە فۆڵدەرێک و لە کونجێکدا دانراون،بە چەندین کلیک لەسەر کردن ئینجا پێیدەگەی، مەترسی ڤایرۆسیشیان لەسەرە،ئاخۆ کەی دەتوانین رووخساری جوانی ئەو مێژووە دەربخەین، کە کەسمان ئەو جورئەتەمان نیە خۆی لە قەرەی بدا. ئاخر بۆمبێکی چێنراوە، ئەوەی یاری لەگەڵدا بکات، بەروویدا دەتەقێتەوە؟ ئەی کەواتە چیبکەین؟ لێرە هەوڵدەدەم تەنها هەندێک پرس دەورووژێنم، ورووژاندنی ئەم پرسانە ئەگەر گەورەش نەبن بێگومان بچووکیش نین.

کێ دەتوانێ پێم بڵێ سەری ساڵی کوردی چۆن دروست بووە؟ئایا هیچ رووداوێکی زیندووی بۆ کورد وەک نەتەوە تێدا هەبووە، یان ئەو مێژووە رۆژی مەینەتی نەتەوەیەک بووە، کەچی ئەوە 2714 ساڵە نەک بە هەڵە بەڵکو ئەوپەڕی گەمژەییەوە دروستمانکردووەو شانازیشی پێوە دەکەین، نازانم کام شانازی، شانازی ژێردەستەییبوونی نەتەوەیەک؟

ئاینی مەسیحی ئەمڕۆ لە سەرتاسەری ئەم جیهانە، بە گەورەترین و بەرفراوانترین ئایین دادەنرێ، چونکە زۆرترین پەیڕەوکارانی هەیە، کە دوو ملیار کەس زیاترە، بەڵام سەیر لەوەدایە، ئەم ئایینە خودی عیسا دروستی نەکردووە، عیسا تەنها داوای هەندێک ریفۆرمی ئایینی —کۆمەڵایەتی لەناو خودی ئایینی جوولەکە کردووە، تەنانەت هەر بیریشی لە دروستبوونی

ئایینێکی تر بەناوی مەسیحییەت نەکردۆتەوە،وەک نیچە عیسا بە پیاوێکی ترسنۆکیش ناودەبا، بە واتایەکی روونتر عیسا بە جوولەکەیی مردو هیچ هەوڵی نەداوە ئایینێکی نوێ دروست بکات، تەنانەت شوێنکەوتووەکانیشی ئەو کارەیان نەکردووە، بەڵکو (30 تا 33)ساڵ بەسەر مردنی عیسا تێپەڕیبوو، گرووپێک درێژەیان بە چاکسازییەکەی عیسا داو، داوایان لە خەڵکی ناجوولەکە دەکرد ببنە جوولەکە،ئەمەش وەک عیسا ناوی لێنابوو مەسیح واتا رزگاریکارـ رزگاربوون.بەڵام کاتێک گرووپێکی زۆر لە خەڵکی حەزیان نەکرد ببنە جوولەکە، وردە وردە فراوانتر بوون تا گرووپێک کە رابەرەکەیان ناوی (شایۆل ترسۆسی)بوو،کە دواتر بە(پۆلس) ناوی دەرکرد.پۆلس رۆشنبیرێکی جوولەکە بوو خەڵکی رۆمان بوو، عیسای نەدەناسی و دەیان ساڵ دوای مردنی عیسا وردە وردە لە ئایینی جوولەکە هەڵگەڕایەوە.(36)ساڵ بوو عیسا مردبوو،کەپۆلس ئیمانی بە شوێنکەوتوانی (رێگا) هێنا کەیەعقوبی برای عیسارابەرایەتیدەکرد. ئیمپراتۆرییەتی رۆمان کە قوستەنتین بوو دوای زیاتر لە سێ سەدە پاش مەرگی عیسا ئینجا ئایینی مەسیحییەتی بە ئایینی فەرمی ناساند. رۆڵی عومەری کوڕی خەتاب چەند بەرز رادەگیرێ لە فراوانکردنی ئایینی ئیسلامدا، رۆڵی پۆلسیش بۆ ئایینی مەسیحی زۆرترو بەرزترە. پۆلس نەبوایە ئایینی مەسیحی نەدەگەیشتە تورکیاو یۆنان و رۆم. ئەو ئینجیلانەی نووسراونەتەوەش لەماوەی نێوان ساڵانی(65 تا 100)ساڵ دوای مردنی عیسا نوسراونەتەوە. ئینجیلەکان دوور لە شوێنی لەدایکبوونی عیسا نووسراونەتەوە، ئینجیلی

یوحەنا زۆر درەنگتریش لە (3) سێ ئینجیلەکەی تر نووسراوە، ئینجیلی مەرقەس لە رۆم ، ئینجیلی مەتا لە ئەنتاکیە نووسراون.ئیتر کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ کە کاریگەری عیسا بەسەر ئەو ئینجیلانەوە چی بووە؟ بەڵام سەیرکەن مێژوو چۆن عیسای بەرەو ئاسمان برد، نەک بۆ قووڵایی زەوی؟ ئەو عیسایەی کە ئەمڕۆگەورەترین رووداوی مێژوویيە لە ئەوروپاداو تا ئەمڕۆش مەسیح کاریگەرترین کەسایەتی و بەرفراوانترین شوێنکەوتووی هەیە لە دونیادا، کەچی هیچ هێزێک نییە بتوانێ رۆژی لە دایکبوونی رابگەیەنێ، ئەو رۆژی لەدایکبوونەی ئێستاکەی بۆی دروستکراوە. ئەو رۆژژمێرەی کە ئێستا هەموو مرۆڤەکانی دونیا پەیڕەوی لێدەکەن، هیچ بنەمایەکی راست و دروستی نییە، تەنها ئەوە روونە کە ئەوساڵەی پاشا هیرۆدۆس مردووە، عیساش لە دایکبووە. روونتر عیسا چەند ساڵێک بەر لە دەستپێکردنی چاخێک لەدایکبووە کە بە لەدایکبوونی ئەو دەستپێدەکات. ئەدی ئەم مێژووە ساختەیە چۆن بەبەرعیسادا بڕدراوە؟ ئەو رۆژمێرەی ئێستا هەموو دونیا لەسەری دەڕوات، خۆ تا سەدەی شەشەمی زایینیش هیچ رۆژمێرێک نەبوو، (دیۆنۆسیۆس ئێگزیگۆس)لە سەدەی شەشەمی زایینی رۆژژمێرێکی پێشکەش کرد، بەڵام پڕ بوو لە هەڵە..ئێستاش ئەو رۆژژمێرە زیاتر لە (4)چوار ساڵ جیاوازی لەدایکبوونی عیسایە.ئەی بۆچی ئەم سەری ساڵی زایینییە تا ئێستاش پەیڕەوی لێدەکرێ؟ بە بڕوای من ئەم هەموو هەڵە مێژوویيە بۆیە روویانداوە، چونکە عیسا وەکوو پێغەمبەری

ئیسلام  بانگەشەی ئایینێکی نەکردو ئەو ناوی پێغەمبەرایەتی لە خۆی نەنا، بۆیە ساڵی لەدایکبوونی زۆر جێگەی گرنگیپێدان نەبوو.

بەهۆی( پۆلص)ەوە، رۆم  یەکەم وڵات بوو لە دونیادا کە بڕواو ئیمانی بە مەسیحییەت هێنا.(ئیگناتۆس)یش یەکەم  مەسیحی بوو کە زاراوەی (کاسۆلیک)ی بۆ کڵێسا بەکارهێنا. ئیگناتۆس دەوروبەری ساڵی 112ز وتی: حەکیمێک هەیە،جەستەیی و رووحانی، لەدایکبووەو نەبووە، خودایەکە لە مرۆڤ، ژیانی راستەقینەشی لە مەرگایە، هەم لە مەریەمەو هەم لە خودا، سەروەری هەموومانە، عیسای مەسیح. سەیری ئەم مێژووە، دوای 112 ساڵ بەسەر مردنی عیسا تۆ ئەم قسەیە بکەی. لە سەدەی چوارەمیش ئیمپراتۆر کونستانتینی یەکەم باڵادەست بوو لە دونیادا کە پشتیوانی خۆی بۆ ئەو ئایینی مەسیحییە راگەیاند، ئیتر بە هاتنە ریزی ئیمپراتۆرەوە ئایینی مەسیح چووە قۆناخێکی نوێی بڵاوبوونەوە.بەڵام ئایینی ئایینی مەسیح بە هێزی شمشێر خۆی نەسەپاند، تا عیسا مابوو، ئەوپەڕی ئەهریمەنی نیشان ئەدا، دواتر ئەوە کڵێسا بوو بەناوی مەسیحییەتەوە خەڵکی دەسووتاندو زمانیانی لە بنەوە دەبڕی. ئەوەی زمانی جیۆردانۆ برۆنۆی لەتکردو سەری بڕی کە سەریان لە جەستەی جیاکردەوە برۆکانی هەر هەڵدەپەڕین ، بەم حاڵەوە جەستەکەشیان خستە سەر ئاگردانەوە تا تەواو سووتا، ئەوەی گالیلۆی ناچارکرد پەشیمان بێتەوە دەنا ئاگری دۆزەخێک چاوەڕوانیدەکات، ئەوەی...،ئەوەی...،هەموو ئەمانە

کڵێسا بوون، ئەو کڵێسایەی دوورو نزیک پەیوەندی بە خودی مەسیحەوە نەبوو.

ئێمەی کوردیش گەورەترین و بەرزترین جەژنی نەتەوەییمان، نەورۆزە، بەڵام کەسمان نازانین کاوە لە چ سەردەمێکدا ژیاوەو،لە چ نەتەوەیەکیش بووە؟، ئەی زووحاک لەکام نەتەوە بووە؟، ئایا زوحاک ئەو پیاوە ستەمکارەیە بوو، یان لەبەرامبەر ستەمکاریدا وەستایەوەو بەو دەردەیان برد ؟ کاوە کوردە یان زووحاک ؟باشە کورد بۆچی ئەو ئەفسانەیەی کرد بە جەژنی نەتەوەیی خۆی، کورد گوتەنی کە نە سەری دیارەو نە بن؟ نەتەوەی کورد لەوەتەی هەیە شەهیدو قوربانی لەپێناوی ئازادیدا دەدات، کەچی رۆژە نەتەوەییەکەی ئاوا پڕە لە پرسیاری بێ وەڵام، بۆ؟ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە رۆژی نەتەوەیی خۆمان بنووسینەوە، رۆژێک کە نەبوونی هێنایە بوون و مەحاڵی بەتاڵکردەوە؟ئایا رۆژی ئاوا پڕ لە نەبەردیمان زۆر نییە؟ئەی بۆچی خۆمان تەسلیمی ئیرادەیەکی ئەفسوناوی کردووە ؟

زاراوەی سەدەکانی ناوەڕاست تا کۆتایی نەهاتبوو، کەسێک ئەو ناوەی بە باڵادا نەبڕیبوو، بەڵام لە سەدەی 16 ،مێژووزانی ئیتاڵی (فلاڤیۆوبوند) زاراوەی سەدەکانی ناوەڕاستی داهێنا، کە رێک سەدەی پێنجەم تا سەدەی پازدە دەگرێتەوە، روونتر بڵێین لەساڵانی (500-1500)ز دەگرێتەوە. مێژووی فیکرو فەلسەفەی ئەوروپا هەزار ساڵێک دەبوو، چەقی گرتبوو، دیکارت توانی وەک باوکی فەلسەفەی نوێ خۆی نیشان بدات و ئەو گۆمە

چەقبەستووە بشڵەقێنێ،لە دوای گالیلۆ یەکەمین گورزی کوشندە لە ئەرستۆ بوەشێنێ، گالیلۆ لە بواری زانستییەکەی و دیکارتیش لە بواری فیکرو فەلسەفەدا. بەڵام لە راستیدا ئەمانۆیل کانت باشتر لە دیکارت سەرلەنوێ ئابڕووی هێنایەوە بەر فەلسەفە،بەڵام نازناوی باوکی فەلسەفە دیکارت بۆ خۆی برد نەک کانت. لە دوای راپەڕینەوەو لەوەتەی حکومەتی هەرێم پێکهاتووە، دۆخی سیاسی لەم هەرێمە چەقی بەستووە. بزووتنەوەی گۆڕان توانی وەکوو هێزێکی رکابەری دەسەڵات و وەکوو بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکار خۆی نیشان بدات و ئەو گۆمە چەقبەستووەی شڵەقاندووە، بەڵام لە راستیدا پێویستیمان بە هێزێکە سەرلەنوێ ئابڕووی بێنێتەوە بەر دەسەڵات، گۆڕان هێشتا نەگەیشتۆتە دەسەڵات، هیوادارم ئەگەر گەیشت بە دەسەڵات ئەو جەسارەتەی هەبێت ئابڕوو بێنێتەوە بەر دەسەڵات.هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕانیش نەیتوانیوە ببێتە بزووتنەوەیەکی فیکری-سیاسی بۆیە ئەو ئەرکە بۆ گۆڕانیش ئەستەمە. فرانسیس بیکۆن گاڵتەی بەو کەسانە دەکرد کە بڕوایان وابوو زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، بیکۆن هیچ گومانی لەوە نەبوو کە زەوی چەقەکەیەو خۆرو ئەستێرەکانیش بە دەوری دەخوولێنەوە،چونکە ئەوەی بە چاو دەبینرا ئەوەبوو کە خۆر دەخولێتەوە نەک زەوی، هەر ئەم هۆکارەش بوو ئینجیل کەوتە هەڵەیەکی زەقەوە کە پێیوابوو خۆر بە دەوری زەوی دەخولێتەوە، بەڵام ئەوەتا دەرکەوت زەوی لە ماوەی 24 کاتژمێر جارێک بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوەو لە ماوەی ساڵێکیشدا جارێک بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە. تا ئێستا زۆرن ئەوانەی

ئیمڕۆ سەرکردایەتی حزب پێکدەهێنن کە هێشتا لە ئەقڵی (بیکۆن)یان تێپەڕ نەکردووە، هێشتا بە لای ئەوانەوە فیکر بزوێنەری کۆمەڵگە نییە بەڵکو تەنها دراو بزوێنەری نەک هەر کۆمەڵگەیە بەڵکو بزوێنەری ئەقڵ و مێژووشە.بەڵام ئەوانە هێشتا کتێبەکانی (ئالفین تۆفلەر)بەتایبەت (گۆڕانی دەسەڵات)یان نەخوێندۆتەوە.

ئالان تۆرین دەڵێت ئاگری مێژوو هێشتا خامۆش نەبووە. مەبەستی ئالان تۆرین ئەوەیە تا مرۆڤەکان یەکتر بکوژن و خوێن بڕێژن و ئاگر لەیەکتری بەربدەن،مێژووش هەر تاو ئەسێنێ، ئەو قسەیەی ئالان تۆرین بۆ ئەوروپا نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو وڵاتانەیە تا ئێستا هەندێک لە سەرکردەکانیان بە ئەقڵیەتی من حیزبم، من دەوڵەتم، من ئاڵام، من نەتەوەم، من منم ، من هەموو شتێکم، منیش نەبم هیچ شتێک بوونی نییە، رەفتار دەکەن. مۆسۆلینی و هیتلەر هەردووکیان بەرێگای دیموکراسی و جەماوەرەوە گەیشتنە دەسەڵات، بەڵام دوایی دیموکراسییەتیان بە تەواوی لینگەو قووچ کردەوەو جەماوەریشیان بۆ جەهەنەم نارد، وەک ئەو مێژووە ساختەو درۆزنەی بە باڵای کورد دراوە. من زۆرجار دەکەومە ناو لێکدانەوەی کەسانێک کە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی و لە چیاکان پێشمەرگەو نەبەرد بوون، بەڵام دوای راپەڕین بەشێک لەو کەسانە، دزو گەندەڵ دەرچوون، شەهامەتیان تێدا نەما، من نازانم ئەوچەند ساڵە چۆن لە سەنگەری بەرگری و پێشمەرگایەتی مابوونەوە؟ ئاخر ئێستا ئەوەندە بچووک و بوودەڵەن، مرۆڤ قێزیان لێدەکاتەوە.

ئەگەر فلۆبێر نەبوایە، نوێخوازییەکەی جیمس جۆیس و مارسیل پرۆست و کافکا، بەجۆرێکی ترو بە دیدێکی ترو بە ئاراستەیەکی تر دەبوون، یان هەر نەدەبوون و ناووناوبانگیشیان بۆ دوور نەدەرۆیی، ،بەڵام سەیریکەن جۆیس و کافکا ناوو ناوبانگیان لە فلۆبێر زیاتر دەرکرد، ئەمە چ مێژووەکە، فلۆبێر کەوتە پشتەوەی کافکاو جۆیس؟ لەم هەرێمەی ئێمەش زۆر شاعیر هەوڵیان بۆدرا، ببن بە شاعیری نوێخوازو گەورەو ..هتد بەڵام ئەو مێژووە ساختەی کە بۆ (گۆران)ی شاعیر دروستکرا، زوو ئاشکرا بوو، ئەوەی بۆ کامەران موکریش دروست کرا، دیسان برِی نەکردو زوو پووکایەوە. ئیتر نەتوانییان کامەران موکری بکەن بە (گۆران)و،نە (گۆران)یشیان بۆ بچووک کرایەوە.. تا شێرکۆ بێکەس نەهاتبوو گۆران لووتکە بوو، بەڵام شێرکۆ ئەو لووتکەیەی لێسەندەوە، هێشتا دیارنییە دوای چەندین دەیەی دیکە کێ زاتی ئەوە دەکات ئەو لووتکەیەی شێرکۆ لەسەری هەڵکورماوە، لێیبسەنێتەوە.دڵنیام ئەو نەوەیەی ئێمە کە تەمەنیان نیوسەدەی تەواو کردووە نایبینن.

مەزهەبی مەسیحییەتی ئەرتۆدۆکسی کە رووسیا بە چڕی پەیڕەوی لێدەکرد، ئەوەبوو کە قەشە ئەرتۆدۆکسەکان دەتوانن ژن بێنن، بەڵام لە مەزهەبی کاسۆلیکی رۆمایی، قەشە کاسۆلیکە رۆمانییەکان ناتوانن ژن بێنن، کە جگە لە رووسیا یۆنان و سربیاش تەواو ئەرتۆدۆکسین.ئەمە لە کاتێکدا ئایینی مەسیحییەت زۆر بە درەنگەوە گەیشتە رووسیاو لە دوای 988ز کە فلادیمێری فەرمانڕەوا باوەڕی بە مەسیحییەت هێنا، ئەم ئایینە

رووسیای گرتەوە. ئێمەی کورد ئەوەندە نەگبەتین تەنها ئەوەندە دەزانین کە لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا ئایینی ئیسلام لە ژێر ناوی فتوحاتەوە گەیشتە کوردستان، بەڵام کەس باسی ئەو مقاومەت و بەرەنگاربوونەوەیەی کورد ناکات کە بەرامبەر بە سوپای ئیسلام نواندیان، ئیستاش گردو شاخ و دۆڵ و کێوەکانی کوردستان، پڕن لە گۆڕی سەحابەکان، بەڵام کێ دەتوانێ رووی راستی کوشتنی ئەو سەحابانە دەربخات؟ کورد کە نەیزانیوە پەیامی ئیسلام چییە، شەڕی کردووە، بەڵام مێژووی ئەم شەڕە نزیکەی 1400 ساڵە هێشتا ونە.

تا ئێستا هیچ سەرکردەیەکی سیاسی بە لینین و ماوتسی تۆنگ و بە هەموو رابەرە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی دونیا، نەیانتوانیوە وەکوو عەبدوڵا ئۆجەلان سەروەریبوونی ژن بپارێزن، چ لە رووی تیۆرییەوە، چ لە رووی پراکتیک و عەمەلییەوە. لە رووی تیۆرییەوە تا ئێستا بە درێژایی مرۆڤایەتی کەسێک وەکوو ئۆجەلان ئاوەها بە جورئەتانە پەنجەی لەسەر خاڵە هەرە گرنگەکانی چەوساندنەوەی ژن دانەناوە، بە هەمان شێوە هیچ سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی وسۆسیالیسیتی ودیموکراسی وەکوو ئۆجەلان نەهاتووە گەورەیی ژن و باڵایی ژن لەناو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بەرجەستە بکات، وەک چۆن ئۆجەلان لەناو (pkk) بەرجەستەی کردووە، سەیر کەن لەم هەرێمەی ئێمە تێیدا دەژین، چۆن لە 22 ساڵی رابردوودا توندوتیژی لەبەرامبەر ژن تاوی سەندووە، چۆن ئافرەت لەم هەرێمە لاقە دەکرێت و ئیغتیساب دەکرێت و ئینجا زیندەبەچاڵی دەکەن و دەیکوژن ؟؟.

ئەمە مەرگەساتێکە بەردەرگای لێگرتووین؟ ئۆجەلان لەم بارەیەوە نووسیویەتی،ئەو پیاوە باڵا دەستانەی کە لەژێر ناوی نامووسدا گەمەیەکی ترسناک دەکەن،لە یەکەم جاریاندا بە ئافرەت دەڵێن خۆشمدەوێیت،بەڵام لە دووەم جاریدا دەیداتە بەر چەقۆ. ئینجا دەڵێت، پێش هەموو شتێک هەوڵمدا لە (pkk) بگەیەنم کە شەڕکردن لەپێناو ئافرەتدا یارییەکی سادە نییە،دواتریش کردمە جیدی و پرەنسیب. ئێستا ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەی ئۆجەلان دروستی کرد، ژنەکانن دەتوانن چارەنووسی شەڕو ئاشتی دەستنیشان بکەن. کەچی ئەوەتا لای زۆربەی سەرکردەکانی ئەم هەرێمەی ئێمە رۆژانە وەکوو تووتی باس لە دیموکراسی دەکەن، بەڵام ئەقڵیان بەوە ناشکێ، کە سەرکەوتنی کۆمەڵگای دیموکراسی بەئازادبوونی ئافرتەوە گرێدراوە،لەهەر کۆمەڵگایەکدا بچووکترین توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت هەبێ، ئەو کۆمەڵگایە دیموکراسی و ئازادیش نییە. ئەخلاقی دەسەڵات نابێ بەم مانایە بێت کە هەندێک لە جۆرەکانی دەسەڵات رێپێدراو بن و ئەوانی تریش بە رێ پێنەدراو. بڕوای سیاسی ئەم خەڵکە هەر چییەک بێت، نابێ هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەخلاقی نادیموکراتی بوونی هەبێت. ئەخلاقی نادیموکراتی ئەو ئەخلاقەیە کە زۆرێک لە تاکەکانی مرۆڤ جیا ئەکاتەوەو ئەڵێت: ئەمانە ئەبێت خاوەنی شتە باشەکان بن و ئەوانی تریش ئەبێت خزمەتی ئەوان بکەن. گرفتی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئەوەیە ئەوەندەی چێژ لە گاڵتەجارییەکانی خۆیان وەردەگرن، نیو ئەوەندە چێژ لە سەرکەوتنەکانی شەڕیش وەرناگرن .

کریستۆڤ کۆلۆمبۆس به دوای دۆزینەوەی سەرچاوەکانی زێڕ وێڵ و سەرگەردان بووبوو.توانی بەو هۆیەوە بگاتە دوورگەی سان سلڤادۆرو دواتریش گەیشتە کوباو هایتی.بەڵام کۆڵۆمبس دوای چەندین سەفەری تر، تووشی شکست هات و کۆت و بەند (زنجیر له پێ)کرا،تا مردیش هەر زنجیر له پێ بوو، بۆیه پێش مردنی داوای کرد زنجیرەکەشی لەگەڵ بنێژن.ئەوەی مەبەستمه لێرە بیڵێم، کۆڵۆمبس تا له ژیاندا بوو، نەیدەزانی دوورگەیەکی نوێ، کیشوەرێکی نوێی دۆزیوەتەوە،بۆیه کۆڵۆمبس ناوی لەو دوورگەیه نابوو ئاسیا، بەڵام ساڵێک دوای مردنی کۆڵۆمبس، یەکێ له جوگرافیناسه ئەڵمانییەکان له ساڵی 1507ز ناوی لێنا ئەمریکا، بۆیەش ناوی ئەمریکای لێنرا، چونکه ئەمریکۆ له ساڵی 1503ز له نامەیەکیدا نووسیبووی ئەو جێگایەی کۆڵۆمبس پێیزانیوه کیشوەرێکی تازەیه. سەیرکەن کۆڵۆمبس تا مردیش نەیزانی کیشوەرێکی تازەی دۆزیوەتەوە، ئەگینا به دڵنیاییەوە ئەو کیشوەرەی که ناوی لێنرا ئەمریکا، ناوی لێدەنرا کۆڵۆمبس. بەڵام ئەمه مێژووە، زۆرن ئەوانەی لەناو مێژوودا ستەمیان لێکراوە، زۆریش هەن، ستەمیان بەسەر مێژووشدا کردووە..(گلینودی ڤیڤاڵدۆ)ی پورتوگالی یەکەم کەس بوو دۆزینەوەی جوگرافیای خستە ئەستۆ،ساڵی 1291 به دوو کەشتی گەورەوە گەشتی دەریای دەستپێکرد،بەڵام کەشتییەکانی لەکەناری ئەفریقادا شکا، سەرنشینەکانیشی بوون به خۆراکی ماسی،ئەم کارەساتە هەموو دونیای ترساند تا (200)دووسەد ساڵ دواتر ئینجا خەلکی تر جەسارەتی کرد گەشتی لەمجۆرە بکاتەوە. بەهەمان شێوە له چلەکانی

سەدەی نۆزدەوە تا رووخانی دیواری بەرلین و لەباریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، (کانت) و فەلسەفەکەی سڕ کرابوو،کەچی لەماوەی (20) ساڵی رابردوودا،کانت لە هەموو فەیلەسووفەکانی دونیا زیاتر هاتۆتەوە مەیدان، فەلسەفەی مارکس زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو، فریدریک نیچەش بە هەمان دەردی(کانت) ببا، بەڵام نیچە بە هۆی ئەو بزێوییەی کە لە فەلسەفەکەیدا نەقشی کردووە، کەس نەیتوانی سڕی بکات، ئێستاش فەلسەفە بەبێ نیچە، لە خانوویەک دەچێ، بێدەرگا،بێ پەنجەرە، تەنانەت سەریشی ئاوەڵایە..ئێستا نیچەو کانت گۆڕەپانی فەلسەفەیان بەتەواوی کۆنترۆڵ کردووە.کانت باوکی ئەقڵانیەت و نیچەش باوکی نا ئەقڵانییەکانە . کانت باوکی مۆدێرنەو بەهێزکردنی رۆشنگەرییە، نیچەش دوژمنە گەورەکەی مۆدێرنەیە، بۆیە هەندێکجار بە نیچە دەوترێ باوکی پۆست مۆدێرنە، چونکە نیچە توانی مۆدێرنە بکوژێ. لە ناو سیاسەتمەدارانی کوردیش دووکەس بەم دەردە چوون، هەمزە عەبدوڵا لە کۆتایی پەنجاکانەوە، پێچرایەوە، برایم ئەحمەدیش لەسەرەتای حەفتاکانەوە،خرایە دەرەوەی بازنەی تێکۆشان و مێژووش. هەمزە عەبدوڵا، تەنها لەبەر ئەوە نەبوو،کە ئەندامی حزبێکی کۆمۆنیستییە، ئەگەر وابوایە، خۆ برایم ئەحمەدیش کە لەشوێنی ئەو کرا بە سکرتێر، سکرتێری لقی حزبێکی نەتەوەیی بوو، جا چ فەرقێکی هەیە، لە حزبێکی کۆمۆنیستی بیت یان ناسیۆنالیستی بیت، بەڵام ئەنجام، مێژوو هەردووکی شاردنەوە،یەکێکیان بە دوو باوڵی پڕ لە ئەرشیفی گرنگەوە، لەناو سلێمانی بە نامۆیی و گۆشەگیری سەری نایەوە، تەنانەت

سالڕۆژێکیشی بۆ ڕێکناخرێ، ئەوی تریش لە لەندەن و دوور لە وڵات و نیشتمان، سەری نایەوەو بە مردوویی هێنرایەوە وڵات. دەزانم ئێمە ئێستاش خەڵکی دڵسۆزمان زۆرە، وەکوو دڵسۆزی کامینیف و زینوفیف و بوخارین بۆ کۆمۆنیزم،دڵسۆزی ئەم سەرکردانە زۆر زۆر زیاتر بوو لە دڵسۆزی ستالین بۆ کۆمۆنیزم، تەنانەت ئامادەبوون لە دانپیاناندا درۆ بکەن، بۆ ئەوەی خزمەتێک بە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم بکەن، ترۆتسکی لە ستالین دڵسۆزتر بوو بۆ کۆمۆنیزم و بۆ نیشتمانیش، زۆریش ڕۆشنبیرتر بوو لە ستالین،بەڵام سەیرکە چۆن بە خیانەتی لە کۆمۆنیزم و لە تاراوگەدا کوشتیان، ئەم کوردستانەی ئێمەش زۆرن ئەوانەی دڵسۆزبوون بۆ نیشتمان و تەنانەت بۆحزبیش دڵسۆز بوون، بەڵام هەندێکجار واقیع و هەندێکجاریش قەدەر بەرەو جیهانێکی دیکەی بردن. ئێمە تا ئێستا خوێندنەوەیەکی زانستی و فەلسەفیمان بۆ ئەم هەموو ڕووداوانە نەکردووە، کە پڕن لە تێکشکان و پڕن لە ئازارکێشان و مەرگ کێشان،بۆیە پێویستە ئیتر بە چاویلکەیەکی ڕوون زۆر ڕوون بڕوانینە ئەم مێژووە ون و شێواوەمان کە نەوەکانمان ڕاستییەکانیان لێ شاردراوەتەوەو مێژوویەکی ساختەیان لەبەردەستی داناوە.

لە ماوەی (150)ساڵی ڕابردوودا ماركس نەک مارکسیزم هێشتا تینووە بۆئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکرێ، 150 ساڵە بەردەوام لەسەر ئاستی هەموو دونیا خوێندنەوەی جۆراو جۆری بۆ دەکرێ، بەڵام هێشتا خوێندنەوەیەکی کۆنکریتی ئەوتۆی بۆ نەکراوە، تا ئیتر بڵێین ئەوەتا ئەم فەیلەسووفە بەم

کتێبەی لەسەر مارکس کۆتایی بە هەموو خوێندنەوەیەک هێنا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە تا رووبەڕووی جۆرێک لە ئەزموونگەری کۆمەڵایەتی ببینەوە، کە لە بنەڕەتدا پڕە لە تێکشکان، لە هەموو تێکشکانێکیشدا مارکس سەرهەڵدەداتەوەو سەرلەنوێ خۆی نمایشدەکاتەوە بۆ ئەوەی بە چاویلکەیەکی روونتر لێی بڕوانین.ئەمە لە کاتێکدا سەرمایەداری باشترین رێگای بەرهەمهێنانی سامانە، هەرچەندە باشترین رێگای بەرهەمهێنانی سامان نایەکسانیشە لە نێو دونیای سەرمایەداریدا.

ڤیدل کاسترۆ تا چەند ساڵێکیش دوای سەربەخۆیی کوبا، بڕوای بە کۆمۆنیزم نەهێنابوو، ئەوە دەستدرێژییە سەربازییەکانی ئەمریکا بوو بوو وای لە کاسترۆ کرد بە ناچاری بچێتە باوەشی یەکێتی سۆڤێت و لە 1961/5/1 کە رۆژی کرێکارانی جیهانە، بە فەرمی و بە دەنگی بەرزەوە دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی سۆسیالیستی لە کوبا رابگەیەنێ. نەوشێروانیش لە دوای ساڵی 1975 یەکێتی نەبوو، ئەو هەموو پێشمەرگایەتییەی لە شاخەکانەوە داستانی لێ تۆماردەکردو یەکێتی لە مەرگ رزگاردەکرد، بڕوای بە یەکێتی نەبوو، بڕوای بەو مارکسی لینینییەش نەبوو کە خۆی سکرتێری بوو، ئارەزووشی لە ماوتیسیتۆنگ نەبووە، کەچی دڵسۆزی ئەو بۆ یەکێتی نەک بێوێنە بوو، بەڵکو بە هزرو بە کردەوە کەسێکی دیکە نەبوو خۆی لە قەرەی بدات(لە ئایندەدا لێکۆڵینەوەیەکی درێژ لەسەر سەرکردەکانی کورد بڵاودەکەمەوە، لەوێ باشتر چوومەتە بنج و بنەوانی هەموو لایەنەکانی سیاسییەکان).

من   سەرنووسەرێک دەناسم، تا سەر ئێسقان دوژمنایەتی برادەرێکی دەکرد، هەر ناوی ئەم برادەرەت لای بهێنابایە، ئیتر هەڵدەچوو، وات هەستدەکرد (12)جار باوکی کوشتووە، (18)جاریش خۆی ئیعدام کردووە، بەڵام ئەوە قەدەر نەیکووشتووە، کەچی کاتێ ئەو برادەرە بوو بە سەرکردایەتی و  تێگەیشت ئیتر ناتوانێ دوژمنایەتی بکات و تەنانەت لەوانەیە دەستکەوت و ئیمتیازاتەکانیشی لەدەست بچێ بەهۆی ئەو دوژمنایەتیکردنەیەوە، یەکسەر (180) پلە وەرسووڕایەوە، ئێستا نەک زۆری خۆی لێ نزیک دەکاتەوە، بەڵکو خەون بەوەوە دەبینێ شەوێک ژنەکەی خۆی بە دیاری بۆ ببات. ئەمە نموونەیەکی بچووکی نێو ئەو دۆخەی هەرێمی کوردستانە، کە رۆژانە رەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوجۆرە دووبارەو سەدبارە دەبنەوە.

(کۆپەرنیکۆس) یەکەم کەس بوو، کە ئەرستۆی پەڕوباڵ کردو رووتی کردەوەو،بردییەوە لە گۆشەیەکی بچووکی ئەوروپا کە یۆنانە، داینا، کۆپەرنیکۆس نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو فەلسەفەو تێڕوانینەکانی کڵێسای مەسیحییەتیشی تێکشکاند، کۆپەرنیکۆس هەڵڵایەکی لەناکاوی خوڵقاند. بەڵام کتێبە چاپکراوەکەی کە ئەم هەڵڵایەی نابوویەوە، لە چاپکردن و بڵاوکردنەوە راگرت، تا رۆژی مردنی، واتا ئەو رۆژەی کۆپەرنیکۆس مرد، هەر ئەو رۆژە کتێبە بۆمب چێنراوە تەوقیتکراوەکەی، گەیشتە دەستی خەڵک و بڵاوبوویەوە، کڵێسا ویستی کۆپەرنیکۆس بسووتێنێ، بەڵام جەستەیەکی ساردو سڕ بوو، هەناسەی تێدا نەمابوو، بۆیە ناشتیان.

(جیۆردانۆ برۆنۆ)  پێش مردنی کۆپەرنیکۆس پشتڕاستی تیۆرییەکەی کۆپەرنیکۆسی کردبوو، کڵێسا داوای لێکرد پەشیمان ببێتەوە، بەڵام ئەو پەشیمان نەبووەوە بۆیە زمانیان بڕی و ئینجا سەریان بڕی و دواتریش ئاگریان تێبەردا.بۆ ئەوکات کەم نەبوو گومان لە پاکیی مەریەم بکرێت، دوای (30) ساڵ گالیلۆ پەشیمانی خۆی ڕاگەیاندو خۆی لە مردن قورتار کرد.دەتوانین بڵێین جیۆردانۆ برۆنۆ یەکەم فەیلەسووف و یەکەم قوربانی فیکری مۆدێرنەیە کە خۆی لە ڕێنیسانسدا دەبینێتەوە.بەڵام ئەوەندەی گالیلۆ ناوبانگی دەرکرد کۆپەرنیکۆس دەرینەکرد، ئەوەندەی کۆپەرنیکۆس ناوبانگی ڕۆیی، ناوبانگی جیۆردانۆ نەڕۆیی، بە واتایەکی تر جیۆردانۆ هەر تەنها قوربانی جەستەیی نەبوو، بەڵکو مێژوو خستییە کونجێکەوەو لە فیکرو ناوبانگیشدا حەشاری دا.

عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئامۆزاو زاوای پێغەمبەری ئیسلام بوو،بەهۆی توندی ئیمانەکەی و بڕوابوونی گەرمی بە ئیسلام، توانیبووی گەرمی و توندییەکە لەناو کۆمەڵەیەکی موسڵمانان بە زیندوویی بهێڵێتەوە،بەڵام لە شەڕی ناوەخۆشدا شکستێکی گەورەی خواردو تیا چوو کە شەهید بوو.. نەوشێروان مستەفا هەمان ئەو گەرمی و توندییەی لەناو یەکێتی نیشتمانی دروست کردبوو، بەڵام ئەویش لە ململانێی ناوەخۆییدا تووشی شکست هات، بەڵام شکستەکەی زوو سارێژ کرد کاتێک بزووتنەوەی گۆڕانی دروستکرد.. ئەگەر نەوشێروان مستەفا بزووتنەوەی گۆڕانی دروست نەکردایە وەکوو هەمزە عەبدوڵا بەنامورادی و بە دڵێکی پڕ لە کەسەرەوە

دەچووە ژێر گڵ. یان وەکوو برایم ئەحمەد لە دوورە وڵاتی ماڵئاوایی دوایی لە خاک و نەتەوەکەی دەکرد،یان رەنگە بە دەردێکی لەوان خراپتر بچووبایە. لە مێژووی ئێمەدا هەموو سەرکردە دۆڕاو و براوەکانمان فسفس پاڵەوانێکی بێ وێنەن.میللەتێک ئەکەن بە قەرزاری خۆیان، لەکاتێکدا زۆر لایەنی تاریک لە ژیانی ئەو سەرکردەو سەرۆکانەمان هەن کە هێشتا نەمانتوانیوە رووناکی بخەینە سەریان. لەماوەی شەش هەزار ساڵی رابردوو‌داو بگرە زیاتریش، واتە لەوەتەی کورد لەم هەرێمە دەژی، تا بە ئەمڕۆ دەگات، وەکوو ئێستا زەوی لەلایەن بەرپرسانەوە دەستی بەسەردا نەگیراوە، ئێستا نەک هەر زەوی کشتوکاڵی نەماوە تەنانەت شوێنەکانی گەشت و سەیرانگاکانیش پاوان کراون. ئەو سەیرو سەمەرەیەی لەم(10) ساڵەی دوایی هەرێمی کوردستاندا روویداوە، بە درێژایی شەش هەزار ساڵی رابردوودا روونەداوە!!کەچی گەندەڵترین سەرکردە لە شاشەی تیڤییەکاندا باشترین نمایشکاری فسفسپاڵەوانییە لە نیشتمانپەروەریدا ، لەکاتێکدا ئەمجۆرە کەسانە نابێ رووی ئەوەیان هەبێ لەناو خەڵک دەربکەون.

تا ئێستا مێژووی ئیسلام بۆی روون نەکردینەوە، شەڕی عائیشەی خێزانی پێغەمبەر کە لایەنگری مەعاویەی ئەبوسوفیان بوو، لە بەرامبەر عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کامیان راست بوون و کامیان هەڵە بوون، شەڕی جەمەل کە عائیشە لە شەڕەکە بە دیل گیرا، عائیشە راست بوو یان عەلی؟ عائیشە زۆر لە خوا دەپاڕایەوە کە بیکات بە دایک و خوای گەورە

منداڵێکی پێبدا، زۆر جاریش ئەو حەزەی خۆی بە محەمەد پێغەمبەری موسڵمانان وتووە، پێغەمبەر زۆری دوعا بۆ دەکرد کە ببێتە دایک و خودا منداڵێکی پێببەخشێ،بەڵام نە داواکەی محەمەد هاتنە دی، نە ئەو حەزەی عائیشەش هاتەدی، بۆیە پێغەمبەر پێی وت ئەی عائیشە تۆ ئیتر دایکی عەبدوڵای، مەبەستی لە عەبدوڵا کوڕی خوشکی عائیشە بوو، وتی تۆ دایکی ئەوی، بەڵام ئەو قسەیەی پێغەمبەر نەیتوانی دڵی عائیشە وا لێبکات کە دایکە،کە پێغەمبەریش کۆچی دوایی کرد عائیشە تازە دەهات دەبوو بە ژنێکی گەنج ،بەڵام تا مردنیش هەر بێ منداڵ و بە خەفەتی بێ منداڵی سەری نایەوە، بۆیە موسڵمانان دوای مردنی عائیشە ناوی (دایکی موسڵمان)انیان بە باڵادا بڕی، ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە پێغەمبەر هەموو دوعاکانی کە بۆ پێدانی منداڵێک بوو بە عائیشە، کەچی ئەو دوعایە نەهاتنە دی، لێرە نامەوێ زیاتر بچمە ناو ئەو باسەوە، دەنا هۆکارە زانستییەکان وەڵامێکی دروستیان لەوبارەیەوە پێیە.عائیشە تا مرد بە خەفەت و کەسەری بێ منداڵییەوە سەری نایەوە، کەچی نازناوی دایکی موسڵمانانیان بە باڵادا بڕی.

مستەفا پاشای یامولکی لە ترسی شێخ مەحموودی حەفید، شەوانە لەماڵەکەی خۆی نەیدەوێرا بخەوێ، لە تورکیاش لە لایەن کەمال ئەتاتورکەوە فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو،چونکە پێشتریش کە یامولکی لە زەمانی عوسمانییەکان لە تورکیا بوو سەرۆکی دادگای عورفی بوو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ کەمال ئەتاتورک دەرکردبوو،ئیتر یامولکی نە لە

توركیا نه سلێمانیش پەناگەیەکی نەمابوو، پەنای بۆ بەرێ،چونکە یامولکی دژی تورکان بوو، لایەنگری ئینگلیز بوو، شێخ مەحموودیش بە پێچەوانەوە، دژی ئینگلیز و لەگەڵ تورکان بوو..دروستکردنی (جەمعیەتی کوردستان)لە لایەن یامولکییەوە تەنیا بۆ ئەوە بوو نوخبەی سیاسی و رۆشنبیریی لە شێخ مەحموود دوور بخاتەوەو هەژموونی شێخ مەحموود کەمبکاتەوە. مێژوو لە 17 ی شوباتدا تا رادەیەک دووبارە بووەوە، فارووق رەفیق پۆلیس بە دواوەی بوون و شەوان ئەومالْ و ئەومالّی دەکرد لەترسی رفاندنی، دواجاریش پەلکێشی دادگایان کرد..حزبی ستەمکار و سەرکردەی ستەمکار نەک هەر نازانێ واقیع بخوێنێتەوە، بەڵکو ئەقڵ و چاویشی تاکرەهەندانەیە، هەوڵیشیان نەداوە سوود لە مێژوو وەربگرن. لەکاتێکدا هەموو ئایینە ئاسمانییەکان نەیانتوانیوە سێکس قەدەخە بکەن، چونکە زانیویانە هەر یاساو بڕیارێکی لەمجۆرە قابیلی جێبەجێکردن نابێ و زوو شکست دەهێنێ. کەچی لەم وڵاتە بێ سەوادە، زۆر بڕیار دەسەپێنرێ، ئەنجامەکەشی هەر شکستە.

شۆڕشی فەرەنسی بوو (هیگڵ) ی دروستکردوو خستیە سەر هەردوو پێ، چونکە هیگڵ نەک هەر سەرسام بوو بەو شۆڕشە، بەڵکو بە ناپلیۆنیش ئەوەندە سەرسام بوو، پێیدەوت ناپلیۆن رۆحی جیهانە. ئەگەر دیکارت نەبوایە رەنگە سپینۆزاش نەدەبوو، ئەگەر سپینۆزاش نەبوایە ئەوا ڤۆڵتێر نەدەبوو. رەنگە رۆشنگەریش زۆر دوا بکەوتایە، سپینۆزا پێشیخست. سپینۆزا یەکەمین کتێبی خۆی کە بڵاویکردەوە، ناوی خۆی

لەسەر نەنووسیبوو، دواهەمین کتێبیشی لەسەرداواو ڕاسپاردەی خۆی لە دوای مردنی بڵاوکرایەوە.. ڤۆلتێر زۆربەی کتێبەکانی خۆی بە بێ ناوی خۆی بڵاو دەکردەوە، سوێندیشی دەخوارد کە ئەو خاوەنی ئەو کتێبە نییە، دیدرۆ کتێبەکانی خۆی لەناو چەکمەجەی کتێبخانەکەیدا قفل دابوو، بۆئەوەی لە دوای مردنی بۆی بڵاو بکەنەوە.... لویسی چواردە، (20) بیست ساڵ دوای مردنی دیکارت، خوێندن و وتنەوەی فەلسەفەی دیکارت ی لە زانکۆکانی فەڕەنسادا قەدەخە کرد..

ئەگەر کۆتەنبەرگ نەبوایە، مارتن لۆتەر نەدەبوو،ئەگەر نیوتن نەبوایە ئەمانۆیل کانت نەدەبوو..ئەگەر نیچە نەبوایە میشیل فۆکۆ نەدەبوو،بەڵام ئەگەر شوبنهاوەریش نەبوایە، ڕەنگە نیچەش بەم جۆرە نەبوایە.ئەگەر هایدگەر نەبوایە ژاک دریدا نەدەبوو. ئەگەر ماکس ڤیبەرو زیمێل نەبوونایە لۆکاش نەدەبوو. هەموو ئەو سەرکردە یەک لە دوای یەکانەی ئەم هەرێمەش هەر یەکێکیان دەستکردی ئەویترن، هەر یەکێک موریدی ئەویترە، ئەمیان بەبێ ئەو نابێ، ئەویش بەبێ ئەم بوونی نابێ، ئەمە دەورانی مێژووە لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا.

مارکس مامۆستای لینین نەبوو، بەڵکو لینین قوتابییەکی زیرەکی ئەنگلس بوو، سەیرکەن مێژوو چۆن شێوێنراوە. ئەمانە هەموو مێژوون، بەڵام مێژوویەک نەیانهێشتووە ڕووی ڕاستییەکانی نیشان بدات.

ئێمه دوو هیگل و دوو مارکس و دوو ئەرستۆمان هەیە، هیگڵی لاو ، هیگڵی پیر، مارکسی لاو، مارکسی پیر، ئەرستۆی وەرگێڕو ئەرستۆی دانەر. هیگلی لاو بریتییە لە فەلسەفە، هیگلی پیر بریتییە لە دەوڵەت. مارکسی لاو بریتییە لە ئایدیۆلۆژیا، مارکسی پیر بریتییە لە میتۆدی زانستی، میتۆدی ماتریالیستی زانستی..ئەرستۆی وەرگێڕ ئەوکاتانەیە کە بۆ ماوەی 1000هەزار ساڵ فەلسەفە مەییبوو،مەبەستم سەدەکانی ناوەڕاستە، بەڵام ئەرستۆی دانەر و داهێنەر لە سەردەمی ڕێنیسانسدا دەرکەوت، ئەرستۆ بەدرێژایی ماوەکانی سەدەی ناوەڕاست مامۆستای یەکەم بوو، لەسەردەمی ڕێنیسانسدا بوو بە مامۆستای دووەم، بۆیە مامۆستای دووەم بوو، چونکە ئەفلاتوون یەکەم بوو. هزرڤانانی سەردەمی ڕێنیسانس شەیداو لایەنگری جوانی شێوازی نووسین بوون ، لەمەش کەس شانی لە شانی ئەفلاتوون نەدەدا.ئەرستۆی ڕاستەقینە لە مامۆستای دووەمدا بوو، نەک یەکەم.

ئەو هیگڵەی بە تیۆرداڕێژەری دەوڵەت ناوی دەرکرد، کەچی مەیل و ئارەزووی بۆ ناسیۆنالیزمی پرووسیایی بوو زیاتر لەوەی ئەڵمانی بێت.هەموویشی لە پێناوی فریدریک ویلهلم (فریدریکی مەزن)بوو،کە هیگڵی کردبوو بە ڕاوێژکاری خۆی، بەشێوەیەک لە ساڵانی 1871 ئەو ئیمپراتۆریایەی پرووسیا ئەوەندە پان و بەرین ببوو، ناوی لێنابوو ئیمپراتۆریای نوێی ئەڵمان یان نەتەوەی نوێی ئەڵمان. تەنانەت گەشەی تۆتالیتاریزم سەرچاوەکەی لە ڕێبازی مێژووگەرایی هیگڵەوە وەرگرت. ئاخر

هیگل لەبەر خاتری فریدریکی مەزن بوو،بێ شەرمانە بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەوڵەت ئەتوانێ هەڵگری فەرمانەکانی خودا بێت.ئەم قسە پڕوپووچە جگە لە هێنری هەشتەمی پاشای ئینگلیزەکان و هیگڵ ی راوێژکاری پاشای پرووسیا تا ئەمڕۆ هیچ کەسێکی تر جەسارەتی قسەیەکی ئاوەهای نەکردووە.

(پییەر بێل)کە دواتر بە (باوکی رۆشنگەری)ناوی دەرکرد،سەرسامی خۆی ئاوەها راگەیاند: خودایەک کە ئاگاداری هەموو شتێکە،چۆن دەکرێ ئادەم و حەوای خولقاندبێ، بێ ئەوەی زانیبی رۆژێک تووشی گوناه و لە سۆزو بەزەیی خۆی بێبەری دەبن، دەیپرسی چۆن دەشێ خودای باش و چاکەو کەمال بوونەوەرێکی گوناه دەخولقێنێ؟ ئایا دەشێ و شیاوە چاکەی رەها کە خوداوەندە، بوونەوەرێکی بەدبەخت بێنێتە بەرهەم کە مرۆڤە؟.ئەم پرسیارە تا ئەمڕۆش وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی وەرنەگرتووە.

تا ئێستا نەمانزانیوە فەلسەفەی مارکسیزم، کامەیان مارکسەکەیەو کامەشیان ئەنگلسەکەیە، ئەنگلس مەغدوورترین فەیلەسووفی سەدەی نۆزدەیە، ئەویش بەهۆی مارکسەوە بوو، مارکس هەرتەنها لە فیکرو فەلسەفە زوڵمی لە ئەنگڵس نەکردووە، تەنانەت لە بواری کۆمەڵایەتیش ئەنگلسی چەوساندۆتەوە،لە بواری فیکردا ئەنگلس ماتریالیزمی مێژوویی دۆزیوەتەوە، مارکسیش ماتریالیزمی دیالەکتیکی،زاراوەی ماتریالیزمیش هەر ئەگڵس بە باڵای فەلسەفەکەیدا بڕی، ئەو نووسینانەی ناوی ئەنگلسی

لەسەرە ئەم راستییە دەردەخەن، مارکس کاری لەسەر هیگڵ کردووە نەک فۆیرباخ، کۆمۆنیستەکانی دونیاش هەڵوێستی فۆیرباخیان دەربارەی ئایین نەدەخوێندەوە..سەیری ئەم مێژووی فیکرە بکەن، چۆن دێت و بە کوێدا دەڕوات..من کە بوومە کۆمۆنیست نەمدەزانی مارکس جوانترین کچی وەک خزمەتکار لە ماڵەکەیدا لەلەندەن هەیە، لەوەش کارەساتتر نەمدەزانی کاتێ مارکس ژنە هۆڵەندییەکەی دەنێرێتەوە ماڵی باوکی بۆ هۆڵەندا تا هەندێک پارە بۆ مارکس بهێنێ، چونکە پارەیان نەمابوو، ئیتر ژنەکەی لە لەندەنەوە دەچێتەوە هۆڵەنداو هەفتەیەک لەماڵی باوکی دەبێت، تادەگەڕێتەوە، مارکس لەماوەی ئەم هەفتەیەیدا، تووشی کاری سێکسی دەبێت لەگەڵ کچە جوانە خزمەتکارەکەیدا، کاتێ کچە خزمەتکارەکەی سکی دەبێت، ژنەکەی گوشاری توند دەهێنێتە سەر مارکس بەڵام مارکس درۆیەک دەکات و دەڵێت سکی ئەو خزمەتکارەمان لە من نییە بەڵکو لە ئەنگلسە، ئەنگلسیش لەبەر خاتری مارکس ئەم درۆیە پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی تر هەر ئاشکرا دەبێت کە ئەو سکە لە مارکس بووە نەک ئەنگلس، ئیتر مارکس لە ژنەکەی دەپاڕێتەوە، کە بێدەنگی لێی بکات، چونکە بە قسەی خۆی تیۆرداڕێژەری چینی کرێکارانی جیهانە، هەر کەشف ببێت ئابڕووی دەچێت و تیۆرەکەشی گرنگی خۆی لەدەست دەدات، ئیتر ژنەکەی بێدەنگ دەکات، بەڵام گوناهی ئەو خزمەتکارە چی بوو، کە مارکس ئەو کوڕە ناشەرعییەی لەسەر شەقام ببێت و نەهێلن بێتە ماڵەوە، تا گیانی لەدەستدا.. مارکس بۆخۆی ژیانێکی بۆرژوایانەی بردۆتە سەر نەک

کرێکارانە، دەستی یارمەتیشی بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستەکانی درێژکردووە، مردنی (وۆڵف) زۆر بەخێر بۆ مارکس گەڕایەوە، کە پارەیەکی زۆری بۆ بەجێهێشتبوو..ئەو خزمەتەی ئەنگڵس پێشکەش بە مارکس ی کردووە، مەگەر ئەفلاتون بە سوقراتی بەخشیبێ، دەنا هیگڵیش نەیتوانیوە ئەو خزمەتە بە مەسیح ببەخشێ.

ئەفلاتون کە نەمرترین و گەورەترین فەلسەفەی بۆ مرۆڤایەتی دانا، بەشێوەیەک (2500) ساڵە، دەیان فەیلەسووفی گەورە لە پەراوێزی یان لە ژێر رووناکی فەلسەفەکەی ئەفلاتوندا سەریانهەڵداوە، وەک فەیلەسووفێک نووسیویەتی، هەموو فەیلەسووفەکانی دونیا لە دوای ئەفلاتوونەوە لە پەراوێزی ئەفلاتوندا دەژین، کەچی ئەو ئەفلاتوونە، بت پەرست بوو. فەلسەفەی کۆمەڵناسی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتە ئاراوە، تا لەفەلسەفە بێتەدەرەوە، پێشڕەوی بەربەرەکانیکارانی فەلسەفە (ئۆگۆست کۆنت)بوو،کە بیرۆکەی کۆمەڵناسی داهێناو هەر ئەویش لە تەمەنی(41)ساڵی خۆیداو لە (47)مین وانە فەلسەفییەکانی دەربارەی پۆزەتیڤیزم لە ساڵی 1839 زاراوەی سوسیۆلۆژیا-کۆمەڵناسی- بە قەدو باڵادا بڕی. تا ئۆگۆست کۆنت نەهات، هیچ جیاوازییەک لە نێوان فەلسەفەو کۆمەڵناسیدا نەبوو، بەڵام ئۆکۆست کۆنت کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی جیاواز لە پێشووتر کرد بە فەلسەفەیەکی سەربەخۆ،بە واتایەکی تر وەک تیۆدۆر ئۆدۆرنۆ دەڵێ،دەتوانین بڵێین ئۆگۆست کۆنت دوژمنی گەورەی فەلسەفە بوو، بۆیە کۆمەڵناسی داهێنا.واتە دژی بیرکردنەوەی

رامانی (التفكير التاملي للماورائيات))بوو، كۆنت ئەمەشی بۆیە كرد تا وەكوو سان سیمۆن داكۆكی جیدی لە بۆرژوازییەت بكات. ماوەیەكیش كۆنت و سانسیمۆن دوو هاوڕێی لەیەكتر تا بڵێی نزیک بوون،سانسیمۆن سەرسام بوو بە پێشكەوتنی پیشەسازی و دروستبوونی چینێكی نوێ كە بۆرژوابوو، ئەمەش لەبەرئەوە بوو چونكە سان سیمۆن لە ژیانی چەقبەستوویی كۆمەڵگە بە تەواوی وەڕس ببوو بەتایبەت كۆمەڵگە ئەوكات لە قۆناخی دەرەبەگی و پێشڕەوی ئایین و خێڵ و پاشاو لەم جۆرانە بوو. ئۆگۆست كۆنت لەبەرئەوەی بەربەرەكانێی فەلسەفەی دەكرد،هەر لەم روانگەوە كۆنت دژایەتی ئەفلاتونیشی دەكرد، چونكە فەلسەفە لەلای ئەفلاتونەوە گەیشتە ترۆپک. بەڵام تێگەیشتنی كۆنت بۆ كۆمەڵناسی وەک زانستێكی نوێ ، لەگەڵ بیری هیگڵ كۆک بوو،ئەگەرچی لەوسەروبەندەدا بوو كە هیگڵ (فینۆمینولۆژیای رووح)ی نووسی.

كۆتایی مێژووەكەی فۆكۆیاما، مشتومڕێكی سیاسی و فیكری زۆری دروستكرد، بەڵام دواجار هەر دەركەوت كە ئەم كتێبە گریمانەیەكە پڕە لە هەڵە، كتێبێكە درۆی مێژوومان پێ دەناسێنێ، ئاخر مێژوو چۆن كۆتایی دێت لەكاتێكدا هێشتا زانستە سرووشتییە هاوچەرخەكان لەوپەڕی گەشەكردندابن.

سەیركەن فۆكۆیاما، دەزانێ توانستەكەی ئەوەندە بڕی نەكردووە تا مرۆڤایەتی سەرسام بكات، بۆیە ئەوەتا خۆی لە پشت هەندێک لەو هزرڤان

و فەیلەسوفانە دەشارێتەوە، چونکە توانای گەیشتن بە ئەوانی نییە بۆیە خۆیانی پێ هەلدەواسێ، فۆکۆیاما زاراوەی (مێژوو)ی بە مانا هیگڵ و مارکسییەکە بەکار هێناوە، هەروەها چەمکی (دوایین مرۆڤ)یشی لە نیچەی فەیلەسووف وەرگرتووە، ئێستا فۆکۆیاما لە پەنای هیگڵ و مارکس و نیچەدایە، بەڵام خەریکە لە پەنای ئەوانیش جێی نابێتەوە. ئەمڕۆ ئەو سەردەمە بەسەرچوو لە پەنای کەسێکەوە ناودەربکەی، ئەگەر هێزی مەعریفەت لاواز بێت.میرابۆ ماوەیەک قارەمانترین و شۆڕشگێڕترین سەرکردەی جەماوەری فەرەنسی بوو، لە ریزی شەهیدە نەمرەکانیشیان شاردەوە، بەڵام کاتێ مێژوو قسە نهێنییەکانی خۆی کرد، میرابۆی قارەمانیان لە ریزی شەهیدە شۆڕشگێڕو نەمرەکان دەرهێناو بردیان لە ریزی جاش و خۆفرۆشەکانیان ناشت.مێژوو ئەمڕۆش ون بێت سبەی هەر دەردەکەوێتەوە...

سەیرکەن ئەو ڤۆلتێرەی شەوان جێی پێ جێ نەبوو نەیدەوێرا لە ماڵەکەی خۆی بخەوێ، دوو جاریش خرابووە گرتووخانەی بەناوبانگی باستیلەوە، ساڵی (1726)بۆماوەی (3) ساڵ دوورخرایەوە بۆ بەریتانیاو تا ساڵی (1729)ئینجا گەڕایەوە نیشتمانەکەی، لەکاتی مردنیشی لە ساڵی (1778) ئەمانە (فریدریکی مەزن پاشای پرووس، کاترینی دووەم شاژنی رووسیا، گوستاوسی سێیەم پاشای سوید،) زۆری تریش بەرهەمەکانی ڤۆلتێریان بە ئاشکرا مەحکوم و قەدەخە کرد.ساڵی 1791 فەرمانڕەواو بەرپرسانی حکومەتی فەڕەنسا بڕیاریاندا، تەرمەکەی ڤۆلتێر لە شامپانیدا

له گۆڕ دەربهێنرێت و بگوازرێتەوە بۆ پاریس، تا لە رێورەسمێکی شایستەو تایبەتی قارەمانەکانی فەرەنسادا بەخاک بسپێردرێ، پاشماوەی تەرمەکەی ڤۆلتێر لەگەڵ وێنەکانی ڤۆلتێرو جان جاک رۆسۆدا لە شەقامەکانی پاریسدا کە خەڵکی پاریس ریزیان بەستبوو دەیانویست سەری رێز دابنێن بۆ باوکانی شۆڕش، نیشاندران. لەسەر پەردەی منارەکەی ڤۆلتێر ئەم دێڕە نووسراوە هەڵکەنراوە: شاعیر،فەیلەسووف، مێژووزان، ئەو بوو بەهۆی ئەوەی کە رووحی مرۆڤ هەنگاوی مەزن بۆ پێشەوە بهاوێ، ئەو ئازادی بە دیاریی بۆ ئێمە هێنا. سێ ساڵ دواتر ،پاشماوەی جەستەی رۆسۆ،لە دوورگەی پۆپلاری فەرەنساوە،گوازرایەوەو لە پەنای ڤۆلتێر نێژرا.مەبەستم ئەوەیە بلێم مێژووی ساختەو درۆ تا سەر بڕ ناکات و رووی راستی خۆی هەر دەردەخاتەوە.ئێستا دەبێت سویسرا چەند شەرمەزار بێت بەرامبەر بەوەی کە نەیتوانی رۆسۆ داڵدە بدات، ئەوکاتەی پەرلەمانی پاریس بڕیاری دا کتێبی (ئەمیل)ەکەی بسووتێنێ و رۆسۆش لە گرتووخانە بپەستێ، کەچی بەریتانیا بەهانای وەهات و لەباوەشی گرت و، ئەم لەباوەشگرتنەش بووە هۆی یەکتر ناسینی لەگەڵ داڤید هیوم، ئەو هیومەی کە بووە یەکێک لە گرنگترین و دیارترین فەیلەسووفی ئەزموونگەری و لیبرالیزمی نوێ.. ئەوەتا لێرەش دوای 22 ساڵ ئازادی و راپەڕین، جەمال عیرفان رێورەسمێکی شایستەی بۆ نەکراوە، کەسمان نەمانزانی سەلاح هەورامی لە کوێ شەهید کراو لە کوێ نێژرا...ئەرستۆ لە رێنیسانسدا رووی راستییەکەی دەرکەوت، ڤۆلتێرو رۆسۆ لەدوای شۆڕشی فەرەنسا..هتد .ئەم

دەسەڵاتەی هەرێمی کوردستانیش لە 17ی شوباتدا رووی راستییەکەی دەرکەوت. هەر ئێمەی کورد وا نین ، مێژووی هەموو گەلانی دونیا پڕە لە درۆو دەمامک، دیکارت باش ئەمەی دەزانی بۆیە نووسیبووی، لەو هەموو زانستەی تا ئێستا ناسراون، تەنیا بیرکاری و ئەندازیاری دوورن لە هەڵەو گومان و هیچ جۆرە مەبەستێکی کەسییان تێدا نییە. ئەمانە هەمووی بەرهەمی کۆمەڵگەی داخراو بوون، سەیرکە کۆمەڵگەی کوردی سەرکردەو بنکردەکانی ئەوەندەی خەریکی دروستکردنی باڵەخانەی بەرزو دیکۆری مۆدێرنی دەرگاو پەنجەرەو ناو ماڵەکانیانن، چارەگی ئەوەندە خەریکی دروستکردنەوەی و بونیادنانەوەی ئەخلاق نین، چارەگی ئەوەندە گرنگی بە راستگۆیی و نیشتمانپەروەریی نادات، بەردەوام بە رێگاوەن بۆ وڵاتانی ئەوروپاو چین و هیندو کەنداو و ...بۆ بازرگانیکردن و هێنانی کەلوپەلی جوان بۆ رازاندنەوەی ماڵەکانیان، بەڵام هەرگیز بیر لە هێنانی ئەقڵی وڵاتانی ئەوروپی و چین و...ناکەنەوە تا بیانگوازنەوە ناو ماڵەکانیان، ماڵ بە فیکرو دادپەروەری جوان دەبێت نەک بە دیکۆر کە دوای چەند ساڵێک دەڕزێ و ناشیرین دەبێ.

## بۆنی خاک دێ

لەو رۆژەوەی قابیل هابیلی کوشتووە، زەوی بۆتە مەملەکەتی ئێسک و پرووسکی مردوان و بۆنی دێ، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، وەک هیگڵ ئەڵێت (سەرلەبەری مێژووی فەلسەفە گۆڕەپانی شەڕێکە تەنهاو تەنها کەڵەکەبووی ئێسک و پرووسکی مردوان دایدەپۆشێت). ئەوەی هیگڵ باسی لێوەکردووە، هەر بەتەنها مەبەستی کوشتنی جەستەی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو مەبەستی هەموو ئەوانەیشە کە رۆحێکی زیندوویان تێدا نییە، بەو پێوەرەی هیگڵ، کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەیەکی مردووە، چونکە خاوەن رۆحێکی زیندوو نییە، تەنانەت ئیرادەیەکی مردوویشی هەیە. بە درێژایی مێژوو لەوەتەی شێوازی حوکمڕانی هاتۆتە ئاراوە، هەمیشە دەسەڵاتدارەکان خۆیان بەسەر بێهێزەکاندا سەپاندووە، بۆیە ئێستا مێژوویەکمان لەبەردەستە پڕاوپڕە لە مێژووی خوێن و ئێسک و پرووسک، لە جیاتی هەر جۆرە هوشیارییەکی راستگۆیانەو مرۆڤدۆستانە، هەمیشە هوشیارییەکی

ساختە لە چەشنی ڤایرۆس لەناومانا پەنگی خواردووە، سەرکردەکانمان بوونەتە باشترین دروستکەری ڤایرۆس، گەورەترین داهێنانێک کە هەیانبێ داهێنانی ڤایرۆس بووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم هەموو ماوە دوورو درێژەدا، ئەقڵ غائیبەو تەنها بۆ جێگیرکردنی یاسایەکی گونجاو هێشتا قوربانیدان و خوێنڕشتن لە وڵاتە دواکەوتووەکانا بەردەوامە، کە ئیتر بەهێزەکان هەر بۆ هەوەس و بۆ تێرکردنی شەهوەتی خۆیان بێهێزەکان قەتل و عام نەکەن.

دوای بیست و دوو ساڵ لە حوکمڕانی کوردی، بزوێنەری مێژوو تەنها رووە بازرگانییەکەی گرتۆتەوە، بازرگانییەک لە بەرگی مافیادایەو جگە لە بە تاڵانبردنی سامانی نیشتمانیمان شتێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە، ئاسوودەمان بکات، بێ ئەوەی لایەنی ئەقڵ، جوولەیەکی کردبێ. تا ئێستاش نە فەلسەفەیەکمان هەیە، نە فیکری سیاسیمان هەیە، نە مێژوویەکی ئەوتۆشمان هەیە، کە قوربانییەکانی تەنها بۆ خاک و میللەت بووبێ. لە هەر قۆناخێکدا شەڕێکی گەرمی خۆ بە خۆیی بەردەرگای پێگرتووین، کە جگە لە خەسارەتێکی گەورەی هەمەجۆر، هیچی لێ نەکەوتۆتەوە.ئەم مێژووە داهاتوویەکی مەترسیداری بۆ رێکخستووین، کە هێشتا کەسمان گرەنتی ئەوەی لا نییە بە هەڵبژاردنێکی ساختەکارانەو بە چەند درووشمێکی بریقەدارانەو بە چەند بەڵێنێکی درۆزنانە، دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەم هەرێمە دێتە دی. ئەگەر مەرگ ماناکەی بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی هەموو میتافیزیکییەکی مانا بەخش بێت،

بێگومان کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی مردووە، چونکە هێشتا بێ تواناو کزە لە بەرامبەر، ئەو هەموو ساختەو درۆیەی لەبەرامبەری دەکرێت. ئەو مەملەکەتەی کوردستان، پڕە لە قەتارەی مەرگ و خوێن و قوربانیدان،بەڵام تا چەند سەدەیەکیش بەر لە ئەمڕۆ قوربانی بۆ دەسەڵاتداری بێگانەی داوە، ئەو سەربردەیەی تەیمورلەنگ کە لە بیرەوەرییەکانی خۆی باسیدەکات، رێک نەزانین و جەهالەتی کۆمەڵگای کوردیت بۆ دەستنیشان دەکات کە چۆن لەپێناو بەهێزکردنی خەڵکی تر(تورک) قارەمانانە جەنگاون،سەلاحەدینی ئەییوبیش لەو تێنەگەیشتن و لەو دونیا نەبینییە بەدوور نەبووە، ئەمڕۆش ئەو مەملەکەتەی پێیدەڵێن هەرێمی کوردستان، لەپێناوسەروە ربوونی تاقمێک، چارەنووسی میللەتێک دەخرێتە بەر مەترسییەوە،تاقمێک وەکوو گورگی هار بەربوونەتە گیانی خەڵکە لاوازەکە، ئەو خەڵکەی هێشتا ئەقڵی ئەوەی لا دروست نەبووە، چۆن بتوانێ بەسەر ئەو رەوە گورگە زاڵ ببن. هەر ئێستا تۆ ئەو وێنەیە بێنە بەرچاوی خۆت لەناو دارستانێک یان کەنار رووبارێک کە پڵنگێک یان شێرێک کە دڕ بە سەدان ئاژەڵ دەدات و یەکێک لەو ئاژەڵانەش دەکاتە دەرخواردی ورگی برسی خۆی، ئاژەڵەکان ئەو ئەقڵەیان نییە هەموویان بچن بە گژیداو لەناوی بەرن، یان هەر هیچ نەبێ بە دەردێکی ببەن جارێکی تر روو لە لایان نەکاتەوە،خۆ ئەگەر ئاژەڵەکان ئەقڵی ئەو یەکگرتنەیان هەبوایە بە ئاسانی بەسەر پڵنگ یان شێرەکە زاڵ دەبن، بەڵام گرفتی ئەوان ئەوەیە ئەو ئەقڵەیان نییە، کۆمەڵگەی کوردیش ئەقڵی خۆ رێکخستنی لا دروست

نەبووە، دەنا خۆ ئێمەش ئەوە 22 ساڵە پڵنگ و شێر لەناومانا تەڕاتێن دەکەن و هەر جارەی کە ئارەزووی کرد یەکێکمان دەکات بە قوربانی درێژەدان بە دەسەڵاتە ستەمکارییەکەی. هێشتا ئەقڵی ئەوەمان نەبووە پێکەوە دڕ بەو گەلە گورگە بدەین کە 22 ساڵە خۆی لە چەشنی مەڕ داناوە، باسی بەهەشتمان بۆ دەکەن کەچی دۆزەخمان بۆ دروستدەکەن، باسی دیموکراسیمان بۆ دەکەن، بەڵام سیستەمی تۆتالیتاریمان بەسەردا دەسەپێنن، باسی سەروەربوونی یاسامان بۆ دەکەن، بەڵام بەرتیل و گەندەڵی و بێ یاسایی و لاقەکردن ئەم هەرێمەی لەبەرچاوی خەڵک کاڵ کردۆتەوە، باسی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەییمان بۆ دەکەن، بەڵام لە پەیڕەوکردنی دیکتاتۆری سڵ ناکەنەوە. خۆیان وەکوو مەڕ نیشاندەدەن، بەڵام گورگێکی هارن لە پێستی مەڕ. راستە ئێستا لەم هەرێمە قۆناخی کۆیلایەتی و تەنانەت دەرەبەگیشمان بەجێهێشتووە،بەڵام هێشتا خەڵکی رەشۆک بەهەمان قۆناخی دەرەبەگی ملکەچی پیاوماقووڵ و سەرەک خێڵ و سەرکردەی حزبەکانن و تەنانەت ئەو سیاسەتمەدارانەیش کە گیرفانیان پڕە لە دۆلار، خەڵکێکی زۆر لەو بەدبەختانەی میللەتەکەمان ملکەچیانن، هەندێجاریش کۆیلەیانن. تا ئەمڕۆش هەر شۆڕش و راپەڕینێکی خەڵکی کوردستان،کە قوربانییەکی زۆریشی لێ کەوتۆتەوە،کەچی قوربانییەکە بۆ خەڵکە رەشۆکییەکە بووەو ناو و ناوبانگەکەش بۆ یەک کەس بووە، بە واتایەکی دیکە، شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردستان لە مێژوودا بەناوی یەک کەسەوە ناونووسکراوە، راستە ئەو راپەڕین و بزووتنەوانە لە قۆناخی

دەرەبەگیدا بووەو خێڵ سەروەر بووە، بەڵام مانایەکی تری ئەوەیە بیری نەتەوەیی تا ئەمڕۆکەش پێنەگەیشتووە،سەیری شۆڕشەکانمان بکە،شۆڕشی شیخ عوبەیدوڵای نەهری،ئیبراهیم خانی دەلۆ،سمایل خانی شکاک، شێخ مەحموودی نەمر،شێخ سەعیدی پیران..هتد.

هەرێمی کوردستان نە لە قۆناخی دەرەبەگیدایە و نەبۆرژوایی، نەلە قۆناخی کشتوکاڵیەو نەپیشەسازی، تێکەڵەیەکە لە هەموویان و هیچیشیان نییە،بەڵام ئەو لۆژیک و ئەو عەقڵەی لەو دیوەوە حوکممان بەسەردا دەکات، عەقڵێکی چەقبەستوو دۆگمە، لێناگەڕێت یاساکان بەجۆرێک جێگیربکرێن ئیتر بەرژەوەندی هاوبەش هەموان کۆبکاتەوە. ئەفلاتوون نزیکەی 2400 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ پێیوابووە هاوڵاتیانی ئەسینا کاتێک یاساکانیان دادەنا ،هەموویان ئارەزووی بیرۆکەیەکی چوونیەک و خاوەن کەڵک و سوودێکی وەک یەک و هاوبەش لە نێوان هەمواندا دەکرد. ئێمە تا ئەمڕۆکەش هەر لەناو مێژوویەکی کۆنەوە گینگل دەدەین و سەردەردەهێنین، ئەویش مێژووی خێڵ و مێژووی توندوتیژی و ژن کوشتن و نامووس پارێزی و مێژووی رق لەیەکدی هەڵگرتن و تۆڵەکردنەوەو بڕوانەبوون بە دیالۆگە،گرفتی گەورە ئەوەبوو مارکسیستەکان و کۆمونیستەکانیش لەناو هەمان ئەو مێژووە کۆن و دژوارە هەناسەیان دەداو دەیدەن، نەیانتوانی تۆزقالێک تەپوتۆزی ئەو نەریتە کۆنە لەبەرگی کۆمەڵگە داتەکێنن. لەدوای راپەڕینیش کە بە حیساب کەشوهەوایەکی نوێ لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ بانگەشەی سیستەمی

نوێی جیهانی و رووخانی بلۆکبەندی بەناو سۆسیالیستی،کەچی ئەو کەشوهەوایەی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک وەریانچەرخاند کە خێڵ زیاتر لە جاران بووژایەوە، ئەو بەهایەی کە لەناو عەقڵی کوردیدا هەبوو، بێ نرخ کرا، سەلەفییەت بە دڵی خۆی رەگی داکوتاو گەرای داناو وەکوو ماری حەوت سەر کەپکەی لەناو عەقڵییەتی خێڵ و عەقڵیەتی دواکەوتوو دەکرد، مەلای خوتبەخوێن بە ئارەزووی خۆی و بۆ بە هەڕمێنکردنی خۆی، تەکفیرو تەلقینی خەڵکی دەکرد، خەریک بوو لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991 هەرێمی کوردستان هەر بە تەواوی سیماو ناوەرۆکی جارانی لەدەستدەدا. بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی هەرێمی کوردستاناو لەسەر دەستی حزبی دەسەڵات، ئافرەت ئیغتیساب دەکراو لاقە دەکراو، ئینجا دەیانکوشتن و زیندەبەچاڵیشیان دەکردن. دەسەڵاتی کوردیش داڵدەو پەنای خۆی دەدان. عەبدولرەحمان ئەلناصر کە بە عەبدولرەحمانی سێیەم ناسراوە، حوکمڕانی ئەمەوییەکان بوو لە غەرناتە، قورتووبەیەکی دروستکرد کە بووە پایتەختی فیکر لە هەموو جیهانا، لە قورتوبەوە خەڵکی بە سواری وڵاخ رەوانەی شام دەکرد تا باشترین کتێبەکانی شام بکڕن و بیهێنن بۆ قورتووبە،ئەمە ئەقڵی عەبدولرەحمانی سێیەم بوو زیاتر لە 1000 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، لەوەتەی غەرناتە داگیرکراو رووخێنرا،چرای فیکری و رۆشنبیری عەرەب بە جۆرێک کوژاوەتەوە، کە ئەوە لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستەوە تا ئێستا عەرەب نەیتوانیوە چرایەکی دیکە هەڵبکەن، پاشاکانی کەنداو، لەجیاتی بیر لە قورتوبەیەکی تر بکەنەوە بە

گونجان بۆ سەردەمی ئەمڕۆ، کەچی ئەوانیش عەودالّی رۆژنامەو تیڤی و ئەو شتانەن کە ستایشیان بکەن.

عەقلّیەتی سەرکردەی نادیموکراتی، ئەو سەرکردانەی بەتایبەتی لەسەر پترۆ دۆلار دەخەون، ئەوەندە تینووی دەسەلاّتن، زۆر لە قەیسەرو ئیمپراتۆرەکانی سەدەی پانزە تا سەدەی نۆزدە خراپترن، پیتەری گەورە کە فەرمانرەوای رووسیا بوو کاتێک هەوالّی ئەوەی پێگەیشت کە کوڕە میراتگرەکەی لەگەلّ زۆرێک لە بڕیارەکانیدا نییەو ئەوەی لە هزردایە لەکاتی بوونی بە قەیسەر هەموو ئەو هەنگاوانەی باوکی پەکبخات و بڕیارەکانی هەلّبوەشێنێتەوە، پیتەر سلّی نەکردەوەو فەرمانی دا کوڕە میراتگرەکەی خۆی بخاتە گرتووخانەوەو، کوڕەکەی خۆی خستە ژێر ئەشکەنجەو ئازارەوە تا گیانی دەرچوو. وەسیەتی عەبدولمەلیک کوری مەڕوانیش هەر هەمان ئەو مەیلە خۆپەرستی و تینووی دەسەلاّتە بوو وەک مەسعودی لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەی (مروج الذهب)دەگێڕێتەوەو دەلّێت کاتێ عەبدولمەلیک لە سەرەمەرگا بوو، بە کوڕەکەی وت: ئەگەر مردم قۆلّت هەلّکەو پێستی پلّنگ لەبەر بکە، شمشێرەکەشت بخە سەر شانت و ئەوەی خۆی بۆ دەرخستی لە گەردنی بدەو ئەوەی بێدەنگیش بوو با بەو دەردەوە بمرێت. ئەمە وایکرد وەلید ببێتە درەندەترین ستەمکار لە مێژووی ئەمەوییەکاندا، تا بلّێی پیاوێکی کەللە رەق و زۆردارو خۆ بە زلزان بوو. هەموو کردەوە چاکەکانیشی بەهۆی ئەو ستەمکارییە کەموێنەیەوە وەکوو ئاگر تێبەربوون بوو لە پووش و پەلاّش، چونکە زۆرداریيەکەی هەموو سنوورێکی بەزاندبوو.

دیاره وەلیدەکان هیچیان لە هیچیان باشتر نەبوون، بۆنموونە وەلیدی کوری یەزید، نەک هەر بەدڕەوشت و داوێنپیس و مەیخۆر بووە، بەڵکو ویستوویەتی حەج بکات تەنها بۆ ئەوەی لەسەر کەعبە دابنیشێ و بخواتەوە، داوێنپیسییەکەی گەیشتبووە رادەی نێربازی. هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک(105-125)ک ، هەر جلوبەرگێکی لەبەرکردبێ، ئیتر ببڕای ببڕای بۆ جاری دووەم لەبەری نەکردووەتەوە، لەکاتێکدا گرانترین بەها بۆ جلوبەرگەکانی تەرخاندەکرا، جلەکانی ئەوەندە زۆر بوون کاتێک بۆ حەج بچووبایە دەبوو بە(600) شەشسەد وشتری زۆر بەهێز و گەورە ئینجا جلەکانیان بۆهەڵدەگرتن، جگە لەم هەموو عەترو عتوورە. عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان پێش ئەوەی ببێت بە خەلیفە، لەبەرئەوەی زۆرترین کاتی لە مزگەوتا بۆ خوێندنی قورئان دەبردە سەر ناوی لێنرابوو کۆتری مزگەوت، بەڵام کاتێک عەبدولمەلیک هەواڵی بەیعەتبوون بە خەلیفەیان پێدا، قورئانەکەی لە باوەشدا بوو دەیخوێند، یەکسەر قورئانەکەی داخست و وتی ئیتر کاری من لەگەڵ تۆ کۆتایی هات و لە وتارێکیدا لە ساڵی 75ک وتی، من وەکوو عوسمانی کوڕی عەفان خەلیفەیەکی بێچارە نیم،وەکوو معاویەش کاسەلێس نیم،وەکوو یەزیدیش بێخەم نیم،بەڵکو من تەنها بە شمشێر چارەسەر دەکەم. هەروایشی کرد مەگەر ئەبوعەباسی یەکەم خەلیفەی عەباسییەکان وای کردبێ، کە چەندی بیردەکەمەوە ئەو ئەبو عەباسە چۆن شەرمی نەکرد نازناوی (سەفاح-خوێنرێژ)بۆخۆی دابنێ.ئەگەر لە خوێنرێژی حەجاجی کوڕی یوسف یان خەلیفە ئەلمتەوەکیل وردبینەوە، دەڵێین

ئەمانەی پێشوو هیچیان ستەمکارییەکی وەهایان نەکردووە شایانی باس بن.

ئێمەی کورد لەناو میراتێکی ئاوەها خوێناوی سەرمان دەرهێناوە،کە مرۆڤەکانیان نەک هەر سەربڕیون، بەڵکو بە چەقۆیەکی کول ،مرۆڤیان کردۆتە 14 پارچە وەک ئەلمتەوەکیل وای کرد، تۆ خوێنەری خۆشەویست خۆت لێکیبدەوە مرۆڤ بکرێ بە (14)پارچە چی بەسەر دێت. هەموو جومگەکانی جەستەی مرۆڤ کە هەیەتی لەیەکی جیاکردەوە،واتا هەر قاچێکی کرد بە سێ پارچە و هەر دەستێکیشی کرد بە سێ پارچە، ئەمە بوو بە12 پارچە،ئینجا سەری بڕی، بەمە رێک(14) پارچەی لێ دروستکرد. ئەو کەسەی وای بەسەر هات بێگومان هیچ گوناهیشی نەکردبوو، تەنانەت هەر ئاگای لە هیچیش نەبوو، بەڵکو لەکاتی نوێژکردنی بوو پەلکێشیان کردو بردیان. ئەم کولتوورە پیسە کاریگەری بەسەر ئێمەی کورد هەبووە، بەڵام ئەوەتا ئێمە ئەوەندە هەژارین، هێشتا خوێندنەوەیەکی سەردەمانەمان نە بۆ ئایین هەیە نە بۆ ئیسلام، نە بۆ ئەو دەسەڵاتە بێباکەی خۆشمان هەیە، کە تا ئێستا دەیان کەس ئەگەر نەڵێم سەدان کەس لە ئەنجامی شەڕی خۆ بە خۆیی لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بێ سەرو شوێنکراون، تەنانەت گۆڕێکیشیان پێ رەوا نەبینرا، دەسەڵاتێک ئەمە ئەخلاقی رابردووی بێت هیچ بیانوویەک نەماوە بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات، ئەگەر کۆمەڵگە کەمێک زیندوو بێت و مێگەل نەبێت..

زۆرجار دەوترێ، فەلسەفەی ئیسلام لە دوای هێرشەکانی غەزالی، پشتی قیت نەکردۆتەوە،هەروەکوو چۆن لە رۆژئاواش ئەڵێن لە دوای رەخنە بونیادییەکانی کارڵ پۆپەر لە مارکس، هێشتا مارکسیزم پشتی راست نەبۆتەوە. خەلیفە ئەلمتەوەکیل جگە لەو هەموو ستەمکارییەی بەرامبەر خەڵک نمایشی دەکرد، مێژووی خۆی بەوە زیاتر ناشیرینتر کرد،کاتێ کۆتایی بە پرۆژەی موعتەزیلەکان هێنا.

شوبنهاوەر شەپازللەیەکی توندی لە بناگوێی هیگڵ دا،بەڵام نیتشە چەکووشێکی پۆڵایینی هەڵگرت و شەڕی هەموو ئەقڵانییەتەکانی پێکرد، هەر لە سوقرات و ئەفلاتوونەوە تا کانت و هیگڵ، تەنها هیراکلیوتیس بەر ئەو شەڕی مان و نەمانەی نیتشە نەکەوت، هەرچەندە هیگڵ بەو چەکووشەی نیتشە بە تەواوی گیانی لە دەست نەدا، بەڵام لە مەمرەو مەژیدا بوو، نیتشە بە تەواوی نەیکوشت، نووزەیەکی تێدا هێشتەوە، بەڵام کارل پۆپەر هات وتی ئەوە ئەرکی منە روحی هیگڵ بکێشم ،هەر خۆشم دەینێژم . گەورەیی رەخنەکانی (کارڵ پۆپەر) بۆ هیگڵ لەوەدابوو، ئەو نەهات لە پەراوێزی رەخنەدا سەرنج بدات یان رەخنە بگرێ، بەڵکو بە زمانێکی زۆر سادە، زۆریش بە جورئەتانە هات فرتو فێڵەکانی هیگڵی ئاشکرا کردو وتی هیگڵ وەکوو ئەو فێڵبازە وایە کە لەناو دەسماڵێکدا لەناکاو کۆترێک دەردەهێنن و هەڵیدەفرێنن. ئەمەیە پۆپەر شەڕەکانی خۆی لەگەڵ هەر کەسێک کردبێ لە خوارەوە نەیکردووە بەڵکو بردوویەتییە ئەوپەڕی سەرەوەو لەوێ شەڕێکی گەرمی دەستپێکردووە، تەنانەت لەگەڵ

فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگەکانیشی کردووە، نموونەی ئەفلاتوون، مارکس، هیگڵ. بۆیە پۆپەر تەنها فەیلەسووف نەبوو، بەڵکو زاناش بوو، زانای ماتماتیک، هەروەکوو ئەمانۆیل کانت. دەیان فەیلەسووف و رووناکبیری گەورە لەسەر هیگڵیان نووسیوە، بەڵام کەسیان وەکوو کارڵ پۆپەر نەیتوانیوە رۆحی بکێشن.

من بۆخۆم زۆر جاران دەڵێم نەوشێروان مستەفا زۆر بە وردی کارڵ پۆپەرو هێربەرت مارکۆزی خوێندۆتەوە، نەوشێروان مستەفا کاتێک ململانێکانی خۆی لە خوارەوەو لە کۆمیتەکان دەستپێکرد، تووشی ئازارێکی زۆر هات و خەریکبوو بەتەواوی دەیدۆڕاند، بەڵام نەوشێروان ئەقڵی موفاجەئەی هەیە، یەکسەر شەڕەکەی لە خوارەوە بۆ لووتکە گواستەوەو، شەڕی خۆی لەگەڵ سکرتێری یەکێتی دەستپێکرد و لەوێوە وردە وردە هێنایە خوارەوە، نەک لە خوارەوە بە ماندووبوونێکی زۆرەوە بیبات بۆ لووتکە، هەمان شەڕی لەگەڵ پارتی لە لووتکەوە دەست پێکرد، ئیتر بەو جۆرە بووە گەورەترین رکابەری هەردوو حزبی دەسەڵات تا ئێستاکە، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی من بۆخۆم وەکوو رەخنەکانی (ماکس هۆرکهایمەر)م دێتە بەرچاو کە رەخنەکانی زۆر شەرمنانە بوون لەبەرامبەر هۆبز و هیگڵ و هۆمیرۆس و ئینجا مایکاڤیلی. لێرە ئەوەی بە وردی پۆپەری خوێندبێتەوە دەزانێ تێڕوانینی رەخنەیی پۆپەر چەندە جیاوازە لە هی هۆرکهایمەر، من بۆ خۆم رەخنەکانی نەوشێروان مستەفاو بزووتنەوەی گۆڕان وەکوو رەخنەکانی پۆپەر سەیرناکەم، بەڵام هەوڵدراوە هەمان

میتۆدی پۆپەر پەیڕەو بکەن و، رەخنەکانی یەکگرتووی ئیسلامیش وەکوو رەخنە شەرمنانەکەی هۆرکهایمەر دەبینم. هەموو لێکدانەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە مایکاڤیلی فەیلەسوف نەبووە، بەڵام لە بیرتیژیدا بێ وێنە بووە. پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی سەردەم نییە بەڵام زۆر هەستیاریشە. دەزانێ لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا بەرژەوەندییەکانی حزب و بنەماڵە چۆن بپارێزێ. بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی ئاوەهادا کە هێشتا نەمانتوانیوە رێککەوتننامەیەکی وەکوو ماگناکارتا کە نزیکەی 400 ساڵ پێش ئەمڕۆ لە لایەن کۆچەرنشینەکانی ئەمریکاوە چەندین ماف جەختی لەسەر کراوەتەوە بە مەبەستی دیاریکردن و سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاشاو میرو سەرۆکەکان. کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی کۆچەرنشینەکانی 400 ساڵی ئەمریکای پێش ئەمڕۆ. هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ئەوە دەزانن، بۆیە لەماوەیەکی زۆر کورتدا توانیویانە زۆرترین سەروەت و سامان بۆ خۆیان کۆ بکەنەوەو، چەندین کەسی بوودەڵەی نەخوێندەوار لە پڕێ بوون بە کوڕێ و ئێستا بەهەشتێکیان بۆ خۆیان دروستکردووەو جەهەنەمێکیش بۆ خەڵکی هەژارو نەدارو بێزار. لە هەموو جیهاندا یاساکانی نادادپەروەری و نا مرۆڤدۆستی زۆر زیاترن ، لەو یاسایانەی بۆ بەرژەوەندی گشتی مرۆڤەکان و بۆ بەختەوەری گشتی دەردەچن، لە هەرێمی کوردستاندا ئەم تاوانە بە رێژەیەکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانتاران، ئەو پەرلەمانتارانەی کە خۆیان وەک مرۆڤ نیشاندەدەن، تا دەگەنە بەردەرگای هۆڵی پەرلەمانەکان بۆ کۆبوونەوە،

ئیتر کە گەیشتە ئەم دیوی دەرگای هۆڵەکەوەو تا کۆبوونەوەکەی لەناو هۆڵەکە تەواودەکات و دێتە دەرەوەی هۆڵەکە، دڵنیام هەست بە ویژدانفرۆشی خۆیان و بچووکی خۆیان و خیانەتی خۆیان و ترسنۆکی و بێ شەهامەتی خۆیان دەکەن، چاو لەو هەموو کردەوە ناشیرینانەی خۆیان دەنووقێنن ، هەموویشی لە پێناوی پڕکردنی گیرفانیانە، بزانە گیرفان چۆن شاباشی مەزات هەرزان بە مرۆڤبوونی مرۆڤەکان دەکات و لە هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی رووتیاندەکاتەوە. بەڵام کەس لەو پەرلەمانتارانەی نەپرسیوە، ئەرێ لاقەکردنی ویژدان پڕ ئازارترو بە سوێترە، یان لاقەکردنی جەستە؟کەس لێیانی نەپرسیوە ئەرێ ئازاری ویژدان فرۆشی بە سوێترە، یان ئازاری لەشفرۆشی؟ کەس نەیپرسیوە... بڕۆن لە هەموو ژنە لەشفرۆش و سۆزانییەکانی هەرێمی کوردستان و ئینجا هی هەموو دونیا بپرسن، بزانن یەک ژنی لەشفرۆش ئامادەیە ئازادییەکەی خۆی بفرۆشێ؟؟!! بەڵام ئامادەن لە پێناوی دوو عانە لەشیی خۆیان جەستەی خۆیان بفرۆشن، پەرلەمانتارانی ویژدان فرۆش ،بەرپرسی گەندەڵی ویژدان تیا نەماو، ئێوە ئەمە دەزانن ؟؟!!

لەوەتەی دیکارت و گالیلۆ وەک باوکی فەلسەفەی نوێ و زانستی نوێ خۆیان نمایش کردووە،تا ئەوساتە وەختەی ئەمڕۆمان، رۆژئاوا لە فەلسەفەو زانست لە هەڵکشاندایەو هەر سەردەکەوێ، ئێمەش هەر لە دۆڵێکی قووڵ قووڵ چەقیوین و پەلکوتە (راوح) دەکەین، ئیتر بۆشایی نێوان ئێمەو ئەوان ئەوەندە بەرفراوان و گەورە بووە، نە ئەوانی خاوەنی لوتکەی شارستانیەت

ئێمەی (دەرەوەی بازنەی مێژوو) دەبینن و، نە ئێمەش لەو دۆڵە قووڵەوە لووتکەکانمان لێ دیارە، دەنگی ئێمە تا ئێستا تەنها لەو دۆڵە قووڵەوە دەکوژێتەوە، هێشتا نەمانتوانیوە وەکوو خومەینی مێشیل فۆکۆیەک بهێنین بۆ نووسینەوەی بەسەرهاتەکانمان. خومەینی توانی گەورەترین هەڵە بە مێژووی فۆکۆدا بکات، هەرچەندە فۆکۆ زوو هەستی بەو هەڵە گەورەیەی خۆی کردوو زوو لێی پەشیمان بوویەوە، پەشیمانبوونەوەکە بە جۆرێک بوو تەنانەت فۆکۆ تا ماوەیەکیش خۆی لە خەڵک دەشاردەوەو لە شەرمان لە ماڵەکەی خۆی نەدەهاتە دەرەوە، ئەگەرچی ئەو شۆڕشە ئیسلامییەی ئێران زۆرترین پاڵپشتی جەماوەری لەگەڵدابوو، بۆیەش ئەم شۆڕشە جەماوەرییە فۆکۆی بە هەڵە برد.کەواتە هەموو کردەیەکی جەماوەری راست نییە.

گرفتی ئەقڵی کۆمەڵگای کوردی تا ئێستا بەتایبەت ئەقڵی سەرکردەکان، هەمان ئەو لۆجیکە بۆ سیاسەت و سەرکردایەتیکردنی خەڵک بەکاردێنن کە ئەگەر بە نەرمونیانی رەفتار لەگەڵ خەڵکی بکەن ئەوا گومانیان نییە بە دەردی (سافونارۆلا)دەچن، لەکاتێکدا نموونەی تریشمان هەن کە پێچەوانەیەتی کە سەدام و قەزافی و هیتلەرو چەندانی دیکەن.

بۆ یەکەمجار کە حکومەت لە مێژوودا پێکهێنرا،بۆ ئەوە بوو ئەو خەڵکە پەرتەوازەیە بە جۆرێک کۆ بکاتەوە،کە رێکبخرێن، نەک بۆ ئەوەی کە ستەمکاری بەسەریاندا پێڕەو بکرێ، بەڵام کاتێک هەر لەگەڵ یەکەم حکومەتی مێژوو،حکومەتەکە بوو بە حکومەتێکی پاشایی، ئیتر میر

دیاریکرا بۆ ئەوەی بە شێوەی میراتگەرایی و پشتاو پشت حوکم بکرێ، ئیتر لەو رۆژەوەی حکومەت لە مێژوودا پێکهاتووە، حکومەتێکی ستەمکار دروستبووەو، لە پێناو مانەوەو بەردەوامبوونی حوکمڕانییەکەیدا، هەمووجۆرە شێوازێکی ستەمکارانەی گرتۆتەبەر ،کە خۆی لە سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕەزاییدا دەربڕیبێ. گرفت ئەوەیە هەزاران ساڵە حوکمی پاشایەتی دامەزراوەو، هەردوور نەڕۆین لەسەردەمی موعاویەشدا حوکمی میراتگەری سەپێنراوە، کە زیاتر لە (1350)ساڵ ئەبێ، کەچی تا ئێستا پێڕەوکردن و پیادەکردنی ئەو جۆرە حوکمانە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانا (کە ئێمەی کوردیش لە دواکەوتووەکانین) هەر درێژەی هەیە.مایکاڤیلی راستی وتووە کە دەڵێت، لەوشوێنانەی کە یەکسانی تێیدا بەرقەرارە، سیستەمێکی کۆماری دابمەزرێنن، بەڵام لەو شوێنانەش کە نابەرابەری و ناعەدالەتی تێدایە، میرنشینی دابمەزرێنن. راستییەکەش هەر وایە هیچ عەدالەتێک لە سیستەمی خێڵ و سیستەمی پشتاوپشتدا نییە، جگە لە سەرکوتکاری و ستەمکاری. چونکە لە سیستەمێکی مۆدێرن یان کۆماریدا، نابێت خانەدانەکان باڵاتر بن لە خەڵکی ئاسایی، تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا خێڵ و ئاغاو عەشیرەت و تەنانەت هەندێ بنەماڵە بە ناوی خانەدانییەوە زۆر زۆر باڵاترن، لە خەڵکی ئاسایی، جا ئەو خەڵکە خوای دەکرد هی زۆر رۆشنبیری گەورەشی تێدابووبێ. لە بنەڕەتیشدا هیچ کۆمەڵگەیەک پێش ناکەوێ تا ئاغاو خێڵ و خانەدان حوکمی تێدا بکات، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا ئەو چین و توێژانە وردە وردە ئەبێ

بتوێنەوەو وەک هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی بژین. دەسەڵاتی کوردی تا ئێستاش ئاگای لەو هەموو گۆڕانکارییانە نییە کە لەنێو هەناوو منداڵدانی کۆمەڵگەی کوردی روویانداوەو روودەدەن، بەڵکو هێشتا ئەقڵییەتی خۆسەپاندن بە هێز لە کەڵکەڵەی دەسەڵات نەچۆتە دەرەوە. دەیانەوێ ئیرادەی یەک کۆمەڵگە بە کۆیلە بکەن، بێگومان روونە کۆیلە لە خزمەتی یەک تاکە کەسدایە، بەڵام ئەوانەی داوای ئازادی دەکەن، ئەوانەن کە دەیانەوێ لە پێناوی خزمەتکردنی دەوڵەتدا، ژیانی خۆیان ببەنەسەر.گرفتی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەیە نەک هەر ئێستا بەڵکو سەدان ساڵە ئیرادەی کورد ئیرادەیەکی خەسێنراوەو تەمبەڵەو هیچ زیندوو نیە. ێگومان ئەگەر ئێمە لە رۆژگارێکی وەکوو ئەمڕۆی جیهانگەرایی و پۆست مۆدێرنەو دیموکراسی نەژیابووینایە، هەرگیز هەستمان بەو هەموو وێرانکارییەی دەسەڵاتی کوردی نەدەکرد، فەیلەسووفێکی چین راستی وتووە کە دەڵێ: ئەگەر مەرگ نەبوایە، خۆشی ژیان هیچ مانایەکی نەدەبوو،گرفتی دەسەڵاتی کوردی لەوەدا خەست بۆتەوە، بەتایبەت سەرکردە و سەرۆکەکانمان، هەمیشە باسی بەهەشتمان بۆدەکەن ،بەڵام لەودیوەوە جەهەنەمێکیان دروستکردووە، شوێنی تەواوی کۆمەڵگەکەمان ئەبێتەوە بۆ سووتاندن و برژاندن.کارڵ پۆپەر چۆن هەڵسەنگاندنێکی پڕ جورئەتانەی بۆ ئەفلاتوون و هیگڵ و مارکس کرد، ئێمەش پێویستمان بە چەند کەسێکە هەمان ئازایی و زانایی کارڵ پۆپەری هەبێت لەهەڵسەنگاندنی پارتی و یەکێتی و حکومەتی هەرێمدا بە سەرکردەو سەرۆکەکانیانەوە. بەڵام تا ئێستا ئەو ئازایی و ئەو

زاناییەمان نییە. ئێمە مێژوویەکی زۆر شێواومان لەبەردەستە، ئەو مێژووە پڕە لە ساختەو درۆو میکیاج بۆ ئەم و ئەو، مێژووەکە بەجۆرێک شێوێنراوە ناناسینەوە، ئاخر لەم مێژووە شێواوەدا سەرکردەی میللیمان ون کراوەو لە بری ئەوە سەرکردەی ترسنۆکمان لێ کراون بە فسف س پاڵەوان، رووناکبیری سیاسیمان کراوە بە ناحەزی گەل، لە بری ئەوە سەرکردەی خێڵ و نەخوێندەوار کراون بە هاوچەرخ، سەیری ئەم مێژووە درۆزنەو ئەو رابردووە شێوێنراوەمان بکەن، کێ جەسارەت دەکات راستی بکاتەوە، با بێتە مەیدان ئێستا کاتییەتی. دڵنیام ئەوانەی ئەو مێژووەیان شێواندووە ئەزانن هەر ئاوا بە شێواوی نامینێتەوە، بەڵام نەک هەر میللەت بەڵکو خۆشیان هەڵخەڵەتاندووە، ئەگەر هەست بەمە نەکەن، مانای وایە هەر بە راستی نەخوێندەوارن و هەر نازانن مێژووش چییە، چونکە مێژووی هەموو گەلانی دونیا، لە دواییدا هەر رووی راستی دەرکەوتۆتەوەو ئەو دەمامکەی لێکراوەتەوە، ئەگەر وا نەبوایە، دەبوو خودی مەسیح لە هەموو کەس دیکتاتۆرتر و خوێنرێژتر بێت، چونکە کەنیسەکان ببوونە ناوەندی ئیرهاب و ستەمکاری و، ئەو قەتل و عامەو ئەو ترس و تۆقاندنەی کەنیسە بەرپای کرد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر کەموێنەیە، شەڕی کاتۆلیکەکان لەبەردەم پرۆتستانتەکان نموونەیەکە لەنێو ئاپۆڕای شەڕو هەموو ئەو ستەمکارییەی کەنیسە هەڵیگیرساندبوو،بەڵام چ ئەوساو چ ئێستاش مەسیح هەر هێمای لێبوردەیی بووە، هیچ هێزێک نەیتوانی خودی مەسیح پەلکێشی ئەو

دۆزەخە بكات كە كەنیسەو بەناو ئایینی مەسیحی هەڵیانگیرساندبوو. بەڵكو لە پەنای هەموو شەڕێكدا مەسیحی مرۆڤدۆست سەری دەردەهێنا.

لە مێژووی ئێمەدا هەموو سەركردە دۆڕاو و براوەكانمان فس فس پاڵەوانێكی بێ وێنەن.میللەتێك ئەكەن بە قەرزاری خۆیان، لەكاتێكدا زۆر لایەنی تاریك لە ژیانی ئەو سەركردەو سەرۆكانەمان هەن كە هێشتا نەمانتوانیوە رووناكی بخەینە سەریان. مێژوو لە روانگەی ڤۆلتێرەوە، خۆ بەتەنها مێژووی دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازی نییە، هەر بە تەنها مێژووی پاشاو سەرۆكەكان نییە، هەر بەتەنها مێژووی گێڕانەوەی رووداوەكانیش نییە، بەڵكو مێژووی بزواندنەكانە كە گرنگی بە پێشكەوتن و گۆڕانكارییەكانەوە هەیە، بە واتایەكی تر مێژوو لە بنەڕەتدا مێژووی لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەیە، نەك مێژووی گێڕانەوەی رووت. من بۆ خۆم زۆر جاران دەڵێم سەركردەو سەرۆكەكانی ئێمە پێویستیان بە تۆبەكردنێكە وەكوو تۆبەی حەزرەتی داود، دەنا هەرگیز پاك نابنەوە، داود جگە لە كوشتنی خەڵكی تووشی سێكسی ناشەرعی (زینا)ش هاتبوو. ئێمە لەناو نەهامەتییەكانەوە هاتووین، بۆیە سەرۆكێكمان پێویستە وەكوو حەزرەتی سولەیمان لە زمانی باڵندەش تێبگات.بەڵام كوا؟ خۆ سەركردەكانمان نەك هەر لە زمانی باڵندە ناگەن، بەڵكو لە زمانی كۆمەڵگاكەشیان ناگەن و ئەوەتا نابیناو گوێ گرانن لەناو كۆمەڵگەكەماندا.

## شپرزەیی و بێمتمانەیی حزبی کوردی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا

هەموو جارێک کە هەڵبژاردن دێتە پێشەوە، گوێمان پڕ دەبێت لە درۆی کاندیدەکان، ئەمجارەیان سەرباری درۆی کاندیدەکان، گرفتی رێککنەکەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی هەرێم کە ئەوە زیاتر لە (220)رۆژ تێپەڕیوە، پێکنەهاتووە، ئیتر حزبەکان وەکوو بەرتیلدانێک بە هەڵمەتی راگەیاندنەکانیان، رۆژانە گوێیان پڕ کردووین لە موزایەدەی سیاسی و هەوڵدان بۆ شێواندنی راستییەکان و ..هتد. ئەمەش زیاتر لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ئەو جۆرە شێواندن و گەوجاندنە دەخولقێن، ئەو کۆمەڵگایانەی ئەریک فرۆم وتەنی نەخۆشی ئەقڵییان هەیە، بە پێچەوانەی رۆژئاواوە کە کۆمەڵگای پێشکەوتوون ئەوان نەخۆشی ئەقڵیان نییە بەڵکو نەخۆشی دەروونیان هەیە. هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی دواکەوتوون و تووشی نەخۆشی ئەقڵی هاتوون، مرۆڤەکانیشیان وەکوو رۆبۆت، بە قورمیش کاردەکەن، بتەوێ بۆ هەرلایەک ئاراستەی بکەی ئاسانە، هەر کاتێکیش قورمیشەکەت لەسەری هەڵگرت، وەک مرۆڤێکی کوێرو کەڕولارو پەککەوتەی

لێدێت، نازانێ به کام لادا هەنگاو بنێ و وشەکانی دڵی چۆن دەربڕێ، رۆماننووسی گەورەی پورتوگالی (ژوزێ ساراماگۆ)کە رۆمانی ( کوێری) نووسی پڕاوپڕ دەربڕی ئەو گوزارشتەیە. کەوابێ لە دۆخێکی وەها شپرزەی مرۆڤەکاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لەو جۆرە کۆمەڵگایانە مرۆڤەکان، خاوەنی دڵ و ئەقڵ و چاوو تەنانەت خاوەنی خۆشەویستی خۆشیان نین، چونکە هیچ کاتێک نەیانتوانیوە بەپێی ئارەزووەکانی خۆیان و بە پێی سرووشت و ناخی راستەقینەی خۆیان رەفتار لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا بکەن، هەمیشە کۆپی کەسێکی دیکە بوونە،هەر ئەم رۆماننووسەی پورتوگالی رۆمانێکی دیکەی بەناوی (مرۆڤی کۆپیکراو)لە 2002 نووسیوە. لەم هەرێمەی ئێمەدا نموونەی ئەمجۆرە مرۆڤانە یەکجار زۆرن کە کۆپیکراوی ناخ و ئەقڵ و سروشتی کەسێکی دیکەن،پێکەنینێکی راستەقینە لە ناخیانەوە دەرنایە، هەمووی بریتییە لە پێکەنینێکی دەستکردی هەڵبزرکاوی بێتام و بۆن کە لە بنەڕەتدا بزەی ئاغاکەیەتی، ئەمجۆرە کەسانە ئەگەر لە تاقیگەیەکی پزیشکی بیانپشکنی دکتۆرەکە پێتدەڵێت ئەم مرۆڤە نەخۆش نییە، راستە نەخۆش نییە،بەڵام کەسێکە لە ناخەوە تەواو تێکشکاوە،واتە لە دڵ و رۆحیدا هەرەسیهێناوەو رووخاوە.حزبی سیاسی لەم هەرێمەدا بەدوای ئەو تێکشکاوانەدا وێڵ و سەرگەردانەو بەردەوامیش کار بۆ دۆزینەوەیان دەکات.

لەو رۆژەوەی ئادەم لە بەهەشت دەرکراوەوفرێدراوەتە سەر زەوی، کاری باش و کاری خراپ هەر بەردەوامەو غەریزەو حەزی مرۆڤ بۆ خۆ سەپاندن

بەسەر سروشت و دەوروبەرەکەیدا درێژەی هەیە،لە پێناو ئەو خۆسەپاندنەدا سەدان هەزار ساڵە، سەدان ملیۆن مرۆڤ بوونەتە قوربانی و کاروانەکەش هەر بەرێوەیە.لە شۆڕشی سپارتاکۆسی کۆیلەکانەوە تا شۆڕشی فەرەنساو ئۆکتۆبەری روسیاو تا ئەمڕۆش زۆربەی هەرە زۆری شۆڕشەکان شکستیان خواردووەو زۆر کەمن ئەو شۆڕشانەی سەرکەوتوون، ئەوانەی سەریشکەوتوون دواتر لە بنەماکانی شۆڕشەکەیان هەڵگەڕاونەتەوەو عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نان و ئازادی و دیموکراسیان بە ئارەزووی خۆیان وێنا کردووە ،نزیکترین نموونە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە، لە دوای راپەڕینی 1991 وردە وردە سواری ملی دۆلارو ڤێلا بوون، لەبەر ئەوەشە کاروانی بەرخودان و قوربانیدان و کاروانی دیموکراسی و عەدالەت نەک هەر لە وڵاتانی دواکەوتوو بەڵکو لە رۆژئاواش هێشتا هەر بەردەوامە.ئەمەش لەبەر ئەوە بووە هەموو ئەو تیۆرانەی دانراون لە لایەن کەمینەیەکەوە داهێنراوە، هەموو ئەو شۆڕشانەی داگیرساون کەمینەیەک دایگیرساندووە،دواتر بووەتە هی جەماوەر. بەڵام لە دواییشدا بەو تیۆرەی کەمینە دایهێناوەو بەو شۆڕشەی کەمینە هەڵیگیرساندووە،حوکمی زۆرینەیان پێکردووە،لێرە ناکۆکییەکان دووبارەو سەدبارە دروستبوونەتەوە، زیندووترین نموونەی، شۆڕشی گەورەی فەرەنسایە. کەوابێ حوکمی زۆرینە بۆ ئەمرۆ قسەیەکی پووچ و بەتاڵە، کە ئێمە خۆمان پێی گێژ کردووە، کارڵ پۆپەر دەڵێت ئەگەر (جان جاک رۆسۆ)ئێستا لە ژیاندابوایە، دڵنیام لەو پەیمانی کۆمەڵایەتییەی پەشیمان دەبووەوەو شتێکی دیکەی دەنووسی

كە بۆ ئەمڕۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بگونجێت. ئاخر حوکمی زۆرینە لە بەرامبەر سیستەمی دەرەبەگایەتی دروست بوو، کە کەمینەیەکی زاڵم و ستەمکار حوکمیان بەسەر زۆرینەی خەڵکدا دەکرد، ئەم تیۆری زۆرینەیە لە سەروبەندی لەناوچوون و رووخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی زۆر تۆخ کرایەوە، بۆئەوەی لە ژێر چنگی پڕ چڕنووکی ئاغاکاندا رزگاریان بێت و گەل حوکمی خۆی بکات ، گەل کاری هەڵە بەسەر خۆیدا ناکات، بەڵام دەرچوو ئەم تیۆرەش پێویستی بە دەسکاریکردنە، چونکە بە کردەوەو بە ئەزموون دەرکەوت زۆرینەش بەرامبەر بە کەمینە بوونەتە ستەمکار، لەبەر ئەوە بوو ئالین تۆرین وتی دیموکراسی یەک مانای هەیە ئەویش واتا دەستاودەستکردنی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی مافی کەمینە. ئالان تۆرین وەکوو کارڵ پۆپەر پێیدادەگرێت و دەڵێت: چەمکەکانی رۆسۆ لای من زۆر خەتەرناکن و لە کۆتایی سەدەی بیستدا پەنا بردنە بەر چەمکی ئیرادەی گشتی رێگەدانە بە جۆرەها دیکتاتۆری.. ژان ژاک رۆسۆ نەک هەر بە تەنها فەلسەفەکەی لە ئەمڕۆدا کۆتایی هاتووە، بەڵکو رۆمانەکانیشی بۆ ئەمڕۆ ئەو گیانە زیندووەی جارانی لەبەردانەماوە.

ئەمڕۆ لەم هەرێمی کوردستانەدا بە قۆناخێکی گەرم رەتدەبین، لە لایەک سبەی خەڵک دەچنە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان و چارەنووسی خۆیان بۆ(4)ساڵی دیکە دەنەخشێنن، لە لایەکی دیکەوە، پێکهێنانی حکومەتی هەرێم پرسێکی گرنگەو خوێن گەرمی و هەناسەسواری بە هەندێ حزبی سیاسییەوە دیارە،دیارترینیان یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، دوور لە

سندووقەکانی دەنگدان دەیەوێت لەم داهات و ئیمتیازاتانەی هەرێم هەر خۆی ئاغاو کوێخا بێت، کە ئەمەش پێچەوانەی دیموکراسی مۆدێرن و پرەنسیبەکانی هەڵبژاردنە.چونکە یەکێتی تا ئەمڕۆش گەیشتن بە دەسەڵات بە کۆکردنەوەی ئیمتیازات دەزانێت نەک بە بەرپرسیاری و مسۆگەرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، مێژووی حکومەتی هاوبەشی کابینەکانی پێشوو، نموونەیەکی زۆر زەقی ئەو راستیانەیە.من نازانم ئەو ئازادییەی یەکێتی لە دەڤەری سەوز شانازی پێوە دەکات چ جۆرە ئازادییەکە، چونکە ئازادی راستەقینە لە تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەبێ دەسەڵاتی یاسا مەحاڵە بێتە ئاراوە،دەسەڵاتی رەهای یاسا ئازادی نابەخشێ، بێ یاسای رەهاش بە هەمانشێوە ئازادی نییە، ئازادی بە تەنیا لەو شوێنەدا سەروەرە کە مومکین و نا مومکین تیایدا پێکەوە پێناسە بکرێن،بەبێ یاسا ئازادی نابێ.من پێموایە چۆن ستالینیزم پڕوپاگەندەیەکی یەکجار زۆری بۆ سۆسیالیزم دەکرد، لە کاتێکدا سۆسیالیزمی راستەقینە بوونی نەبوو، دواییش دەرکەوت سۆڤیەت بە قۆناخی گەیشتن بە سۆسیالیزم رەت نەبووە، ئەو ئازادییەی لەم سلێمانییەش بەردەوام کاوێژی لەسەر دەکرێتەوە، هیچ بوونێکی راستەقینەی نییە، تەنیا فریودانێکی کاتییە. خۆشخەیاڵی لە کاری سیاسەتکردندا، بە هیچ شێوەیەک یارمەتیت نادات و پێویستە کۆمەڵگای کوردی لەوە هوشیارترو بەهێزتر بێت، کە لەم کاتی هەڵبژاردنانەدا، چەندین درۆی شاخدار دەبیستێ، هەروەها پاڕانەوەو دوعای گەشبینانەش بە هەمان ئەندازەی خۆشخەیاڵییەکە بێ سوودە، وەکوو

ئەوەی ئێمە لە کاتی منداڵیماندا بووکە بە بارانێمان دەکرد، یان کۆسە بەبابانێمان لە پێناوی بارانبارین بۆ فەقیرو هەژاران دەکرد ، ئەمە واقیعی کۆمەڵگای کوردیمان بووە، بۆیە سیاسەتمەداری زۆر درۆزنیشمان بۆ ژیاون و تا ئەمڕۆش لە درۆکانیان سڵ ناکەنەوە. ئازادی لەم هەرێمەدا تا رادەیەک باری قورسە،بەڵام ئیرادەیەکیش هەیە کە پێماندەڵێت، بە هەموو نەهامەتی و نانبڕین وئازارە سەختەکانیشییەوە، بای ئەوەندەی مرۆڤایەتیمان تێدایە لەگەڵی هەڵبکەین و واز لە مرۆڤایەتیبوونی خۆمان نەهێنین. ئێستا نەوەیەکی نوێ لەم کوردستانە لەدایکبووە،کە یەکەمینجارە لە مێژووی کورددا نەوەیەک لە ژێر چەتری گەندەڵی و هەوەسبازی و سەرکردەی نەخوێندەواردا حوکم دەکرێت،ئەم نەوەیە لە باوک و باپیرانیانەوە ئەنفال و هەڵەبجەو بەردەقارەمان و نەبەدری کوردیان بیستووە، کە بۆ ئەمڕۆ بەشێکە لە مێژوو، ئەو مێژووەی تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی کوردی مێژوونووسەکانمان لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا وادەزانن ئەرکی ئەوان نووسینەوەی رابردوویەکی بێسەروبەرە، بێئاگان لەوەی مێژوونووسی زیندوو ئەوانەن کە دەتوانن سبەینێمان بۆ بنووسنەوە.یەکێتی نیشتمانی تا ئێستاش هەر لەسەر ئاوازی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی دەژی،نەیتوانیوە قسەیەک بۆ سبەینەیەکی رووناک بکات،نەوەی نوێش بێزاربووە لەو تەلقینە،چونکە حیکایەتی ئەم(23)ساڵەی رابردوو بۆ هەموومان حیکایەتێکی زۆر ئاڵۆزە،کەس تاقەتی ئەوەی نەماوە،جارێکی دیکە خۆی تاقیبکاتەوە،چونکە وەک تاقیکردنەوەی خواردنەوەی پەرداخێک ژەهرە،

خواردنەوەی ژەهر بۆ تاقیکردنەوە دروستنەکراوە .من دەزانم یەکێتی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ببێ بە ئۆپۆزیسیۆن،چونکە هێزی ئۆپۆزیسیۆنبوونی تێدا نییە .بەڵام ئەم هەموو گوتارە جیاوازەی لە سەرکردەکانیانەوە دەبیستین، تەنیا ئەو راستیەمان پێدەڵێت، وەک چۆن شەڕی دووەمی جیهانی نەیتوانی ئاشتییەکی هەمیشەیی (وەک ئەوەی کانت مەبەستی بووە)بێنێتە ئاراوە،بە هەمانشێوە شەڕی ناوخۆی ساڵانی 1997/1994 نەیتوانی ئاشتییەکی تەندروست لەگەڵ خۆیدا بێنێت، هەموو ئەو رێککەوتنانەی کراویشن بۆ رێگەگرتن لە خوێنڕشتن نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ قۆرخکاری و گەندەڵی و..هتد بووە،قسەو دیمانەو لێدوانەکانی ئەم یەک دوو مانگەی هەندێک لە سەرکردایەتی و بنکردایەتی یەکێتی ئەو راستیەمان پێدەڵێت. بەڵام لە هەموو دونیاش بە درێژایی مێژوو گوشار و زەبروزەنگ نەیانتوانیوە، رێگاکان دابخەن، ئەگەر ئەوە بکرایە ئایینی عیسایی دروست نەدەبوو، چونکە جوولەکەکان شوێنکەوتوانی (رێگا) بەتایبەت (پترۆس و یوحەننا) یان گرت و ئەشکەنجەیاندان کە واز لەم شوێنکەوتنە بهێنن، بەڵام ئەم گرتن و ئازاردانە، شوێنکەوتوانی عیسایی زیادیکردو دواییش ناوی (مەسیح-رزگاریکار)یان بۆ خولقاندو ئایینێکی نوێیان بە باڵای عیسادا بڕی،لە کاتێکدا عیسا بە جوولەکەیی مردبوو. ئەو ئایینەنوێیە ئایینی جوولەکەی گردە بڕ شکاندو ئەوە ماوەی نزیکەی (2000)ساڵە ئایینی مەسیحییەت بەردەوامەو ئەمڕۆش فراوانترین و زۆرترین خەڵکی لە دەور کۆبۆتەوەو، لەخاچدانی مەسیحیش (هیگڵ) بە گەورەترین رووداوی مێژووی مرۆڤایەتی

ناساندی.(پۆلس)ی جوولەکە کە سەرەتا دژی شوێنکەوتوانی ڕێگا بوو، لە شوێنکەوتوانی عیسا بەگومان بوو تەنانەت خراپەشی بەرامبەریان کردبوو، جوولەکە زوو ئەوەی هەزم نەکرد هۆی چیبوو پۆلس بوو بە هەڵگری مەشخەڵی ئایینی عیسایی و بۆچی گوازتییەوە بۆ یۆنان و لەوێ بڵاویکردەوە؟. لە ڕاستیدا 2009/7/25 بۆ یەکێتی ئەزموونێکی نوێ و زۆر گرنگ بوو، کە دەبوو سوودی لە ئەزموونەکانی پێشووتری جیهانی و کوردستانی وەربگرتایەو ئەو هەڵەی لەدەست نەدابوایەو بیتوانیبایە لەماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوویدا گلەیی و بۆڵە بۆڵ و ڕەخنەی خەڵکی سلێمانی نەهێڵێت و بە تەواوی ئاشتی بکردبانەوە،بەڵام نەک هەر سوودی لەو ئەزموونە وەرنەگرت و تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بە قەناعەتەوە دەڵێم، یەکێتی نیشتمانی لە 2009/7/25 تا 2013/9/21 وەک گەڵای پایز گەڵاکانی هەڵدەوەرین و نەیدەتوانی لەبەردەم کزەی شنە بایەکیشدا بمێنێتەوە، بەڵام لەماوەی ئەم 220 ڕۆژەی ڕابردوودا، واتا لە 2013/9/21 تا 2014/4/30 وردە وردە لە ڕەگەوە وشک دەکات، هەموو دارێکیش لەکاتی هەڵوەرینی گەڵاکانیدا دەتوانی فریای بکەویت، بەڵام کاتێک ڕەگەکانی وشک دەبن، زۆر ئەستەمە بتوانی درێژە بە ژیانی بدەیت، بەڵام وا دیارە یەکێتی نیشتمانی و هەموو حزبە سیاسییەکانی دیکە، مێژووی حزبایەتیان لەم کوردستانە نەخوێندۆتەوە، لە ساڵی 1919 وە کە بۆ یەکەمین جار گرووپ و ڕێکخراوی سیاسی دروست بووە، تا ئەمڕۆ هەر حزبێک کە جەماوەری کەمبووبێتەوە، نەیتوانیوە بگەڕێتەوە ناو جەماوەر،

حزبی هیوا و چەندین حزبی دیکە باشترین نموونەن، رەنگە هەر ئەو هۆکارەش بێت وای لە یەکێتی کردبێت لەم قۆناخەدا، تووشی هیستریا هاتبێت،ئێستا یەکێتی تووشی هیستریا هاتووە، چونکە ئەم هەمو غەنیمەو ئیمتیازاتانەی لەماوەی 23 ساڵی رابردوو بەگشتی و ئەو(11)ساڵەی دوایی بە تایبەتی،بە ناشەرعی دەستیکەوتووە،لە دەستی دەچێت،یان هەر هیچ نەبێ ئیتر ناتوانێ لێی بەردەوام بێت،تووشبوونی بە هێستریا وای لێکردووە تا ئێستاش هیچ تێڕوانینێکی روونی بۆ ئاییندە نەبێت، لەو رۆژەوەی مایکاڤیلی ململانێ سیاسییەکانی بە یاری شەترەنج وەسف کرد، ئەوە(500)ساڵ زیاترە سیاسەتمەدارەکانی دونیا ئەم قسەیەی مایکاڤیلی دەلێنەوە، کە هەلەیەکی کوشندەیە، چونکە مەبەستی مایکاڤیلی لە یاری شەترەنجدا هەوڵدانە لە رێگای فێڵکردنەوە بەرامبەرەکەت هەڵبخەڵەتێنی ، لێرە مانایەک بۆ هونەری یاریکردنەکە نامێنێ مادام هەڵخەڵەتاندن دەبێتە ئامانج، لە کاتێکدا ئامانجی بنەڕەتی حزبە سیاسییەکان قووڵکردنەوەی دیموکراسی و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانە.ئێستا حزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمی کوردستانە بەو ئەقڵیەتی هەڵخەڵەتاندنە رەفتار لەگەڵ یەکدی دەکەن.ئەم یاری شەترەنجەی کە یەکێتی دەیکات، یارییەکی دۆڕاوە، چونکە پۆست و پلەو پایە، ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە ناو خەڵک، خۆ یەکێتی نیشتمانی لەماوەی(23)ساڵی رابردوودا، نەک تەنیا وەزیرێک یان دوو وەزیر، بەڵکو نیوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەدەستەوە بووە، بەڵام ئەوەتا رێژەی دەنگەکانی هەر بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، لە کاتێکدا

بزووتنەوەی گۆڕان، هیچ ئیمتیازاتێکی بۆ هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکەی پێ نەبووە، لەوەش زیاتر هەڵسوڕاوانی لە سلێمانی و دەوروبەری رووبەڕووی نانبڕین و...هتد بوونەوە، بەڵام دەیبینین دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو هەڵکشانێکی بەرچاوە،یەکێتی دەبوو وانەیەکی باشی لەمە وەربگرتایە.لەوە ناخۆشتر هەندێ لە بەرپرسانی یەکێتی کاتێ بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن قسەیەک دەکەن، کورد وتەنی باسی کوتکی بن عەبا دەکەن، واتا لە بنەڕەتدا هێشتا بڕوایان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە رێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە نییە، ئەمە لە جیاتی ئەوەی سوود لە کارە خراپەکانیان وەربگرن و بتوانن لاپەڕەیەکی نوێتر لەگەڵ خەڵک بکەنەوە، کەچی مێژوویەکی نەگریس و خەماویمان بیر دەهێننەوە کە دووپارچەیی هەرێمی کوردستانە، بە زەردو سەوزەکەیەوە.تا ئەو ئەقڵییەتە بمێنێ، یەکێتی زیاتر رووی لە کزی دەبێت.کەس خێری لە دوو پارچەیی هەرێمی کوردستان نەبینی، جگە لە چەند دزێکی نەقۆڵای نانیشتمانی. هەموو ئەوانەش کە بە خەیاڵ و بە ئەقڵیەتی پاوانکاری سیاسەتدەکەن، دەیانەوێ ئەوهەستە لای خەڵک دروستبکەن کە پێویستیان بە فەرمانڕەواییکردن هەیە بۆ ئەوەی لە دەیان مەترسی رزگاریان بکات، ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی ملهوڕو ستەمکارانەیەو پێویستە خەڵک سنوورێکی تۆخی بۆ دیاریبکات.من کاتێک سەیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەم وەکوو ئەو چیایەم دێتە بەرچاو کە بورکانێکی گڕگرتووی پڕ لە نەعرەتە بوو، بەڵام ئێستا ئەو چیایە بورکانەکەی بووەتە خۆڵەمێشێکی بێ پشکۆی

ساردوسرو لەگەڵ شنەبایەکدا خۆڵەمێشەکانی بە سەما دەکەون، لە تەنیشتیشیەوە، بزووتنەوەی گۆڕانە کە لە جیاتی بورکانی گڕگرتوو، گڵۆپی رەنگاورەنگ دادەگیرسێنێت و شەقامە تەسک و تریسکەکانی سلێمانی رووناک دەکاتەوە .ئەو شەقامانەی لە ماوەی (23)ساڵی رابردوودا دەستکاری نەکراون. قسەیەک هەیە دەڵێت ئەو کۆمەڵگایەی خەریکی راوکردن بێت، ناتوانێت گەل یان نەتەوەیەکی مەزن دروستبکات، ئەو حزبەی بە ئومێدی مانەوەی ناو خەڵک بێت، پێویستی بە پاداشت و سزای ئەندام و کادیرانی خۆی هەیە، رۆمانەکان بە چەندین سەدە بەرلە دایکبوونی مەسیح کۆمەڵێک یاساو پێوەریان لەبارەی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوو، نموونەیەکی بەرزیان لە فەرمانڕەوایی و یاسا و ئەخلاق پێشکەشکرد، کە تا ئەم دواییەش ئەوروپای پێشکەوتوو سوودی زۆری لێوەردەگرتن، رۆمانەکان تا خاوەنی نموونەیەکی بەرزی حوکمڕانی بوون، هیچ یاسایەکی تایبەتیان بۆ سزادانی دز نەبوو، بەڵام کاتێک دزی سەریهەڵدا هیچ جۆرە سزادانێکیان بۆ دزەکە دەرنەدەکرد، بەڵکو تاکە سزای دزەکە ئەوەبوو کە چی کەلوپەلی بردوویەتی بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە، ئەم بڕیارە بۆ دزەکان بە گەورەترین سزا دادەنرا.

ئەوەی رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان دەیلێت، وەنەبێت شتێکی یەکجار نوێی داهێنابێت، بەڵام توانیویەتی راستییەکان وەکوو خۆی بگەیەنێت، مارکس کاتێک شەرحی دڵی کرێکارەکانی ئەوروپای دەکرد، خۆ ئەوەی مارکس دەیوت، هیچ شتێکی تازەو نوێ نەبوو، بەڵکو لە سەدەکانی

(14و15)دا بوو كه كرێكار باڵەخانەی یەكجار گەورەو بەرزی هەڵدەنا،بەڵام مووچەیەكی یەكجار كەمی لە بەرامبەر ئەم هەموو رەنج و ماندووبوونەیدا وەردەگرت،كە ژیانەكەی تەنیا مەمرەو مەژی بوو. ئەوەی خاوەنی باڵەخانەكەش بوو، كەسێك بوو یەك تنۆك ئارەقی ماندووبوونیشی بۆ باڵەخانەكەی نەڕشتبوو، چونكە لە بنەڕەتدا كەسێكی كارنەكردە بوو،ماركس هات ئەم دۆخەی بە جوانی شیكردەوە، خەڵكیش بڕوایان پێیكرد، هەر بۆیە تاكە فەیلەسووفێك كە بە درێژایی مێژوو توانیبێتی لە ماوەیەكی زۆر كورتدا ببێتە فەیلەسووفی جەماوەر، ماركس بووە، جگە لە ماركس هیچ فەیلەسووفێك ئاوەها لە ماوەیەكی كورتدا نەبووەتە خاوەنی سەدان هەزار كەس، نیچەی فەیلەسووف تا لە ژیاندا مابوو، كتێبەكانی كەس نەیدەكڕی،دیكارت، كانت، هیگڵ، سپینۆزا،....هتد تا لە ژیاندا بوون، باشترین كتێبەكانی خۆیان ناوی خۆیان لەسەر دانەدەناو دوای مردنیان بڵاو دەكرانەوە. ئێستاش لەم هەرێمی كوردستانەدا هەمان سیناریۆ دووبارە بوونەتەوە، ئەم هەموو باڵەخانەیەی هەن، هی خەڵك نین، بەڵكو هی چەند ورگنێكی چڵێس و گیرفان بڕی گیرفان پڕن، كە گاڵتەیان بە هەژاری و بەرژەوەندی گشتی و عەدالەت و دیموكراسی دێت. هەر بۆیە كۆكردنەوەی دۆلارو سامان هەموو سنوورەكانی بەزاندووە،پارە بووەتە ئەخلاق و لە جیاتی بنەماڵەو رەگەزو نەریت و فیكر رۆڵی خۆی دەگێڕێت. بەڵام كاتێك قسە لەسەر حزبی سیاسی دەكەین، پێویستە سەرەتا لە بونیادی حزبە سیاسییەكان بكۆڵینەوە،تا بزانین دروستكەرو دامەزرێنەرانی ئەو حزبە

سیاسییانە بە کام پڕۆسەی سیاسی و ئەخلاقیدا رۆیشتوون ، پێویستە بزانین ئەو هۆکارانە چین کە لە کەسایەتی دامەزرێنەرانی ئەو حزبانەدا هەبوون کە وایان لێهاتووە حزبێکی دیکە دروستبکەن و ئەو دەرئەنجامانە چی بوون وایان لێهات  پێیبگەن،چونکە بەر لە هەموو دیاردەو دۆخێکی سیاسی دەبێت لە بارودۆخی دەروونی ئەو سەرکردانە بکۆڵینەوە کە بەو ئاراستەیەدا چوون،ئینجا دۆخی ئابووری- فیکری- دەروونی – سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەش دەستنیشانبکەین کە وایکردووە روو لەم حزب و لەو حزب بکەن و وێڵ و سەرگەردانی ئەندێشەکانی سەرکردەکان بن.ئەگەر نەزانین هۆی چی بوو مارتن لۆتەر مەزهەبی پرۆتستانی دروستکرد، ناتوانین مەشخەڵی رێگای پرۆتستانتییەت ببینین، ئەگەر نەزانین ئەو بارە دەروونییەی نەوشێروان مستەفا چی بوو وایکرد بزووتنەوەی گۆڕان دابمەزرێنێ و هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی دەروونناسانە- کۆمەڵناسانە- ئابووریزانانە- سیاسیانەمان بۆ ئەوخەڵکەش نەبێت کە بە دوای گۆڕان کەوتوون، بێگومان ناتوانین چرایەکی زانستی لەسەر ئەم بزووتنەوەیە دابگیرسێنین، دەبوو پێش هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی  یەکێتی نیشتمانی ئینجا پارتی دیموکراتی کوردستان، لێکۆڵینەوەو شرۆڤەی ئەمەیان بکردایە، ئاخر مارتن لۆتەر ئەگەر لە سۆزو خۆشەویستی باوکی بێبەش نەبوایەو ئەو باوکە رەقەکارو دڵڕەقەی نەبوایە، کێ دەڵێت مارتن لۆتەر ئاوەها زوو هەستی بە جیاوازییەکان و ناکۆکییەکان دەکرد، لۆتەر وێڵ و سەرگەردانی شتێک بوو کە لە ئەشکەنجە رزگاری بێت و لە ناخیدا هێمنی و ئارامی

جێگیر بکات.ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت سرووشتی مرۆڤ هەر لە ئادەمی باوکەوە کە بەهۆی کەرتە سێوێکەوە کە لە بەهەشت دەرکرا، لەو رۆژەوە مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژووی گەندەڵی و ناعەدالەتی،کاتێک قابیلیش هابیلی برای لە تەماحی سامان و جنس کوشت، ئیتر مێژووی مرۆڤایەتی بە تەواوی بووە مێژووی هاروهاجەکان،مێژووی مرۆڤە دێوئاساو درندەکان،بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت لەوەتەی کۆیلایەتی دروستبووە، بەردەوامیش تا ئەمڕۆ هەڵگەڕانەوەو شۆڕش هەبوونە،ئینجا دەبێت ئەوەش بزانین، مێژووی هەموو دیکتاتۆرو ستەمکارەکانی دونیا بە درێژایی مێژوو، کە سەدان و ملیۆنان ساڵ دەبێت، نەیانتوانیوە یەک شانازی بەقەد مێژووە کورتەکەی گاندی وەدەستبهێنن، بەڵکوو دیکتاتۆرو ستەمکارەکان هەمیشە مایەی شەرمەزاری و تووڕەیی خەڵک بوونەو بە درێژایی مێژوو کتێبێک ناخوێنیتەوە،بۆ ستایشی ستەمکاری،لە کاتێکدا سەدان هەزار کتێب لە پێناوی ئازادی نووسراون. بۆیە دەبینین وەک چۆن مەسیحییەت لە بەرامبەر پرسی خێڵپەرستی یەهودی وەستاو پووچەڵیکردەوە،بزووتنەوەی گۆڕانیش ئاوەها لە بەرامبەر گەندەڵی و ناعەدالەتییەکانی یەکێتی وەستایەوەو ناپووتیکرد. ئێستا کێشە ئەوە نییە کە گۆڕان دەنگی زیاترە، بەڵکو کێشەی یەکێتی ئەوەیە ئەو هەموو دەستکەوت و ئیمتیازاتانەی دەستیدەکەوتوون، لەدەستیدەچێت.ئێ ناشکرێ خەباتی سیاسی کورد توانای گۆڕینی بیچمی سەرکردەکانی نەبێت، ئەو سەرکردانەی زۆربەیان لە یەکدەچن و تا رادەیەکی زۆر یەک بیچمن،هەر

دەڵێی جمکن. هەر دەسەڵاتێکیش کە گەندەڵی و ناعەدالەتی دروستکردبێ، ئەگەر باسی حەق وتن و عەدالەتخوازی و نیشتمانپەروەری بکات وەکوو ئەوە وایە تۆ لە مانگی رەمەزاناو لەناو ماڵی خوداو بە رۆژی هەینی و لە نوێژی خوتبەدا درۆیەکی شاخدار بکەیت.

لۆتەر بۆئەوەی لەکاتی شەڕ لەگەڵ کلێێساو زیادەرەوەکاندا سەربکەوێت ناچاربوو پشت ببەستێت بە پشتگیری فەرمانڕەوا ناوچەییەکان ،کلێێسای لۆتەری تا کاتی هیتلەریش لەگەڵ هیچ یەک لە دەوڵەتە کاتۆلیکیەکاندا ئەوە نەبوو کە نەگونجێت، شۆڕشی لادێییەکان بەڵگەیەکی تری دا بەدەست لۆتەرەوە کە فەرمانخوازی فێری فەرماندارەکان بکات. مارتن لۆتەر لەبنەڕەتدا کەسایەتییەکی لێبووردەو ئاشتیخواز نەبوو، کۆمەڵێک هۆکار هەبوون وایان لە لۆتەر کرد کە خۆی لە مرۆڤ بکات بە فریشتە، لە کاتێکدا هەمیشە دەیوت،ئامانجی مرۆڤ بەختەوەری نییە،بەڵکو بریتییە لە ئازار ئازار ،خاچ خاچ، مێژووی نەوشێروان مستەفا ئەوە بە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان (بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی)و خەڵکی ئەهلی کتێب دەڵێت، بڕۆن بەدوای ئەو هۆکارانەدا بچن و لێیبکۆڵنەوە، کە ئەوهۆکارانە چی بوون وایان لە نەوشێروان مستەفا کرد، ئەم رەوتە نوێیە رابگەیەنێت و بانگەشە بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ...هتد بکات. هەموو حزبە سیاسییەکان و خوێنەوارەکان تا هۆکارەکانی نەدۆزنەوە، ناشتوانن لە گرفتی نێوان خۆیان و خەڵکی هەرێمی کوردستان بگەن.کەچی لەجیاتی خوێندنەوەیەکی وردی ئەم

ڕوویداوە، ئەوەتا تا ئێستاش ئەم هەرێمە نموونەی ئەو بەرپرسانەی زۆرە کە بڕوایان بە بەرپرسیاری بێ ئیمتیازات نییە، بڕوایان بە لێبوردەیی نییە، بڕوای بە ئازاردانی مرۆڤەکان هەیە. هەموو فەلسەفەی رۆژئاوا ماوەی دووهەزار ساڵ زیاترە لەسەر میراتی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەژی، کەچی ئێمە پەراوێزێکمان لەو میراتە نەنووسیوەتەوە، تەنانەت هێشتا لە مانای ماتماتیک بە مانا فیساگۆڕسییەکەی نەگەیشتووین، کە ئەوان هەموو دونیایان بە ماتماتیکێک سەرسام کرد کە نەک هەر بنەمایەک بوو بۆ تێکەڵبوون بە مەعریفە ،بەڵکو کۆی پرسەکانی ژیان بە ماتماتیک ڕووندەکرێنەوە. فەیلەسووفەکانی سەدەی 17و18و 19و 20 لە گرانبەهایی ماتماتیکیان دەزانی بۆیە گرنگییەکی زۆریان پێدا.

لە هەموو قوتابیانی ئەم هەرێمە بپرسە، کەی لە ژیان پێزار ئەبیت و تووشی بێ تاقەتی ئەبیت، هەموو منالأنی بنەڕەتی بێنە لەو وەڵامەدا هاوڕان کە تەنیا لە کاتی دەوامی قوتابخانەکانیان بێزارو بێ تاقەت ئەبن، هەموو مامۆستا باشەکانی زانکۆش بدوێنە تەنیا لە زانکۆ تووشی بێتاقەتی دەبن و پێتدەڵێن قوتابیانیش لەم جۆرە زانکۆیانە فێری هیچ شتێک نابن، هەموو خەڵکی کوردستان بدوێنە دڵی پڕە لە ڕەخنەو گلەیی لە دەسەڵات، هەموو سلێمانی لە یەکێتی توڕەن، یەکێتیش ئەمە باش دەزانێت و پارتیش ئەوە دەزانێت کە خەڵک گلەیی و ڕەخنەی زۆرە، ئەگەر خەڵک لە یەکێتی توڕە نەبوونایە ئەوە سبەی کە هەڵبژاردنە یەکێتی بە پەڕوباڵەوە بەشداریدەکرد، نەک وەکوو ئێستا کە ئاوەڕووت کراوە، ئەنجامی سبەینێش

زۆر تۆقێنەرە بۆ یەکێتی ، ئەگەر خەڵک لە پارتیش گلەیی نەبێت، رێژەی دەنگەکانی ئەوەندەی دەهێنا کە حکومەتی پێ پێکبهێنێت، بەڵام لە 22 ساڵی رابردووشدا هیچ رێگەچارەیەک بۆ ئەو تاقەت پرووکێنییەی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا نەکراوە. ئاستی زانکۆکانیش وردە وردە دادەڕووخێ، لە کاتێکدا مامۆستای زانکۆ تەنیا مووچەکەی باش بووە، زانستەکەی خراپتربووە،هەموو خەڵکی کوردستان بە نێرو مێیەوە، رۆژانە جل و بەرگی نوێ لەبەردەکەن، بەرگیان دەگۆڕن، بەڵام بە ئەقڵی 50 ساڵی پێشوو دەژیت و ئامادەیی تێدا نییە ئەقڵ و بیرکردنەوەی بگۆڕێت،ئەمە مەترسییەکی گەورەیە.لە (10)ساڵی رابردوودا، کارێکی وەها نەکراوە، خەڵک گلەییەکانی کەمتر بێتەوە، بە پێچەوانەوە زیادی کردووە،ئەمەش پێچەوانەی دەسەڵاتدارێتییە . یەکێتی لە کاتێکدا رێژەی دەنگەکانی زۆر خراپ کەمبۆتەوە، کەچی هێشتا هەر بە ئەقڵییەتی پەنجا بە پەنجا دەژی، لویسی شازدە کە لە زیندانیشدا بوو، هێشتا هەر دەیویست پاشا بێت، سەدام حوسێنیش کە لە زینداندا بوو، دەیوت من سەرۆک کۆماری عێراقم،هەردووکیشیان لە سێدارە دران. ئەوەی خاوەنی ئەقڵییەتی لویسی شازدەو ئەو لە سێدارە دراوانە بێت، بێگومان چارەنووسیشی هەر وەکوو ئەوان دەبێت.

زۆرجار دەڕوانمە ئەو ئازادیی و عەدالەتەی کە سپارتاییەکان کە (2500)ساڵ پێش ئەمڕۆ بە ژنەکانیان دابوو، یان ئەو عەدالەتەی لەناوخۆیان بۆ هاووڵاتی سپارتایی فەراهەم کرابوو، تا ئێستاش ژنی کورد

نەگەیشتوونەتە ئەو ئازادییەی کە2500 ساڵ پێش ئەمڕۆ لە سپارتا هەیانبووە،هەموو ڕێگایەکیشیان لە بەرامبەر کۆکردنەوەی سامان و دروستبوونی گەندەڵی گرتبوو، ئەفلاتون، ئەرستۆ، مارکس زۆر سوودیان لەوجۆرە سۆسیالیستییەی سپارتاییەکان وەرگرتبوو،بەڵام لەم هەرێمەی ئێمەدا، ڕزگارکردن و ئازادکردنی خێزان زۆر زۆر لە ڕزگارکردنی نیشتمان ئەستەمترو قورسترە. من نازانم بۆچی یەکێتی ئەوەندەی بوختان بۆ ئەم حیزب و ئەو حیزب دروستدەکات، جارێکیش لە دەردە کوشندەکانی خۆی ناکۆڵێتەوە، چۆن دەکرێ لە یەک کاتدا بڵێیت بڕوام بە دیموکراسی هەیە، بەڵام هزری خۆسەپاندن مێشکی داگیر کردبێت.

ئەوانەی بە بانگەشەی پڕ لە درۆ  درێژەیان بە کورسییەکانیان داوە، مێژوو پێماندەڵێت ڕۆژێک هەر هاتووە بکەونە بەر نەفرەتی خەڵکەوە، نووسینەکەم بەم نموونەیەی گاندی قفڵ دەدەم:: ژنێک لە هەرێمێکی دوور منداڵێکی دەبێت، ئەو منداڵە یەکجار زۆر حەزی لە خواردنی شەکر دەبێت، تا وایلێدێت، پزیشک دوای پشکنینی منداڵەکە بە دایکی منداڵەکە دەڵێت، ئەگەر ئەو منداڵەت بەردەوام بێت لە شەکر خواردن، ژیان لەدەست دەدات، دایکی منداڵەکە بەم قسەیەی پزیشک زۆر پەرێشان دەبێت و ناچار دەبێت بچێتە لای گاندی بۆئەوەی بە منداڵەکەی بڵێت نابێت شەکر بخۆی، ئەوکاتە ناوی گاندی بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بڵاو ببووەوەو هەموو منداڵانی هیند بە شێوەی ئەفسانەیی باسیان لێوە دەکرد، ئیتر دایکی منداڵەکەو منداڵەکەی بە شەمەندەفەر ڕێگایەکی دوورو درێژ دەبڕن و

دەگەنە لای گاندی، ژنەکە بەسەرهاتی منداڵەکەی بۆ گاندی باسدەکات و ئینجا داوای لێدەکات کە بە کوڕەکەی بڵێت نابێ شەکر بخۆی، گاندیش بە ژنەکە دەڵێت ئێستا تۆ بڕۆوە گوندەکەی خۆت، دوای دوو هەفتەی تر وەرەوە من کارێکی وا دەکەم کە کوڕەکەت ئیتر شەکر نەخوات، بەڵام ژنەکە سوور دەبێت لەسەر ئەوەی ڕێگاکەی دوورەو توانای مادیشی کەمە، بۆ ئەو زەحمەتە جارێکی دی بێتەوە، ئێستا چەند قسەیەک لەگەڵ کوڕەبچووکەکەم بکەو نەجاتم بدە، بەڵام گاندی جەختدەکاتەوە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ئێستا بەو منداڵەی بڵێت شەکر مەخۆ، بۆیە هەر دەبێت دوای دوو هەفتەی تر بێیتەوە، ژنەکە بە نا بەدڵی و بە خەمەوە ئەم ڕێگا دوورە دەگرێتەوە بەر و دەگەڕێتەوە گوندەکەی، لەبەر خۆشەویستی بێ سنووری بۆ منداڵەکەی دوای دوو هەفتەی دیکە جارێکی دیکە هەمان ڕێگا دەگرێتەوە بەرو بۆ لای گاندی دەڕوات، کە ئەمجارە گاندی دەبینێ، ژنەکە پێیدەڵێت ئەوەتا لەسەر قسەی خۆت دووبارە هاتمەوە، بەڵکو ئەمجارەیان کارێکی وا بکەیت کە منداڵەکەم شەکر نەخوات، گاندیش زۆر بە هێمنی منداڵەکە بانگ دەکاتە لای خۆی و پرسیارێکی لێدەکات، ئەویش ئەوەیە تۆ منت خۆشدەوێت، منداڵەکەش خەنی دەبێت و دەڵێت تۆم زۆر زۆر خۆشدەوێت، گاندی پێیدەڵێت، کەوابێ ئەگەر من شەکر نەخۆم تۆش نابێت شەکر بخۆیت، منداڵەکەش دەڵێت باشە، ئینجا گاندی بە منداڵەکە دەڵێت من شەکر ناخۆم کەوابێ نابێت تۆش بیخۆیت، منداڵەکە پەیمان دەدات کە ئیتر ئەویش نەیخوات، ژنەکە لەم قسەو باسەی گاندی حاڵی نابێت و لە

گاندی دەپرسێ، باشە تۆ هەر بۆ ئەم دووقسەیە منت جارێکی دیکە لەو گوندە دوورە گەڕاندەوە بۆ ئێرە، ئەی بۆچی هەر لە یەکەمین جاردا وات بە منداڵەکەم نەوت، گاندیش لە وەڵامدا دەڵێت، ئاخر ئەوکاتەی تۆ یەکەمجار هاتی ئەو داوایەت لە من کرد، من خۆم شەکرم دەخوارد، بەڵام کە تۆ رۆیشتیتەوە لەوکاتەوە من خواردنی شەکرم وازلێهێناوەو تەرکم کردووە، بۆیە ئێستا بە منداڵەکەتم وت من شەکر ناخۆم کەوابێ نابێ تۆش بیخۆیت، بەڵام ئەگەر جاری یەکەم وام پێ بوتایە دەبوو درۆی لەگەڵدا بکەم بۆیە پێم نەوت. بەڵێ ئەمە نموونەیەکی بچووکی گاندییەو ئەمەش ئەم هەموو درۆو دەلەسەی بەرپرس و کاندید و سەرکردەکانن کە رۆژانە گوێیان پڕکردووین لە درۆی شاخدار.

## یەکێتی بە مازوو کەوتووەو دەیەوێ بە سیچکە هەڵسێتەوە !!

**(بە ئیجازەی رۆشنبیرانی شار)**

لەو رۆژەوەی حزبی سیاسی لەم هەرێمی کوردستانەدا دروستبووە، لەسەر بنەمایەکی نائەقلانی و تا رادەیەکیش نا نیشتمانی دروستبووە، بۆیە نا ئەقلانی و نا نیشتمانی بووە، چونکە لە لایەک یان لە بەرژەوەندی ئینگلیز، یان لە بەرژەوەندی تورکدا کاریکردووە،لە لایەکی دیکەیشەوە هەموو ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانەی دروستدەبوون بە ناکۆکی و ململانێی ناوەخۆی ناو خودی حزبەکە ژەهراویدەکران.

دیارە تا شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی نەهاتبوو، هیچ کۆمەڵەو رێکخراوێکی سیاسی لە کوردستانی باشوور بوونی نەبووە، لە ساڵی 1919 وردە وردە کۆمەڵەو رێکخراوی سیاسی هاتوونەتە دروستبوون، بەڵام هەندێکیان تەنیا ناو بوون، بێ بەرنامەو بێ پەیڕەوی ناوەخۆ بوون،

دیارترین کۆمەڵە (جەمعیەتی کوردستان)ە، کە مستەفا پاشای یامولکی بە هەڵبژاردن کرا بە سەرۆک، لەگەڵیدا کۆمەڵێک لە نوخبەی سیاسی و رووناکبیری سلێمانیش بە هەڵبژاردن  لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتییەکەی دانران، ئەم کۆمەڵەیە لە دژی تورکان بوو، بەلای ئینگلیزەکاندا دەیشکاندەوە،سەرەڕای ئەوەش ئەم جەمعیەتە لە بەرواری 1922/7/21 لە رۆژی هەینی و دوای نوێژی خوتبەو لە مزگەوتی سەید حەسەنی موفتی کە دەکەوێتە گەڕەکی گۆیژەی کۆنی شاری سلێمانی،لە وتارە پڕ حەماسییەکەی، یامولکی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی لەمجۆرەی راگەیاند.لەو رۆژەوە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان وەکو حزبی هیوا، رزگاری، شۆڕش،...هتد.نەیانتوانیوە بنەمایەکی پتەوی ئەقلانی و نیشتمانی لە حزبەکاندا چڕ بکەنەوە.

ئەی  با بزانین دۆخی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چۆن بووە ؟ یەکێتی نیشتمانی کە رۆژی یەکی حوزەیرانی بۆ دانراوە، بەڵام لەناو خودی دامەزرێنەرانی ئەو حزبە، چەند رۆژێکی دیکە بە رۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی دەستنیشان دەکەن، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەیشەوە، تێکەڵکردنی چەند رێکخراوێکی دیکەی سیاسی لەناو چوارچێوەی  یەکێتی نیشتمانیدا، جگە لە پینەکردنێکی کاتی و درۆزنانە، بۆئەوەی یەکێتی هەژموونێکی لەناوچەکەدا هەبێت و ببێتە هێزێکی بەرچاو لە بەرامبەر سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، هیچی دیکە نەبووە، دەنا ئێستاش کەس نازانی خەتی پان چی بوو؟، ئەی شۆڕشگێڕان چ میتۆدێکی

تیۆریی هەبوو؟ کۆمەڵەی مارکسیزم لینینیزم لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیست چۆن دانوویان پێکەوە دەکولا؟ چ بنەمایەکی ئەقڵانی تێدا بوو بۆ ئەوەی بتوانرێ لەناو پەیڕەوو پرۆگرامێکی دیکە کە هی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو هەموو ئەو کۆمەڵەو بزووتنەوەو خەتی پان و درێژەی لەناودا کۆ بکرێنەوە؟.خۆ ئەمە چێشتی مجێور نییە ئەمە دروستبوونی حزبە، حزبیش کۆمەڵێک بنەماو پرەنسیپ و سیاسەت و ئەخلاق و فیکر بەخۆوە دەگرێ، لەوەش قەباحەتتر کاتێ سەیری یەکەمین بڵاوکراوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەین کە لە کۆتایی ساڵی 1975 ەوە لە لایەن خودی بەرێز مام جەلالەوە نووسراوە، نامیلکەیەکە بەناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟)، ئەم نامیلکەیە 45 لاپەڕەیە، تەنیا 15 لاپەڕەی گوایا بۆ هۆکارو بنەماو ئاراستەی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەرخانکراوە،ئەویش بە تێبینییەکی زۆرەوە، چونکە نەک هەر بە دیدێکی سەردەمیانە نەنووسراوە، بەڵکو بنەمای فیکریی و پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی زۆر شاش و پەرتە، کە دەتوانم بڵێم هیچی بەسەر هیچەوە نییە، باقی نووسینەکەی تریشی تەنیا هێرشی پڕ لە هەڵچوونە لە بەرامبەر سەرکردایەتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان.لێرە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە یەکێتی نیشتمانی هەر لەگەڵ دروستبوونیەوە، لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی دروست نەبووە، بۆیە خێرا بزووتنەوەی سۆسیالیستی لێ جیا بووەوە، کەس نەیزانی ئەو خەتی پان و ئەو یەکێتی شۆڕشگێڕانە هەر چیان لێهات، کۆمەڵەی ڕەنجدەران

چۆن ئاوا بە سووک و سانایی خۆی هەڵوەشاندەوە، لە کاتێکدا بەرفراوانترین ڕێکخراوی سیاسی بوو لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانداو ......هتد.

لەم ڕوانگەی سەرەوە خاڵێکی جەوهەری دەبینرێ، ئەویش ئەوەیە، دروستبوونی یەکێتی نیشتمانی هەڵگەڕانەوە بووە، نەک داگیرسانی شۆڕش، کە سەرکردایەتی یەکێتی بەناوی شۆڕشی نوێ ناویدەبات، بێگومان هەڵگەڕانەوەش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شۆڕشگێڕیی هەیە، ئەم هەڵگەڕانەوەیە بێ بنەمایە وای لە یەکێتی نیشتمانی کردووە، کە یەکێتی بەردەوام قەیران لەناوخۆی دروستبکات، ئەم دروستبوونی قەیرانە بە هەڵە بۆ ناو کادیرو تەنانەت بۆ ناو خودی سەرکردایەتی یەکێتیش لێکدراوەتەوە ، کە گوایا ئەم قەیرانانە لەبەر دوو خاڵ تەندروستن، یەکەم گوایا یەکێتی حزبێکی دیموکراتەو بڕوای بە ئازادی سیاسی و بیروڕای جیاواز هەیە (کە وا نییە)،دووەمیشیان گوایا یەکێتی چەتری کۆکردنەوەی پێکناکۆکەکانە (لەکاتێکدا یەکێتی خۆی هۆکاری سەرەکی ئەم هەموو گرفتانەیە کە ئەمڕۆ لەکوردستان هەن)،ئەمە لە کاتێکدا ئەم دوو خاڵە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ حزبی سیاسیدا ناگونجێ ، چۆن؟

لە فەلسەفەی سیاسیدا دیموکراتەکان شەڕی دیموکراتەکان ناکەن، لە دونیادا نابینی دوو حزبی دیموکرات شەڕ لەگەڵ یەکدی بکەن، ئەوە مێژوو، سەراوبنی بکەن بزانن نموونەیەکتان دەستدەکەوێت، کەچی یەکێتی

نیشتمانی بەردەوام لە شەڕدا بووە، شەڕی نەویستراو، شەڕی ماڵوێرانی،بێگومان لەوکاتانەشدا بیروڕای سیاسی لەبارەی ڕەنجدەران و ئازادی و عەدالەت ..... تەنیا وەک شانۆگەرییەکی پڕ لە گاڵتەجاڕی دەمێنێتەوەو هیچی دیکە. دووەمیشیان بوونی ئەو جیاوازیانەی ناو یەکێتی نیشتمانی بوو وای کردووە بەردەوام یەکێتی بە پەتای قەیران بناڵێنێ و، سەرهەڵدانی ڕەوتێکی وەکوو ئاڵای شۆڕشیش لە پزدانی ئەو پەتایەوە دەرچوو،بەڵام بینیمان ئاڵای شۆڕش زۆر بە خراپی سەرکوتکرا، دوای ڕاپەڕینیش جیابوونەوەیەکی دیکە بەڵام بەهێزێکی گەورەترو بە دیدیێکی قووڵترو بە بنەمایەکی سیاسیانەی واقیعبینانەتر بزووتنەوەی گۆڕان ڕسکا،بەجۆرێک یەکێتی نیشتمانی نەک هەر کەرت و نیوە کرد، بەڵکو ئەو بزووتنەوەیە بە تەواوی یەکێتی پووچەڵکردەوە، بۆیە یەکێتی جارێکی دیکە ناتوانێ ببێتەوە بە حزبێکی جەماوەری ئەوتۆ کە بە لایەنی کەم خەڵکی سلێمانی ئاشت بکاتەوە، مێژووی حزبە سیاسییەکان لە سلێمانی ئەوەمان پێدەڵێت، هەر حزبێک کە خەڵکی سلێمانی پشتی تێکردبێت، ئەو حزبە هەموو ماڵی دونیاش بخاتە خزمەتیانەوە ناتوانێ ئاشتیان بکاتەوە، بۆیە یەکێتی نیشتمانی لە جیاتی ئەوەی پەنا بۆ کاری ساختەو نەویستراو، یان بۆ کڕینی خەڵک ببات، دەبوو بە ئەقڵێکی کراوەوە تۆژینەوەیەکی وردی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بکردایە کە یەکێتی لە شوێنی خۆی قەتیسکردووەو وردە وردە وەک گەڵای پایز بە شنەبایەکەوە هەڵدەوەرێت. ئەو نائومێدییەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا ئەمڕۆ بڵاوبۆتەوە،

به درێژایی مێژوو، که دەیانهەزار ساڵ دەگرێتەوە، نائومێدی لەوجۆرە دروست نەبووە، کۆچو کۆچباری لەوجۆرە دروست نەبووە، کوشتن و بڕینی لەو جۆرە دروست نەبووە، پەتاو نەخۆشی دەروونی لەوجۆرە دروست نەبووە، ئەو نائومێدییەی لەناو یەکێتی نیشتمانیشدا لە ڕۆژی دوای 2009/7/25 تا ئەمڕۆ دروستبووە، بە درێژایی مێژووی یەکێتی نیشتمانی نائومێدی لەمجۆرەی بەخۆوە نەدیوە.چ ئەو کاتانەی لە هەکاری تێکشکانێکی بێ وێنەی بەخۆوە دیت،چ ئەوکاتانەی لەگەڵ بەعس لە گفتوگۆ فەشەلی هێنا، چ ئەوکاتانەی لە شەڕی ناوەخۆدا یەکێتی بە دەستی بەتاڵ لە سنوور ئاودیو کرا، چ ئەوکاتانەی نەوشێروان مستەفا کۆمپانیای وشەی دامەزراند، قسەیەک هەیە دەڵێت کۆدەنگی لە هەڵەدا، هەڵە دەکات بە راستی، یەکێتی نیشتمانی رێک وای بەسەرهاتووە، هەڵەی لێ بووە بە راستی. ئەو هەڵەیە وایکردووە هاوپەیمانەکانی خۆیشی بەردەوام ژەهراوی بکات، بە واتایەکی روونتر،یەکێتی لەگەڵ هەر حزب و لایەنێکی سیاسی هاوپەیمانی گرێدابێ، ئەو هاوپەیمانەی خۆی ژەهراویکردووە،نموونەحزبیسۆسیالیست،کۆمەڵەی رەنجدەران،زەحمەتکێشان ، خەتی پان و درێژ، ئەمجارەش پارتی دیموکراتی کوردستان،کە نەیتوانی ژەهراوی بکات بەڵام توانی گەندەڵی بکات، واتا یەکێتی هۆکارێکی یارمەتیدەری بەهێز بوو کە پارتی فێری گەندەڵی کرد.لێرە بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاقارێکی دیکەدا نەبردرێ، یەک نموونە دەهێنمەوە، دەرهێنانی نەوتی شیواشۆک یەکەمین بیرە نەوت بوو کە کەسانی دەستڕۆیشتوو لەناو

مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێی هەڵسابوون، ئەو دەستکەوتی نەوتە دینارێکی قەڵپی بۆ خەڵک نەبوو، ئێستاش کەس نەیبینی داهاتی نەوتەکە لە خزمەتی خەڵکەکەدا خەرجکرابێ، بەڵکو دەخرایە گیرفانی چەند کەسێکەوە، ئەمە یەکەمین هەنگاوی بەتاڵانبردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بوو، کە یەکێتی نیشتمانی پێیهەڵسابوو.

یەکێتی نیشتمانی لەدوای دروستبوونییەوە مژدەی خەباتی نوێی بەگوێی خەڵکدا دەچرپاند، بەڵام ئەم نوێبوونەوەیە لە بنەمادا زۆر بە سەقەتی لە دایک ببوو، رێک ئەو قسەیەی تۆماس فریدمانم بیر دەکەوێتەوە، تۆماس فریدمان لەگەڵ بەرپابوونی ئینتەرنێتدا وتی، ئینتەرنێت ئەو شوێنەیە کە هەموو خەڵکی بەیەکەوە ئەبەستێتەوە، بەڵام کەس ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێرییەوە، فریدمان لە پێشکەوتووترین وڵاتی دونیا کە ئەمریکایەو ئێمەش زۆر جاران ئەمریکا بە دەوڵەتێکی پۆلیسی ناو ئەبەین ئەم قسەیەی کرد، کەچی ئێمە لە دواکەوتووترین مەملەکەتی دونیا کە هەرێمی کوردستانە، گومانی زۆرمان لەسەر ئەو قسەیە بۆ دروست بووە کە فریدمان وتی (کەس ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێرییەوە). چ زەمانەتێک هەیە کە مۆبایلەکانمان و ئەو ئینتەرنێتەش کە بەکاریدەهێنین لە ژێر کۆنترۆڵدا نییە. کەس ناتوانێ ئەو گرەنتییەمان بداتێ.

هەرێمی کوردستان جگە لە ئەنفال و کیمیا باران، لە جیهانی شیعرو فەنتازیادا ناوێکی دیکەی بە باڵا براوە، ئەویش سووتماکە، هەر

سەرکردەیەک لەم وڵاتە دروست ببێت دەبێ لەپزدانی کیمیاباران و ئەنفال و خاکێکی سووتماکەوە، لە دایکببێت، کەواتە ئێمە ئەو سەرکردەیەمان پێویستە کە وەکوو حەزرەتی سلێمان لە زمانی باڵندەش تێبگات و جورئەتی ئیمامی غەزالی و شەهامەتی عومەری کوڕی خەتاب و ئیرادەی گاندی و عەدالەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو کراوەیی عەبدولرەحمانی سێیەم(لە غەرناتا)ی تێدا بێت.سەرکردەیەکمان پێویستە وەکوو(لی کوان یو)ی سەنگافورە کە ئەو وڵاتەی لە جیهانی سێیەمەوە برد بۆ جیهانی یەکەم، وەکوو مەهاتیر محەمەد کە مالیزیای لە ئەوروپا جوانتر کرد،رێژەی هەژاری لە 52% هێنایە 5% سەرکردەیەکمان پێویستە وەکوو(لویس ایناسیو لولادا سیلفا) ی بەرازیل کە خەڵکی بەرازیل نازناوی(پاڵەوانی هەژاران)یان بەباڵادا بڕی،لولادا سیلڤا کە خولی دووەمی سەرۆکایەتی تەواو بوو، خەڵکێکی یەکجار زۆر رژانە سەر شەقام و داوایان لێکرد دەستوور بگۆڕێت، بۆئەوەی رێگەی پێبدرێت بۆ خولی سێیەمیش ببێتەوە بە سەرۆک،بەڵام لولادا سیلڤا لەمیانی دیمانەیەکیداوتی: 20ساڵە خەباتدەکەم، لەو پێناوەشدا لە گرتووخانە پەستراوم بۆئەوەی رێگەنەدەم سەرۆکەکان لەماوەی یاسایی خۆیاندا زیاتر لە حوکمڕانی بمێننەوە،کەوابێ چۆن رێگە بەخۆم دەدەم کارێکی لەمجۆرە بکەم.بەڵێ سەرۆکێکمان پێویستە ئەو گیان و ئەو هێزو ئەو ئیرادەو ئەو شەهامەتەی تێدا بێت، نەک بەردەوام بڵێن: ئێمە خەباتمانکردووە چۆن ئاوا بە سانایی دەیدەین بە کەسانی دیکە. حزبێکیشمان پێویستە رەنگدانەوەی سەرکردەیەکی لەمجۆرە بێت. هەموو

حزبە سیاسییەکان بەردەوام باسی ئازادی دەکەن بەڵام خێرا پاشقوول لە دیموکراسی و یەکسانی و عەدالەت دەگرن، ئەمە لە کاتێکدا ئازادی بەبێ دیموکراسی و عەدالەت بەرەو وەحشیگەریت دەبا. راستە دیموکراسی هەمیشە لە خزمەتی سەرمایەداریدا بووە. بەڵام لە کۆمەڵگە ناسەرمایەدارو دواکەوتووەکانی وەکوو کۆمەڵگەی کوردی یان رۆژهەڵاتی، دیموکراسی بەدەستی عەقڵە نەزۆکەکانەوە، لە رووحکێشاندابووە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە هەموو ئەو سەرکردانەی کە مێژوو بە سەرکردەی بەهێزو زیندوو ناوی بردوون، ئەو ئیمپراتۆڕو پاشاو سەرۆکانەن کە زەمینەیان بۆ پێکەوە ژیان خۆشکردووە، هەر لە ئیمپراتۆر(تیۆدۆسیۆسی یەکەمەوە 379-395)ز تا دەگاتە غاندی و ماندێلاو لەوانەیە عەبدوڵا ئۆجەلانیش بچێتە نێو ئەو مێژووەوە. بەڵام بەبەراورد بەسەرکردەو پاشا شەڕانگێزەکان،بێگومان مێژوو پڕە لە پاشاو ئیمپراتۆرو سەرکردەی خوێنڕێژ. لەوەتەی مێژوو دەنووسرێتەوە، هەموو سەرکردەو ئیمپراتۆرو پاشاکان بە پاڵپشتی سوپاو دوور لە خواست و ئیرادەی جەماوەر هاتوونەتە سەر تەختی پاشایەتی یان سەرۆکایەتی و خۆیان جێگیرو قایمکردووە، بۆیە ئەو ئیمپراتۆرو پاشایانە هەمیشە نەیانتوانیوە وەک سەرۆکێکی مرۆڤدۆستانە رەفتاری بەرپرسانەو حوکمڕانانە بکەن ، خەریکە زوڵم و زۆری و ستەمکاری بێ ئەندازەی دەسەڵاتی کوردی وامان لێبکات، هەمان ئەو قسەیەی (گالیلۆ) دووبارە بکەینەوە کاتێ وتی: لەماوەی 10 ساڵی رابردوودا زۆر لەوە زیاترم بینی کە هەموو مرۆڤایەتی لە ماوەی 5000 پێنج هەزار ساڵدا بینیان. بۆیە

هەر زوو کەوتوونەتە بەر نەفرەتی جەماوەرەوە. زۆرجاری واش هەبووە، سەرکردەیەک یان چەندین سەرکردە،بۆ ماوەیەک مێژوویەکی ساختەیان بۆ دەنەخشێنرێ و رەنگرێژی دەکەن، بەڵام دوایی مێژووی راستەقینەی ئەو سەرکردانە وەکوو خۆی دەردەکەوێتەوە.

ئەو رۆژەی شۆڕشی ئەیلول گلۆپە سەد هەزار ڤۆڵتییەکەی سووتێنراو کوژایەوە، بارزانی نەمریش وتی کاری من تەواو بوو، یەک سەرکردەی دیکەی کورد لەناوئەو سەدهەزارپێشمەرگەیەی مات و داماو هەڵکورمابوون، رانەپەڕی و بڵێ من ئەم شۆڕشە تەواو دەکەم و دەیگەیەنمە شوێنی خۆی، کە ئەمە بۆ ئەم قۆناخ زۆر زۆر گرنگ بوو، ئاخر سەرکردە لە دۆخی ئاوەهادا دروستدەبێت و ناوبانگی گەورە دروستدەکات، بەڵام مام جەلال و هەموو ئەوانی دیکە لەو چرکە ساتەدا ئەو جەسارەتەیان نەکرد،ئەمە پێویستی بەتۆژینەوەیەکی سیاسی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە، پێویستمان بە (ئەریک فرۆم)ێکە جوان تەتەڵەی بکات.من کاتێک ئەو رووداوە دەهێنمە بەرچاوی خۆم، ئەوەم بۆ رووناکتر دەبێتەوە، کە ساڵی 1964 برایم ئەحمەد بوو ئەو دۆخەی دروستکرد، نەک مامجەلال، بەڵام مامجەلال سیاسەتی وەکوو یاری شەترەنج سەیرکردووە، بۆ یەکەمین جار مایکاڤیلی ململانێ سیاسییەکانی بە یاری شەترەنج وەسف کرد، ئەوە (500)ساڵ زیاترە سیاسەتمەدارەکانی دونیا ئەم قسەیەی مایکاڤیلی دەڵێنەوە، کە هەڵەیەکی کوشندەیە، چونکە مەبەستی مایکاڤیلی لە یاری شەترەنجدا یەکەم: هەوڵدانە لە رێگای فێڵکردنەوە بەرامبەرەکەت

هەڵبخەڵەتێنی،دووەمیش: بەکارهێنان و بەکوشتندانی هەموو سەربازەکانە لە پێناو مانەوەی پاشادا.کەواتە لێرە مانایەک بۆ هونەری یاریکردنەکە نامێنێ مادام هەڵخەڵەتاندن دەبێتە ئامانج، لە کاتێکدا ئامانجی بنەڕەتی حزبەسیاسییەکان قووڵکردنەوەی دیموکراسی و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمانە،لێرە مەبەستم ئەوەیە ئەو هەڵگەڕانەوەیەی هەندێک لەناو مەکتەبی سیاسی پارتی دروستیانکرد، سەرکردەکەیان برایم ئەحمەد بوو، نەک مامجەلال، بەڵام نازناوی جەلالی ئاماژەیەک بوو بۆ مام، لێرە برایم ئەحمەد کەوتە ئەودیو بازنەی مێژووەوە. بە قەناعەتەوە دەڵێم سەرەتای ساڵانی هەشتاکانیش تاراپەرین، ئەگەر کەسێکی مەیدانی وەکوو نەوشێروان مستەفا لەناو یەکێتی نیشتمانی ئەو رۆڵە یەکلاکەرەوەی نەبوایە، یەکێتی نەیدەتوانی بەرگەی ئەم هەموو ململانێی ناوەخۆییە بگرێ، ئەمە جگە لە داگیرساندنی ئەم هەموو شەڕو پێکدادانەی کە یەکێتی لە بەرامبەر بەرەی جود دەیکرد،باشترین بەڵگە ئەوەیە کاتێ نەوشێروان لەناو یەکێتی هاتە دەرەوە، یەکێتی لە لووتکە بوو،لەسەر ئاستی عێراق نەک کوردستان خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای ئابووری بوو،سکرتێری حزبەکەی کە مامجەلال بوو سەرۆک کۆماری عێراق بوو، لەناو هەرێمی کوردستانیش جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگر یان سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە یەکێتی بوو، ئەمە وێڕای ئەم هەموو ئیمتیازاتانەی لەماوەی 19/18 ساڵ بەر لە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی بە شێوەی تەخشان و پەخشان بەخشیبوویەوە، کەچی لەوکاتەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرکردایەتی

نەوشێروان مستەفای لێ جیا بووەوە ، لە یەکەمین هەنگاودا بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئەو بزووتنەوەیە توانی (25) کورسی لە پەرلەمانی کوردستان وەدەستبهێنێت، کە لە نیوەی یەکێتی زۆر زیاتر بوو،تا مامجەلال تەندروستی باش بوو نەیتوانی بزووتنەوەی گۆڕان لە قەبارە بدات و بچووکی بکاتەوە، لە کاتێکدا هەموو رێگاو شێوازێکی تەنگەتاوکردنی ئەم بزووتنەوەیە گیرایە بەر، بۆیە ئەمڕۆ هەڵسانەوەی یەکێتی لە مەحاڵ مەحاڵترە. بە کورتی برایم ئەحمەد و نەوشێروان مستەفا دوو سەرکردە بوون لە قۆناخی جیا جیادا مامجەلال توانیویەتی زۆرترین سوودیان لێوەربگرێت و تەنانەت هەموو هەوڵەکانیشیان لەناو سیاسەتی خۆیدا بەرجەستە بکات، من گومانم هەیە نەهاتنەوەی برایم ئەحمەد بۆ کوردستان لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 تا مردنی لە دوورە وڵات، ئەمە هۆکارێک بووبێت و لە ناخەوە ئەو پیاوەی تووشی نائارامییەکی دەروونی کردبێت.هەمان ئەو دۆخە نائارامییە دەروونییە لە دوای راپەڕینەوە بەتایبەت لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان بە دواوە رووبەڕووی نەوشێروان مستەفاش بوویەوە، بەڵام نەوشێروان مستەفا لە برایم ئەحمەد زیرەکتر، مەیدانیتر، سیاسیتر،رۆشنبیرتر، بەجەسارەتتر، واقیعبینتر بوو، بۆیە توانی ئەو نائومێدییە لە 2009/7/25 لە دەروونی خۆیدا بسڕێتەوە. ئەگینا مام جەلال سیاسەتی بۆ رۆژ کردووە نەک بۆ ئاینده، هەمیشە ستراتیژی بە قوربانی تاکتیک کردووە، مام جەلال لە فیکریشدا بەهرەمەند نەبووە، راستە باسی ماویزم و مارکسیزمی کردووە، بەڵام نەیتوانیوە لە ماویزم و

مارکسیزم بگات،له فیکردا رووکەش بوو، بڕوانه له تێکەڵکردنی ماویزم و مارکسیزمەوە ئینجا سۆسیال دیموکراتیشی بەسەردا کرد، لەولایشەوە باسی رزگاری نەتەوەیی و مافی چارەنووس و ...هتد روویەکی دیکەی سیاسەت و فیکری مام بوون، ئەم هەموو تێکەڵکردنە لە وشیارییەوە نەبوون، بەڵکو لە تێنەگەیشتن بووە، لە میتۆدی مارکسیزم، ئەو میتۆدەی لە بنەڕەتدا بەر لەوەی ماتریالی بێت، میتۆدێکی سرووشتی مرۆییە، سرووشتی بە مانا مادییەکەی و مرۆییش بە مانای ئەنترۆپۆلۆژییەکەی، بەو مانایەی مارکس هەموو شتێک لە مرۆڤەوە دەستپێدەکات، ئەو مرۆڤەی بە دەستی خۆی مێژوویەکی بۆ خۆی دروستکردووە. بۆیە ئەوەندەی یەکێتی نیشتمانی لەسەرووی یەکێتییەوەش مام جەلال میتۆدی مارکسیزمی شێواندووە، مەگەر ئەمریکا توانیبێتی لە سەدەی بیستەم سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لەو وڵاتە بشێوێنێ، کە سەدان کتێبی ساختە (زائف)یان لەمبارەیەوە بڵاودەکردەوە.

جۆرو شێوازی حوکمڕانێتی یاسای پاشایەتی لویسی 14 لە سەدەی حەڤدە چەندە جیاواز بوو لەگەڵ حوکمڕانێتی پاشایەتی کۆنی سەردەمی ئۆگوست Augusteو نیرۆنNeron تا رادەیەکیش بیرهیوس Pyrrhus ئینجا لویسی 14، حوکمڕانەکانی کوردستانیش لە بێ یاسایی، توندوتیژی لەدژی ژنان، بێسەروبەریی لە حوکمڕانیکردن، تەخشان و پەخشانکردنی داهاتی کوردستان و بەفیرۆبردنی سامانی نیشتمانی و نەبوونی پلان بۆ دیاریکردنی شێوازی ژیان، رێک وەک لەیەکچوونەکەی لویسی 14 ی سەدەی

حەڤدە لەگەڵ ئۆگوست و نیرۆن وایە. ئەو هەموو موڵک موڵکێنەی کە لە (10) ساڵی رابردوودا تاوی سەندووەو هەموو یاساو بەهاو ئەخلاقی کوردەواریشی خستۆتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە، پێویستی بە تیۆرداڕێژەرێکی وەکوو تۆماس مۆر هەیە یۆتۆپیاکەی خۆی بە خوێنی خۆی بنووسێتەوە، چونکە تۆماس مۆر بووە قوربانی یۆتۆپیاکەی خۆی کە پاشا هێنری هەشتەم لە گرتووخانەی پەستاو دواییش لە سێدارەی دا.ئێستا هەمان ئەو پرسیارە دەکەینەوە کە کەڵکەڵەی تۆماس هۆبزو جان جاک رۆسۆو تۆماس مۆر و کامپانێلای راهیبی کردبوو، ئایا پەرەسەندنی ئابووری پشت بەستوو بە بازرگانی لە پێناوی هەرچی زیاتری قازانجە، ئایا ئەمە بزوێنەری مێژووە؟ ماکیاڤیلی بەو پێیەی فەرمانبەرێکی پایەبڵندی شاری فلۆڕەنسا بوو، فلۆڕەنسا لەو سەردەمدا یەکێک بوو لە هەرە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەم و رۆژگارەی دونیا، مایکاڤیلی توانیبووی چ لە ناوەخۆو چ لە دەرەوەی ئیتالیاش پێشبینی رووداوێکی سیاسی گرنگ بکات، کتێبەکانی ئەوە دەردەخەن کە لە تێبینیکردنی سەردەمەکەی خۆیدا بیرتیژ بووە، ئێستا ئێمەی کورد دوای زیاتر لە پێنجسەد ساڵ پێویستمان بە مایکاڤیلییەک هەیە، رووداوەکانی داهاتوومان بۆ پێشبینی بکات و کێشەی دەسەڵاتی ئەمڕۆشمان بۆ تەتەڵە بکات. وەک چۆن هێربەرت مارکۆز ماوەیەکی زۆر پێش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت و پێش ئەوەی یەڵتسن و گۆرباتشۆف لەسەر میراتی روسیای کۆمۆنیزم یەکتری بسڕنەوە، مارکۆز وتوویەتی مارکسیزم ناتوانێت بەرپرسیارێتی

هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لە ئەستۆ بگرێت کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا روودەدەن. مایکاڤیلیش پێیوابوو ئەوکاتانەی سیاسەت لەلایەن کەسانی رۆشنبیرەوە بەڕێوە دەبرێن، ئا ئەو کاتە سیاسەت لە بەرزیدایە. لێرەوە قسەیەکی خێراش لەسەر رۆشنبیرانی شار دەکەم، رۆشنبیرانی شار مەیلێکی زۆر باڵایان هەیە، هەر ئەو مەیلە باڵایەش بوو، شارەکەیان بە پایتەختی رۆشنبیری ناوزەد کرد، بەڵام کوا ئەرک و هەنگاوە پێویستەکانیان، تا ئێستا لە شار تەقەی خۆشی بەردەوامە،کە ئەمە بڵاوکردنەوەی جەهل و رژاندنی ژەهرە لەو شارە، کاری ساختە گوێی هەموو تاکێکی ئەم هەرێمەی پڕ کرد، تەنیا رۆشنبیرەکانی شارن گوێیان لێی نییە، تاکڕەوی خەریکە شار بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات، بەڵام رۆشنبیرەکان هێشتا مەترسی ئەو تاکڕەوییەیان نەبینیوە،باسی بووژانەوەی کولتووری و دەزگای رۆشنبیری مۆدێرن و سەردەمیانە ناکەم، کە ئەم شارە زۆر لێی هەژارە،حزبێک بیەوێ بە ساختەکاری درێژە بە حوکمڕانیی خۆی بدات، رۆشنبیرانی ئەو شارەش نوقفەیان لێوە نەیێ، هیچ ماناو بەهایەک بۆ پایتەختی رۆشنبیری نامێنێتەوە. تۆ بڵێی رۆشنبیرانی شار ئەوەیان بیرچووبێتەوە، کە بۆ یەکەمین جار زاراوەی رۆشنبیر(مثقف) لە ئەنجامی کارلێکی هونەری و رۆمانسی یان ئیستاتیکاوە دروست نەبووە، بەڵکو بەهۆی کێشەی(دریفۆس)ەوە ئەم زاراوەیە سەریهەڵداوە،کەواتە رۆشنبیر بەردەوام پەیوەندییەکی توندی بە سیاسەتەوە هەیە،ئەوانەی دەشڵێن رۆشنبیر نابێ تێکەڵ بە سیاسەت ببێ، ئەوانە یان لە مانای

فراوانی رۆشنبیر نەگەیشتوون، یان دەیانەوێ بڵێن ئاگرە سوورە لە خۆم دورە،ئەمەش دوورە لە وەزیفەی رۆشنبیر، چونکە رۆشنبیر بەوە دەبێتە رۆشنبیر کە داهێنانی هەبێ، هیچ داهێنانێکیش لە دونیادا بە ترس یان بێ رەخنە دروست نەبووە، بەڵکو ئازایەتی و رەخنەی لەگەڵدایە.

ئەو رۆشنبیرانەی بڕوایان وایە کە دەبێت رۆشنبیر تەنیا لەکایەی رۆشنبیریدا کار بکات، ئەوە رێک ئامانجێکی نەشیاویان لە پشت ئەو قسانەیان شاردۆتەوە کە هیچ پاساوێک بۆ ئەم قسانە نییە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا خەڵک هەستیکرد خاوەنی کەرامەت و عیزەتی خۆی نییە، خاوەنی ئازادی و سەروەرییەکانی خۆی نییە، ئەم قسەیە خێرا بەتاڵ دەبێتەوە کە رۆشنبیر تەنیا دەبێ لە کایەی رۆشنبیریدا کار بکات،ئەو رۆشنبیرانەی قسەی لەمجۆرە دەکەن، بێگومان هێشتا نەیانتوانیوە بوونی خۆیشیان بۆ کۆمەڵگاکەیان بسەلمێنن. ئاخر ئێستا خەریکە کۆمەڵگا وردە وردە بەرەو مەدەنیبوون هەنگاودەنێ، کەچی وا تازە بە تازە حزبی سیاسی نەک هەر پەنا دەباتە بەر کاری ساختەو تەزویر لە هەڵبژاردنەکانا، بەڵکو تەواوی پرۆسەکەی لەبەر چاوی هەرێمی کوردستان و هەموو دونیا زۆر سووک و قێزەون کرد، حزبێک ئەمە رەفتارو ئەخلاقی سیاسی بێت، چ مانایەک بۆ حوکمڕانیکردنی نامێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم ساختەکاریانە سەلمێنرا، پێویستە ئەو حزبە لە مافی پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوودا بێبەش بکرێ، بۆئەوەی ببێتە پەند بۆ هەموو حزبێکی سیاسی ئەگەر ئارەزووی ساختەکاری بەرزبووەوە. قۆناخی رۆشنبیرانیش لەمەودوا

قۆناخێکی دیکە دەبێت کە دەبێت تەپ و تۆزی ئەو 23 ساڵەی رابردوو لەسەر شانی خۆی بتەکێنێت و بە دید و ئەقڵێکی نوێوە قسە لەسەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵات و سیاسەت و ئایین و رۆژئاواو...هتد بکات.

## گفتوگۆی فیکریی بە ئەهلی فیکر دەکرێ

هەر نووسینێک ئەگەر بەرهەمێکی فیکری ئینجا کۆمەڵایەتی سیاسی لێنەکەوێتەوە، پێموابێت نەنووسرێ باشترە، 23 ساڵە گوێمان پڕ بووە لە نووسینی کرچ وکاڵ و داڕشتن و ئینشای زۆر لاواز، کاتێک دەتەوێ گفتوگۆیەکی فیکری و سیاسی بکەیت، خێرا پڕ دەدەنە بەر پێت و بەرەو رووت هەڵناکشێن، ئیتر پەنا بۆ شتی لاوەکی و لابەلا و کەسیی دەبەن، کە ئەمە لە هەموو دونیادا نەک هەر باوی نەماوە، بەڵکو مایەی قێزلێبوونەوەشە.ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەس ناتوانێ موزایەدەی سیاسی بەسەرمەوە بکات، دەنا دەبوو ئەم هەرێمە تەسلیم بە دەستی جەهل بکەین، تا ئێستا لەم هەرێمی کوردستانە، بەتایبەت لای ئەوانەی دۆگمن بە

بڕوای ئەو چەقبەستوانە مرۆڤ کە چووە ریزی حزبێکەوە ئیتر تا مردن دەبێت هەر لەناویدا بمێنێتەوە، هاتنەدەرەوەی لەم ریزە دەبێتە عەیبەیەکی زۆر گەورە، بۆیە چەقبەستووەکان کاتێک دەیانەوێت گفتوگۆت بکەن خێرا دەڵێن تۆ شیوعی بوویت و ئێستا پارتیت، نازانم ئەوانە بۆچی رۆژێک بۆ ژیاننامەی گەورە فەیلەسووفەکانی رۆژئاوا تەرخان ناکەن تا تێبگەن، دەیان فەیلەسووفی گەورە لە ریزی کۆمۆنیزمدا بووەو دواییش وازیان لێهێناوە. بۆچی ناچن ژیاننامەی کانت و فیختەو هیگڵ بخوێننەوە کە چەندە پەیوەندیان لەگەڵ پاشاو دەسەڵات خۆشبووە.ئایا رەوایە رەخنە ئاراستەی میشێل فۆکۆ ، ئەریک فرۆم، کارل پۆپەر،تەنانەت زۆربەی دامەزرێنەران و ئوستادەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە ژمارەیان زۆرە ....بکەین کە لەبەرچی سەرەتا مارکسیزم بوون و دواتر ئەو بیروباوەڕەیان بە مارکسیزم وەکوو خۆی نەما.

من هەمیشە لەگەڵ نووسینی فیکری و سیاسیدام، بەڵام با گفتوگۆیەکی ئاقڵانە بێت و خاڵە لاوازەکان روون و شیبکاتەوە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی جارێکی دیکە هەڵەی وا دووبارە نەکاتەوە، بۆیە من لەم نووسینەمدا ناچمە سەر ئەو نووسینانەی کە لەسەر من دەنووسرێن،ئاخر گفتوگۆ بە فیکر دەکرێت،کاتێک فیکر غائیب بوو، گفتوگۆش هیچ بەهایەکی نامێنێ. من بۆ راستی پێکانی ئەو بۆچوونەم برادەرێک رەخنەی لێگرتووم و هەوڵیداوە شتێکی فیکری بخاتە روو وەک بڵێی پێم بڵێت ئەوەتا منیش لە فیکر دەزانم، (خۆزگەبیزانیایە)دەڵێت: (لەڕووی فەلسەفەشەوە سەر بەسەفسەتەی

سۆفستاییەکانە کە سوکرات رابەرایەتیی دەکرد، ئەوەم بۆ ئەوە بوو کە زۆر گرنگە خوێنەر ئاراستەی فیکریو بیرکردنەوەی ئەو نووسەرە بزانێت کە دەیخوێنێتەوە )مەبەستی بەندەیە، بە راستی زۆر گرنگە!!!!.

ئەوەی رۆژێک لە رۆژان وتارێکی لەسەر فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان خوێندبێتەوە، هەڵەی ئاوا زەق و زل ناکات. چونکە سوکرات دوژمنی سەرسەختی سۆفستاییەکان بوو. نامەوێ باس ی شێوازو هۆکاری سەرهەڵدانی سۆفستاییەکان بکەم، چونکە ئەو گفتوگۆیانە زیاتر بۆ کتێب یان بۆ گۆڤارێکی فیکری گونجاوترن، بۆیە لێرە تەنیا باسی ئەو جیاوازییانەی نێوان سۆفستاییەکان و سوکرات دەکەم، بەو هیوایەی سوودێکی بۆ خوێنەرانیش هەبێت.

سۆفستایی بە واتای زانا هەندێکجاریش بە واتای مامۆستا هاتووە، لە سەروبەندی کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایینی سەریانهەڵداوە، سۆفستاییەکان ژمارەیان سی(30)کەسێک دەبوو، راستەوخۆ دەچوونە ناو خەڵک ئەو شوێنانەی خەڵکی لێ کۆدەبۆوە، وتاریان دەخوێند و گوتاربێژی سەرکەوتوو بوون، وانەیان بە منداڵە دەوڵەمەندەکان دەوت، هەموو ئەو بەرهەمە فیکرییەی هەیانبوو، لە بەرامبەر برێک پارە دەیانبەخشی بە خەڵک، واتا بڕوایان بە زانست و فیکر بەرامبەر پارە هەبوو. سۆفستاییەکان قوتابخانەیەک بوون، شارەزای هونەرو فیکرو زمان و رەوانبێژی بوون،هیچ بڕوایان بە رەهاگەرایی نەبوو، واتا دژی

ڕەهایی بوون، پێیانوابوو کە هەموو شتێک ڕێژەییە و ناکرێ هیچ شتێک بە ڕەها وەربگیرێ، بۆنموونە کاتێک کەسێک کارو کردەوەیەک دەنوێنێ، ئەم کارو کردەوەیە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەگۆڕێت، زۆرجاری وا هەیە کەسێک لە بارو دەروونێکی تایبەتییەوە کارێک دەکات، بەڵام لە بارودەروونێکی دیکە، بڕوای وا نییە هەمان کار دووبارە بکاتەوە،دەیانوت (با) کە هەڵدەکات ڕەنگە لای من ئەو(با)یە گەرم بێت، بەڵام لای کەسێکی دیکە بۆ نموونە بەساڵاچوویەک سارد بێت. یان ئەوەی نەخۆشی زەردتکی هەبێت، دونیا بە زەردی دەبینێ، بەڵام کەسێکی دیکە بە جۆرێکی دیکەی دەبینێ،یان ئەوەی (تا)ی قورسی لێبێت، هەموو خواردنێکی لە ناودەم تاڵە، بەڵام لە ڕاستیدا خواردنەکە تاڵ نییە لەوانەیە هەنگوینیش بێت. بۆیە سۆفستاییەکان دەیانوت زانینیش ڕێژەییە، ئەوەی من دەیزانم ڕێژەیەکە سبەی دەبێتە ڕێژەیەکی دیکە. ئینجا سۆفستاییەکان بڕوایان وابوو بەخشینی هەموو بەرهەمێکی ئەقڵی و فیکری پێویستە لە بەرامبەریدا بڕێک پارە وەربگریت، نابێ بە خۆڕایی بیبەخشیتەوە. دیارترین و بەناوبانگترینی ڕابەرانی قوتابخانەی سۆفستاییەکان، ئەم دوو کەسەن: پرۆتاگۆراس Protagoras 410/480 پ.ز هەروەها گۆرگیاس Gorgias 410 – 480/485 پ.ز. گرنگترین وتەی پرۆتاگۆراس ئەوەبوو کە وتی(مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە).بۆیە وتی دوو جۆر یاسا هەن یەکێکیان یاسای سرووشتە، ئەویدیکەش یاسای مرۆڤە.پرسیارێکی گرنگی سۆفستاییەکان ئەوەبوو کە ئایا زمان مرۆڤ دایهێناوە، یان کاری سرووشت

و گەردوونە.چونکە بە بڕوای پڕۆتاگۆراس یاسا هی بێ دەسەڵاتەکانە. پڕۆتاگۆراس یەکەمین کەس بوو لە نووسیندا نێرو مێ ی لە یەکدی جودا کردەوە، یەکەمین کەس بوو بنەماکانی لۆژیک و سەرف و نەحووی دانا، هەروەها ناو، سیفەت،فیعل ی لەیەک جیاکردۆتەوە.سۆفستاییەکان یەکەمین کەس و یەکەمین قوتابخانە بوون کە فەلسەفەیان لەناو قوتابخانە فیکرییەکان دەرهێناو بردیانە سەر شەقام و ناو خەڵک. بۆیە لە قۆناخی خۆیاندا بزووتنەوەیەکی زۆر رۆشنگەرییانە بوون، چونکە ئەقڵیان بەسەر سرووشتدا زاڵ کرد.ئەمە زۆر بە کورتی چەند دێڕێک بوو لەبارەی سۆفستاییەکانەوە، ئەی با بزانین سوکرات چی بوو؟ تۆ بڵێی سوکرات رابەرایەتی سۆفستاییەکانی کردبێت؟

سوکرات بە توندی دژایەتی خۆی بەرامبەر بە سۆفستاییەکان نیشاندەدا، چونکە سوکرات بڕوای بە رەهایی هەبوو نەک رێژەیی بە پێچەوانەی سۆفستاییەکانەوە کە بڕوایان بە رێژەیی هەبوو، سوکرات کە دەیوت من یەک شت دەزانم کە هیچ نازانم، ئەوە هیچ بوارێکی بۆ گفتوگۆ نەدەهێشتەوە، بە رەهاییەوە باسی دەکرد.ئەمە خاڵی بنەڕەتی و ناوەکی جیاوازییەکانی نێوان سوکرات و سۆفستاییەکان بوو، ئینجا سوکرات بەردەوام رەخنەی لە سۆفستاییەکان دەگرت بەوەی کە زانست و هونەر بە پارە دەفرۆشن، بۆیە سوکرات بە سۆفستاییەکانی دەوت بازرگان، چونکە لە بەرامبەر زانست و هونەرەکەیاندا پارەیان کۆ دەکردەوە، بەڵام سوکرات دژی پارە وەرگرتن بوو، ئەگەرچی ئەویش بەردەوام لەناو گەنج و لاوەکاندا

بوو، باری ئابووریشی خراپ بوو، بەڵام بڕوای بە پارە وەرگرتن نەبوو،سوکرات حەزی بە چاکە دەکرد، لە فەلسەفەکەشیدا گرنگی بە سرووشت نەدەدا، بەڵکو گرنگی بە پرسی راستی ئاکار، چاکە، خراپە دەدا. پیاوێک بووە هیچ گرنگی بە جل وبەرگ نەدەداو لە بەرامبەر گەرماو سەرماشدا خۆڕاگر بووە، لە رووخساردا شێوەیەکی ناشیرینی هەبووە،بەڵام هەوڵی دابینکردنی دادپەروەری دەدا،لە بەرامبەر سپارتاییەکانیشدا شەڕیکردووە.

سوکرات کەسێکی تا رادەیەک میسالی و عاتیفی بووە، بەتایبەت لەوکاتەی کە بۆ ماوەی یەک مانگ لە گرتووخانە پەسترابوو، بۆ ئەوەی لە سێدارەی بدەن، بە بۆنەی ئەوەی گوایا دەرمانی ژەهرەکە لە شوێنێکی دوورە تا دەگات کاتی دەوێ، سوکرات ماوەی مانگێکی لە گرتووخانە بەسەر برد، لەماوەی ئەم مانگەدا ئەو پۆلیسەی کە پاسەوانی گرتووخانەکە بوو، داوای لێکرد کە هەڵبێت و گرتووخانەکە بەجێبهێڵێت، بەڵام سوکرات رەتیکردەوە رابکات و گرتووخانە جێبێڵێت، تەنانەت لە رۆژی دادگاییکردنیشیدا (ئانیتۆس)کە یەکێک بوو لەو سێ کەسەی کە سکاڵایان لەسەر سوکرات تۆمارکردبوو، پێشنیارێکی خستە بەردەم دادگاو وتی هەر کالتێک سوکرات داوایکرد کە سزاکەی سووک بکەن بۆیبکەن. بەڵام سوکرات زۆر بە توندی بەرامبەر ئەو پێشنیارەو دادگاش وەستایەوە، دەنا دادگاش لە هەوڵی ئەوەدابوو کە سزاکەی سووک بکەن و ژەهر خوارد

نەکرێ، هەر ئەو پۆلیسەی داوای هەڵاتنی لێکردبوو کاتێ ژەهرەکەی دایە دەست سوکرات لە قوڵپی گریانی دا.

بە کورتی  سوکرات و سۆفیستەکان دوو ئاراستەی فیکری پێچەوانەن، بە داخەوە دوای 23 ساڵ فێری گفتوگۆی فیکری نەبووین، بۆیە پێموابێ ئەم کورتە نووسینەم بەسە بۆ ئەوانەی ئەلفێکیان بەسە. ئامادەش نیم وەڵامی کەسانێک بدەمەوە کە ناخوێننەوە.

گفتوگۆی فیکری و سیاسی لەگەڵ ئەوکەسانە دەکەم کە ئەهلی فیکرو سیاسەت بن، بەڵام ئەو برادەرانەی کە بە وەڵامدانەوەی من دڵیانخۆشدەبێت، داوایان لێدەکەم با بەرنامەیەکی تیڤی لە هەر کەناڵێک رێکبخەن لەوێ مونازەرەیەکیان لەگەڵ دەکەم،دەتوانن چەند کەسێکیش وەک سپێر لەگەڵ خۆیان بهێنن لەکاتی تێکەوتنیان پەنایان بۆ بەرن بۆ قورتارکردنیان،ئەوکات  بۆ خەڵک دەردەکەوێت کێ دەرگای چوونە دەرەوەی ناو ستۆدیۆی لێ بزر دەبێت.

## داعش و ئیسلام ، عومەرو عەلی

دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن مالکییەوە، زۆری نەبرد شەڕی نێوان شیعەو سوننەی عەرەب بە جۆرێک گڕی سەندبوو، کە بەغدای پایتەختی عێراق وەک بەرلینی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لێهاتبوو کە بە دیوارێک بەرلینی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی لەیەکجیاکربوونەوە،بەغداش بەهەمانشێوەی لێهاتبوو، بە دیوارێکی کۆنکریتریژ نێوان شیعەو سوونەی پێ جیاکرابوونەوە،لەو ماوەیەشدا کە داعش لە پزدانی قاعیدە هاتە دەرەوە، شەڕەکە زۆر قووڵترو خەستتر بۆتەوە، بەڵام ئەمە کاری یەکێتی زانایانە پێویستە ئەو تەمتومانە بە تەواوی لای هەموو ئەوانە بڕەوێنینەوە کە هێشتا پێیانوایە رێکخراوی داعش سەربە ئیسلامە.چونکە خۆ ئێستا سەردەمی شەڕی (جەمەل)و(صفین)نییە، تا موسڵمانەکان شەڕی یەکتر بکەن، شەڕی (جەمەل)و(صفین)دوو نموونەی زۆر ناشیرینن لە مێژووی ئیسلامدا،چونکە ئەگەر کوشتنی خەلیفەی سێیەمی لێ بهێنینە دەرەوە،

ئەم دوو شەڕە بە سەرەتاییترین شەڕی نێوان ئیسلامەکان دادەنرێ کە خۆ بە خۆیی کەوتنە گیانی یەکتر. با لە کرۆکی باسەکەمان دوور نەکەوینەوەو بزانین ئاخۆ پاساوی داعش بۆ ئەو توندوتیژییەی بەڕێوەی دەبات چییە؟با بە کورتی ئاماژەیەک بۆ قورئانی پیرۆز بکەین کە ئاخۆ ڕێگای بەم کوشتن و بڕینە داوە کە لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامەوە ڕۆژانە خەڵکێکی بێ گوناە تەنانەت منداڵیش سەردەبڕن و ئەگەر بۆیان بکرێ لەم نیشتمانە هەمووومان سەردەبڕن؟ ئەگەر لە قورئاندا ئەو زەمینەیە لەبار نییە، ئەی بۆچی یەکێتی زانایان و مەلای دوانزە عیلم تا ئێستا چەند لێکۆڵینەوەیەکی وردیان نەخستۆتە بەردەستمان لەسەر پرسی داعش؟ پرسیارەکان زۆرن، بەڵام من هەوڵدەدەم زۆر بە کورتی چەند ئامانجێکی سەرەکی لەوبارەیەوە بپێکم.

قورئانی پیرۆز لە ماوەی 23 ساڵی تەمەنیدا کە دوو قۆناخی جیاواز دەگرێتەوە،لە 114سورەت پێکهاتووە کە (86) سورەتی لە قۆناخی یەکەمیدا کە بە سورەتی مەککەیی ناسراوە، هاتۆتە خوارەوەو 13 ساڵ دەگرێتەوە، قۆناخی دووەمیش (10)ساڵەکەی دواییە کە 28 سورەتەو بە مەدینەیی ناسراوەو لە مەدینە هاتۆتە خوار. دیارە (13)ساڵی یەکەم زیاتر باس لە خوا پەرستی و دوورکەوتنەوە لە بتپەرستی و ..هتد بووە. بەڵام لە قۆناخی دووەمدا چەندین شەڕو کوشتارگەو بە رووی یەکدا هەڵشاخان دروستبوو، بۆیە زیاتر لە 300 ئایەت باسی جیهاد و کوشتن و هاندانی موسڵمانان دەکات تا بچن بۆ بەرەکانی شەڕو..هتد...لەکاتێکدا کۆی

ئایەتەکانی قورئان نزیکەی (6336)ئایەتن. کەواتە ناکرێ زیاتر لە (6000) ئایەت فەرامۆش بکەیت و تەنیا (300) ئایەت بکەیتە بنەما، لەکاتێکدا ئەو ئایەتانەی بە روونی باس لە کوشتن و جیهاد و چوون بۆ بەرەی شەڕ دەکات، نزیکەی(207) ئایەتن.ئەمە پرسێکە گفتوگۆ هەڵناگرێت، ئەوەی بڕوای بە قورئان و ئایینی ئیسلام هەبێت، دەبێت بڕوایشی بەو ئایەتانەی خوارەوە هەبێت،هەر بۆ نموونە:سورەتی المائدە ئایەی 99،الغاشیە ئایەی21و 22، الشوری ئایەی40و 43،الکافرون ئایەی 6 ،البقرە ئایەی 139و 256، القصص ئایەی 56،الزمر ئایەی 23.....هتد. ئەوەی ئێستا داعش دەیکات لەگەڵ میتۆد و فەلسەفەی گشتی قورئاندا ناگونجێت، چونکە بنەما گشتییەکانی ئیسلام پێچەوانەی ئەو کردارو گوفتارانەی رێکخراوی داعشە، کە ئیمڕۆ دژ بە هەموو ئایین و مرۆڤایەتین.

من ئەم وێنەیەی سەرەوەم بۆیە خستە روو، چونکە تا ئێستا ئەو پرسیارە بەردەوام دەوترێتەوە کە ئایا داعش پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکات یان نا؟، تەنانەت هەندێک لە کۆلکە مەلاکانی لای خۆشمان بە ناڕەوای دەزانن داعش بە لادان لە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دابنێن، چ لۆژیکێک رێگا بەوە دەدات قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی ئینتیقائی- دوور بە لەبەرچاوگرتنی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان- وەربگریت و زیاتر لە (6000)ئایەتیش پشتگوێ بخەیت.ئەمە تەنها داعش و ئەو گرووپانە دەیکەن کە مەبەستیان قووڵکردنەوەی ئایینەکەو بەرفراوانکردن و جوانکردنی ئایینەکە نییە، بەڵکو ئایینەکەیان کردۆتە قەلغانێک بۆ گەیشتن

به هەندێک مەرامی سیاسی نەخوازراو کە دژ بە ئایینەکەیە. لە کاری ڕۆژانەشیاندا بە زەقی ئەو مەرامە دژ بە ئایینەیان پەیڕەوکردووە. دەنا ئایین قەت بۆ کاری ڕێکخراوەیی ناشێت، چونکە ئایین سەرچاوەکەی سرووش (وحی)ە نەک بیروبۆچوون، چەسپاوونەگۆڕە، نەک گۆڕاو، ئەمە لە کاتێکدا ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە. خودی ئایینیش دەسەڵاتداری و ستەمکاری بە خۆیەوە هەڵناگرێ، بەڵکو تەنیا باوەڕو ئامۆژگاری و وشیارکردنەوەیە، لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی و بە بەختەوەری . محەمەدی پەیامبەر (د.خ) دەیزانی ڕۆژێک دێت ئەم ئایینە لەلایەن خەڵکانێکەوە بۆ مەبەستێکی ناڕەوا بەکاردەهێنرێت، بۆیە فەرموویەتی (ان الدين وعر وان علينا ان نوغل فيه برفق)واتا ئایین ڕێگایەکی سەخت و دژوار (هەڵدێر)ە،پێویستە لەسەرمان بە ئارامییەوە پێیدا بچینە خوارەوە.
ئەگەر سەیری ئایینی مەسیحیەتیش بکەین، دەبینین لە ئینجیلدا بە هیچ شێوەیەک توندوتیژی نادۆزیتەوە، کەچی دوای ئەوەی ئیمپراتۆری ڕۆم (272-337)ز لە قوستەنتین بوو بە مەسیحی و ئایینی مەسیحی کرد بە ئایینی فەرمی لە حوکمڕانییەکەیدا، وردە وردە کەنیسە،دەسەڵاتی خستە دەستی خۆی و کەنیسە کرا بە دەزگایەکی سیاسی ستەمکاری ئەوتۆ کە بە هەزاران کەسیان سووتاند و سەربڕی، فەلسەفەشیان بۆ ماوەی (1000) هەزار ساڵ لە شوێنی خۆی چەقبەستوو کرد و رایانگرت. کەچی ئینجیل سەراو بن بکەی دێڕێکی تێدا نادۆزیتەوە کە هانی کوشتن بدات، بەڵکو هەمووی پڕاو پڕە لە خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی و ...هتد.

**عومەرو عەلی**

بەرلەوەی باسی پێگەی بەهێزی (عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بکەم، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت، ئەبووبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان لە کەسایەتییە ناودارەکانی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام بوون، هەر یەک لەمانە خاوەنی دەسەڵاتێکی کاریگەر بوون لەناو هۆزەکەی خۆیان و بە هاتنیان بۆ ناو ئیسلام، ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد.بەڵام عەلی لە هۆزی هاشمییەکان بوو، بە تەمەنیش زۆر منداڵ بوو کە ببووە ئیسلام، بۆیە سەرەتا ئەو پێگە بەهێزەو ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی نەبوو، بەڵام دوایی (عومەر)و (عەلی) بوون بە دوو لە خەلیفە هەرە بەناوبانگ و ناودارەکەی دوای محەمەدی پەیامبەر(د.خ)، (عومەر) بەهۆی کەسایەتییە زۆر بەهێزو چاونەترسییەکەی و (عەلی)جگە لەوەی ئامۆزای محەمەدو دوای خەدیجە یەکەم کەسە بووەتە موسڵمان، تا رادەیەکی یەکجار زۆریش جێ متمانەی پێغەمبەر بووەو تەنانەت لە کاتی مردنی پێغەمبەریشدا لە خەلیفەکان تەنیا عەلی بەدیار جەنازەی پێغەمبەرەوە بوو،مێژوو نووسانیش لە کۆتایی سەردەمی ئەمەوییەکانەوە تا ئەمڕۆ زیاتر گرنگیان بەو دوو خەلیفەیە داوەو بوونەتە دوو هێمای گرنگ بۆ دوومەزهەبی گەورە.دیارە پێگەی عەلی ئەوکاتە بەهێزتر بوو کە فاتیمەی کچی محەمەدی خواست و منداڵەکانیشی بەهۆی فاتیمەوە بوون بە نەوەی محەمەدپێغەمبەر (د.خ).چونکە راستە باوکی عەلی(ئەبو تالیب)سەرۆکی هۆزی هاشمییەکان بوو،بەڵام لەگەڵ

مردنی ئەبوتالیب، ئیدی سەرۆکی هۆزی هاشمییەکان بە (ئەبولەهەب) بەخشرا. راستە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، هەرچی کردبێ، تەنیا لە پێناوی ئیسلامدا کردوویەتی و هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە ژیانی ئایندەی خۆی بەرەو کام ئاراستە دەچێت، بەڵکو لە خەمی ئەوەدابووە ئایینی ئیسلام چۆن گەشەدەکات، بۆیە عەلی یەکەم خەلیفەیە کە بەدوای پۆست و پلەو پایەی دونیایی نەگەڕاوەو،هەر ئەم خۆ نەویستییەش بوو سەرەتا نەکرا بە خەلیفە. بۆیە زۆر جار تۆژەرانی ئیسلامی عەلی بە پیاوێکی بڕوا بەهێز بەڵام وشک و برینگ دادەنێن، بەو مانایەی عەلی بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە نەیتوانیوە سیاسەت بکات، هەر بۆیە بە ناهەق شەهیدیش کرا، پێشتریش چەندین شەڕی ناڕەوایان بەسەریدا سەپاندبوو. (عومەری کوڕی خەتاب)یش، توانی چاوی قورەیش بشکێنێ، کە تا عومەر نەببوو بە ئیسلام ، قورەیشەکان هەمیشە مایەی هەڕەشە بوون بۆسەر محەمەد و ئایینەکەی،تا محەمەد بۆ مەدینە کۆچی نەکرد کە (13)ساڵ بوو ئایینی ئیسلام بڵاوکرابۆوە، کەچی نەیانتوانیبوو گەشەیەکی بەرچاو بەو ئایینە بدەن، بەڵام بە هاتنی عومەر بۆ ناو ئایینی ئیسلام و کۆچکردنیان بۆ مەککەو پشتگیریکردنی ئەنسارو موهاجیرەکان لە محەمەد و ئایینەکەی، ڕێگای خۆشکرد دوای دوو ساڵ لەو کۆچکردنە شەڕی بەدر بێتە ئاراوە، کە لە بنەڕەتدا ئەو شەڕە شەڕێکی بە تەواوی چارەنووسسازو یەکلاکەرەوە بوو بۆ ئیسلام، کە بەهۆی ئەنسارو موهاجیرەکانەوەهاتە ئاراوەو قوربانییەکی

زۆریشیان پێشکەش بەو ئایینە کرد بەڵام توانیان سەربکەون و گورزێکی کەمەر شکێن لە دووژمنانی ئیسلام بوەشێنن.

لە سەردەمی خەلیفە عومەریشدا ئایینی ئیسلام گەیشتە لوتکەی و زۆرترین گەشانەوەو فتوحاتی بەخۆیەوە بینی. عومەر لەماوەی ئەو 10 ساڵ و 6 مانگ و 19 رۆژەی خەلیفە بوو توانی ئایینی ئیسلام لە رۆژهەڵاتەوە بگەیەنێتە ئێران و لە رۆژئاوایشەوە گەیاندییە لیبیا. لە مێژووی ئیسلامیشدا کاتێک باسی ئەو خەلیفانە دەکرێت کە دادپەروەر بوونە، عومەری کوڕی خەتاب لە ریزی یەکەمینیاندایە. نموونەیەکی زەقی ئەو دادپەروەرییەش ئەوەیە کاتێ بە عومەر دەڵێن کوڕەکەت هەر خەریکی خواردنەوەو زینا کردنە ،شایەدی پێویستیش لەو بارەیەوە هەبوو،بۆیە ئەویش فەرماندەدات کوڕەکەی دارکاری بکرێت، تا لە ژێر قامچی گیانی دەرچووە. بەڵام بۆئەوەی خوێنەر وردتر بزانێ ئەو گرفتانە چین کە لە نێوان عومەرو عەلی دا هەبوونە، بە کورتی ئاماژە بۆ گرفت و ناکۆکییەکانیان ئینجا بۆ پەیوەندییەکانیان دەکەم.

**ناکۆکییەکانی نێوان عومەرو عەلی**

تا ئەو رۆژەی محەمەد زیندوو بوو، بچووکترین گرفت و ناکۆکی لە نێوان عومەرو عەلی نەبووە، بەڵام لە ساتەوەختی گیانسپاردنی محەمەد، ئەبوبەکری سدیق و عومەر،لە ژێر گوشاری عائیشەی کچی ئەبوبەکری سدیق و خێزانی پێغەمبەر (دایکی موسڵمانان) عائیشە بانگی باوکی کردو راستەوخۆ پێیراگەیاند دەبێت بە زووترین کات تۆ ببیت بە خەلیفە، چونکە عائیشە مەترسی زۆری هەبوو کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە ئامۆزاو زاوای پێغەمبەرەو لە پێش هەمووشیانەوە بۆتە موسڵمان، ئیتر ئەگەر باوکی نەبێتە خەلیفە هیچ رێگرییەک نامێنێ بۆ بەخەلیفە بوونی عەلی، سەرەتا ئەبوبەکری سدیق بەم قسەیەی عائیشەی کچی رازی نەبوو، بەڵام سووربوونی عائیشەو هەندێ پاساوهێنانەوەی واقیعیانە بۆ ئەبوبەکری باوکی، توانی دڵی باوکی نەرمبکاتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا عائیشە بە عومەری کوڕی خەتابی راگەیاند کە پێویستە باوکم رابسپێری بۆ خەلیفە، ئەمەش بە چەندین پاساوی واقیعیانەی بۆ عومەر هێنایەوە، چونکە عائیشە زیرەکترین کەسی سەردەمی خۆی بووە، یەکەم کەس بووە لەنێو هەموو ژن و پیاوەکانی ئەو سەردەمە بە سەحابەکانیشەوە کە نەک هەر هەموو قورئانی بە تەواوی لەبەر بووە،بەڵکو شیعری شاعیرەکانیشی لەبەر بووەو ئەقڵێکی زۆر گەورەی هەبووە، کە ئێرە جێگای باسکردنی نییە، ئیتر عومەریش قەناعەتی بەوە دێت کە لەو کەپرەی بەنی ساعیدە کۆبببوونەوە لەبەرچاوی ئەوخەڵکەی لەوێ ئامادەبوون داوا لە ئەبوبەکر بکات بۆ

خەلیفایەتی و بەیعەتی پێ بکات، لەکاتێکدا عەلی لەسەر جەنازەی پێغەمبەر(د.خ)بوو، ئاگاداری ئەم بینەو بەردەیە نەبوو کە بە نهێنی رێکخرابوو، کاری نهێنیبوونەکەش هەر لە لایەن عائیشەوە رێکخرابوو، بەو پاساوەی با گرفتی گەورە دروست نەبێت و خوێنی موسڵمانان لەو وەختە ناوەختە کە محەمەد کۆچی کردووە با خوێنی موسڵمانان بە خۆڕایی نەڕژێ.ئەمە یەکەمین دڵگیربوونی عەلی بوو لە ئەبوبەکر و عومەر، چونکە عەلی بە هیچ جۆرێک لەو بڕوایە نەبوو کە هێشتا جەنازەی پیرۆزی محەمەد بە خاک نەسپێردراوە، کەچی ئەوان هەڵپەی دانانی خەلیفەیان بووە.هەر بۆیە عەلی کە بەم کارەی زانی بە تەواوی سەری سوڕماو ئامادە نەبوو سەرەتا بەیعەت بە ئەبوبەکر بدا، تا ماوەیەک بەسەر ئەم رووداوە تێپەڕی. گرفتی دووەم ئەبوبەکرو عومەر هاودەنگ و هاوڕا بوون کە دەبێت عەلی بەیعەت بە ئەبوبەکر بدات، دەنا هۆزی قوڕەیش بە تایبەتی بنەماڵەی بەنی هاشم کە محەمەدیش سەر بە هەمان بنەماڵەبوو، لە رێگای عەلی یەوە دەنگی ناڕەزاییان لێ بەرزدەبێتەوەو ئیتر دۆخەکە بە ئاراستەیەکی زۆر خراپدا دەڕوات، چونکە بنەماڵەی هاشمییەکان چاوەڕوانی عەلی بوون کە چ بڕیارێک دەدات، بۆیە ئەوانیش وەکوو عەلی بەیعەتیان بە ئەبوبەکر نەکردبوو،بۆیە هەردوکیان ئەبوبەکرو عومەر زۆر سەخڵەت دەبن و گوشار دەخەنە سەر عەلی کە بەیعەت بە ئەبوبەکر بکات،ئیتر کاتێک عومەر بە توڕەییەوە دەچێتە ماڵی عەلی سەرەتا لەبەردەرگا چاوی بە فاتیمەی کچی محەمەد و خێزانی عەلی دەکەوێت و قسەیەک لەم و قسەیەک لەو، دەڵێن

عومەر لە فاتیمە دەدات و بە جۆرێک پەراسووەکانی فاتیمە دەشکێنێت و هەر بەهۆی ئەم لێدانەیشییەوە فاتیمە کە سکی هەبوو منداڵە کۆرپەکەی لەبار دەچێت، ئەمە گرفتێکی قووڵ بوو بۆ عەلی، بەڵام عەلی ئەوکاتە هێشتا لە مەدینە پێگەی ئەوەندە بە هێز نەبووبوو، ئەبوبەکرو عومەر پێگەیان بەهێزتر بوو،پارسەنگی هێز بە لای ئەبوبەکرو عومەردا دەشکایەوە،چونکە عەلی باوکیشی نەمابوو سەرۆکی هۆزی هاشمییەکانیشیان بەهۆی مردنی ئەبوتالیبەوە لەدەستدەرچووبوو، (هەرچەندە ئەم کێشەیەی نێوان عومەرو فاتیمە بەشێک لە مێژوونووسان بە هەڵبەستراوی دەزانن و دەڵێن گوایە نووسەری ئەم هەڵبەستنە پیاوێکی سەفەوی بە رەچەڵەک جوولەکە هەڵیبەستووە، بەڵام باڵی شیعە بە رووداوێکی راست وەریانگرتووە)لە لایەکی دیکەیشەوە،دەڵێن عەلی ئەوەندە لە خەمی یەکگرتوویی ئیسلامدا بوو، بۆیە قوربانی بە هەموو شتێک دەدا لە پێناوی بەرز راگرتن و پێشخستنی ئایینی ئیسلامدا، بۆیە عەلی کێشەکەی گەورەتر نەکرد، بەڵام بەیعەتیشی بە ئەبوبەکر نەدا، ئیتر فاتیمە لە لایەک لە خەمی باوکی کە پێغەمبەر بوو تازە کۆچی کردبوو،پەیوەندی پێغەمبەر لەگەڵ فاتیمە یەکجار بەهێز بوو، چونکە فاتیمە لە خەدیجە بوو، دایکی نەمابوو، پێغەمبەر زۆر گرنگی پێدەدا،لە لایەکی تریشەوە فاتیمە هێشتا منداڵ بوو کە شووی بە عەلی کردبوو،دەڵێن محەمەد بۆیە فاتیمەی بە منداڵی بە شوو داو دای بە عەلی لە لایەک محەمەد، عەلی وەکوو کوڕی خۆی تەماشا دەکرد چونکە خۆی هیچ کوڕێکی بۆ نەمابۆوە (بێگومان هەر

سێ پێغەمبەر موساو عیساو محەمەد، هیچ کوڕێکیان لەدوای خۆیان بۆ نەمایەوە) لە لایەکی دیکەیشەوە ئاگادار بوو کە عائیشە حەز بە فاتیمە ناکات، بۆیە بەرلەوەی عائیشە بخوازێت فاتیمەی بە شوو دا تا لەناوماڵەکەی گرفت روو نەدا) ئیتر فاتیمە وەک هەر ژنێکی ئاسایی حەسەن و حوسەینی بوو، عائیشەش کە زۆر حەزی لە منداڵ بوو بەڵام منداڵی نەدەبوو، ئیتر رقی عائیشە بۆ فاتیمە زیاتر بوو، ئەم دوو خاڵە (خۆشەویستی لە رادە بەدەری پێغەمبەر بۆ فاتیمەو بوونی بە دایکی حەسەن و حوسێن) هۆکاری گرنگ بوون کە عائیشەی خێزانی پێغەمبەر غیرە لە فاتیمە بکات و حەزی پێ نەیێت و دواتریش ئەو کەیف پێ نەهاتنە پەڕییەوە بۆ عەلی مێردی فاتیمە.ئیتر فاتیمە لە لایەک بەهۆی ئەو رووداوەی مردنی باوکی و لە لایەکی دیکەیشەوە بە هۆی ئەو رووداوەی کە عومەر بەسەریهێنا،نەخۆشکەوت و رۆژ لە دوای رۆژ نەخۆشییەکەی سەختترو کوشندە تر دەبوو، تا دوای شەش(6)مانگ لە مردنی باوکی ئەویش گیانی لەدەستدا و کۆچی دوایی کرد، دوای مردنی فاتیمە، واتا دوای شەش(6)مانگ لە خەلیفەبوونی ئەبوبەکر ئینجا عەلی بەیعەتی بە ئەبوبەکر داوە. گرفتی سێیەم لە نێوان عومەرو عەلی لەوەوە سەرچاوەی گرت، کاتێک ئەبوبەکر ژەهر خوارد کراو زانی ئیتر ناتوانێ بەردەوام بێت، عائیشە بە زیرەکی خۆی ئەمجارەیان بڕوای بە ئەبوبەکری باوکی هێنا کە عومەر رابسپێرێ کە جێنشینی بێت، چونکە ئەو ترسەی عائیشە هەر بەردەوام بوو کە ئەگەر باوکی (ئەبوبەکری سدیق) عومەر رانەسێرێ لەدوای

خۆی بکرێ به خەلیفه، دڵنیابوو که عەلی دەکرێته خەلیفه،عائیشەش به هیچ جۆرێکیش نەیدەویست عەلی بکرێ به خەلیفه، چونکه لەسەر ئەو رووداوەی له نێوان عائیشەو سەفوانی کوڕی مع×ل دروستبوو بوو، عەلی داوای له پێغەمبەر کردبوو که دەست له عائیشه بکاتەوەو تەڵاقی بدا بەڵام پێغەمبەر ئەوکارەی نەکردو ئایەتیش لەوبارەیەوە هاتۆته خوارەوە،بڕوانه سورەتی النور ئایەی(،12،11،9،6،5،4،16،17،19،20،23 ،15،13،) لەگەڵ چەند ئایەتێکی دیکه له سورەتی ئەحزاب وەک ئایەی(30،32، 33)تا رادەیەک له دەوری هەمان پرس دەسووڕێتەوە.دیاره کێشەی میراتی محەمەد له دوای خۆی ئەوەش گرفتێکی دیکەیە، دەڵێن کاتێک محەمەد قەڵای خەیبەری گرت، جوولەکەکان دەستکەوتێکی زۆریان لەدەستداو کەوته ژێر دەستی موسڵمانەکان،محەمەد گوندێکی لەناو ئەو دەستکەوتانه بەرکەوت، بەڵام خۆشەویستی محەمەد بۆ فاتیمه، ئەوەنده بەهێز بوو، ئیتر محەمەد ئەو گوندەی پێشکەشی فاتیمەی کچی کرد، که دوایی بوو به فاتیمەی زەهرا،ئەم کارەی محەمەد عائیشەی زۆر نیگەران کرد، بۆیه ناچار بوو بڵێ کەی کاتی دابەشکردنی میراته تا بەشی فاتیمه بدرێت،بەڵام دوای کۆچی دوایی محەمەد، ئەبوبەکر له ژێر گوشاری عائیشەی کچییەوە، ئەبوبەکرو عومەر وتیان نابێ موڵک و ماڵی پێغەمبەری ئیسلام بکرێته میرات بۆ منداڵەکانی، ئیتر ئەبوبەکر یاسایەکی دەرکرد که هەموو ئەو زەوییانەی لەلایەن موسڵمانانەوە دەستی بەسەردادەگیرێت، دەبێته موڵکی (بیت المال)و کەڵک وەرگرتن لەو زەویانه تەنیا لەدەستی خەلیفەدا

دەبێت، ئیتر ئەو گوندەشیان لە فاتیمە سەندەوە....گرفتێکی دیکەیش هەیە کە لەسەردەمی خەلیفایەتی عومەرداو بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب معاویەی ئەبوسوفیان کرا بە والی شام، کە دواتر معاویە بوو بە گەورەترین گرفت بۆ عەلی و نەوەکانی عەلی و تەنانەت بۆ بنەماڵەی هاشمییەکانیش.کە خەلافەتی کردە پشتاوپشت و لەدەست هاشمییەکانی دەرهێنا. گرفتێکی دیکەش هەیە، بەڵام مێژوونووسان بە ئاسایی وەریدەگرن، ئەویش ئەوەیە عوبەیدوڵای کوڕی عومەری خەتاب بەیعەتی بە عەلی نەداو داوایکرد لە مەدینە بچێتە دەرو سەفەر بکات، داوای کەسێکیان لە عوبەیدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب کرد تا کەفالەتی بۆ بکات، بەڵام عوبەیدوڵا کەسی دەستنەکەوت، بەڵام عەلی کوڕی ئەبوتالیب کە ئەوکات تازە ببوو بە خەلیفە خۆی بوو بە کەفیلی عوبەیدوڵا، بەڵام عوبەیدوڵا بەردەوام بوو لە دژایەتیکردنی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و پاڵیدایە پاڵ معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان لە دژی عەلی، تا چارەنووسەکەی ئەوەبوو لە شەڕی(صفین)دا کوژرا.بۆ زانیاری زیاتر(عومەر دوو کوڕی دیکەی هەبوو بەناوی عەبدوڵای بچووک و عەبدوڵای گەورە، بەڵام عوبەیدوڵا لە ئوم کەلسومی کچی جرول کوڕی مالک خوزاعییەبوو). بەڵام پێش هەموو ئەو گرفتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆیکردووە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا گرفتێک سەریهەڵداوەو لایەنی شیعەش زۆر باسی لێوە دەکات و بە گرێکوێرەی گرفتەکانی دیکەی دادەنێن ئەویش ئەوەیە، ئەوکاتەی پێغەمبەر لە سەرەمەرگا بووە، گوایا پێغەمبەر ویستوویەتی کەسێک بۆ

جێنشینی (خەلیفە)ی خۆی دابنێ، بەڵام عومەری کوڕی خەتاب نەیهێشتووە پێغەمبەر ئەو خەلیفەیە دەستنیشان بکات، چونکە گوایا عومەر دەیزانی پێغەمبەر عەلی بە جێنشینی خۆی دادەنێ، عەلی ش هێشتا خاوەنی هەژموونێکی وەها نەبوو بتوانێ ئەم کارە بگرێتە دەست و بەڕێوەی ببا، بە تایبەت کە قوڕەیشییەکان زۆر رقیان لێبوو، عەلی نەیدەتوانی دەرەقەتی قوڕەیشییەکان بێت و ئیتر خەڵکی تریشی لە هەڵدەستایەوەو ئاژاوەیەکی ترسناک دروستدەبوو، بۆیە عومەر رێگای لە پێغەمبەر گرتبوو کە جێنشینی بۆ خۆی دەستنیشان نەکات و دوایی ئەوان خۆیان ئەو کارە دەکەن. ئەمە هەنگاوی یەکەمی گرفتەکان بووە لە نێوان عومەرو عەلی دا.

### پەیوەندییەکانی عومەری عەلی

تا عومەرو عەلی لە ژیاندا بوونە پەیوەندییان یەکجار زۆر باش بووە، هەر بۆ نموونە، کە ئەبوبەکر عومەر رادەسپێری بۆ جێنشینی (خەلیفەیی)لە دوای خۆی، ئەگەر چی ئەم راسپاردەی ئەبوبەکر کاریگەری عائیشەی زۆر بەسەرەوە بووە، چونکە پێشوەختە عائیشە بە عومەری وتبوو ئەگەر مووچەکەم بۆ زیاد بکەی من هەوڵی زۆر دەدەم باوکم ناوی تۆ بهێنێ بۆ ئەوەی ببیت بە دووەم خەلیفەی موسڵمانان، هەر وایشی کرد ئەبوبەکر عومەری راسپاردو مووچەی عائیشەش کە مانگانە بوو زیادی کرد، بەڵام

عەلی کوڕی ئەبی تالیب نیگەرانی نیشان نەداو بەیعەتی بە عومەر بەخشی.
عومەریش عەلی کردە یەکەمین راوێژکاری خۆی و دەستە راستی عومەر بوو، هەر بڕیارێکیشی بدایە پێشوەخت پرس و راوێژی بە عەلی دەکرد، چونکە دڵنیابوو کە عەلی جگە لە بەرژەوەندی ئایینی ئیسلام، هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە دەخاتە لاوەو گوێیان پێنادات. بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزە وایکرد عومەر کچێکی عەلی بخوازێ کە ناوی(ام کەلسوم)بوو،لە کاتێکدا(ام کەلسوم) هێشتا منداڵیش بوو.کەواتا عومەر زاوای عەلی بوو.(ام کەلسوم)لە دایکەوە کچی فاتیمەی کچی پێغەمبەر د.خ بوو، بە حەوتەمین ژنی عومەری کوڕی خەتاب دادەنرێ، چونکە عومەر(9)ژنی هێنابوو، هەندێک سەرچاوەش ئاماژە بۆ (11)ژن دەکەن، دوای مردنی عومەر شووی بە محەمەدی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب کردەوە کە ئامۆزای خۆی بوو.

راستە عومەر معاویەی کردبوو بە والی شام، بەڵام معاویە زۆر لە عومەر دەترساو تا عومەر لە ژیاندا مابوو، نەیدەوێرا لە قسەکانی عومەر دەربچێت و موسڵمانێکی ملکەچ و بێدەسەڵات بوو لەبەرامبەر عومەردا، هەموو ئەو گرفتانەی هێنایە ئاراوە دوای مردنی عومەر بوون، لە لایەک خزمی عوسمانی کوڕی عەفان بوو، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو دڵنەرمی و دڵسافییەی عوسمانی ئیستغلال کردبوو بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، بۆیە عەلی کوڕی ئەبوتالیب داوا لە عوسمان دەکات معویە لابدات و کەسێکی دیکە بکاتە والی شام، عوسمان دەڵێت من معاویەم دانەناوە ئەوە

عومەر بوو معاویەی کردە والی شام نەک عوسمان، عەلیش دەڵێت ئاخر تا عومەر مابوو معاویە لێی دەترسا و نەیدەوێرا کارێکی نەگونجاوو نەشیاو بکات، بەڵام ئەی عوسمان ئێستا معاویە تەنانەت پرس و را بە تۆش ناکات و خۆیشت ئەمە باش دەزانی، کەچی معاویە لای خەڵکی دەڵێت من ئەم کارانەم بە فەرمانی عوسمانی خەلیفەی سێیەم کردووە، کەچی تۆ ئەی عوسمان هەڵوێستێکی زۆر لاوازیشت نییە لە بەرامبەر معاویەدا..

دەڵێن عوبەیدوڵا لە هەمان شەڕی(صفین)بەر لە کوشتنی، بانگی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی کردووە بۆ شەڕە شمشێرو زۆرانبازی، بەڵام عەلی کە باوکیەتی رێگای بە محەمەدی کوڕی نەداوە، محەمەدیش جنێوی بە عوبەیدوڵاو باوکی(کە دەکاتە عومەری کوڕی خەتاب)داوە، بەڵام عەلی گوتویەتی کوڕم جنێو بە باوکی مەدە بەباشە باسی باوکی بکە.

کۆمەڵێک لەو ئەسحابانەی کە لایەنگری عەلی بوون و ناوو ناوبانگێکی باشیشیان پەیدا کردبوو، زۆربەیان لە سەردەمی خەلیفایەتی عەمەری کوڕی خەتاب دا، کاربەدەستی گەورە بوون و تەنانەت سەرکردەی سوپاش بوون و لە ژێر فەرمانی عومەریشدا بوون و هیچ گرفت و کێشەیەکیشیان نەبوو، عومەریش باش دەیزانی ئەوانە لە لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیبن هەندێک لەوناوانە ئەمانەبوون: عەماری کوڕی یاسر، سەلمانی فارسی، مالیک کوڕی ئەشتەر،بەرائی کوڕی عازب،حوزەیفەی کوڕی یەمانی،سەهلی

کوڕی حەنیف، عودەی کوڕی حاتەمی تائی، عوسمانی کوڕی حەنیف، ئەحنەفی کوڕی قەیس،  حەجەری کوڕی عودەی، هاشمی ئەلمەرقال و زۆری دیکەش،رۆژێک لە رۆژان ئەمانە لە لایەن عومەرەوە گرفتێکیان بۆ دروست نەکرا.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە، کاتێک عومەر سەفەر بۆ شام دەکات، عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە مەدینە لە جێگای خۆی دادەنێ، لێرە دەگەینە ئەو راستییەی ئەگەر عومەر بە تەواوی لە نیازپاکی و دڵپاکی عەلی دڵنیا نەبوایەو پەیوەندی پتەویان لەگەڵیەک نەبوایە، بێگومان عومەر سەحابەیەکی دیکەی لە جێگای خۆی دادەنا نەک عەلی.

بەڵام ئەوەی زۆر بە زیرەکانە هەوڵیدا لە لایەکەوە کێشە بخاتە نێوان عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە لایەکی دیکەیشەوە کێشە بخاتە نێوان عومەرو عەلی، ئەوا معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بوو، هەموو مەبەستەکەشی بۆ شکاندنی عەلی و دابڕینی ئەو جەماوەرە بوو لە عەلی، چونکە معاویە لەو ئاستە نەبوو بڵێ من لە عەلی باشترم بۆ جێنشینی (خەلیفە)،بەڵکو دەیویست قەناعەت بەو خەڵکە بهێنێ کە عەلی دەستی گەورەی لە کوشتنی عوسمان هەبووەو ، معاویەش نایەوێ خوێنی بە ناهەق رژاوی عوسمان بە فیڕۆ بڕوات،لە کاتێکدا عەلی حەزی بە کوشتنی عوسمان نەبووە، بە پێچەوانەوە، ناحەزانی عەلی عوسمانیان کوشت، هەندێکیش لە دۆستە هەرە نزیکەکانی عەلی بەشداریان لەو

کوشتنەی عوسمان کردبوو، لەوانە محەمەدی ئەبوبەکری سدیق (محەمەدی ئەبووبەکر،دایکی ناوی —ئەسما- بوو، سەرەتا خێزانی جەعفەری براگەورەی عەلی بوو بەڵام کاتێک جەعفەر لە شەڕێکدا دەکوژرێت،ئەبووبەکری سدیق دەیخوازێت و مجەمەدی لێ دەبێت، دوای ئەوەی ئەبوبەکر کۆچی دوایی دەکات، عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەیخوازێت، واتا دایکی محەمەد دەبێتە خێزانی عەلی، بۆیە مێژوونووسان دەڵێن عەلی وەکوو کوڕی خۆی سەیری محەمەدی ئەبوبەکری کردووە)بوو، دوای کوشتنی عوسمان و کاتێک عەلی دەکرێتە خەلیفە، محەمەدی ئەبووبەکری سدیق دەکاتە والی میسر، هەر لەوێش لە لایەن عەمروعاص سوپای معاویە بە ناهەق سەریان بڕی.

بە کورتی ئەوانەی ئێستا باس لە ناکۆکییەکانی عومەرو عەلی دەکەن، پاساوەکانیان یەکجار لاوازەو هی ئەوە نییە ببێتە مایەی ناکۆکی، ئەوانە بیانەوێ و نەیانەوێ، دەچنەوە سەر بڕواهێنان بە معاویەو پەیڕەوکردنی هەموو ئەو فرِوفێڵانەی کە لەو پێناوەدا دەیدۆزییەوە، ئیتر وردە وردە دوای معاویە قسەو قسەڵۆک لەبارەی ئەو دوو خەلیفەیە سەریهەڵدا، باڵی شیعەش لەدوای شەڕی (صفین)ەوە سەریهەڵدا، کە لەنێو سوپاکەی عەلی دوو باڵ دروستبوون، باڵێکیان لەگەڵ راگرتنی شەڕەکە بوو لەگەڵ معاویە، باڵەکەی تریش دژی راگرتنی شەڕەکە بوو،ئەو باڵەی لەگەڵ عەلی مانەوە پێیان وترا شیعە، ئەو باڵەیش کە لە عەلی جیا بوونەوە پێیان وترا خەواریج، بەڵام رۆژگار هات و رۆیی، باڵی شیعە کە سەر بە عەلی بوون، وردە وردە گەشەیان کرد تا بە ئەمڕۆ دەگات، باڵەکەی تریش کە باڵی

خەواریج بوو، لە شوێنی خۆیان چەقیان بەست و مەیین و توانای گەشەکردنیان نەبوو، ئێستا هەر ناویشیان نەماوە.ئەمەیان سەرەتای کەرت کەرتبوونی موسڵمانان بوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی رێ لەو کەرتبوونە بگیرابایە، ئەوەتا دەبینین ئێستا تەنیا باڵی شیعە سەر بە چەندین قوتابخانەو گرووپی لە یەک جیا جیان وەک:رەوتی شیعەی دوازدە 12 ئیمام (اهل البیت)،شیعەی ئیسماعیلی، زەیدی، فاتمی، تزاری، ئاغاجانی، ئەبازی، کیسانی،..هتد.بەڵام رەوتی 12 ئیمام لە هەموو رەوتەکانی دیکەی شیعە پڕ جەماوەری ترە. لە نێو باڵی سوننەشدا، چەندین رەوتی دیکە دروسبوون،لەوانە:ئەشعەری،موعتەزیلە،زاهیدی،رەوتی سۆفیگەری، وەهابی، قادری،لەنێو رێبازی ئەشعەریشدا، ئەم مەزهەبانە دروستبوون، حەنەفی، مالکی، شافعی، حەنبەلی، رەوتی موعتەزیلە لە هەموویان ئەقڵانیتر بوو.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئەم هەموو رەوت و مەزهەب و رێبازە، لەپێناو چیدا دروست بوون، ئایا بۆ پێشکەوتنی ئیسلام بووە، یان بۆ مەبەستی گرتنە دەستی دەسەڵات و بە سیاسی کرابوون، بێگومان ئەوەی دووەمیان زیاتر بڕواپێهێنەرە، چونکە ئەوەتا داعش موسڵمانی بێ تاوان بۆچی سەردەبڕێ و دەیکوژێ، لە کام دەقی قورئانیدا هاتووە کە موسلمان موسڵمان بکوژێ؟ بۆیە ئەم رەوتە توندرەوانە تەنیا بۆ گەیشتنیانە بە دەسەڵات دەیانەوێ بە رووپۆشێکی ئایینی خۆیان نیشان بدەن، کە لە بنەڕەتدا تەنیا هەڵخەڵەتاندن و کاری ساختەیە،ئەگینا چوار خەلیفەکەی موسڵمانان، ئەگەر هەر گرفتێکیشیان لەگەڵ یەکدی هەبوایە، لە پێناوی

گەشەی ئیسلامدا کردوویانەو هەر یەک لەو چوار خەلیفەیەش ئازارێکی زۆریان لەپێناو ئەو ئایینەدا چەشت.

**دروستبوونی سوننەو شیعە،سەرەتایەک بوو بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانیان**

لەناو ئایینی ئیسلامدا،دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ)، ئەو ئایینە بەسەر دوو مەزهەبی سەرەکیدا دابەش بوو، کە گەورەترینیان مەزهەبی سوننەیەو ئەوی تریشیان مەزهەبی شیعەیە، مەزهەبی سوننە زۆر لە مەزهەبی شیعە گەورەترو بەرفراوانترە،بەڵام تا

مەزهەبی شیعە دروستنەبوو، ئیتر مەزهەبێک نەبوو ناوی سوننە بێت، بەڵکو هەر بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە بوو، بەڵام بۆ لەیەکجیاکردنەوەیان لە شیعە ئەوەی مایەوە پێیدەوترا سوننە یان (اهل السنة والجماعة) هەوڵدەدەم بتوانم بە کورتی رووناکی بخەمە سەر ئەو دوو مەزهەبە، کە لە راستیدا ئەوەی گرنگە تا پێغەمبەری ئیسلام لە ژیاندا بوو، ئەو دابەش دابەشکارییە نەبوو، بەڵکوو ئیسلام یەک رێگا بوو ئەویش رێگای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو.. بۆیە هیچ کام لەو دزوو مەزهەبە (سونەو شیعە)جگە لە هەندێک مەرامی سیاسی و تائیفی و ...هتد ، هیچ ینەمایەکی پتەوی ئەوتۆیان نییە، چونکە پێوەری موسڵمان بوون بەر لە هەموو شتێک پەیرەویکردنە لە قورئانی پیرۆز کە کەلامی خوایە. بەڵام با وردتر بچینە ناو ئەو دوو مەزهەبەو لە هۆکاری سەرهەڵدانیان بکۆڵینەوە.

**سوننە (اهل السنة والجماعة)**

ئەوەی ئەم مەزهەبە پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر،بەڵام لەنێو ئەم مەزهەبەشدا چەندین رێگاو گرووپ و مەزهەبی دیکە هاتوونەتە ئاراوە، کە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا دروستبووە، لەسەرووی هەموویانەوە چوار مەزهەبە بەناوبانگەکەی وەک (حەنەفی، شافیعی،مالیکی، حەنبەلی)لەگەڵ چەندین رەوت و گرووپ و رێچکەی دیکە..

له بنەڕەتدا مەزهەبی سوننە لەگەڵ هاتنە خوارەوەی سرووش بۆ محەمەد (د.خ) دروستبووە، بەڵام زاراوەی (اهل السنة والجماعة) تا سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی دروست نەبووبوو،یان روونتر بڵێین بڵاونەبووبۆوە، بەڵکو ئەم ناوبردنە لە ناوەڕاستی سەردەمی عەباسییەکان هاتە ئاراوە ، کە رێک ساڵی 1054ز دەگرێتەوە، دوای رووخانی دەوڵەتی بوەیهییەکان لەسەر دەستی سەلجووقییەکان کە تیایدا چەندین قوتابخانەی ئایینی کرانەوە بۆ خۆجیاکردنەوەیان لەگەڵ مەزهەبی شیعە کە هەر لە دوای کوشتنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە لایەن خەواریجەکانەوە کە خەڵکی کوفە بوون، ئەو زاراوەیەی شیعە بڵاو بووەوە . لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم رەوتەی شیعە ئیدی ئەوەی لەگەڵیاندا نەبوون وەکوو سوننە مانەوەو نەچوونە پاڵ شیعە.واتا مەزهەبی سوننە هەر لە سەردەمی خەلیفەبوونی عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە خۆیان بە جیاواز لە شیعەو خەواریجەکان دادەنا.بەڵام هێشتا ناوی (اهل السنة والجماعة)یان لەخۆیان نەنابوو، هەرچەندە لە دوای رووخانی ئەمەوییەکان و هاتنی ئیمامی حەنەفی (نعمان کوڕی ثابت (80-150ک / 699-767ز))کە ئەویش هەر خەڵکی کوفە بوو، بە رەچەڵەک فارس بوو، لە بەغدا لە گەڕەکی (الأعظمية)نێژراوە.مەزهەبی حەنەفی لەناو دانیشتوانی سوننەدا بە گەورەترین و بەرفراوانترین و بەربڵاوترین مەزهەب دادەنرێ. ئەم رەوتە رەگی خۆی داکوتا.بێگومان رەقترینیشیان مەزهەبی حەنبەلییە کە بۆ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەگەڕێتەوە، رێژەیەکی زۆر کەم لە موسڵمانانی جیهان پەیڕەوی لێدەکەن و

له هزرڤان و ناودارەکانی ئیسلامیش ئیبن تەیمییە، عەبدولقادر گەیلانی، ئیبن قیەم، ئیبن جوزی و چەندانی دیکە سەر بەو مەزهەبەن، بەڵام لەسەر ئاستی موسڵمانانی جیهان کەمتر لە 5%ی موسڵمانان پەیرەوی لێدەکەن، بە پێچەوانەی مەزهەبی حەنەفی کە نزیکەی 45% زیاتر لە موسڵمانانی جیهان پەیرەوی لێدەکەن، هۆی ئەم بڵاوبوونەوەیشی بۆ ئەبویوسف قوتابی ئەبو حەنیفەی خاوەن و دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفی دەگەڕێتەوە، کاتێک ئەبو یوسف سەرۆکایەتی دادوەریی لە حکومەتی هارونە ڕەشید گرتە دەست گرنگی بەم مەزهەبە داو رۆڵی لە بڵاوکردنەوەیدا هەبوو، دوای عەباسییەکانیش ئیمپراتۆریای عوسمانی بە هەمانشێوە گرنگی بەو مەزهەبە داو کردی بە مەزهەبی سەرەکی ئیمپراتۆریاکەی خۆی، هۆکارەکەیشی زیاتر ئەوەبوو بە پێی مەزهەبی حەنەفی مەرج نییە خەلیفە تەنیا لە هۆزی قوڕەیش بێت..

بەڵام وەکوو زاراوەی سوننە، یەکەم کەس کە ئەو زاراوەیەی بەکار هێنابێت (محەمەدی کوڕی سیرین)بوو کاتێک باسی لە (اهل السنة واهل البدعة) کرد،محەمەدی کوڕی سیرین لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان لەدایکبووەو لە ساڵی 110کۆچی بەرامبەر بە 729ز لە دوا دواییەکانی حوکمڕانی عەبدولمەلیک کوڕی مەڕوان مردووە.

لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین مەزهەبی سونە، لە دوای کۆچی پێغەمبەر (د.خ)هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی پیێڕەوانی ئایینی ئیسلام ئەوانەی بڕوای

تەواویان بە ئایەتە ئاسمانییەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر هەیە، خۆیان جیا بکەنەوە لە هەموو ئەوانەی کە لەنێو ئایینی ئیسلامدا جۆرێک لە جیابوونەوە یان جۆرێک لەوەی کە بڕوایان بە شتی دیکەیشەوە هەبوو، چونکەلەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەی جیا جیا کە جوگرافیای جیا جیاو،هەر ناوچەو جوگرافیایەکیش تایبەتمەندی جیاوازی هەبوو، ئیتر ئایینی ئیسلامیش بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەر تایبەتمەندی ناوچەو جوگرافیایەک و ئیجتیهادی جیاواز لای موسڵمانان سەریهەڵدەدا، ئەم ئایینەش لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە چەندین ڕەوتی تایبەت بە ئایینی ئیسلامی لێ بڵاوبووەوە، کە دیارترینیان مەزهەبی حەنەفی، مالکی،شافعی، حەنبەلی ن.کە ئەم چوار مەزهەبەو هەموو مەزهەب و گرووپەکانی دیکەی سونە لەسەر قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر کۆک و تەبان، تەنیا لە لێکدانەوەو ڕاڤەکردندا جیاوازییان تێدەکەوێ،واتا هەندێک لەو گرووپانە جگە لە ئایەتی ئاسمانی و فەرموودەکانی پێغەمبەر، پشت بە چەند کتێب و نووسراوێکی دیکەش دەبەستن، هەر بۆ نموونەکتێبی (صحیحی بخاری و ئیمامی موسلیم و تەبەری و ئەبوداودو کوڕی قودامەو عەبدولقادری گەیلانی و ئیبن تەیمیەو ئیبن ڕوشد و ئیبن قیوم و......هتد) کە بە سەرچاوەی بیروباوەڕو تەشریعی دەزانن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە بیروباوەڕدا جیاوازیان نییە.چونکە هەموو مەزهەبە سونییەکان بەتایبەت ئەو چوار مەزهەبەی سەرەوە کە لە هەموو مەزهەبەکانی دیکەی سونی بەناوبانگترو بەربڵاوترو بەرفراوانترن، لەگەڵ چەندین مەزهەبی دیکەی

وەکوو (الظاهري، الأوزاعي، الليثي..هتد)لەسەر ئایەتی ئاسمانی و فەرموودەکانی پێغەمبەرو هەروەها ئەوەی پێیدەوترێ (الاجماع والقیاس) کۆک و تەبان.تەنیا مەزهەبی مالکی نەبێت، کە سەرچاوەیەکی دیکەیشی زیاد کردووە بۆ مەزهەبەکەی ئەویش کردەوەکانی خەڵکی مەدینەیە، بەوپێیەی کردەوەکانی خەڵکی مەدینە شارەزاییەکی باشن بۆ جێبەجێکردنی سونەتی ئیسلام،چونکە پێغەمبەر کە لە مەککەوە کۆچی کردووە لە مەدینە ژیاوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووەو لەوێش نێژراوە.مەزهەبی مالکی لەدوای مەزهەبی حەنەفی زۆرترین پێڕەوانی هەیەو لای موسڵمانانی سوننە بە دووەمین گەورە مەزهەب دەژمێردرێ.

نامەوێ بچمە بنج و بنەوانی موسڵمانی سونی، چونکە لە راستیدا نە بابەتێکی لەمجۆرە لێرە جێگای دەبێتەوە، نە مەبەستیشمان جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی وەهایە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان لەم نووسینە تەنیا جیاوازی نێوان سونەو شیعەیە کە هەر یەکێکیان سەر بە مەزهەب و رێگاو قوتابخانەیەکی جیاوازن، بەڵام دەبێت ئەو راستییە بزانین کە ئەوانەی سەر بە مەزهەبی سونین زۆر زۆر زیاترن لەوانەی سەر بە مەزهەبی شیعین.چونکە زیاتر لە (50)وڵاتدا موسڵمانی سونی رێژەکەیان یەکجار زۆر بەرزە، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا لە ئێران و ئازەربایجان و عێراق زۆرترینیان شیعەی دوازدە ئیمامن و هەروەها (سلطنة عمان)یش رێژە زۆرەکەی بریتین لە(اباضیة) ، کەلە سەردەمی عەبدولمەڵیک کوڕی مەڕوانەوە چوونەتە سەر

فیکری عەبدوڵای کوڕی ئیباز(اباض)ی تەمیمی،ئەم ڕەوتە خۆیان نە بە شیعە نە بە سونە دانانێن،لەوڵاتانی وەکوو لیبیاو جەزائیرو ...پەلوپۆی هاویشتووە .

هەڵبەت کە باسی سونە دەکەین، وەنەبێت خودی سونییەکانیش لەناو خۆیاندا ڕێک و تەبا بن،چونکە دەیان ڕەوت و گرووپ و مەزهەبی لێ دروستبووە، بەشێکیان لە ڕووی فیقهییەوە ناکۆکن، بەشێکیشیان هەر تەواوی ئایینەکەیان بە سیاسی کردووە،هەر لایەکیشیان پاساو بۆ خۆیان و بۆ جیاوازییەکانیان دەدۆزنەوەو هەوڵدەدەن خەڵکیش لە دەوریان کۆ ببێتەوە،هەر بۆ نموونە لە نێو مەزهەبی سونیدا ئەم ڕەوت و قوتابخانەو مەزهەبانە هەن: ئەشاعرە، کە بۆ ئەبوحەسەن ئەشاعری دەگەڕێتەوە، ماتریدیە کە بۆ ئەبو مەنسوری ماتریدی دەگەڕێتەوە، ئەسەریە (الأثرية)و سۆفیگەری و، ...هتد لەنێو هەر یەک لەمانەش چەندین ڕەوتی دیکە دروستبوونە .

بەشێک لە زانایانی موسڵمان سەرهەڵدانی گرفت و ناکۆکییەکانی نێوان سوننەو شیعە، بۆ کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان دەگێڕنەوە، بەتایبەت لەوکاتەوەی کە ناکۆکی قووڵ لە نێوان عەلی کوڕی ئەبی تالیب و معاویە دروستبوو، بە دیوەکەی دی معاویە ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەم ناکۆکیانەدا هەبوو، چونکە بەرژەوەندی خۆی تێدا بوو، ئیدی ئەم ناکۆکیانە لە دوای کوشتنی خەلیفەی چوارەم کە عەلی بوو کۆتایی نەهات، بەیعەتی حەسەنی

کوڕی عەلی بە معاویەو  دواتر کوشتنی حوسێنی کوڕی عەلی و هەڵگیرساندنی چەندین شۆڕش لەلایەن شیعەکانەوە دژ بە زوڵم و زۆرداری سوننییەکان، درێژەی کێشا، بەڵام لە سەردەمی ئیسماعیلی سەفەوی (1487-1524ز) کە لە ساڵانی (1501-1524ز) دەسەڵاتی لە ئێران و ئازەربایجان گرتە دەست ومەزهەبی شیعەی لە ئێران کرد بە مەزهەبی فەرمی وڵات و  زۆربەی خەڵکی ئێرانی کرد بە شیعە، ئەم گرفتە جارێکی دیکە نوێبووەوەو ئیدی شەڕی بیابانی چاڵدێرانی بە دواداهات کە سوڵتان سەلیمی یەکەم بە توندی رووبەڕووی بووەوەو شا ئیسماعیل دۆڕاندی و پایتەختەکەی کە تەبریز بوو گیراو خۆیشی بۆ لای ئازەربایجان هەڵات تا بە نەخۆشی سیل مرد. شا ئیسماعیل مرد بەڵام ئێران بوو بە دەوڵەتێکی شیعی و لەبەرامبەر سوننە چەقین کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر شوێنەوارەکەی دیارە.

**مەزهەبی شیعە:**

شیعە گوزارشتە لە دووەم گەورەترین مەزهەب لە نێو موسڵمانان کە لە دوای مەزهەبی سوننە دێت، شیعە بەمانای پەیڕەوانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دێت، ئمڕۆش هەموو ئەوانەی سەر بە مەزهەبی شیعەن، واتا پەیڕەوی لە دوازدە ئیمام دەکەن، کە لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە دەستپێدەکات و لە محەمەدی مەهدی کۆتایی دێت.ئێستاش شیعەکان لەو بڕوایەدان کاتێک زوڵم و ستەمکاری زۆر قووڵدەبێتەوەو پەرەدەسێنێ،

محەمەد مەهدی سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوەو شۆڕشێک لە دژی ستەمکاری هەڵدەگیرسێنێت. شیعە وەکوو زاراوە بە مانای پەیڕەوکردن یان تابع دێت،شیعەکان بۆیە تەنیا ئەو دوازدە ئیمامەیان وەک رابەری خۆیان داناوە،چونکە هەموو ئەوانە دەچنەوە سەر فاتیمەی کچی پێغەمبەر لە لایەک و عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە لایەکی دیکەوە، چونکە فاتیمە خێزانی عەلی بووەو عەلی خۆیشی ئامۆزای پێغەمبەر(د.خ)بووە، بۆیە شیعەکان دەڵێن هەموو ئەوانەی لە (فاتیمەو عەلی)ن، ئەوانە لە نەوەی پێغەمبەرن. زاراوەی شیعە زیاتر لە(5)پێنج جار لەلایەن خودی محەمەد پێغەمبەرەوە بەکار هاتووە لە هەر پێنج جارەکەشیدا بە ئەی عەلی دەستپێکردووە ،واتە لەکاتی بەکارهێنانی شیعە رووی لە عەلی کردووە.لەیەکێکیشیاندا دڵنیایی داوەتە عەلی و پێیوتووە عەلی و پەیڕەوانی لە رۆژی دواییدا سەردەکەون، یان وتوویەتی پەیڕەوانی عەلی ئەوانەن کە سەردەکەون، رەنگە ئەو فەرموودانەی محەمەد پاساوێکی گرنگ و بنەڕەتی بووبن بۆئەوەی هەواداری عەلی زیاتر بڕوایان بەو هەبووبێت و خۆیان لە سوننە جیاکردبێتەوە، چونکە جگە لەمانە لە چەند ئایەتێکیشدا باسی شیعە کراوە وەکوو سورەتی الصافات ئایەی 83و84، یان سورەتی القصص ئایەی 15 بۆیە شیعەکان بڕوایانوایە ئەم زاراوەیە لە دوای پێغەمبەرەوە دروست نەبووە، بەڵکو پێغەمبەر خۆی بەکاریهێناوەو زاراوەیەکی رەسەنی ئایینی ئیسلامە. شیعە وەکوو زاراوە بە مانای بڵاوبوونەوەیە،بڵاوبوونەوەیەک کە

هێزێکی لەگەڵدابێت،بەڵام وەکوو مەزهەب شتێکی ترە وەک لە سەرەوە باسمکردووە .

شیعەکان پێیانوایە لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە گرووپی شیعە دروستبووە، ئەویش ئەو چوار سەحابەیەن کە پەیڕەوی عەلی)یان کردووە، ئەوانیش عەماری کوڕی یاسر، ئەبی زەری غەفاری، سەلمانی فارسی، لەگەڵ میقدادی کوڕی ئەسوەد،ئەم چوارکەسە یەکەمین گرووپی شیعەبوون، کە هەموو بڕوایەکیان بە عەلی هەبوو، تەنانەت لە سەردەمی خەلیفەی سێیەمیشدا ئەو سەحابانە دژی عوسمان کوڕی عەفان وەستابوونەوە.لەو ڕۆژەوەی ئەو گرووپە دژی عوسمان وەستان، مۆرکێکی ئەوتۆیان داوەتە شیعە کە شیعە ئەوانەن شۆڕشگێڕن و هەمیشە لەبەرامبەر ستەمکاری شۆڕشیان بەرپا کردووە، نموونەشیان سەربڕینی بە ناهەقی حسین کوڕی عەلی ئەبی تالیب و ژەهر دەرخواردانی حەسەنی برای حوسێنە لە ڕێگای خێزانەکەیەوەو چەندین بەڵگەی دیکەی ستەم و ستەمکاری کە بەرامبەریان کراوە، بەتایبەت ئەم هەموو ستەمەی لە دوای کۆچی پێغەمبەرەوە لە باوکی حەسەن و حوسێن کراوە، نموونەی ئەو شۆڕشگێڕییەش چەندین شۆڕش ڕاپەڕین دەهێننەوە کە لە دژی زوڵم و ستەمکاری پێیهەڵساون. ئەمانە ئەگەر تارماییەک بن بۆ دروستبوونی باڵی شیعە یان مەزهەبی شیعە، ئەوا شەڕی (الصفین) بەتەواوی پەیڕەوانی عەلی ئاشکرا کرد، کاتێک سوپای معاویە بەرگەی لەشکری عەلی نەگرت، بە ناچاری قورئانیان بەرزکردەوە بۆ ئەوەی شەڕەکە ڕابگرن، ئەوانەی لەناو

لەشکری عەلی دژی راگرتنی شەڕەکە بوون، جیا بوونەوەو پێیان دەوترا خەواریج، ئەوانەش لەگەڵ عەلی مانەوە پێیان دەوترا شیعە واتە پەیڕەویکردنی عەلی. دوای عەلی حوسێن لە ژێر هەر گوشارێک بێت سەرەڕای ئەوەی بەیعەتی داب ە معاویە کەچی ژەهرخواردیان کرد و حوسێنی برایشی بەهۆی خیانەتی خەڵکی کوفە لەگەڵ براکان و خزمەکانی خۆی کوژران و سەری حوسێنیان وەک مژدە پێدانێک بۆ معاویە برد،حوسێن جەستەکەی لە کەربەلا نێژراوەو سەرەکەیشی لە میسر خرایە ژێر خۆڵەوە،ئیتر هەموو ئیمامەکانی تر لە کوڕی حوسێنەوە دەستپێدەکەن، بە مانایەکی دیکە ئیمامی چوارەم (زین العابدین)ە، کە کوڕی حوسێن کوڕی عەلی ئەبی تالیبە. هەر دوازدە ئیمامەکە کە لە نەوەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و فاتیمەی کچی پێغەمبەرن، لای شیعەکان لە شێوەی خەلیفەکانی راشدینن کە لای موسڵمانانی سوننە پێگەو پایەی خۆیان هەیە، ئەم دوازدە ئیمامەش لای شیعەکان بە هەمانشێوەن، بەڵام بۆ جیاکردنەوە لە خەلیفەکان ئەوان بە ئیمام ناویاندەبەن. لەو رۆژەوەی گرووپێک پشتیان لە عەلی کوڕی ئەبی تالیب کرد کە هەر لەگەڵ شەڕی (الXفین)ەوە دەست پێکرد، دواتریش کوشتنی حوسێنی کوڕی زۆر بە وەحشیگەرییانە کە سەریان لە جەستەکەی جیاکردەوە، ئەمەشیعەکانی بە تەواوی نەک هەر لە باڵەکەی تر کە سوننەن جیا کردەوە، بەڵکو لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ رووباری خوێن لەنێوانیاندایەو شیعەکان قەت ناتوانن

کوشتنی حوسێن لە بیر بکەن، باشترین نموونەی ئەو لەبیرکردنەش ڕۆژی عاشورایە.

**جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان شیعەو سوننە**

شیعەکان بڕوایان وایە پێغەمبەرەکان و دوازدە ئیمامەکە پارێزراوو دوورن لە هەر گوناهێک، بەڵام لای سوننەکان تەنیا پێغەمبەرەکان پارێزراوو دوور لە گوناهن.

شیعەکان بڕوایان وایە سەحابەکان هەموویان ڕاست نەبوون و لەدوای پێغەمبەریشەوە هەموویان لە باشترین کەسەکان نەبوون، چونکە هەندێکیان هەڵگەڕاوەو موونافیق بوون و جێگاشیان ناو دۆزەخە، بەڵام لای سوننەکان سەحابەکان هەموویان ڕاست بوونەو باشترین کەسیش بوونە لە دوای پێغەمبەرەوە،یەکەمینیشیان ئەبوبەکری سدیق ئینجا عومەر و عوسمان ئینجا عەلی کوڕی ئەبی تالیب دێت لە باشی و ڕاستی، بەڵام شیعەکان ئەمە بە تەواوی ڕەتدەکەنەوە.

شیعەکان بڕوایان وایە کە دایکی موسڵمانان واتە عائیشەی خێزانی پێغەمبەر بە پێچەوانەی شەڕعی خودا جووڵاوەتەوەو تەنانەت ئازاری پێغەمبەریشی داوە، بەتایبەت ئەوکاتانەی عائیشە لەگەڵ ئیمامی عەلی شەڕی کردووە، بەڵام سوننەکان بڕوایان وایە کە

عائشه دایکی موسڵمانانەو پێغەمبەریش لێی ڕازی بووەو جێگاشی بەهەشتەو دایکی هەموو موسڵمانێکیشه. بەڵام شیعەکان زۆر جار فاتیمەی کچی پێغەمبەرو خێزانی عەلی بە جێگرەوەی عائشه دادەنێن و پێیان وایه فاتیمه زۆر بە غەدر کۆچی دوایی کردووەو پاکیزەیەکی نەمرەو جێگایشی بەهەشتی بەرینه، تەنانەت لەوەش زیاتر بە مەریەمی مەسیحییەکانی دەچوێنن، وەک چۆن مەریەم عیسای بووەو لای مەسیحەکان وەکوو دایکی هەموو مەسیعییەکان تەماشادەکرێت و پیرۆز کراوە، شیعەکانیش پێیانوایه فاتیمه مەریەمی موسڵمانانه.

شیعەکان پێیان وایه ئیمامەتی لە لایەن خواوە دیاریکراوە، کە دوازدە ئیمامە، بەڵام سوننەکان ڕەتیدەکەنەوەو پێیانوایە بە هیچ جۆرێک لەلایەن خوداوە دیارینەکراوە، نەشبەستراوەتەوە بە کەسێکی دیاریکراو.

لای شیعەکان زەواجی موتعە ، ڕێپێدراوو حەڵالکراوە، بەڵام لای سوننەکان زەواجی موتعە بریتییە لە زیناو گوناهێکە لێخۆشبوونی بۆ نییە.

شیعەکان پێیانوایە دەکرێ بۆ هانابۆبردن و پاڕانەوە (الاستغاثة والتوسل) پەنا بۆ کەسانی دیکەش ببات جگە لە خودای پەروەردگار، بەڵام سوننەکان دەڵێن جگە لە خوا ناکرێ پەنا بۆ هیچ کەسێکی تر ببەیت و لێی بپاڕێیتەوە.

له بارەی کاتەکانی نوێژکردنیشەوە، بەلای شیعەکانەوە ئاساییە هەردوو نوێژی نیوەڕۆو عەسر پێکەوە بکرێت و هەروەها هەردوو نوێژەکانی مەغریب و عیشا دیسان بە یەکەوە بکرێت، واتا لەجیاتی پێنج (5)کاتی دیاریکراو، دەکرێ بکرێتە تەنیا سێ (3)کاتی دیاریکراو بۆ نوێژکردن، بەڵام سوننەکان ئەمە  بە راست نازانن و هەرگیز پەیڕەویشی لە ناکەن، بەڵکو ئەمە بە لادان لە ئایینی ئیسلام دەزانن. هەر لەکاتی نوێژکردندا شیعەکان بە پێویستی نازانن هەردوو دەستت بخەیتە سەر سینگت و دەستی راستیش لەسەر دەستی چەپەت بێت، بەڵام سوننەکان ئەم کارە بە پێویست دەزانن.

لەکاتی بانگدانیشدا شیعەکان دەڵێن پێویستە (اشهد ان عليا ولي الله )و (حي على خير العمل) لەناو بانگداندا هەبێت، بەڵام سوننەکان ئەمە بە بیدعە دەزانن و روونە ئەوان دەڵێن (اشهد ان لاء لاه الا الله)و (حي على الصلاة و حي على الفلاح).

شیعەکان سەردانیکردنی کەربەلا وەکوو سەردانیکردنی سوننەکان دەزانن کە بۆ مەککە دەیکەن، چونکە شیعەکان پێیانوایە سەردانیکردنی کەربەلا کە گۆڕی حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی لێیە،هاوکات لەو شەڕەی بەسەر حوسێن دا سەپێنرا، جگە لە حوسێن خۆی،نزیکەی (32)کەسی زۆر نزیکی حوسێن کە براو برازای بوون لەناویانبردن، بۆیە شیعەکان پێیانوایە

مرۆڤ بەو سەردانیکردنەی لە هەموو گوناهەکانی پاکدەبێتەوە، وەک چۆن سوننەکانیش پێیانوایە بە چوونیان بۆ مەککە لە گوناهەکانیان پاکدەبنەوە.

بە گواستنەوەی پایتەختی حوکمڕانی لە دیمەشقەوە بۆ بەغدا ئەوکاتەی ئەبوجەعفەری مەنسور بەغدای دروستکردو کردی بە پایتەختی عەباسییەکان، وردە وردە جەماوەرو هەژموونی شیعەکان بە هۆی نزیکبوونەوەیان لە ئێران زیاتر بوو، بەتایبەت کاتێک ئیسماعیلی سەفەویش بۆ یەکەمجار لە مێژوودا مەزهەبی شیعەی لە ساڵی 1501ز کردە مەزهەبی رەسمی ئێران و خەڵکی ئێرانی هێنایە سەر مەزهەبی شیعە لە کاتێکدا تا ئەوکاتەی ئیسماعیل سەفەوی دەسەڵاتی گرتە دەست شیعە لە ئێران کەمینە بوون.

لە کۆتاییدا ئەوەی پێویستە بوترێ،جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو مەزهەبە ئەوەنین کە 1400 ساڵە خوێنی لێدەرژێ وئەمڕۆش لە هەمووکات زیاتر ئەو خوێنە لە نێوانیان دەڕوات، ئەوکاتەی مەزهەبی پرۆتستانت سەریهەڵدا، راستە ئەوانیش بە هەموو هێزێک بەرامبەری یەکدی بوونەوە، باکووری ئەوروپا ببووە مەکۆی پرۆتستانتەکان بە تایبەت ئەڵمانیاو هۆڵەنداو بەریتانیا ، بەڵام ئەوان توانیان ئەو خوێنە بوەستێنن و لە ئەڵمانیای پرۆتستانت رێگە درا کاسۆلیکێکی وەکوو شرۆیدەر ببێتە سەرۆکی وڵاتەکەیان، نموونەی لەمجۆرە کەمنین، ئەوەتا لە ئەمریکاش پێست ڕەشێک سەرۆکیانە کە راچەنینێکی فیکری و کۆمەڵایەتی بوو بۆ هەموو

دونیا، کەچی شیعەو سوننە رۆژ لە دوای رۆژ ئەو کێشانەی دروستیانکردووە قووڵتریانکردۆتەوەو ئایینەکەشیان لە رێگای هزرڤانەکانیانەوە بە تەواوی شێواندووە، ئاخر کەسانی وەکوو ئیبن عەرەبی و بەشی هەرە زۆری هزرڤانەکانی ئەندەلوس زۆر دەمارگرژانە لە شیعە دەڕوانن و پشتگیری لە معاویە دەکەن و بە نموونەی خەلیفەی باشی دادەنێن، تا ئەقڵیەتی وا لەناو عەرەب گرنگی پێ بدرێ، گرفتی نێوان شیعەو سوننە قووڵترو قوڵتر دەبێتەوە.لێرە رێک ئەو قسەیەی لۆکرسیوس زۆر راستە کە لەدوای ئەپیکۆرو سەر بەهەمان قوتابخانەی ئەپیکۆرییەکانە ، دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی: خودا بوونی هەیە، بەڵام دەست ناخاتە ناو چارەنووسی ئێمەوە،بەڵکو ئەوە مەزهەبەکانن دەیانەوێت پەتێک بخەنە ملی مرۆڤەکانەوەو سەری ئەو پەتەش بدەنەوە دەستی خودا.

## خزمەکانی داعش ، لە کوڕەکانی قابیلن

داعش بە تەنیا بزووتنەوەیەکی لە ناکاوی توندڕەوی وەرزیی نییە، ئەوەی پێیوابێت داعش کۆمەڵێک چەکداری توندڕەون، چۆن لە چاوترووکانێکدا هاتوون، هەر ئاواش لە چاوترووکانێکدا ون دەبن ئەگەر لەناویش نەچن، ئەوانەی قسەی لەمجۆرە دەکەن،بێگومان ئاگایان لە مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی نییە، تەنانەت ئاگاداری مێژووی ئیسلامیش نین. داعش لەماوەی شەوو رۆژێکدا دووەم گەورەترین شاری عێراقی دەستبەسەرداگرت، بێئەوەی شەڕێکی دەستەویەخە رووبدات،ئەمە نموونەیەکی زۆر زەق بوو، کە لە هەر ماڵێکدا لەوانەیە داعشێک یان زیاتریش هەبووبن، لەم هەرێمەی ئێمەشدا، کە بە حیساب حکومەتێکی نیشتمانیمان هەیە، بەڵام هێشتا ئەو حکومەتە لە ژێر جەبری

ئیسلامگەرابیدا، کپ و بێدەنگ هەناسە دەدات. هەموو ئەو مرۆڤانەی لەژێر سێبەری ئەم حکومەتی هەرێمەدا دەژین، پێویستیان زیاتر بەوەیە لە دوێنێ و لە ئەمڕۆ باشتر ئیسلام بناسن، تا بە وردی ئیسلام نەناسین و رێگاچارەی گونجاو نەدۆزینەوە، بێگومان خزمەکانی داعش روو لە زیادبوون دەکەن و گەشەی کۆمەڵایەتیان دەبێتە هۆی دروستکردنی نەوەیەک گوێ گران و کەمبینا دەبن. لەوەتەی رۆشنگەری لە ئەوروپا سەری دەرهێناوە کە 250 ساڵ زیاترە،تا ئەمڕۆ، شتێک نەماوە لە ئایینی مەسیحییەتدا شاراوە بووبێت، 250 ساڵە رەخنەو لێکۆڵینەوەی جیدی لەسەر مەسیحیبوون دەکرێ،بەڵام وەرن پێم بڵێن کێ دەوێرێ لێکۆڵینەوەی زانستیانەو ئەقڵانیانە لەسەر ئایینی ئیسلام بکات؟، ئەمە چ ئەقڵییەتێکە هەر کەسێک هەڵبسێت و خۆی لێت بکات بە نوێنەری خوداو فەتوای سڕینەوەت بۆ دەربکات، من نازانم ئەمە وڵاتی مرۆڤەکانە کە ئەقڵ بەڕێوەی ببات،یان یاسای ناو دارستانە.

کۆمەڵگای کوردی 1400 ساڵە کۆمەڵگایەکی تیۆلۆژی و ئایینی بووە- ئەمە ئەگەر ئایینەکانی پێشتر ژمارە نەکەین- تا ئەمڕۆش ئەم ئایینە لە روخسارو لە ئەقڵی هەر تاکێکی کورددا نەک هەر ماوە، بەڵکو ئێستا لە هەموو کاتێک باشتریش دەدرەوشێتەوە،ئەگەر ئەمە ناو بنێین قۆناخی یەکەمی کۆمەڵگای کوردی، بێگومان قۆناخی دووەمی کۆمەڵگای کوردی، بەرەو قۆناخی بەرخۆری و مشەخۆری و..هتد چووە،چونکە تا ئەمڕۆش ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی نابەرهەمهێنە، بەڵام لەنێو ئەو دۆخە ئاڵۆزو

تێکچڕژاوەی هەرێمی کوردستاندا، لای کەسمان روون نییە، قۆناخی دووەم بە چ ئاراستەیەکدا دەگاتە مەنزڵ، بە مەدەنیبوون؟، تازەگەری؟، رۆشنگەری؟، یان خزمەکانی داعش بەربەرییەت دەخولقێنن..؟ بێگومان بە مەدەنیبوون ئەوکاتە دێتە ئاراوە کە ئەقڵێکی جیاواز لەوەی ئێستا دزەی کردبێتە ناو سیستەمی حوکمڕانی و ناو کۆمەڵگاش،چونکە سیستەمی حوکمڕانی لەم هەرێمە سیستەمێکی مەدەنی و ئەقلانی نییە، بە هەمانشێوە کۆمەڵگاش کۆمەڵگایەکی داتەپیوو دارماوە، هێزی بە مەدەنیبوون و بە ئەقلانیکردن لە هەردووکیاندا زۆر لاوازو زۆر زۆریش سستە.ئەگەر کۆمەڵگایەکی ئەقلانی و سیستەمێکی حوکمڕانی ئەقلانیمان هەبوایە، دەبوو بەزووترین کات وەزیری کشتوکاڵی ناو ئەم حکومەتی هەرێمە لەم کابینەیە دەربکرێت، کە وایزانیوە پێغەمبەر تەنیا موڵکی ئەوەو هەر بۆ ئەو رەوایە، وەزیری کشتوکاڵ بە شێوازێک قسەی کردووە، لەناو ئەو عەرەبانەی لە سالانی شەستەکان پێیان دەوترا بەدو(البداوة) قسەی لەمجۆرەیان دەوت، ئەمە کەی قسەی وەزیرێکە، مرۆڤ بکاتە سەگ و تاژی،ئەم شێوازی قسەکردنە لە ئەنجامی هەڵچوونێکی ناکاوەوە سەریهەڵنەداوە ، چونکە جەنابی وەزیر بۆ خۆی، خۆی تێهەڵقورتاندووە، کەواتە پەیوەندی بە کولتووری جەنابی وەزیرەوە هەیە، ئەم کولتوورە پاشخانێکی فیکری و کۆمەلایەتی زۆر نێگەتیڤی هەیەو پێویستی بە گۆشەگیرکردن و ئینجا سڕینەوەی هەیە، تا ئەمجۆرە کولتوورە بە ئارەزووی خۆی بانگهەڵبدا، بەمەدەنیبوون و ئەقلانییەت تەنیا لە درۆیەکی شاخدار بەولاوە هیچی دیکە

نییە.دوو هەزارو پێنجسەد ساڵە هیراکلیتس ( – 540/544 Heraclite 478/475)بەهای ئەقڵی بۆ مرۆڤایەتی باسکردووە، دوای ئەویش سوقرات و ئەفلاتون و..تا فەیلەسووفەکانی رۆشنگەری بەهاو پێویستبوونی مرۆڤیان بۆ ئەقڵانیەت دەرخستووە، کەچی ئەوەتا هێشتا ئێمە بچووکترین بەهای ئەقڵانییەتمان تێدا بەرجەستە نەبووە. کورەکانی قابیل ئێستاش دڵیان بۆ کوشتنی خەڵکی لێدەدا، من دەزانم ئەو وەزیرە کاتێ ئەو جنێونامە زۆر ناشیرینەی نووسیوەتەوە، سووری خوێن لە جەستەیدا چەند خێرا بووەو ئەگەر دەسەڵاتی هەبوایە حەمە سەعیدی گۆشاو گۆش سەردەبری، وەک ئەوەی داعش لە موسڵ و لە شاری رەقەی سوریا پەیرەوی لێدەکەن.چونکە زۆرن ئەوانەی دڵیان بۆ داعش لێدەدات و داعش وەکوو مارێکی کەپکە خواردووی سێسەر لە ناو دڵێکی گەرما سرپیان کردووە،ئەمە رێک وەک کۆبوونەوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی جاران وایە، کە لەکاتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیاندا هەمیشە کورسییەکیان بۆ ستالین بە چۆلی جیدەهێشت و وێنەیەکی ستالینیان لەسەر کورسییە چۆلەکە دادەنا،وەک ئەوەی بڵێی ستالین ئەگەرچی لە مۆسکۆیە بەڵام رۆحەکەی وا لەناوماندایە، دانانی ئەم وێنەیە لەسەر کورسییەکی بەتاڵ خۆی لە خۆیدا مانایەکی قووڵتر بەڵام نا ئەقڵانیتری هەبوو، من دڵنیام ئێستا لەم هەرێمە کەم نین ئەوانەی وێنەی ئەبوبەکر بەغدادیان لەناو دڵیان هەڵگرتووە، من بۆ خۆم هیچ جیاوازییەک لەنێوان یوسف قەرەزاوی و ئەیمەن زەواهیری و هەندێک لەو ئیسلامی سیاسییانە نابینم، ئەوەی

هەشبێت زیاتر رووکەشانەیە نەک ناوەکی بێت، لەسەروبەندی بەهاری عەرەبیدا ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیای قەرەزاوی جوانتر خۆی نمایش کرد،کەچی هێشتا لەم هەرێمەی ئێمەدا زۆرن ئەوانەی بە قەرەزاوی سەرسامن، هیچ یاسایەکیش لەم هەرێمە نییە بۆئەوەی رێوشوێنی پێویستیان لە بەرامبەردا بگرێتە بەر،ئاخر زۆر پێویستە حکومەتی هەرێم، بە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک رێوشوێنی نوێتر بەرامبەر ئەو ئەقڵیەتە نەزۆکە تاریکپەرستە بگرێتە بەر. ئینگلتەرا پێش زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و زوو توانی کڵیسا کۆنترۆڵ بکات، قازانجیشی کرد، کەچی فەرەنسا ملهوڕی بەرۆکی گرتبوو، ئیتر بەهۆی شەڕی کاسۆلیک و پرۆتستانتەوە لە دەوڵەتی یەکەمی ئەورووپاوە بوو بە دەوڵەتی سێیەم، تا دواجار ئەورووپا بە گشتی ریفۆرمێکی ریشەیی و بنچینەیی بەسەر مەسیحییەتدا هێنا، ئێستاش ئایینی ئیسلام لە سەرتاسەری وڵاتانی ئیسلامی پێویستی بەو ریفۆرمە ریشەیی و بنچینەییە هەیە، دەنا ئەو توندڕەوییە بە ئاسانی لغاو ناکرێ،بەتایبەت ئایدیۆلۆژیاو کولتووری عەرەبی، کولتوورێکی سەقەت و سواو و کۆنەپەرستانەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەرگەی دۆخێکی نالەباری لەمجۆرە ناگرین، پێویستە حکومەت زوو بە زوو،ئیسلامی سیاسی کەنارگیرو گۆشەگیر بکات. نابێت هەمیشە بە دوای رووداوەکانا غارغارانێ بکەین، با ئیدی پێش بە رووداوەکان بگرین. ئاخر چۆن لە سەردەمی سەرمایەداریدا پارە وەکوو خوێن لەناو دەمارەکانی مرۆڤدا دێت و دەچێت، ئێستاش داعش لەناو بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا هەمان رۆڵی دراوەکە

دەبینێت.ئەوان دەیانەوێ بەرگی بەرائەت و پاکیزەیی بەبەر تاواندا بکەن،بەناوی خۆشەویستییەوە کۆمەڵگایەک لەکۆیلە دروستبکەن، گۆڕی تەیمور لەنگ لە سەمەرقەند گومەزێکی سەوزی بڵندی بەسەرەوەیەو بە ئایەتەکانی قورئان نەخشێنراوە، خەڵکی ناوچەکەش بە پیرۆزی دەزانن و دەچن نوێژی لەسەر دەکەن و قوربانی بۆ سەردەبڕن و خواردن دەبەنە سەر گۆڕەکەی بۆئەوەی ببێت بە تەبەروک.(بن عەرەبی)ش، کوشتنی حەسەن و حسێن بە ڕەوا دەزانێت و داکۆکی سەرسەختانە لە ئەمەوییەکان و یەزیدی کوڕی معاویە دەکات.سەدان نموونەی دیکە لەو جەهالەتە بەردەرگای ماڵیان لێگرتووین و پێویستە بەرنامەیەکی کۆنکریتیمان بۆ پرسێکی لەمجۆرە هەبێت،دەنا کۆمەڵگای مەدەنی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا،زۆر بێ مانا دەمێنێتەوە. ئیبلیس یەکەم کەس بوو کە دژی میتافیزیک وەستایەوە، بەڵام ئەقڵی مرۆڤیش لەگەڵ هەڵوێستەکانی ئیبلیسدا ئەوکاتەی کە دژی کڕنووشبردن بۆ ئادەم وەستایەوە، لەوڕۆژەوە ئەقڵ جوولەی تێکەوت،. من تێناگەم خودا بۆچی ئادەمی لە قوڕە شینی بەرجۆگەی گەنیو(حماء مسنون) یان لە خاکێکی نیشتووی بەشێکی وشک بووەوەی دوای لافاو کە پاشماوەی لەدوای خۆی جێهێشتبێت(صلصال کالفخار) دروستکردو فریشتەیشی لە ترووسکەی هەورە تریشقەی بێ دووکەڵ(مارج من نار) نەقش کرد، کەس نییە ڕاڤەی ئەو بەسەرهاتەم بۆ بکات، ئاخر ئادەمێک کە لە قوڕی بۆگەن دروست بکرێت، هەر ئەوەی

لێدەردەچێت کە حەوا فریوی بدات و سێوە حەرامەکەی دەرخوارد بدات و خوداش فڕێی بداتە دۆزەخی ئەبەدییەوە.

ئینجا زۆر سەیرە جەنابی وەزیر کە هاوکات ئەندامێکی (م.س)حزبێکی ئیسلامی سیاسییە، خۆی بە بەژن و باڵای دوو گەورە فەیلەسووفدا شۆڕکردۆتەوە، وەک بڵێی ئەوەتا منیش دەزانم مارکس و نیچە چیان نووسیوە،نازانم چۆن جەسارەتی کردووە بنووسێت (ئەگەر تۆزێکیش عەقڵ و مەعریفە و ڕۆشنبیریت هەبوایە قسەی ئەو پیاوە گەورانەی وەک مارکس و نیتشە و غاندی و ئۆکلای و برناردشۆ و گۆتە ......کە بەڕێز و ئەدەب و زۆر بە جوانی باسی پێشەوای مرۆڤایەتیان کردوە دەتخوێندەوە،ئەو کات نا ماقوڵی وات نەدەکرد).بەراستی جەنابی وەزیر ئەگەر یەک تۆز مەعریفەی هەبوایە ئەو بوختانە گەورەیەی نەدەکردە ملوانکەو بە گەردنی (مارکس و نیچە)وە نەدەکرد، ئاخر جەنابی وەزیر بەس یەک دێڕم لە هەموو کتێبەکانی مارکس و نیچە بۆ بدۆزەوە، بۆسەلماندنی قسە بێ بنەماکانت، ئەی مارکس نەیوتوە (ئایین ئەفیونی گەلانە)؟ئەی نیچە مردنی خودای ڕانەگەیاند؟،باشە تۆ کە هیچ لە مارکس و نیچە نازانی بۆچی هاتووی ناویان ریز دەکەی، دە بڕۆ (رەخنە لە فەلسەفەی ماف لای هیگل)و(ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی)و(ئەنتی دۆهرینگ)ی مارکس و ئینجا زەردەشتەکەی نیچە بخوێنەوە،ئینجا تێدەگەی ئەو دوو مرۆڤە گەورەیە چۆن ئایینیان گەیاندە مۆزەخانە.ئەم دوو فەیلەسووفە بوون ئایینیان پێچایەوەو بردیان لە مۆزەخانە ناشتیان.ئەمە کارەساتە یەکەمجار بۆ خۆت

که سەلماندت خوێنەوار نیت، ئینجا بۆ حیزبەکەت کە ئەندامی (م.س)ەکەی وابێت، ئەی دەبێ حاڵی ئەوانی دی چۆن بێت، ئینجا بۆ ئەو حکومەتە کە بەهۆی کارەساتی حکومەتی بنکە فراوان و تەوافوقەوە، ئاوەها کەسانی نەخوێنەوارو نەزان دەبن بە وەزیر، ئاخر ئەم بەڕێزە جگە لەوەی لە فیکرو فەلسەفە زۆر کۆڵەوارە،ئەوەتا لە زمانی کوردیش زۆر فەقیرحاڵە، نووسیویەتی (وەڕینی سەگ و تاژی نابێتە هۆی دواکەوتنی کاروان)یان (سەگ و تانجیش تەنها حەپە حەپیان بۆ دەمێنێتەوە)ئەوە یەکەمجارە ببیستم کە تاژی دەوەڕێ یان دەحەپێنێ)،هەر زانیومە تاژی نووسکەی دێت، سەگیش دەحەپێنێت، بارەکەڵا وەزیری کشتوکاڵ، من دەمزانی تۆ کابرایەکی گوندیت نەک شارنشینی، بەڵام لە زمانە گوندییەکەشتدا هەر بەدبەختی،ئاخر تۆ دەتەوێ بەم زمانی قسەکردنەوە لەناو جوتیاران جێگەو پێگەی خۆت بکەیتەوە..ئێستا دەبوو ناوی هەموو دارودرەخت و ناوی هەموو گوڵە ڕەنگاورەنگەکانی ئەم هەرێمەت بزانیبایە، ئێستا دەبوو هەموو ئاژەڵێک کە لەم هەرێمەدا هەن ناویانت بزانیباو توانای پێناسەکردنی هەر یەک لەم دارو درەخت و گوڵ و ئاژەڵانەشت بزانیبایە، خۆ پۆستی وەزیری هەر بۆ لاف لێدان و جنێودان بە خەڵک نییە برا، پۆستی وەزیری پێویستی بە خزمەت و ئەزموون و شارەزاییش هەیە، شوکری فەزڵی وتەنی (بیری وردیشی دەوێ هەر بە دوعاو نوێژی نەکەی).بەڵام گرفتی بنەڕەتی لەوەدایە ئێمە ئەوەندەی پارێزەر یان دروستکەری ڕێبازی سەلەفی-ئوسولیمان هەن نیو ئەوەندە پارێزەری ڕێبازی ئەقڵانیەتمان

نییە،نەک تەنیا لە لایەن سیاسییەکانمانەوە، بەڵکو لەناو زانکۆکانی کوردستان و لەناو ئەوانەی ئەمڕۆ پێیان دەوترێ نووسەرو رۆشنبیر.

گەورەترین گرفتی بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەوەیە، نەیانتوانیوە لە نێو کتێبەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەت قوتابخانەی غەرناتە بێنە دەرەوە، ئەقڵیان بە کتێبە نوێکان ناشکێت و توانای هەزمکردنیشیان نییە،ئەوان لە بن عربی و ئیبن خەلدونەوە سەرنەکەوتوونە، ئەمە گرفتەکەیانە.دەزانم ورگنەکانی ئەم سەردەمە زۆرن کە تابلۆکانی ڤان کوخ بە دیوارەکانیانەوە هەڵدەواسن،بەڵام لە بچووکترین مانای تابلۆکان ناگەن،ڤان کوخ جگە لەوەی لە داخی کۆمەڵگاو دەسەڵات شێت بوو، هاوکات زۆربەی کاتەکان لە برسانا زگی هەڵدەگووشی و بەمەش رقەکانی ئەستوورتر دەبوون و بە دروستکردنی تابلۆیەک زگی خۆی تێر دەکرد، دەزانم زۆرن ئەوانەی لە سمفۆنیای بیتهۆڤن ناگەن، هەر ئەوەندە لە سیمفۆنیای بتهۆڤن دەگەن کە جەنابی وەزیر لە مارکس و نیچە گەیشتووە، لە کاتێکدا بتهۆڤن هەردوو گوێی نەک هەر زۆر گران بوو، بەڵکو کەڕ بوو، گوێی لە ئاوازە دڵفڕێنەکەی خۆی نەدەبوو، بەڵام باش باش دەیزانی چ سمفۆنیایەکە دەیژەنێ، کە هەموو جیهان لەگەڵ سمفۆنیاکەیدا دێنێتە سەمایەکی خودایی.

مرۆڤ بۆ ئەوەی رقی لەخۆی نەبێتەوە، پێویستە بێ گوناهی خۆی رابگەیەنێت،ئەوانەی هاتن لەسەر دارو بەردی هەرێمێکی وێرانکراوو کاولکراو

بانگێکی ناهەقیان هەڵداو، لەسەر خوێنی کوردان، بە زمانێکی لەنگەوە بۆمان ئاخاڤتن، دەبوو زوو بمانزانیبایە ئەو پێکەنینە ناوەختەیە بەرەو چ دۆزەخێکمان پەلکێش دەکات، بیستساڵی رەبەقە ئەو ئەزموونە تاڵە لەبەرچاومانەو پەندو عیبرەتیشی لێ وەرناگرین. پۆل ریکۆر و زۆر لە فەیلەسووفەکانی دیکە وتوویانە ئیمانی پرۆتستانتی خۆی لە فەلسەفەو بۆچوونە فەلسەفییەکانیدا لەبەر چاو ناگرێت، ریکۆر دەڵێت:کاتێک دەمەوێ لەسەر دەقێک کار بکەم، ئەگەر ئایدیای پرۆتستانتییەکەم لەبەر چاو بگرم، بێگومان ئەو ئامانجەی کە لەبەر چاوی خۆم گرتوومە وەدی نایە.ئەو برادەرانە وەک(أصحاب الكهف)یان لێهاتووە، تازە بە تازە بە ئەقڵییەتی دامەزراندنی سیستەمێکی لاهوتی وەک ئەوەی سەدەکانی ناوەڕاست دەژین،ئاگایان لە دونیای جیهانگەرایی نییە،سەدام حوسێن و لە گرتووخانە بوو بە ئەقڵیەتی من سەرۆک کۆمارم رەفتاریدەکرد، تا لە سێدارە درا.لینین بۆیە توانی رووسیا بەرەو سۆڤیەت ببات، چونکە بە وردی واقیعی کۆمەڵگای رووسی دەخوێندەوە، دەنا لینین لە فیکر زۆر زۆر لە دواوەی بلیخانۆف و ترۆتسکی و تیۆریستەکانی دیکەی روسیاو کاوتسکی ئەڵمانیا بوو، چ جای مارکس و ئەنگڵس.

ئێمە لەگەڵ عەرەب ئایین و تا رادەیەک کولتوورێکی هاوبەشیشمان هەیە، بەڵام لەهەردوکیاندا زەرەرمەند بووین، ئەوەتا ئایین کە لە بنەڕەتدا بۆ پێکەوەژیان و قووڵکردنەوەی لێبوردەییە،ئەگەر چی زۆربەی هزرڤانەکانی ئەوروپی لەوەدا کۆکن کە ئایین لە هەموو سات و

سەردەمەکاندا بۆ پارێزگاریکردن لە ملکەچی چینە بندەستەکان بەکار هاتووە، واتا ئایین نەک هەر نەیتوانیوە چەوساندنەوەی سەر مرۆڤ بسڕێتەوە، بەڵکو نەیتوانیوە ئەو ئازارە سەختانەی چەوساندنەوە لەسەر مرۆڤەکان تەنانەت سووکیش بکات.ئەمە هۆکارێکە کە ئایین بۆ ئێمە لە جیاتی لێبوردەیی،ئەوەتا توندوتیژی بەرهەمهێناوە .ئایینەکان دوای ئەوەی لە توندوتیژی مەست و حەیران دەبن، لەخوێنی یەکدی تێر تێر دەبن، ئینجا بیر لە لێبوردەیی دەکەنەوە،لە سەدەکانی ناوەڕاست ئایینی مەسیحی زمانی هەزاران کەسی رووناکبیری لە بنەوە بڕی و ئینجا سەریشی دەبڕین و دواجار دەشیسووتاندن، جیۆردانۆ برۆنۆ، نموونەیەکی بچووکی ئەو ئازارو سووتاندنەیە .

ئێمە لەم هەرێمی کوردستانە راستە ئینتیمایەکی سروشتیمان بۆ عێراق نییە، چونکە عێراق لە مێژووی دروستبوونییەوە کە ئەوا نزیکەی یەک سەدەیە هەر کوردی بە ئاگرو ئاسن سەرکوتکردووە، بە پێچەوانەی سکوتلەندییەکان کە پێیانوایە ئەوەی بەهۆی بەریتانیاوە دەستیان کەوتووە رەنگە بە تەنیا لە سکۆتلەنداوە دەستیان نەکەوێت. ئەم هەموو هەرێمەی لە ئیسپانیاشدا هەن، رەنگە هەمان بۆچوونی سکۆتلەنییەکانیان هەبێت، ئەگەرچی ئیسپانیا ئەوەندە لەمێژیش نییە بەنێو شەڕێکی یەکجار سەختی ناوەخۆدا رەتبووە.بەڵام کورد ئینتیماو ناسنامەکەی چییە؟ زۆربەی خەڵکی کوردستان ناسنامەی خۆیان بە کوردستانی وەک ئاماژەیەک بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان ناوزەد دەکەن، ئەی کولتورمان؟ لە هەر چوار

پارچە سەر بە چوار کولتووری جوداین، سەر بە چوار رۆشنبیری جوداین،سەر بە چوار سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جوداین، تەنانەت لەناو خودی هەرێمی کوردستانیشدا سێ پارێزگاکە خاوەنی وردە کولتووری جیاوازو فەرهەنگی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جیاوازە. ئەمانە هەموویان گرفتن ئەگەر چارەسەر نەکرێن، خۆ لە ئەمریکاو هیندستان و وڵاتی چین دەیان وردە کولتوور بەریەکدەکەون، چەندین ئایینی ئاسمانی و زەوی بەریەکدەکەون، گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمێک لەو وڵاتانە تەواو جیاوازە لە هەرێمێکی دیکەی هەمان وڵات،بەڵام سیستەمێکی گونجاویان بۆ رێکخراوە، کە هەموویان لەچوارچێوەی وڵاتەکانیان دڵخۆش و ئاسوودەن. ئیسلامی سیاسی لەم هەرێمی کوردستانە ئەوەندە دواکەوتووە، بە هەوەسی دڵی خۆیان خەڵک تەکفیر دەکەن و هەر خۆشیان بوونەتە وەکیل و دەمڕاستی خوداو پێغەمبەری ئیسلام و ئایینەکە، دەنا ئەوە پێویستە دادگا پەلکێشی لێکۆڵینەوەی بکات، کە بە چ مافێک ئەوان خۆیان کردووە بە نوێنەری خودا... لای هزرڤانەکانی رێنیسانس سوقرات بەقەد حەزرەتی مەسیح پیرۆز کرابوو، لە سەردەمی رۆشنگەریش ئایینی مەسیح پێچرایەوەو تەنیا لە ناو چواردیواری کڵێساکان هەناسەی دەدا، ئەمە پەیوەندی بە قۆناخەکانی هزری مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بزووتنەوە ئیسلامیەکانی هەرێمی کوردستان زۆر درەنگ هاتن، کە وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسی بەناو ئیسلامی خۆیان نمایشکردووە، چونکە ئەگەر چەندین سەدەیە بزووتنەوەی لەمجۆرە

تیۆررێژی بۆ دەکرێت و خۆشبەختانە فریای کوردستان نەکەوتن، ئێستاش زۆر درەنگە،بۆ ئەوان و ناگەن بە هیچ.وا بزانم عەزیز نەسینە دەڵێت:کاتێک هاتمە ژیانەوە بۆ مەرگ زوو بوو، بۆ ئەشق درەنگ،بمبوورە گیانەکەم درەنگ گەیشتم،دە هەنگاوم ماوە بۆ ئەشق و پێنج هەنگاویشم ماوە بۆ مەرگ. سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بە سنووردااناتێکی ورد بۆ بزووتنەوە ئیسلامگەراکانی کوردستان، دەڵێم لینین لە سەروبەرندی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیادا، هەندێک لەگەڵ شۆڕشەکە بوون و هەندێکیش لەگەڵ شۆڕش داگیرساندنەکەدا نەبوون، لینین وتی دوێنێ زوو بوو، سبەی درەنگە، ئەمڕۆ شۆڕش، بێگومان وایشی کردو سەریشکەوت.

## دەسەڵاتی گەندەڵ ... کۆمەڵگەی مێگەل

کۆمەڵگەی کوردی بە درێژایی مێژووی (ئەگەر بەمانا زانستییەکەی مێژووی هەبێت)، پڕە لەتوندوتیژی، پڕە لە جاشایەتی و درۆکردن و فریودان وگەوجاندن، لەوەتەی لە نێو دەقی ئەم کتێب و ئەو کتێب و لە چەند پەڕەگرافێکدا باسی کۆمەڵگەی کوردی دەکرێ، ئەو کۆمەڵگەیە یان ئەوەندە سادەو ساویلکە بووەو هەڵخەڵەتێنراوە،یان ئەوەتا نەیزانیوە تەنانەت داوای مافەکانی خۆیشی بکات، هەموو دەسەڵاتدارو رژێمە یەک لە دوای یەکەکانیش ئەم هەلەیان بەرامبەر بە کورد قۆزتۆتەوەو زیاتر گەوجاندوویانەو هەڵیانخەڵەتاندووە،بە دەسەڵاتی گەندەڵی کوردیشەوە.

بۆیە هەموو راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد، نەگەیشتوون بە ئامانجی راستەقینەی ئەم گەلە کەسەربەخۆیی بووە..چونکە سەرکردە سیاسییەکانیشمان بەرهەمی ئەم کۆمەڵگەیە بوون. ئەمە لە کاتێکدا لەناو هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا یەک شەهید نادۆزیتەوە لە پێناوی گەندەڵی و دزیکردندا گیانی خۆی بەخت کردبێ(هەڵبەت ئەگەر لە پێناو کارێکی ئاوا قێزەونیش کوژرابێ بە شەهید دانەنراوە)بەڵکو هەموو شەهیدانی کوردستان لە پێناو خاک و گەلەکەیاندا گیانیان کردۆتە قوربانی.بەڵام سیاسەتی چەوتی حزبە سیاسییەکان(سەرکردایەتی) لەوەدابووە، بە درێژایی مێژووی خۆیان نەیانتوانیوە بنەمای مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی راستەقینە دابڕێژن، نەیانتوانیوە یان هەر نەیانویستووە مرۆڤی نوێ دروستبکەن، بەڵکو رق و کینەیان لە ناخی مرۆڤەکاندا چاندووە. ئەوەتا چاندنی ئەم رق و کینە و پەروەردەکرنی ئەندام و کادیرانیان بە گیانی تۆڵەسەندنەوە، خەریکە رۆژ لە دوای رۆژ ئەم حیزبانە ئێکسپایەر دەکات و لە کۆمەڵگەو لە وڵاتیش دادەبڕێن و لە کونجێکی بچووکا خۆیاندەبیننەوە. نا نیشتمانیبوونی دەسەڵات لەو ئاستەدایە تەنها بۆ ئەوەی ئەو هەموو دزی و گەندەڵییەی خۆی بشارێتەوە، رێگە خۆشدەکەن هەموو کۆمەڵگەش بەرەو گەندەڵی و دزی مل بکوتێ, بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ سنوورێک بۆدەسەڵاتخوازی و پاوانخوازیان دابنێن. یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی رووخانی دەوڵەتە دێرینەکانی رۆما بەتایبەت کارتاژو لاسدمۆن، ئەوەبوو دەسەڵاتی یاسادانان زۆر زیاتر لە

دەسەڵاتی جێبەجێکردن گەندەڵ ببوو. لە ئیمپراتۆرییەتی رۆماوە، مێژوو بۆمانی نووسیوەتەوە کە کام سەرکردە باش بوونەو کامەشیان خراپ و ستەمکارو گەندەڵ بوون.کالیگۆلا، نیرۆن، ئۆتۆن، ڤێلیۆس و چەندانی دیکە لە سەرکردە ستەمکارو گەندەڵەکانن، لەولایشەوە، ئۆگۆست، ڤسپازین، مارک ئۆرل و چەندانی دیکە مێژوویەکی رووناکیان بۆ خۆیان نووسیوەتەوە .

لە (24)ساڵی رابردوودا، ئەم کۆمەڵگەیە، نەک نەیتوانی تەکانێکی پتەو بەخۆی بدات بەرەو خۆناسین و وریاکردنەوەی خۆی، بەڵکو تا ئەمڕۆش دەسەڵاتی کوردی لە هەوڵی درێژەدانێتی بۆ گەوجاندنی ئەو کۆمەڵگایە، نەوەی نوێی ئەم کۆمەڵگایە لەم هەرێمە لە ژێر سێبەری شەڕی ناوەخۆ چاوی هەڵهێناوەو بە توندوتیژی موتوربە کراوە، لە قوتابخانەو زانکۆکاندا هەمیشە گۆڕی بە کۆمەڵ، کوشتنی ژن، چیرۆکی ئەنفال، گرتووخانەکانی دەزگا هەواڵگرییەکان، بێسەروشوێنانی شەڕی ناوەخۆ، ترسی دەروونی و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ، هەموو ئەمانە لە نێو هەست و نەستی نەوەی نوێ چەسپیوەو رێگایان لە نەوەی نوێ گرتووە، بە هێمنی بیربکاتەوە، تەنانەت رای گشتیش لەم هەرێمە هەمیشە پێشێلکراوە.بۆیە ئایندەی ئەم نەوە نوێیە وەک ستیڤن سپێندەر دەڵێت: لە بۆمبێکی شاراوەی دانراو دەچێت. هەندێک سیناریۆی پێکەنیناوی بەڵام لە ناوەرۆکدا زۆر مەرگەساتئامێز لەماوەی ئەو (24) ساڵەدا هاتوونەتە پێش، زۆر بە زەقی پێتدەڵێت ئەو کۆمەڵگەیە هێشتا مێگەلەو ئەقڵیەتی خێڵ

فەرمانڕەوایەتی دەکات، کۆمەڵگەیەکی نەخۆشەو پێویستی بە چارەسەرێکی درێژخایەن هەیە، تا بتوانێ لەسەر هەردوو قاچەکانی خۆی بوەستێ.. پێماندەڵێت ئەو کۆمەڵگەیە نازانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کوێدایە، وەکوو ئەو کرێکارە نەخوێندەوارو نا هوشیارە وایە، کە ئینتیمای بۆ حزبێکی سەرمایەداری هەبووبێ، بەڵام نەچووبێتە ناو حزبێکی کرێکاری کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو دامەزراوە (هەڵبەت ئەم نموونەیەم بۆ کوردستان نییە، چونکە لە کوردستان حزبێکی کرێکاری بوونی نییە).

ئێمە کە قسە لەسەر کۆمەڵگای کوردی دەکەین،گرفتی کۆمەڵگا لەوەدایە بە درێژایی مێژوو حکومەتی ستەمکارو ملهوڕ حوکمڕانی بەسەردا کردووە،بە رادەیەک هەندێجار کۆمەڵگای تووشی لادان کردووە، ئەگینا زۆر بە دەگمەن وا رێکدەکەوێ گەندەڵی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەوە دەستپێبکات، چونکە خۆشەویستی بۆ نیشتمان هەمیشە واتای یاشبوونی ئەخلاق و کردارەکانیەتی.پێچەوانەکەشی هەر راستە باشبوونی ئەخلاق و کردەوەی کۆمەڵگا بە تەندروستی واتای خۆشەویستی بۆ نیشتمانیشە. ئەو کۆمەڵگایانەی تووشی گەندەڵی و بەدئەخلاقی هاتوون، زۆر بە ئاستەم توانیویانە کاری مەزن بکەن،کارەساتی کۆمەڵگە ئەوکاتە قووڵدەبێتەوە کە یاساکانی هەرێمەکەی هۆکارێک بن بۆ گەندەڵگردنی خەڵکەکە، ئەوەش وەک مۆنتسکیۆ لە کتێبی (رووحی یاساکان)دا،ئەوکتێبەی کە بۆ ماوەی (20) ساڵ ئینجا تەواویکرد، دەڵێ: ئەمەش هیچ دەرمانێکی نییە، چونکە دەردەکە لە خودی دەرمانەکەوەە سەرچاوەی گرتووە.

هەندێک لەو سیناریۆیانە بە خێرایی ناو دەهێنم ئینجا تیشکی ڕەخنەم دەخەمە سەر کۆمەڵگەی کوردی، زۆر لەمێژ نییە، شیری تەگە لە یەکێک لە گوندەکانی دەشتی هەولێر بەزمێکی پڕ لە ئافاتی نایەوە، یان ئەو کچەی گوایا وەکوو مانگ تیشکی سەندو بەرەو ئاسمان هەڵچوو، دوایی بە قودرەتی قادر هاتەوە سەر زەوی !!، یان ئەو مەلایەی بە هەنگوین و ڕەشکە نەخۆشی شێرپەنجەی چارەسەر دەکرد !!، یان لە دواجاردا ئەو وێنانەی تاڵەبانی کە بڵاوکرانەوە، گوایا لە دۆخێکی زۆر باشدایە، ئیتر خەڵک نەک هەر ڕژانە سەر شەقامەکان و فیشەکیان بۆ ئاسمان هەڵدا، بەڵکو ئۆتۆمبیلەکانی خۆشیان دەسووتاند...

من هەمیشە رقم لە نووسینی شەرمنانەو زۆر ترسنۆکانە دەبێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە ئەمڕۆ تێیکەوتووین، بێگومان ناتوانین بە جورئەتانە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین، بەڵام خۆ دەشتوانین، نووسینەکانمان لەلایەک ئەوەندە ترسنۆکانەو شەرمنانە نەبێت ، کە خوێنەر بێزی نەیە بیخوێنێتەوەو،لە لایەکی دیکەیشەوە ئەوەندەش پڕی نەکەین لە بەهارات و مکیاج،دیارە دەشزانم دوژمنانی گەل چۆن درۆو بوختانی گەورە بۆ نووسەری بوێر دروستدەکەن و بە هەزاران ئامراز سەدان ڕێگای نا مرۆڤانە دەگرنە بەر بۆ لێدانی نووسەران، نموونەی نەسر حامد ئەبوزێد و فەرەج فۆدەو دەیانی دیکە لەبەرچاومانن، دەزانم ئەوانەی لەو ڕێگایە کۆڵ نادەن، چ ئافاتێک بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان دروستکردووە، بەڵام ویژدانی مرۆڤایەتیش کاڵا نییە هەموو ڕۆژێ بیکڕی و

بیفرۆشیتەوە. واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر چی بەدرێژایی ئەو چەند هەزار ساڵەی کە ناوی مێژووی لێنراوە، واقیعێکی ژەهراوییە، بەڵام لەو (24) ساڵەی رابردوودا چەند وێستگەیەکی گرنگیش دروستبوونە کە وامان لێدەکات، بۆ لێکۆڵینەوەو تیشک خستنە سەر کۆمەڵگەی کوردی وەک لینین لە سەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 وتی دوێنێ زوو بوو سبەی درەنگە ئەمرۆ شۆڕش، بۆ ئێمەش ئیمرۆ کاتی ئەوەیە ئیتر درۆکان ئاشکرا بکەین، دەمامکەکان لەو مێژووەمان هەڵبماڵین کە تا ئێستا بە دەمامکدراوی ماونەتەوە،کاتی ئەوە هاتووە بەدەنگی بەرز بڵێین کۆمەڵگەی خێڵ کۆمەڵگەیەکی داخراوەو، گەوجێندراوە، با چیتر لەو بازنە بەتاڵە گینگڵ نەدا. لە کۆمەڵگەی داخراودا تەنها دیکتاتۆرەکانن دەبن بە کاریزماو زەروورەتی مێژوو و دەبن بە خاوەنی مێژوو و ناووناوبانگ دەرکردن، ناپلیۆن، رۆپسپێر، کرۆمۆیل، ستالین، مۆسۆلینی، هیتلەر، کاسترۆ، قەزافی ،سەدام...هتد هەموویان بەرهەمی کۆمەڵگەی داخراون و لەنێو ئەو کۆمەڵگایە گەشەیان کردووە.لە بەرامبەردا زۆر زۆر کەمن ئەوانەی هەوڵیانداوە، کۆمەڵگەی داخراو بە ئاراستەی ئاشتی و دادپەروەری و پێکەوەژیان وەربچەرخێنن، گاندی و ماندێلا دوونموونەی لەو جۆرەن، رەنگە ئێمەی کورد هەمووما‌ن تا رادەیەک کەم و زۆر ستالین و ناپلیۆن و هیتلەرو..و.. دەناسین، بەڵام چەند کەس لە ئێمە (سافانۆردۆلا) دەناسێت؟ ژیان وای لێهاتووە،هەمیشە بە درێژایی مێژوو کەمینە حوکمی زۆرینەی کردووە. دەسەڵاتی ستەمکار هەرەسی بە هەر جوولەیەک یان هێزێکی

دیموکراسی هێناوە، راستە ئەمڕۆ دیموکراسی بۆتە پرەنسیب و بنەما بۆ سەرجەم یاساکانی حوکمڕانی، بەڵام ئەوە لە کۆمەڵگای کوردی درۆیەکی شاخدارە ، کە دەسەڵات رۆژانە وەک ملوانکە دەیکات بە مل و گەردنی خۆیەوە. گرفتی خوێنەوارەکانی ئەم کۆمەڵگا تەقلیدییە لەوەدایە، هێشتا ناتوانێ پێناسەیەکی نوێ بۆدیموکراسی و جیاکردنەوەی حزب لە دەسەڵات بکات.(2500) ساڵەدیموکراسی لەیۆنانی کۆنداجۆرە پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ کراوە، ئێمە تا ئێستا هەر ئەو پێناسەیەی(2500) ساڵ لەمەوبەر وەک تووتی دەڵێینەوە، وەک ئەوەی هەنگوینمان لەناو داری کلۆردا دۆزیبێتەوە. ئەمڕۆ لە وڵاتانی دیموکراسیدا بە هیچ شێوەیەک دیموکراسی بە واتای حوکمی زۆرینەو کەمینە لێکنادرێتەوەو ئەمە بۆ ئەمڕۆ رێک دیکتاتۆرییەتە نەک دیموکراسی..

دیموکراسی لە نوێترین پێناسەیدا لە یەک رستەی کورتدا چڕ کراوەتەوە کە ئەویش: دەستاودەستکردنی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی مافی کەمینەیە. ئەفلاتوون بڕوای بەوە هەبوو کە گەندەڵبوونی ئەخلاق، زەمینە بۆ گەندەڵبوونی سیاسی خۆشدەکات، پێچەوانەکەیشی هەر زۆر راستە، گەندەڵبوونی سیاسی بێگومان گەندەڵی ئەخلاقیشی لێدەکەوێتەوە. کۆمەڵگای کوردی کەوتۆتە ناو داڕووخانێکی قووڵی ئەخلاقییەوە، ئەمەش نەک هەر داڕووخانی سیاسی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەڵکو داڕووخانی ئابووری و داڕووخانی ئەدەب و هونەرو تەنانەت فیکریش(ئەگەر هەمانبووبێ)ی لەگەڵ خۆی گرێداوە.چونکە وەک هیراکلیوتوس دەڵێت: ئەو

ڕێگایەی کە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێ، هەر ئەو ڕێگایەشە بۆ خوارەوە دادەکشێ، واتا هەر بەو ڕێگایەی دەچیت بۆ سەرەوە، هەر بە هەمان ڕێگا دێیتە خوارەوە. باسی هیراکلیتوسم کرد،هیراکلیوتوس ئەو فەیلەسووفە بوو کە بۆ یەکەمین جار وێنای (گۆڕان یان سووڕان)ی دۆزییەوە، تا ئەوکاتە هەموو فەیلەسووفەکانی یۆنان لە ژێر سێبەری فیکری ڕۆژهەڵاتیدا بوون، هیراکلیوتوس ئەو چەقبەستووەی یۆنان و ڕۆژئاوای شکاندو بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەری لەسەر گەشەو گۆڕانکاری فەلسەفەی یۆنان دانا. هەموو فەیلەسووفەکانی دواتر وەکوو (پارمیندسن دیموکریتس، سوقرات، ئەفلاتون و ئەرستۆو...و..و..) هەر هەموویان قەرزارو قوتابی هیراکلیوتوسن،لە خۆڕا نەبوو نیتشە ئاوەها سەرسامی خۆی بۆ هیراکلیوتوس نیشاندەداو بە توندیش ڕەخنەی لە سوقرات و ئەفلاتون دەگرت. هیراکلیوتوس واتا یەکەمین فەیلەسووف کە جگە لە خەریکبوونی بە سرووشت، خەریکی پرسە ئەخلاقی و سیاسییەکانیش بوو. ئێمە لەم هەرێمەدا، گیرمان بەدەستی حزبی کلاسیک و (باو) خواردووە، بێزاربووین لە توندوتیژی و یەکتر سڕینەوە، بزووتنەوەی گۆڕان وەک یەکەمین هێزی بزووێنەرو کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، توانیویەتی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی تەندروستتر لە حیزبە باوەکانی تر ببات، بەڵام چەند شارستانیتر دەبوو ئەگەر حیزبێکی سیاسی لەنێو شەقامەکانەوە سەریهەڵدابا، باکگراوەندێکی فیکری و سیاسی هەبوایەو هەموومان هەستمان بکردایە کە گوزارشت لە ئازارو مەینەت و بەرژەوەندییەکانمان

دەکات، دڵنیام رۆژی دروستبوونی حیزبێکی لەو جۆرەش هەر دێت، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان توانی ترس لەدڵی خەڵک دەربکات و دەسەڵات لەبەرچاوی خەڵک زۆر زۆر قێزەون بکات، ئەمەش هەنگاوێکی پڕ لە درک و داڵ بوو، نەوشێروان مستەفا نەبوایە، لەم هەلومەرجە یەکجار سەخت و دژوارەی ئەمڕۆی کوردستان کەسی تر نەیدەتوانی سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی لەمجۆرە وەئەستۆی خۆی بگرێت و ئاراستە و رێنمایی بکات و بیشیبزوێنێ.

من پێموایە وەک چۆن هیراکلیوتوس دەڵێت: فیساگۆرس باوکی هەموو سەختەچییەکانە. یان هەموو فەیلەسووفەکانی رۆشنگەری و دوای رۆشنگەری کۆکن لەسەر ئەوەی کە دیکارت باوکی فەلسەفەی نوێیە، بەڵام (ئەمانۆیل کانت) بەهێزو تینێکی زۆر بەهێزتر لەدوای دیکارت هاتە پێش و زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسوفە ئەقڵانییەکان لەژێر کاریگەری(کانت)بوونەو دەبن، بەهەمانشێوە، برایم ئەحمەد باوکی ریفۆرمخوازەکانی حیزبە، بەڵام قۆناخ و هەلومەرجی سیاسی و رۆشنبیری و ئابووری و سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەسەردەمی برایم ئەحمەد جیاواز بوو، بۆیە نەوشێروان مستەفا  بە هێزو تینێکی زۆر بەهێزتر لە دوای برایم ئەحمەد هاتە پێش و توانی بنەماو بناخەیەکی زۆرپتەوتر بۆ سیاسەت و سیستەم و ئەقڵانیەتێکی فیکری و سیاسی بۆ ریفۆرم لە هەرێمی کوردستان دابڕێژێ، کە ئیتر پاشگەزبوونەوەی بۆ نەبێت. ئەمە دروستکردنی مێژووە لەم

هەرێمە، ئێستا نا بەڵام دەیان ساڵی تر لێکۆڵینەوەی زۆر جیدی دەنووسرێن، کە نەوشێروان باوکی نوێی ریفۆرمە لە هەرێمی کوردستاندا.

کۆمەڵگای کوردی وەک کۆمەڵگایەکی داخراو، وەک کۆمەڵگایەکی عەشایری، سەرکردەو قارەمان و شۆڕشگێڕ و کاریزمای زۆرە، سەیری نەهامەتییەکانی ئەم هە رێمە بکەن، قارەمان و شۆڕشگێڕو کاریزما و عەشایر !!،ئەمانەمان زۆرن،بەڵام کام لەو سەرکردەو قارەمان و کاریزمایانە نازناوی باوکی ئاشتییان هەڵگرتووە؟ یان باوکی رزگاریخوازی نەتەوەیان هەڵگرتووە،یان باوکی دادپەروەرییان هەڵگرتووە؟،زۆر ئەستەمە لە مێژووی سیاسیدا سەرکردە و سەرۆکێک بدۆزینەوە، لە کاتێکدا خووی بە دەسەڵاتی رەهاوە گرتبێ، بەڵام گەندەڵ نەبووبێ، ئەمە زۆر ئەستەمە. هەروەکوو لۆرد ئاکتۆن دەڵێت: هەموو دەسەڵاتێک بە جۆرێک لە جۆرەکان گەندەڵە، بەڵام دەسەڵاتی رەها، بە رەهایی گەندەڵە. ئێمە لەم هەرێمی کوردستانەدا خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر شەهیدین، سەدان ماڵ ژنەکانیان بە بێوەژنی و منداڵەکانیان بە هەتیوی ژیانیان بردۆتەسەر، ژمارەیەکی یەکجار زۆریشمان شەل و کوێرو پەککەوتەن، نامانەوێ جارێکی تر لەپێناوی بەرژەوەندی هەندێ حیزب و گرووپ، چیتر منداڵی کەس هەتیو بکرێ، نامانەوێ کەس شەل و کوێرو پەککەوتە بکرێ، نامانەوێ باری دەروونی میللەتێک بۆ شەڕو بۆ توندوتیژی هانبدرێ. کاری مەترسیداری خەڵک ئەوەیە بڕوا بە کەسێک بهێنیت کە پێشتر خەڵکی بۆ بەرەکانی شەڕو بۆ توندوتیژی هاندابێت.سەرکردەیەکمان ناوێ نکرۆفیلی(خۆشەویستی بۆ

مەرگ)بێت، ئێمە سەرکردەیەکمان دەوێت بیۆفیلیا (خۆشەویستی بۆ ژیان) بێت.چونکە نکرۆفیلییەکان لە رابردوودا دەژین و هیچ کاتێک لە داهاتوودا ناژین، ئەوانەی مەرگیان خۆشدەوێت، هەمیشە حەزیان لە هێزە. ئەریک فرۆم دەڵێت: زۆر کەس هەن ناتوانن رەفتارو سیفاتی نکرۆفیلی لە سەرۆکەکانیاندا بدۆزنەوەو کەشفی بکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە باوکی رۆحی و بونیاتنەرو پاکیزەیی سەیریاندەکەن، گەر سەرۆکە نیکرۆفیلییەکان خۆیان وەکوو کەسانی بونیاتنەرو پارێزەرانی نیشان نەدەن، ئەوا خەڵکێکی یەکجار کەم بە دوایان دەکەون، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە دژیان شۆڕشدەکەن، زۆرتر دەبێت لەوانەی کە بەدوایان کەوتوون، بۆیە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش بە ئاسانی دەتوانن ئەوجۆرە رژێمانە بڕووخێنن.

کەسی نیکرۆفیلی دەیانەوێ خۆیان بکەن بە خاوەنی خەڵکانی تر، هەر ترسێکیش بۆ سەر موڵکی ئەو ترسێکە بۆ سەر ژیانی، گەر ئەو موڵک و سامانەی کە بە ناشەرعیش پەیدای کردووە، نەیمێنێت، ئەوا پەیوەندیشی بە جیهانەوە نامێنێ، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی ئەو کاردانەوە پڕ لە سەیرو سەمەرەیە کە کاتێک ئامادەیە ژیانی خۆی بدۆڕێنێ، نەک موڵکەکەی لەدەست بدات.

زۆر نموونەی زیندوو لەبەردەستن کە لە ژێر ئەو دەسەڵاتی هەرێمە خێڵ حوکمی قەرەقووشیان بەڕێوەبردووە لە بەرامبەر خەڵکی رەش و رووت، دەسەڵاتیش یان سەیرکار بووە، یان خۆی لە گێلی داوەو یاسا بچووکترین

ڕۆڵی نەبینیوە، ئەمەیە وایکردووە ڕۆشنبیرانی کورد نەتوانن هیچ پێگەیەکی قایم لەنێو کۆمەڵگا دروست بکەن، بێگومان دەسەڵاتیش ئەوە هەر نایەوێ ڕۆشنبیر پێگەیەکی بە هێزی هەبێ، هەر وڵاتێکیش تا ڕۆشنبیرانی کاراو فیعلی نەبێت، ئەو وڵاتە نەک هەر پێشناکەوێ، بەڵکو دوورە لە بنەماکانی مەدەنییەت و دیموکراسی و شارستانی.لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا زۆرجار مزگەوتەکانی ئەم هەرێمە  بە جۆرێک تاو دەسێنن، ڕێک کەنیسەکانی سەدەی پازدەو شازدەمان بیر دەخەنەوە کە چۆن دەستیان خستبووە ناو کاروباری خەڵکەوە. کەچی لە (25) ساڵی کۆتایی سەدەی بیست زیاتر لە(55) وڵات لە سیستەمێکی ستەمکارییەوە بۆ سیستەمێکی دیموکراسی گوازرانەوە، لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا ، چەندین وڵاتی تر هەنگاویان ناوەو وا بە ڕێوەن. کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوکردنی دیموکراسی تەنها وەکوو دروشم قەبووڵە، ئەگینا دیموکراسی لەم هەرێمەدا بە کردەوە لە خاچ دراوە. ئاخر دیموکراسی وەک کارل پۆپەریش دەڵێت: لە دیموکراسیدا بەدەستەڵاتگەیاندنی فەرمانڕەوا گرنگ نییە، بەڵکو چۆن فەرمانڕەوا بە ئاسانی لە دەسەڵات دەهێنیتە خوارەوە. واتا وەک سرووش جەختی لێکردۆتەوە، دیموکراسی شێوەی دانان و هەڵسەنگاندن و هێنانەخوارەوەی فەرمانڕەوایە.مۆنتسکیۆش دەڵێت: ئەگەر دەسەڵات بۆ تەواوی پێکهاتەکانی هاووڵاتیان بوو، ئەوا دیموکراسییە، بەڵام ئەگەر دەسەڵات تەنها لە دەست گرووپێکی بچووک و کۆمەڵە خەڵکانێکدا بێت، ئەوا دەسەڵاتەکە لە جیاتی دیموکراتی ئۆرستۆکراتی دەبێت.ئێمە

گوێمان پڕ بووە لە بەڵێن بەڵێنی بێ وادەو بەڵێنی بێ بەڵێن، سرووش لەو بارەیەوە دەڵێت: لە سیاسەت و پزیشکیدا هەر کەس بەڵێنی زۆری دا، ئەو کەسە ساختە چییە.

لەو (24)ساڵەی رابردوودا، سیناریۆی دروستکراوی زۆرمان بینی، ناوەڕاستی نەوەدەکانی رابردوو، ئەوەندە جەرگبڕ بوو، خۆ هیچی لە شەڕی گەرمی نێوان پرۆتستانتەکان و کاسۆلیکەکان کەمتر نەبوو، کە چەندین کارەساتی وەکوو( جان کالاس)ی لێکەوتەوە. ئەگینا لەم هەرێمەی ئێمەش نەک بە تۆمەت دروستکردن بەڵکو بەواقیع چەندین کێشەی(جان کالاس) روویانداوە، بەڵام ئێمەی ترسنۆک یەک تاقە (ڤۆلتێر)مان لەناو دروست نەبوو. سەیرکە رۆشنبیرەکانی ئەم هەرێمە چەند داماون. حەنائارێنت لە کتێبی تۆتالیتاریزم دەڵێت: حزبی تۆتالیتار ئەندام و کادیرانی خۆیان بە جۆرێک بۆ حزبەکانیان گۆشدەکەن، ئیتر ئەندامانی ئەو حیزبە تۆتالیتارانە حەزدەکەن بکوژرێن بەڵام لەناو ئەو حیزبە دەرنەکرێن یان دوور نەخرێنەوە، چونکە وایان تێگەیاندووە ئەندامەکان بە هۆی ئەو حیزبەوە بوونەتە خاوەنی کەسایەتی و ئیرادەکەیان لە ئیرادەی ئەو حزبەوە وەرگرتووە، هەر کاتێک کە لە حیزب دابڕان ئیتر کەسایەتی و ئیرادەو کەرامەتیشیان لەگەڵیدا نامێنێ. بۆیە لەم هەرێمەی ئێمەدا دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەک رووی نەداوە، بەڵکو دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەم هەرێمەدا رێک وەکوو ئەوە وایە گۆشت لە دەمی شێر دەربهێنی. لەماوەی (22) ساڵی رابردوودا تاکی کوردیان وا راهێناوە، ئەوەندەی حەزدەکات پێی بڵێی تۆ

پیاوێکی قارەمانی یان ژنێکی ئازاو نەترسی، ئەوەندە حەز ناکات پێی بڵێی پیاوێکی ئاقڵی یان ژنێکی ئاقڵی..هەر کاتێک کۆمەڵگا هۆشی بێتەوە بەر خۆی دەبێت سکاڵا لەسەر هەردوو حزبی دەسەلات تۆمار بکات چونکە ئەوان بوون کۆمەڵگەیان کردە کۆمەڵگەیەکی مێگەل و تەنانەت هێزی ئاڕ ئاڕ (کە هێزی تالانکردن بوو) دروستیان کردو ئەگەر ساڵی 1991 یش نەژمێرین، بەڵام لە ساڵی 1994 بە دواوەئەم هێزی ئاڕ ئاڕە بەتەواوی کاراو کاریگەر بوو.دەیان و سەدان ماڵیان تالانکردو دەستیان بەسەر سامانی هەزاران کەسدا گرت و بە تۆمەتی ئەوەی تۆ لە فلانە حیزب و ئەویتر لە فیسارە حیزبە، ئەم فەرهەنگە پارتی و یەکێتی دروستیان کرد، بۆیە رۆژێک هەر دێت دادگایی بکرێن و حوکمی خۆیان وەربگرن. ئەو دوو حیزبە هیچ بەهایەکیان بۆ پەروەردەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەهێشتەوە، برەویان بە توندوتیژی دژی کۆمەڵگەو لە دژی ژنان داو دەیان ئافرەتیان لاقە کردو دواییش زیندەبە چاڵیان کردن. بڕوانامەی تەزویر وەکوو دۆلار و دیناری تەزویر دەیانخستە بازاڕەوەو دەیان و سەدان کەس ئێستا خاوەنی بڕوانامەی باڵان و نەخوێندەواریشن. زانکۆیان لەبەرچاوی خوێندکاران سووک کرد، ئەم دوو حیزبە دەستیان بەسەر زەوی و زاری ئەم هەرێمە داگرتووەو کام شوێنی باش و بەرزو پڕ بەهاو دڵگیرە هی بەرپرسەکانی ئەم دوو حیزبەن، کام شت لەم هەرێمە گرانبەهایەو دڵگیرە هەر هی بەرپرسانی ئەم دوو حیزبەن، خەڵکی دیکەش تەنها تەماشاکردنەکەی بۆ ماوەتەوە، کوردیش وتەنی بە تەماشا نابیتە پاشا.هەر ئەمانەن وایان لەو

کۆمەڵگایە کردووە، ئەگەر یەکێک کۆچی دوایی بکات و بمرێ، خەڵکەکە دەڵێن ئیستراحەتی کرد، لە کاتێکدا مردن گەورەترین کارەسانی مرۆڤایەتییە کە روودەدات.

ئەقڵی کوردی  هەر ئەو ئەقڵەیە کە بە میرات بۆی جێماوە، ئەقڵێکی فیترییە، ئەقڵێک نییە لە ئەنجامی دۆزینەوە (اکتشاف) و ئەزموونەکانەوە دروست بووبێ،ئەقڵی کوردی هەر ئەو کۆمەڵگای ئەقڵەیە کە زەردەشتییەت و سەلاحەدین و..و.. بەرهەمهێناوە، ئەوروپاش بۆ ماوەی(1000) ساڵ لە متبوون و چەقبەستووییدا دەخولایەوە، (1000) ساڵ بوو ئەقڵ لە ئەوروپا غائیب بوو، عەرەب لەپێشتر بوون، بەتایبەت لە ئەندەلوس. کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و دیکارت  هێزو وزەی نوێیان داهێناو زەمینەیان بۆ رێنیسانس خۆشکرد، دواتریش رۆشنگەری کە بە سەردەمی ئەقڵ ناویدەرکرد خۆی نمایش کرد، کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەگەیشتووەتە قۆناخی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان کە (2500) ساڵ پێش ئەمڕۆ سەریهەڵداوە.

کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستا لەناو شێوەی بیرکردنەوەی (باو)دا خوول دەخواتەوە، پەیڕەوکردنی بیرکردنەوەی (باو)یش  وەک ئەوە وایە تۆ بەچاوی بەستراوەوە بەناو شارێکی پڕ لە خەڵک دەتەوێ گوزەر بکەیت، ئەمەش تەنها رۆیشتن و جوولەکردنێکی بێهوودەیە، چونکە ناتوانی بە چاوی بەستراوەوە بە نێو ئاپۆڕای ئەم هەموو خەڵکەوە رێگای خۆت بگریتە بەر، پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا وادەکات، هەموو

بیرکردنەوەو لۆژیکەکەی (باو)ەو ئێکسپایەر بووە، وەک ئەو شوفێرەی لێهاتووە، کە سوکانی ئۆتۆمبێلێکی کۆنی بە دەستەوەیەو بە خێراییەکی زۆریش لێیدەخوڕێ، بۆیە لە کاتی هەر پێچاوپێچی ڕێگایەکدا شوفێرەکە ناتوانێ سووکانی ئەو ئۆتۆمبێلە بە گوێرەی ڕێگاکە بسووڕێنێ، بۆیە زۆر جار سوکانی وەردەگرێ و کۆنترۆڵی سوکانەکە لە دەست شوفێرەکەش نامێنێ و دەکەوێتە دەست قەدەرەوە،31 ی ئاب نموونەیەکی زیندووی ئەم بابەتەیە ، ئێستاش پرسی شەراکەت ، دەستوور ، زۆرینەوکەمینە، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، هەڵبژاردن، ...هەمان ئەو مەترسیانەن کە پارتی ناتوانێ لەگەڵ هێزو حیزبەکانی تر هاوبەشی نیشتمانی بدۆزێتەوە، وەک باڵندەیەکی لێهاتووە کە زریان لە ڕەوە باڵندەکانی دیکەی دابڕیبێ و، سەرگەردان بووبێ و کەوتبێتە دەست قەدەرەوە، تا رادەیەک پارتی خەریکە وای لێ بێت و بکەوێتە دەست قەدەرەوە.

من دەزانم هەموو سەرکردەیەک ناتوانێ شانازی وەدەست بهێنێ، خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەمڕۆ ناوی سەرکردە زیندووەکان ئەوانەی میللەتانی خۆیان و مێژووش شانازی پێوە دەکات زۆر زۆر دەبوون، بەڵام ئەوەتا ئەو جۆرە سەرکردانە زۆر کەمن لە مێژوودا. ژینگەی سیاسی لە هەرێمی کوردستانا نەک هەر تەندروست نەبووە، بەڵکو زۆریش وێرانکار بووە، ئەم ژینگە سیاسییە وێرانەیە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتییەکە هەبووەو ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیشی وێران کردووە، لە ئاکامدا مرۆڤی ناتەندروست دروستدەبن..لە سەروبەندی

لەباریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیێت، بەتایبەت دوای هەڵوەشانەوەکەی بەهۆی ئەو ژینگە سیاسییە وێرانەیە بوو ، دەیان گرووپی مافیا دروست بوون، خەریک بوو ئەم وڵاتە پێشکەوتووە ببێتە وێرانترین وڵاتی دونیا.

دەسەڵاتی کوردی بەردەوام وەکوو تووتی باس لە دیموکراسی دەکات، کەچی هێشتا نەیتوانیوە ناخی پڕ بکات لە لێبوردەیی، بێگومان ئەوانەی زیاترو زۆریش زیاتر لە دیموکراسی بڕوایان بە لێبوردەیی نەبێ، بە هیچ جۆرێک ناتوانن دیموکراسی بن، دیموکراسی بوون بەبێ لێبوردەیی درۆیەکی شاخدارەو هیچی تر،بۆیە ئەوانەی دیموکرات نین بڕواشیان بە لێبوردەیی نییە، لەناوبردنی دیموکراسی لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کاری توندوتیژی و نابەرپرسیارانە، پێویستە کۆمەڵگەی کوردی مل بۆ حزبێکی وا نەدات تەنانەت ئەگەر زۆرینەش پێکبهێنێت. هەر سەرکردەیەک پاساو بۆ کارە توندوتیژییەکەی بهێنێتەوە، سەرچاوەکەی تا بڵێی بۆگەن و مەترسیدارە، چونکە پاساوهێنانەوە بۆ کاری توندوتیژی ڕێگە بە خۆیدەدات کۆمەڵگایەک قڕ بکات.

کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندە ناهوشیارە تا ئاستی ئەوەی پێیدەڵێین مێگەل، لەسەردەمی دەرەبەگایەتی و دوای رووخانی رژێمی پاشایەتیش لە عێراقدا، ئاغاکانی کوردستان، کە خاوەنی زۆرترین سەرمایە بوون و دەستیان بەسەر زەوی و موڵکی جووتیارانی ماندوونەناسی کوردستان گرتبوو، کوڕەکانی خۆیان دەناردە ئەورووپا بۆ ئەوەی بڕوانامەی باڵاترین

بڕوانامە وەدەستبهێنن، بەڵام ڕێگرییان لە منداڵە جوتیارو هەژارەکان دەکرد تەنانەت منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندنیش، ئێستاش دەوڵەمەندە گەندەڵەکان، دزە نەقۆڵاکان، ئەو دەوڵەمەندانەی کە هیچ ئاکارو ئەخلاقێکی مرۆڤدۆستانەیان لە خۆیاندا نەهێشتۆتەوە، کوڕەکانیان دەنێرنە باڵاترین زانکۆو دەیانکەن بە خاوەن بڕوانامەو پەروەردەیەکی باڵا، بەڵام منداڵە هەژارەکان، لە گەڕەکە میللییەکان لە خراپترین قوتابخانە درێژە بە خوێندنیان دەدەن. بۆیە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی بۆتە دوو کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکیان کە بەرفراوانترین و گەورەترینیانە بریتییە لە خەڵکی ماندووی ڕاکردوو بە دوای پەیداکردنی نانی ڕۆژ، کە بەگشتی لەوپەڕی ناڕەزایی و نائومێدان، کۆمەڵگەکەی تریش کە کۆمەڵگەیەکی بچووکە بریتییە لە بەرپرس و منداڵانی بەرپرس، ئەمانە لە ژیانێکی پڕ لە گەشتی وەک بەهەشت ، پڕ لە نازو ئیمتیاز دەژین. ئەمەیە ڕووی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی مێگەل، کە دڵنیام زۆر بەردەوام نابێت، چونکە هەمیشە لە نێو گەڕەکە هەژار نشینەکان سەرباری ناپەروەردەیی و زۆر شتی تری لەم جۆرە، بەڵام مرۆڤی واش دروستدەکات، وەکوو پۆڵا کە لەناو ئاگر دێتە دەرەوە .

دەسەڵاتی کوردی نێرەموکە، دەسەڵاتی کوردی بووەتە دەسەڵاتی بازرگان و دراو، پارەی کردووە بە هێزی شکۆداری و جوامێری و باڵادەستی، پارەی کردووە بە هێزی مەعریفەو ئەخلاق و هێزی حوکمڕانی. بەمەش حیزبی دەسەڵات هەموو ئەندام و کادیرو لایەنگرانی خۆی بە

تایبەتی و تەواوی کۆمەڵگەی کوردیش بەگشتی والێکردووە زیاتر بە دوای هەڵپەی کۆکردنەوەی سامان بکەون جا بەهەر جۆرو شێوازێک بێت، نەبوونی ئابڕوو بە نەبوونی پارە بەستراوەتەوە، بۆیە حیزبی دەسەڵات بووەتە گەورەترین کارگەو کارخانە کە مرۆڤی دزو گەندەڵ بەرهەمدەهێنێ. حیزبی دەسەڵات جۆرە مرۆڤێک بەرهەمدەهێنێ کە دین و ئیمان و نیشتمانی تەنها گیرفانە، بۆیە خەڵکانێک تینوو تامەزرۆی دەسەڵاتن بۆ ئەوەی بگەن بە سەرچاوەکانی پڕکردنی گیرفان، تەنانەت پڕکردنی گیرفان بووەتە بەشێک لە ئازایەتی و نەقشهێنان. بۆیە دەسەڵاتی کوردی چی بەهاو نەریت و ئەخلاقی هەزاران ساڵەی ئەم کۆمەڵگەیەی هەیە کردوویەتییە پارە، بێ پارەیی لە روانگەی ئەم دەسەڵاتەوە جۆرە مرۆڤێکن لە پلەی هەرە خوارەوەن و قێزەونترین مرۆڤن، نەک هەر بە تەنیا دەسەڵات خۆی، بەڵکو 22 ساڵە ئەم ئاوازە بەردەوام بە گوێی کۆمەڵگە دەخوێنێ و ئەخلاقی کۆمەڵگەشی وەکوو خۆی لێکردووە، تۆ سەیر بکە، کاتێک پیاوێکی هەژاری نەبوونی رەشورووت کۆچی دوایی دەکات، پرسەکەی پرسەیەکی ساردو سڕ و لە خەڵک خاڵییە، بەڵام کاتێک گەندەڵێکی گیرفان پڕی بێ ئەخلاق دەمرێ، بە دەیان کەس تەنها لە بەردەرگای دەرەوە بۆ پێشوازیکردن لە خەڵک دەوەستن، ئەم مزگەوتە (بێگومان لە هەموو مزگەوتێکیش پرسەکەی بۆ دانانێن، بەڵکو دەبێت مزگەوتەکەش زۆر بەناوبانگ بێت) ئەو مزگەوتە جمەی دێت لە ئاپۆڕای خەڵک. سەیرکە دەسەڵاتی گەندەڵ چ کاریکاتێرێک بەو کۆمەڵگەیە دەکات. راستە مرۆڤ

ئاژەڵێکی زۆر تایبەتە، بە جۆرێک هیچ ئاژەڵێک وەکوو مرۆڤ دڕندە نییە، هیچ ئاژەڵێک وەکوو مرۆڤ چڵێس و چاوبرسی نییە، تۆ ئەم دیمەنە بێنە بەرچاوی خۆت، کاتێک چەند شێرێک یان چەند پڵنگێک کە پەلاماری ئاژەڵێکی بێ دەسەڵات دەدەن بۆ ئەوەی بیخۆن، کاتێ دەکەونە خواردنی لاشەی ئاژەڵەکە، دەبینی شێرەکان یان پڵنگەکان، کە تێر بوون چەند پارچەیەک لە جەستەی ئاژەڵە خوراوەکە کە دەمێنێتەوە جێدەهێڵن و چەند ئاژەڵێکی دیکەی دڕندە یان تەنانەت قەلەڕەشکە و باڵندە دێن پاشماوەی جەستە پارچە پارچە بووەکە دەخۆن و تەواویدەکەن. بەڵام مرۆڤ بەتایبەتی مرۆڤەکانی دەسەڵاتی کوردی ملیارەها دۆلاریان بە رێگای دزی کۆکردۆتەوە، کەچی چاویان تێر نابێ و هەردەڵێن با بێت. ئەریک فرۆم دەڵێت، چڵێسی کارێکی نەفرەت لێکراوە، تەنانەت ئەگەر مرۆڤێک لە خواردنیشا چڵێس بێ، ئەنجامەکەی خراپ دەبێت،چونکە حەزی خواردنی زۆردەبێت و چەوری زیاد دەبێت و ئینجا چەندین نەخۆشی دیکەی بەدوادا دێت،چ جای ئەوانەی چڵێسی کورسین.چڵێسی کورسیش زۆر زۆر مەترسیدارترو دژوارترە لە هەر جۆرە چڵێسییەکی دیکە، ئامادەیە هەزاران کەس بکاتە قوربانی کورسییەکەی و دەرخواردی کورسییەکەی بدات، تا دوا جار خۆیشی دەبێتە قوربانی کورسییەکەی.

هەموو سەرۆکە دیکتاتۆرو شەڕخوازەکان، هەمیشە چەند کەسێکی تریان لە دەورە کە بە خوێنڕێژی و بە بکوژ ناسراون، بەجۆرێک خوێنڕێژی و بێڕەحمی ئەو چەند کەسانە هەندێجار لە شەڕخوازی و دیکتاتۆری

سەرۆکەکانیان توندترو گەورەترە. (ئایشمان) لە کۆمەڵکوژی جوولەکەکان لە ئەڵمانیا لە هیتلەر توندوتیژتر بوو، تەلعەت پاشا خۆ بەتەنیا نەبوو کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانی کرد، خەڵکی دیکەی زۆر لەگەڵدا هەبوو، لەشەڕی ناوەخۆی خۆشماندا کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان لەلایەن هەردوو حزبی بەشەڕهاتوو کە نەفیرعام راگەیەنرا، خۆ بەتەنیا تاڵەبانی و بارزانی نەبوون شەڕیان دەکرد و خەڵکی بێ گوناهیان دەکوشت، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە زۆربەی زۆری ئەو نازناوانە بکرێ کە فەرماندە سەربازییەکانی هەردوو حزب لەلایەن خەڵکەوە بە بەریان درووبوون دەبینین نازناوی زۆر سەیرو سەمەرەیان بۆ دانابوون کە جگە لە شەرمەزاری هیچ مانایەکی دیکەی نەدەگەیاند. رەنگە ئەو ناخە شەڕانگێزییەی مرۆڤ بووبێ وای لە تۆماس هۆبز کردبێ لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی خۆیدا کە لڤیاسان بوو بنووسێ: مرۆڤ بۆ برای مرۆڤی خۆی گورگە. نەرگسییەتی بارزانی و تاڵەبانی لە بەرامبەر یەکتریدا، گەیشتە ئەو ئاستەی کە دوو حیزبیان لە بەرامبەر یەکتردا هەڵشاخاندوو بە گژ یەکتریان وەنان و هەزاران کەسیان کردە قوربانی خواست و مەیلە نەرگسییەکەی خۆیان. شەڕی پارتی و یەکێتی زۆنی سەوزو زەردی لێ هاتە بەرهەم، هیچی کەمتر نەبوو لە شەڕی کاسۆلیک و پڕۆتستانت،کە ئەورووپای باکوور بوونە پڕۆتستانت و باشوورەکەشی کاسۆلیک، یان لە شەڕی فەڕەنسییەکان دژ بە ئەڵمانەکان، یان سپی پێستەکان دژ بە رەشپێستەکان ، ئارییەکان دژ بە نائارییەکان ، کۆمۆنیستەکان دژ بە

سەرمایەدارەکان و.... لەم هەرێمەی ئێمەش ئەم دوو حزبە دەیان نموونەی (ژان لاکاس)یان دروستکرد، کەچی کۆمەڵگەی کوردی جورئەت ناکات لە رێگای یاساوە و بە دادگا رەدی ئیعتیبار بۆ ئەو هەموو خەڵکە بەناهەق کوژراوە بهێنێتەوەو قەرەبووی مادی و مەعنەوییان بۆ بکرێتەوە.

لە ماوەی 22 ساڵی رابردوودا، ئەگەر لەم هەرێمەدا شەڕی گەرمیش نەبووبێ، ئەوا بەردەوام شەڕی سارد هەبووە، بەتاییەت لەو رۆژەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە هاتە دروستبوون لە 2009/7/25 ،ئیتر لەناو حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هیچ زمانێکی هاوبەش نەدۆزراوەتەوە، چونکە هەموو ئەو قسانەی لەسەر بەرژەوەندی گشتی و قسەی لەمجۆرە دەڵێن، هەر هەمووی پاساوە بۆ بەردەوامبوون و درێژە پێدان بە دەسەڵات، دەسەڵاتێک تەنها بۆ تاقمێک کەسی بێ توانا کە کوردستان و تەنانەت دەرەوەشیان بۆ کردوون بە بەهەشت، دۆزەخێکیشیان بۆ خەڵکە گشتییەکە خولقاندووە، رۆژانە چەندین جار بە گڕی قووڵی ئەو دۆزەخە دەیانسووتێنن.

حزبێک ئەوە کردارو رەفتارو ئەخلاقی بێت، کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر مێگەل نەبێت، دەبێت داوای دامەزراندنی دادگایەکی پشکنین (محاكم التفتيش) بکات وەک ئەوەی لە سەدەی پازدەو شازدە لە ئیسپانیاو بولگاریاو رۆما دامەزرابوو، بەڵام نەک وەکو ئەو دادگایەی ئەوان، کە لەژێر فەرمان و سەرپەرشتیکردنی کەنیسای کاسۆلیک بوو بۆ لەسێدارەدانی

ئیسلامییەکان و جوولەکەکان و ئەوانەی لەبەرامبەر کەنیسای کاسۆلیک دەوەستان ، بەڵکو لەو هەرێمە وێرانەیەدا پێویستە (محاكم التفتيش) دابمەزرێنرێ بۆ پەلکێشکردنی هەموو ئەوانەی لەناو گەندەڵی نقوم بوونە. گەندەڵی گەورەترین و کوشندەترین نەخۆشی سەرکردەکانمانە، کەچی یەک بەرپرسی بەرپرسیاریش بەدەنگی بەرز دەنگ هەڵنابڕێ و رووبەرووی نابێتەوە. ئەمە ئەرکی دەسەڵات و سەرکردەکانە ئەوانەی هێشتا ئومێدێکی زۆر بچووکمان پێیان ماوە، تا بە تەواوی کار لە کار نەترازاوە، لە خەمی ئەوەدا بن، بە قووڵی گوێ لە بیروبۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لە تێڕوانینەکانی دەسەڵات بگرن، گوێ نەگرتنی سەرکردایەتی کورد لەو هەموو دەنگە ناڕەزاییەو بەردەوامبوونی دەسەڵات لەو هەموو گەندەڵییەی ئەنجامی دەدات، بێگومان بارودۆخێکی تر دەهێنێتە ئاراوە، کە ئەو دەسەڵاتە لەسەر زەوییەکی لەرزۆک حوکم بکات، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بێت نغرۆ ببێت. ئاخر ئەگەر کاسۆلیک کەمێک لێبوردەیی نمایش بکردایەو، خەڵکەکەی تا ئەو رادەیە نەچەوساندبایەوە، خۆ پرۆتستانت لە دایک نەدەبوو، نەشدەبووە نەیاری کاسۆلیک، ئەو هەموو خوێنەش لەدژی یەکتر نەدەڕژا کە هەموو ئەوروپای هێنابووە لەرزین، ئەگەر یەکێتیش کەمێک گوێی لە هاوڕێ سەرکردەکانی خۆی بگرتایە کە لە سەختترین رۆژانی خەبات و تێکۆشانا ئەو هاوڕێیانە هۆکاری جیدی و بنچینەیی مانەوەی یەکێتی بوون و ئەگەر ئەو هاوڕێیانە نەبوونایە یەکێتی هەرگیز نەدەبووە خاوەنی ئەو مێژووەو ئەو سەروەرییەی کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە تا

راپەڕینی بەهاری 1991 هەیەتی، ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتی کەمێک گوێی لەو هاوڕێ دڵسۆزانەی خۆی بگرتایە، ئەمڕۆ یەکێتی ئاوەهای لێ نەدەهات و نەدەبوو بە پاشکۆی ئەم حزب و ئەو حزب. نەشدەبوو بە هێزێکی گەڕو لاواز لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستانداو نەک هیچ حزبێک نەیدەتوانی فەرمانی بەسەردا بکات و بیخاتە ژێر گوشارەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکوو ساڵانی هەشتاکان، یەکێتی سنووری بۆ حیزبەکان دادەناو ڕێنماییشی دەکردن، بەڵام کە وای نەکرد، ئەوەتا یەکێتی کورد وتەنی پڵنگ بوو ئێستا بووە بە پشیلە. پرۆتستانیزم سەربەرزانەو مەردانە لە پشت عەلمانییەتی ئەورووپاوە وەستا، پارتی و یەکێتیش بێ شەرمانەو ترسنۆکانە لە پشت گەندەڵکارانی ئەم هەرێمە وەستان. وجودییەت فەلسەفەیەکە لە بەرگی ئایدیالیزما خۆی نمایشکردووە، پارتی و یەکێتیش دوو حیزبن لە کۆت و بەندی گەندەڵیدان و بە بەرگی گەندەڵییەوە سەمایەکی قێزەونانەیان دابەستووە. نەوشێروان وەکوو مایکاڤیلی هەمیشە رقی لە سازشە.نەوشێروان رقی لە خۆ بادان و موجامەلەیەو قسەکانی حەق و رەقن.بە پێچەوانەی سەرکردەکانی تری دەسەڵات.

ئادرنۆ بڕوای وابوو چەمکی بەها لە ئەخلاق و ستاتیکادا لە نرخی ئاڵوگۆڕ لە ئابووریدا وەرگیراوە، ئەم بۆچوونەی ئادرنۆ تا ئەمڕۆش جێگەی رامان و هەڵوەستە لەسەر کردنە، سەیرکەن ئاڵوگۆڕی ئابووریی لەم هەرێمەی خۆمان چۆن نەریتی بەهاو ئەخلاقی لە ریشەوە هەڵتەکاندووە. ویژدان هەروەکوو ئەمانوێل کانت دەڵێت : ویژدان هێزی هەڵسەنگاندنی

ئەخلاقە. لەم هەرێمە ویژدانی زیندوویان مردار کرد، ئەخلاق و بەهاکانیان بە کرچ و کاڵی بە چەقۆیەکی کول سەربڕی، هەمووی لە پێناوی ورگنکردنی خۆیان ، پڕ مەینەتترین ئاڵوگۆڕی ئابوورییان لەم هەرێمە بەرپا کردووە.

پڕۆلیتاریا بە گشتی جا پڕۆلیتاریای رووسی یان چینی یان وڵاتانی دیکە، چەند توانیبوویان سوود لە میراتی فەلسەفەی کلاسیکی مارکس و ئەنگڵس وەربگرن، پارتی و یەکێتییش هەر ئەوەندە توانیویانە سوود لە کولتووری شۆڕشگێڕی و رزگاریخوازی وەربگرن. هۆرکهایمەر بە کوشتنی رۆزا لۆکسمبۆرگ لە 1919 نموونەی ئایدیۆلۆژی خۆی لەدەستداو ببڕای ببڕای ئیتر رابەرێکی دیکەی سیاسی نەدۆزییەوە کە بەو شێوە هاودڵ و بە تەواوی لەگەڵی بێت، تاڵەبانی و بارزانیش وایان بەسەر هات، تاڵەبانی دوای جیابوونەوەکەی نەوشیروان هاودڵ و هاوسۆزو هاوخەباتی راستەقینەی خۆی لەدەستداو ئیتر کەسێکی تر نەبوو لەناو یەکێتی بتوانی ببێتەوە نەوشیروان، ئەمە گەورەترین خەمی تاڵەبانی بوو.. بارزانیش بە نەمانی جەوهەر نامیق لە پارتی گەورەترین کوڕی رۆژانی سەختی خەبات و تەنگانەی لە دەستدا، لە نێو مەکتەبی سیاسی حزبەکەی کەسێک نەبوو ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە..

سپینۆزا بە کتێبی نامەیەک لەبارەی ئایین و سیاسەت، ئایینی مەسیحی لەباریەک هەڵوەشاند، ئێستا لە کوردستان نامەیەکمان لەبارەی سیاسەتی

گەندەڵی و ئەقڵی مەترسیداری ناسیۆنالیزم پێویستە تا رووی راستەقینەی حیزبی دەسەڵات وەکوو خۆی نیشان بدات کە زۆر قێزەون بووە.

ئێستا لەم هەرێمی کوردستانەدا، زاراوەی (گەندەڵی) بە فۆنتێکی گەورە لە کووچەو کۆڵان و شەقام و چایخانەو مزگەوت و شوێنە گشتییەکان دەنووسرێن، ئەمەش وەک دیدرۆی دامەزرێنەری ئەنسکلۆپیدیا دەڵێت، مەبەستی ئەم نووسینانە تەنها ئەوە نییە کە کۆمەڵێک زانین بنووسن و ئامادەی بکەن بەڵکو ئەو نووسینانە هەوڵێکە بۆ ئەوەی شێوەی بیرکردنەوەی باو بگۆڕێت.

هایدگەر لە نووسینە فەلسەفییەکانیدا، زمانێکی سادەی بەکارهێناوە، بەڵام چی دەکەی ناوەڕۆکی نووسینەکانی ئەوەندە قورس و تاقەت پرووکێنن، مرۆڤ بەتەواوی ماندوودەکات.. نەوشێروانیش لە ژیانی رۆژانەیدا تا بڵێی پیاوێکی سادەو ساکارە، بەڵام سیاسەتێکی گرتۆتە بەر ، هەردوو حزبی دەسەڵات بەو هەموو توانا مادی و مەعنەوییانەیانەوە، کەچی ئەو پیاوە هەردوو حیزبی نەک هەر تەواو ماندوو کردووە، بەڵکو لە هەندێ جاریشدا هەردووکیانی هێناوەتە سەر چۆک.ئەگەر دیکارت بە باوکی فەلسەفەی نوێ دابنرێ، ئەوا شێخ مەحمودیش بە باوکی شۆڕشی نوێی کوردی دادەنرێ، ئەگەر ئەفلاتون و ئەرستۆ باوکی فەلسەفەی کلاسیک بن، ئەوا هەندێک لە شێخەکانی ئێمەش وەک عوبەیدوڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران باوکی شۆڕشی کلاسیکی کوردین. ئەگەر کانت ئەفلاتونی

سەردەمی نویَ بیَت، ئەوا بارزانیش شیَخ عوبەیدولاَی سەدەی بیستەمە، هایدگەر لە بیرکردنەوەی فەلسەفەدا زۆر قوولَە بۆیە ئەگەر هایدگەر ئەرستۆی ئەم سەردەمە بیَت، ئەوا نەوشیَروانیش بە هەمان شیَوە لە بیرکردنەوەی سیاسیدا زۆر قوولَەو بەتواناترین و چالاکترین و رۆشنبیرترین سەرکردەی سیاسی ئەمرۆیە.

ئیَمەی کورد لە بەهاری 1991 راپەرِینیَکی سیاسیمان کرد، ئەو راپەرِینە سیاسییە تەنیا گۆرِینی دەسەلاَتدارەکانی لیَکەوتەوە، بیَ ئەوەی هیچ گۆرِانکارییەکی کۆمەلاَیەتی و ئابووری و فەرهەنگی لیَ بیَتە بەرهەم. ئەمە گەورەترین هەلَەی راپەرِینەکەمان بوو، بۆیە ئەمرِۆکەش کۆمەلَگای کوردی لە رووی مەدەنیبوونی زۆر بۆ دواوە گەرِاوەتەوە، سالاَنی حەفتاکان بە بەراورد لەگەلَ ئەمرِۆ دەتوانین بلَیَین ئەم کۆمەلَگایە تا رادەیەک ساغلەمتر بوو،لەم هەولیَرە یەک تاقە دوکانی جوببە فرۆشی لیَ نەبوو، ئافرەت چ لە بیرکردنەوە، چ لە جلوبەرگ پۆشینیشیدا مۆدە تر بوو مەدەنی تر بوو، توندو تیژی بەرامبەر بە ئافرەت هەر زۆر کەمتر بوو لە ئیَستا، زۆر بە دەگمەن بەرپرسان ئافرەتیان ئیغتیساب دەکرد و ئینجا زیندە بەچالَیان دەکرد، رەنگە رووداوی لەم جۆرە هەر نەبوویێ،عەشایر بەهیَز بوو، بەلاَم هەردوو نوخبەی سیاسی و رۆشنبیران لەسەر بە مەدەنیبوونی کۆمەلَگا کاریاندەکرد.. کیَشەی گەورە ئەوەیە حورمەتی یاسا بۆ ریَکخستنی کۆمەلاَیەتی پیَویستە، بەلاَم لە کۆمەلَگایەکی دواکەوتووی گۆشکراو بە ئەقلَیەتی خیَلَپەرستی و لە حوکمیَکی نادیموکراتی و بیَ یاساییدا کە

ڕەزامەندی خەڵکی لەسەر نییە، حورمەتێکی لەم شێوەیە نایەتە دی.ئاخر لەو (24) ساڵەی ڕابردوودا، هەوڵی جیدی دراوە بۆ بووژاندنەوەی خێڵ، سەیرکە بەهاری کوردی بووەتە بەهاری گردبوونەوەی خێڵ، هەر خێڵێکیش چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی دەسەڵاتی لەگەڵدایە. دەسەڵات هەمان ئەقڵییەتی مایکافیلی پەیڕەو دەکات کە دەڵێت، کاتێ دەستت بەسەر ناوچەیەکدا گرت، هەوڵدە سەرۆکی خێڵ بهێنیتە ژێر باڵی خۆت، تا بەهۆی ئەو سەرۆک خێڵەوە کۆی خێڵەکەش بە ئاسانی بێنە ژێر باڵت، ئەگەر سەرۆکی خێڵ ڕازی نەبوو بێتە ژێر باڵت زوو بیکوژە، بۆ ئەوەی ئەو خێڵە لە ترسان وەگەڵت بکەوێ، ئەم فیکرەیە لەناو خودی حزبە سیاسییەکانی هەرێم ڕوویداوەو پەیڕەویان لێی کردووە..واتە نموونەی زیندوومان هەن لەو بارەیەوە.. خەڵکی دەسەڵاتیان تا کاتێک ئەوێت کە لە ناو خۆیاندا بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکەدا ئەگەڕێن، بەڵام هەر ئەوەندەی کە خۆی بە بێ توانا هاتە بەرچاو، ئامادەی ئەوە ئەبێت کە فەرمان وەربگرێت.

حزبی کوردی هەمیشە لەجیاتی ئاشتی و پێکەوە ژیان، هەوڵی دروستکردنی قەیران دەدەن و لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی ترت دەبەن، هەر قەیرانێکیش کە دروستیدەکەن، ماکینەیەکی ڕاگەیاندنی پڕ لە درۆ بەکاردەخەن بۆ هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵگا، لێرە نموونەیەکی برتراند راسڵ دەهێنمەوە بەم نموونەیە خوێنەری کورد بە ئاسانی لە مەبەستەکەم تێدەگات. برتراند راسڵ دەڵێت لە کانوونی دووەمی 1910 لادێییەکی پیری

ئەحمەق پێی وتم کە ئەیەوێت دەنگ بە پارێزگاران بدات، (کارێک کە پێچەوانەی بەرژەوەندی خۆی بوو)،چونکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر ئەو حیزبەسەرنەکەویَ تا هەتایە دواتر ئەڵمانەکان وڵات داگیرئەکەن.

هەر برتراند راسل ئەڵێ ساڵی 1920 لە پەکین بووم بەلشەفیکێکم بینی ،ئەو پیاوە لە ژوورەکەیدا هەنگاوی دەناو بەوپەڕی راستگۆیی خۆیەوە ئەیوت (ئەگەر ئەوانە نەکوژین ئەوان ئێمە ئەکوژن) بوونی ئەم رۆحییەتە لە لایەکی ململانێکەوە،بێگومان یەکێکی تریش لە بەرەی بەرامبەردا دروست ئەکات، ئەنجامەکەش بریتیە لەوەی کە شەڕ ئەبێت تا مردن. شەڕ گەورەترین فاکتەری پەروەردەکردنی ستەمکارییەو گەورەترین بەربەستە لە بەردەوامبوون و جێگیری سیستەمێک کە تیایدا دەسەڵاتی نابەرپرس تا ئەو شوێنەی کە ئەگەری هەیە نەیەتە دی.

لە وڵاتێکی دیموکراتی هیچ پیاوێک یان ژنێک نابێت  ببێتە کۆیلە یان شۆڕشگێڕ،بەڵکو ئەبێت ببێتە هاوڵاتی، کارەساتی گەورەی وڵات ئەوەیە کە هانی خەڵک بدەن بۆ ئەوەی ببێت بە قارەمان یان شۆڕشگێڕ، ئاخر کە شۆڕشگێر دروست بوو کۆیلەش دروست ئەبێت.

لە مێژوودا زۆر بنەماڵەی فەرمانڕەوای چاکەخواز هەبوون و زۆریش بنەماڵەی  شەڕخواز هەبوون ، فریدریکی گەورە ئەم مێژووەی خوێندبۆوە بۆیە دەیوت پاشاکان خۆیان دەتوانن دەسەڵاتێک چاکەکار بێت یان خراپەکار بەکار بهێنن، بنەماڵەی نیرۆن و کالیگۆلاو تیبیری  یەکەم و

دووەم و سێیەم، مۆری شەرمەزاری و ریسواییبوونی خۆیان بە جەستەی مێژوو وەنا، لەو لایشەوە بنەماڵەی ئەنتۆنان و تیتۆس و تراجان و زۆرانی دیکە، شەوقێکی جوانیان خستە ناو جەستەی مێژوو، ئێستاش لە هەردوو بارەکەدا بنەماڵەکان ماون، گۆرانی شاعیر وتەنی لەیەک سەرچاوە دوو قەترە یەکێ لێڵە یەکێ روونە....میرە رۆشنفکرەکانی سەدەی هەژدە بە شێوازێکی مرۆڤانەترو دیموکراتیانەتر، لە لویسی چواردەو ئەلەکسەندەر بۆرجیاو زۆرانی تر حوکمڕانیان کرد.

من دەزانم مێژووی رق لە مێژووی خۆشەویستی دێرینترە، بۆیە ناخی مرۆڤەکان بە گشتی و هی سەرکردەکان بە تایبەتی هەمیشە رقیان زیاتر زۆر زیاتر لە خۆشەویستی بەرهەمهێناوە.

ئەگەر (گالیلۆ) مەرجەعی باڵای زانستی سەدەی حەڤدە بێت، بێگومان (نیوتن)یش گەورە مەرجەعی باڵای زانستی سەدەی هەژدەیە، نیوتن ئەوەندەی گرنگی بە دۆزینەوەی واقیع و رزگاربوون لەو یاسایانە دەدا کە حوکمی بەسەردا دەکردن , ئەوەندە گرنگی بە گریمانەو تیۆرییەکان نەدەدا، یاسای کێشکردنی دۆزییەوە کە ئێستا حوکم بەسەر هەموو دونیادا دەکات، لەسەر بنەمای کارەکانی (فرانسیس بیکون و گالیلۆ)شدا بەرنامەی ئەزموونگەریی سەلماند، دەسەڵاتی سیاسی کوردی ئەمڕۆ زەخیرەیەکی گەورەی فیکری سیاسی رۆژئاواو جیهانیان لەبەردەستە، هەڵبەت فیکری سیاسی لەماوەی ئەو (2500) ساڵەی رابردوو بە چەندین هەورازو نشێودا

ڕەت بووە، زۆر هەڵەو ناتەواوی لێ بەرهەمهاتووە، مەبەستمان ئەو لایەنەی نییە، بەڵکو دەمەوێ بڵێم، نوخبەی سیاسی و نوخبەی ڕۆشنبیرانی داماوی ئەم هەرێمە، (لۆک و ڕۆسۆ و کانت) لە کوێ بێنین تا لێرەش لەم هەرێمە پایەکانمان بۆ دابنێنن، ئاخر ئێمە وازمان لە جیاکردنەوەی ئەقڵ لە نەفس، جیاکردنەوەی زانست لە باوەڕ،جیاکردنەوەی زۆر شت لە زۆر شتی تر هێناوە، بەڵکو ئەمڕۆ ئێمە مۆدێرنەیەک یان ڕۆشنگەرییەکمان پێویستە، ئایین لە دەسەڵاتی سیاسی جیا بکاتەوە، پەروەردەمان تەندروست بکات و تەندروستیمان پەروەردە بکات، ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان بە لەناوبردنی گەندەڵی و بەرتیلخۆری هەیە، با ئیتر تاک حورمەتی خۆی وەربگرێتەوە. هەموومان هەست بە بچووکبوونەوە دەکەین لەبەرامبەر سیاسەتێکی زاڵمانە. ئایا کۆمەڵگای کوردی هەر لە ئەزەلەوە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بێ بەرهەم و ژێر چەپۆک بووە؟، ئەوە قسمەت و بەشی ئێمە بووە؟، یان نەخێر گوناهەکە ئێمە بووین و هەر ئێمەشین، ئێمەین نەمانتوانیوە ڕەفتارێکی ئاقڵانە لەگەڵ ڕووداو و ململانێ و پێشهاتەکاندا بکەین، هەمیشە بیرمان لە ئایندەی خۆمان نەکردۆتەوە، بە قەد ئەوەی لە خزمەتی داگیرکەراندا براکانی خۆمان کوشتووە، ئێستاش مێژوو بە شێوەیەکی مەرگەساتئامێزتر دووبارە بووەتەوە، چونکە مارکس وتەنی مێژوو دووبارە نابێتەوە، مەگەر زۆر مەرگەساتئامێزتر بێت.

کەسێک لە گرتووخانەیەکی زۆر پان و پۆڕو بەرفراواندا بێت، تا رادەیەکی باش ژیانی باشترە لەو کەسەی کە لە گرتووخانەیەکی چکۆڵەدا

ژیان دەگوزەرێنێ،  ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لە گرتوخانەیەکی بچووکدا هەناسە دەدا، کە تەنها مەمرەو مەژییەکەو هیچی دیکە.

## غیابی کورد لەناو فەلسەفەو مێژوودا

بەرلەوەی فەلسەفە هەبووبێ، مێژوو هەبووە، بەڵام مێژوویێکی ناشیرین، جگە لە کوشتن و بڕین و تاڵانکردن ، شتێکی دیکە نادۆزینەوە، بەڵام کە فەلسەفە خولقا،ئیتر رووی مێژوو دیمەنێکی دیکەی بۆ دروستکراو،فەلسەفە توانی مێژوو جوانتر بکات و هێزی مانەوەیشی پێببەخشێت و مێژووش لەسەر دوو قاچەکەی خۆی رابگرێت، بۆیە ئەمڕۆ فەلسەفەی مێژوو گرنگە نەک مێژوو وەکوو خۆی. لەو رۆژەوەی قابیل هابیلی کوشتووە، مێژوو هەمیشە پشکی شێری لە کوشتن و تاڵانکردن بەرکەوتووە.ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی دڕندەو ستەمکارە،ئەوەتا بە درێژایی مێژوو کەم سەرکردەی وەکوو گاندی دەبینین کە بەرامبەر توندوتیژی وەستابنەوە، بەڵام سەدان و هەزاران ئیمپراتۆرو پاشا و ئاغاو قەیسەر بە دڕندەو شەڕانگێزو زاڵم مێژووی خۆیان نووسیوەتەوە.کەواتە شەڕو خۆسەپاندن بەسەر ئەوی بەرامبەردا غەریزەیەکەو لەگەڵ گەشەی

ئینسانەکاندا ئەو غەریزەیەش گەشەدەکات.فرۆید لە کتێبی نیگەرانی لە شارستانی  بە وردی پرسێکی لەمجۆرەی خستۆتە روو، جگە لە فرۆید چەندین نووسەری بەناوبانگی دیکەی جیهانی هەمان ئەو بۆچوونەیان دەربڕیوە، کافکاو ئۆسکار وایلد و..هتد

لەو رۆژەوەی فەلسەفە سەریهەڵدا، کە لە (تالیس)ەوە دەستپێدەکات، تالیس پێیوتین فەیلەسووف دەتوانێ دەوڵەمەند بێت و بەو فیکرەی کە هەیەتی سامانێکی زۆر کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەو کارە پیشەی فەیلەسووف نییە، بەڵکو فەیلەسووف ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە سرووشت، با ژیانێکی هەژارانەو نەدارانەش بباتە سەر . ئیتر دوای قوتابخانەی سرووشتی ئایۆنی، فەیلەسووفەکان لە مرۆڤ و ئاکارو ژیانیان دەکۆڵییەوە، لەسەر ئەم هەڵوێستانەیان هەمیشە رووبەڕووی مردن و ئازارو ستەملێکردن دەبوونەوە، لە سوکرات و ئەفلاتوونەوە  تا سپینۆزاو جان جاک رۆسۆ و ڤۆلتێرو نیچەو ......دەیان فەیلەسووفی دیکە لە ژیانێکی کولەمەرگیدابوونەو بە نامۆیی و بە قوربەسەری گیانیان بە خاک سپاردووە. سوکرات ژەهر خواردیان کردو دەمودەست گیانی لە دەستدا، ئەفلاتونیش کردیان بە کۆیلەو لە بازاڕی رەش دەیانکڕی و دەیانفرۆشتەوە، تا فەیلەسووفەکانی سەردەمی رۆشنگەری ئەم  رەفتارە ستەمکارەیە هەر درێژەی هەبوو..

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین کورد لە کوێی ناو فەلسەفەو مێژوودایە؟باشە بۆچی کورد لەناو فەلسەفەو مێژوودا ونەو هیچ شوێنێکی

نییە؟ ئەگەر لاپەڕەی مێژوو هەڵدەینەوە، دەبینین لە دامێنی مێژوو، واتا لە پەراوێزێکی بچووکی مێژوو، هەندێکجار ئاماژە بۆ نەتەوەیەکی وەکوو کورد کراوە، کە هەمیشە داگیرکەران و ستەمکاران کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێناوە، لە بیرەوەرییەکانی تەیموور لەنگەوە، تا دەگاتە رۆمانی حەمەدۆک ی یەشار کەمال ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کورد زیاتر داردەستی دوژمنان بووەو نەیتوانیوە یان هەر هەوڵیشی نەداوە  خەون بە سەرفرازییەوە ببینێ، یەشار کەمالیش ئەوەی دەرخستووە کورد سەرەتا کە رێگای تێکۆشانی گرتە بەر زیاتر بە ئەقڵییەتی رزگاریخوازی و ئازادیخوازی نەبووە بەقەد ئەوەی رۆڵی چەتەو رێگری بینیوە. ئەگەر چاوێکیش بە مێژووی ئەو ئەمارەتانەدا بخشێنین زیاتر ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هیچ کام لەو ئەمارەتانە بە ئەقڵی سەربەخۆیی نەتەوەیی کاریان نەکردووە، بەڵکو زیاتر بۆ هەژموونی خۆیان بووە لە ناوچەیەکی بچووکی لۆکاڵیدا لە پێناوی دەستگرتن بەسەر سامانی زیاتر بۆ خۆیان جا بە هەر رێگایەکەوە بووبێ. بەشەکەی تری کە کورد لەناو فەلسەفەدا ونەو وجودی نەبووە، لەبەر ئەوە بووە کورد هەمیشە بە دڵ قسەی کردووەو سیاسەتی کردووە نەک بە ئەقڵ، بەردەوام دڵی خۆی کردۆتەوە، بێ ئاگا بووە لە هونەری تاکتیک و سیاسەت.ئەی کورد خۆی ناڵێت:کورد بدوێنە شەڕحی دڵی خۆی دەکات.. خوێنەرانی بەڕێز من کاتێک گلۆپێک لەناو ئەم شەوەزەنگە پێدەکەم، دەمەوێ بڵێم نابێت ئیتر کورد لە سیاسەتا عاتیفی بێت، بەڵکو پێویستە پراگماتیکی بێت،سیاسەت بە سۆزو عاتیفەی رووت

بەڕێوە ناچێت، لە مێژوودا ئەوانەی شارەزای هونەری سیاسەت نەبوون زوو لەناوچوون، ڕەنگە ئیمامی عەلی یەکێک لەو سەرکردانە بووبێت، بەڵام پێچەوانەکەی موعاویە بوو، کە لە کون و کەلەبەرەکانی سیاسەتی دەزانی و دەیزانی چۆن هەل و دەرفەتە زێڕینەکان بقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی.بەکورتی سیاسەت بە کەسی دەروێش ئاسا ناکرێت. بەڵکو وەک مایکاڤیلی دەڵێت، دەبێت سەرکردەکان کەسایەتییەکی درۆزن و بێ ویژدان بن و لە پێناوی مانەوەی خۆیان هەموو کارێکی خراپیش دەکەن.ئیبن خەلدونیش پێش مایکاڤیلی هەستی بەوە کرد کە سوڵتان و پاشاو سەرکردە سیاسییەکان لە ڕێگای دەسەڵاتەکانیانەوە دەبنە بازرگان.ئێستا دوای زیاتر لە (650)ساڵ ئەو قسەیەی ئیبن خەلدوون و دوای (500)ساڵ ئەو قسانەی مایکاڤیلی راست و رەوانن.

ئێمە کە لە دەرەوەی فەلسەفەو مێژوودایین، تا نەتوانین بوێرانە برینەکانمان دەستنیشانبکەین، ناشتوانین دەرمان و هەتوانی پێویستی بۆ بدۆزینەوە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بە ئەقڵێکی ساردەوە، لە خۆمان و لە رابردوومان و لەو سیاسەتە گەوج و گۆجەمان بکۆڵینەوە کە سەدەیەک زیاترە میللەتێک بۆی بە پێوە وەستاوە، بەڵام نەمانتوانیوە لە داوێنی فەلسەفەو مێژوو سەرکەوین.بێگومان باسی سەدەکانی دیکە ناکەم کە شۆڕش و ئەمارەتەکانمان هیچی لە پێناوی ئایندەیەکی گەشی نەتەوەکەمان نەبووە .

کورد ئەوەندەی خەونی بە پارەو پوول و کورسی دەسەڵاتدارێتییەوە بینیوەو دەبینێ، ڕۆژێک خەونی بە چوونە ناو فەلسەفەو مێژوو نەبینیوە.هەزاران ساڵە ئێمە لەگەڵ فارس و عەرەب و وا لە هەزار ساڵیش نزیکدەبینەوە کە لەگەڵ تورکان دەژین، پێش تورکەکانیش ئێمە ئەوەندە دوور نەبووین لە قوستەنتینییەو لە دەوڵەتی بێزەنتی(324-1453) لە ئەنادۆل.بەڵام هەر سێ نەتەوەکە،فارس و تورک و عەرەب، هەر یەک بە جۆرێک ئایینی ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی وەرگرت و پێڕەوی لێکرد، کە هەر یەکێک لەم سێ نەتەوەیە بە هۆی ئەم ئایینی ئیسلامەوە هەژموونی خۆیان سەپاندو بوونە خاوەنی گەورەترین هێزو ئیمپراتۆریا.تورکەکان بەهۆی سەلجووقییەکانەوە ئیسلام بوون، بەڵام زوو ئیمپراتۆریایەکیان پێکهێنا، هەموو ئەوروپای تووشی شۆک کرد، لە دەرگای ئەوروپا چووە ژوورەوەو نەمساو پۆلۆنیاو چەندین شوێنی دیکە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریایە.واتا لە دوورگەی عەرەبییەوە تا نیمچە دوورگەی قرم و ڕووباری دانووب. لە سەردەمی سوڵتان سولێمانی قانونی (1520-1566)توانیان بەشێکی زۆر لە خاکی نەمساش داگیر بکەن، چۆن دەوترێ لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب ئیسلام زۆرترین فتوحات و زۆرترین شوێنی کەوتە ژێردەست، ڕۆڵی سوڵتان سولێمانیش بۆ تورکەکان لە ڕۆڵی عومەری کوڕی خەتاب کەمتر نییە ئەگەر زیاتریش نەبووبێ. باشترین نیشانەش ئەوەبوو لەگەڵ مردنی سوڵتان سولێمان،ئەو ئیمپراتۆرە زل و زەبەللاحە کەوتە پاشەکشەو وردە وردە شوێنەکانی لە دەستدا،

بەتایبەت کاتێک لە پۆلۆنیا سەرکردەیەک بەناوی جۆن سوپیسکی Joan Sopieske1624–1696 دروستبوو توانی درِ بەتورکان بدات و ئەوروپایان لەژێر پێ دەربهێنێت. بە هەمانشێوە لە دوای عومەری کورِی خەتابیش ئاژاوەی گەورە گەورە رووی لە ئیسلام کرد، ئیتر لەو رۆژەوە تا ئێستا ئیسلام لەناوخۆیاندا ناکۆک و ناتەبا بوون و لە سەردەمی عوسمان کە یەکەم خەلیفەی دوای عومەر بوو، زۆرترین ناکۆکی دروستبوون و ئەو ناکۆکیانە بۆ چەندین سەدە درێژەیان کێشاو تەنیا بە کوشتنی عوسمان و عەلی کورِی ئەبوتالیب کۆتاییان نەهات، چەندین مەزهەبی دیکەش هەر بە هۆی ئەم گرفتانەوە هەتوونەتە ئارا، ئەوەتا ئەمرۆش عێراق لە ناخۆشترین دۆخی ئەو قەیران و ناتەباییەدایە کە بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی هەر تاکێکی عێراقیدا رەنگرێژ کراوە.تەنانەت ئاینی ئیسلام وەها چووەتە ناخ و ئەقڵی کەسایەتی عەرەبی بە جۆرێک هزرڤانەکانیشیان لە هەندێک نووسینیاندا ئاگادار بن یان بێ ئاگابن لەوەی نووسیویانە دەکەونە ناو مەنجەنیقی کولتوورو کەلەپووری ئیسلامی عەرەبی تەنانەت لە رۆشنبیرە هەرە کراوەکانی وەکوو زەکی نەجیب مەحموود لە دوا تەمەنی ژیانی و محەمەد عابد جابری و تەنانەت هاشم ساڵح ی رۆشنگەرو هزرڤانی نوێ و هاوچەرخیش لە کتێبی(مخاضات الحداثة التنويرية 2008ژانی لە دایکبوونی مۆدێرنەی رۆشنگەری)برِوای بە ئیمپراتۆریایەکی ئیسلامی هەیە، بێگومان ئەوە ماندوو بوونی هاشم صالح کەم ناکاتەوە کە زۆرترین خزمەتی بە

ڕۆشنگەریی عەرەبی و مرۆڤایەتی کردووەو باشترین نموونەی ئیسلامیشی لە وەرگێڕانی کتێبەکانی محەمەد ئارگۆن دا دەرخستووە.

کورد جگە لەوەی لەناو تەمتومانێکی چڕدا بووە، مێژوونووسێکیشی نەبووە هەڵەکانی نێو ئەو تەمتومانەی بۆ بنووسێتەوە، (هێرۆدۆت)لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین هات مێژووی یۆنان و شەڕو هێرشەکانی ئێرانی بۆ سەر یۆنان لە فەوتان رزگارکرد، بەڵام ئێمە لەوەتەی هەین هێرشمان لە بەرامبەر دەکرێ، خاک و ئاسمان و ژێر زەویشمان لێ داگیر دەکرێ، بەڵام تا ئێستا هێرۆدۆتێکمان لەناو نەخولقاوە.

لە رووی فیکریشەوە هەموو فیکری کورد سەرچاوەکەی لە (ئەحمەدی خانی)یەوە سەرچاوەی گرتووە ئینجا نالی و حاجی قادری کۆیی و..هتد واتا لە رێگای شیعرەوە کورد ئەگەر پێی بوتری خاوەن فیکر بووە،کە هەرچەندی شیکاری وردی بۆ بکەیت ناتوانیت بەهۆی ئەم چەند دێڕە شیعرانەوە کورد بکەیت بە خاوەن فیکر.لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش مەسعود محەمەدێکمان هەیە بەڵام ئەویش نەیتوانیوە لە ئەقڵی دەرەبەگی بچێتە دەرەوەو کەسێکی موحافەزەکار بووەو شانازی بە سیستەم و ئەقڵی دەرەبەگایەتی کردووە، باشترین کاری مەسعود محەمەد خزمەتکردنی زمانی کوردی بووە نەک دۆزینەوەی فیکر.ئەوانەی شانازیش بە فیکری مەسعود محەمەد دەکەن هێشتا لە ئەقڵی دەرەبەگایەتی و کوێخایەتی و ئاغایەتی قورتاریان نەبووەو بە جیهانی رۆشنگەری و پۆست

مۆدێرنەش ئاشنا نەبوونە.ئاخر خۆ مەرج نییە ئەوەی دوو کتێبی باشی نووسی مۆدێرن و پێشکەوتوو مرۆڤپەروەر بێت،ڕۆشنبیرانی کورد تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی گشتی کاریان کاوێژکردنەوەیە لەسەر هەڵدانەوەی پەڕەکانی مێژوو، ئەویش زۆرجار بە سەقەتی، بۆیە تا ئەمڕۆش ڕۆشنبیرانی کورد هیچیان بۆ ئەمڕۆو بۆ سبەی پێ نییە، چونکە هیچیان بە شێوەیەکی کۆنکریتی نەیانتوانیوە هەزمی فەلسەفەو مێژووی ڕۆژئاوا بکەن.ڕۆشنبیرانی عەرەب بە قۆناخی نامۆبوون و چەپگەرایی و نەتەوەگەرایی ڕەتبوون، بەڵام هێشتا ڕۆشنبیرانی کورد نەگەیشتوونەتە ئەم قۆناخانەو لە ئاستێکی زۆر نزمدان.ڕۆشنبیرانی عەرەب بەناو کۆمەڵێک هزرو فیکرو تەنانەت ئەدەب و شیعریشدا هاتوون و چوون، بەڵام ڕۆشنبیرانی کورد بە گشتی هێشتا نەیانتوانیوە پێگەو بنەماکانی وردە بۆرژوایی قایم و جێگیر بکەن.بۆیە ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕیشمان لەناو هەڵنەکەوتووە. مۆنتیسکیۆ کە بە درێژایی (20)ساڵ کتێبی (ڕۆحی یاساکان)ی نووسی، وەک خۆی دەڵێت تا ئەو کتێبەم تەواو کرد هێندەی نەمابوو ڕۆحم دەرچێ، ئەم کتێبەی بە یەکێک لە هەرە باشترین کتێبەکانی ئەو سەردەمەیە کەچی مۆنتیسکیۆ هەڵوێستی زۆر ناشیرینی لەسەر پێست ڕەشەکان هەبوو، فەرموون بزانن چی وتووە، مۆنتیسکیۆ دەڵێت (ئەوجۆرە کەسانە لە تەوقی سەریانەوە تا بنی پێیان ڕەشە، لووتیشیان یەکجار زۆر پان و پۆڕە،بەجۆرێک هیچ بەزەییەکت پێیاندا نایە،هەرگیز بڕوا ناکەی کە ئەوانە مرۆڤ بن)ڤۆلتێر لە مۆنتیسکیۆش زیاتر ڕۆیشتووەو دەڵێت: چاوی خڕو لووتی زۆر پان و لێوی

ئەستوورو گوێی جۆرێکی جیاوازو مێشکی بچووکیان، ئەمە جیاوازییەکانی نێوان ئەوانەو مرۆڤەکانی دیکەیە) تەنانەت ڤۆلتێر پێیوایە: ئەو جیاوازییە هیچ پەیوەندی بە ژینگەی ساردو گەرمیشەوە نییە، بۆ نموونە ژن و پیاوێکی رەشپێست لە ئەفریقیا یان لە وڵاتێکی گەرمەسێرەوە بگوازەوە بۆ وڵاتێکی سارد، ئەو منداڵانەی دەشیانبێت هەر وەکوو خۆیانن و هەر ئاژەڵی وەک خۆیان دەخەنەوە.(هیگڵ)یش پێیوابوو رەشپێستەکان هەر بە سرووشت دواکەوتوون و توانای گەشەکردنیان نییە.(فیختە)ش ئەوەندەی رق لەجوولەکە دەبووەوە تاوایلێهات بەشداریکرد لە دروستکردنی ئەفسانەی مەسیحی ئاری و ئیتنیکی ئاری بەسەر سلاڤی لاتینیدا زاڵ کرد. زۆرن ئەو فەیلەسووفانەی لە پێناوی مرۆڤایەتیدا هەموو تێکۆشانێکیان کرد، کەچی هەڵوێستی ئاوا نامۆشیان هەبووە، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە ئەمانۆئیل کانت. راستە مێژوو چیرۆکێکی پڕ لە هەورازو نشێوو کێوی هەزار بە هەزارە،تا زیاتر بەناو رەوەزە شاخەکاندا بڕۆی زیاتر هەست بە مەترسییەکانی دەکەیت، چونکە لە پاڵ هەر بناری چیایەک دێوێک و شێرێک و رێوییەک خۆیان بۆ یەکتری مەلاس داوە،بەڵام بە درێژایی مێژوو کورد نەیتوانیوە بۆ یەکجاریش رۆڵی دێو و شێرو رێوییەکە ببینێ، بەڵکو هەمیشەو لە هەر سەدەیەکی مێژوودا کورد خۆراکی هەر یەکێک لەمانە بووەو بە دەستی بەتاڵەوە لە مێژوو هاتۆتە دەر. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە هەر نەوەیەک کە دێتە ئاراوە راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر جەبری کۆمەڵگا، ئەوکۆمەڵگایەی کە تا سەر ئێسقان نەریت و کۆنەپارێزو

نائەقلانییە،هەموو ئەقلانییەتی کۆمەڵگای کوردی خۆی لە ئەخلاقی بەرزو بەزەیی و دزی و بازرگانیکردن بە خوێن و تۆڵەو درۆکردنەوە چڕ دەکاتەوە .ئەو کۆمەڵگایەی باسی بەزەیی دەکات، هەر ئەوکۆمەڵگایەیە هەمیشە لە هەڵچوونێکی سەرشێتانەدایە .تا ئێستاش کورد بە دوای ئەقڵێکی خوداییەوە وێڵ و سەرگەردانە بۆئەوەی هاوکاری بکات و بەهۆیەوە بگات بە ترۆپکی رزگاری،ئاخر لە وڵاتی ئێمە هێشتا قەزاو قەدەر لە زیهن و ئەقڵی کۆمەڵگای کوردیدا بەهێزترین و بڕواپێکراوترین ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە .واتا ئەو نەوەیەی وا لە کوردستان گاگۆلەو پێڕەوکە دەکات، راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر جەبری بەشێکی زۆر لەو نەریت و کولتوورەی کۆمەڵگاوە، بۆیە نەوەیەک بەرهەمدێ پێش ئەوەی ئاشنا بێت بە هزری رۆژئاوا، ئاشنا دەبێت بە ئەقڵی کۆمەڵگاکەی خۆی، بەڵام بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی لە بوارەکانی گەیاندنەوە دروستبوون، ئەو نەوەیەی وا بە رێگاوە لە گاگۆلەو پێڕەوکەدایە باشتر لە نەوەی ئێستا بە هزری رۆژئاوا ئاشنا دەبێت و لە ئێمەومانان زووترو باشترو وردتر کانت و نیچەو هایدگەر دەناسن،ئاخر هێشتا ئێمە بەریەککەوتنەکانی سەدەی حەڤدە بەشێوەیەکی کۆنکریتی نازانین،بۆیە تا ئەو ساتە وەختەش لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هیچ بزووتنەوەیەکی نوێ دروست نەبووە، چونکە بزووتنەوەی نوێ ژیانێکی نوێتر دێنێتە بەرهەم.

ئاخر چۆن دەتوانین بچینە ناو مێژوو یان مێژوو بنووسینەوە لە کاتێکدا ئێستا خەڵک ئینتیمایان بۆ نیشتمانەکەیان لە جارانی سەدەی بیستەم زۆر

زۆر لاوازترە،هۆکارەکەشی ئەوەیە لە لایەک کۆمەڵێک لە دەجال و نانیشتمانی کورد وتەنی لە پڕێ دەبن بە کوڕێ و لەنێوان شەوو ڕۆژێکدا دەبن بە خاوەنی سەدان و هەزاران ملیۆن دۆلار، خاڵی دووەم ئەوەیە تا ئێستا ئەم هەموو گەندەڵە بەبەرچاوی کۆمەڵگاوە دێن و دەچن کەچی یاسا یەک کەسی سزا نەداوە.گرفتێکی دیکەی ئەو ملیاردێرانە ئەوەیە چونکە بە دۆخێکی سرووشتی پێنەگەیشتوونە، ئیتر دڵیان بەروەست نادا کارگەیەکی گەورەی پیشەسازی بکەنەوە، کە لەسەر ئاستی ڕۆژئاوا ژمارە بێت،بەڵکو هەموو پارەکە لە چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایی دەخەوێنن ،چونکە ئەقڵیان لە پڕێکا گەورە نابێت، یەکێک شەوێک لە قومارخانەیەکا ببێتە ملیاردێر هیچ گۆڕانێکی بەرچاو لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی ڕوونادات، ئەوانەی لای خۆشمان هەر لەو جۆرەن، لەجیاتی قومارکردنەکە دزییەکی گەورەیە.ئەم ڕەفتارو ئەقڵییەتی سەرمایەدارانەی کورد دۆخێکیان خولقاندووە هیچ پردێکی متمانە لەنێوان خەڵک و ئەواندا نەمێنێ.ئێستاش ڕێگایان پێبدەی دەرمانی ئێکسپایەرو ژەهراویت بە قاچاخ لەودیو سنوورەوەت بۆ دەنێرن،بەڵام ئەوەتا هەمووومان زەق زەق دەبینین کە چۆن یاساش بە دیاریانەوە دۆش داماوە!.ئاخر بازرگانی لە هەموو دونیادا تا ئەو سنوورو ئەندازەیە تەندروست و ڕەوایە کە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بێت، واتا دەبێت قازانجەکە گشتی بێت هەم بۆ بازرگانەکەو هەم بۆ خەڵکەگشتییەکەش.مارتن لۆسەر لەساڵی1524ز لەوتارێکیدا بەناوی (دەربارەی بازرگان و قازانج خۆری)ئاماژەی بۆ هەمان ئەو گرفتانە کردووە

که دوای 500 ساڵ ئێستا وا له هەرێمی کوردستاندا پەیڕەودەکرێ ، تا ڕادەیەکی بەرچاو ئەوەی له هەرێم دەگوزەرێ مەترسیدارتریشه، چونکه لەم هەرێمه کاڵای ژەهراوی و مرۆڤ کوژت بۆ دەنێرن، بەڵام مارتن لۆسەر زیاتر ڕەخنەی لەوەبوو که بازرگان و سەرمایەداره گەورەکانی ئەوان به ئارەزووی دڵی خۆیان نرخی شتومەک بەرزدەکەنەوەو هەموو شتێکیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووه .

ئەگەر ئاوڕێک له مێژووی دوێنێی ئەوروپا بدەینەوه، بۆمان ڕووندەبێتەوه ئەوانەی ڕێنیسانسیان دروست کرد، خەڵکی هەژارو نەداری ئیتالیا نەبوون، بەڵکو خەڵکه دەوڵەمەندەکه بوون، که بریتی بوون له چینێکی دەوڵەمەندو کاریگەر، بەجۆرێک ئەو چینه بوون که هێزی نوێی ئابووری ئیتالیایان هەڵدەسووڕاند،بەڵام سەرەڕای دەوڵەمەندییەکەیان، دەسەڵات خێروبێری ئەو دەوڵەمەندانەی تەواو گووشیبوو، هەموویان لەخۆیان بێزارو وەڕس ببوون،ئیتر لێرەوه ڕێنیسانس سەریهەڵدا بۆئەوەی سنوورێک بۆ دەسەڵاتی چڵێس و چاوچنۆک که ئەوکاته دەسەڵاتی کڵێسا بوو دابنێن. واتا ڕێنیسانس بەرهەم و کولتووری چینه دەوڵەمەندەکه بوو نەک ورده بۆرژوا.بەردەوام ئەو دەوڵەمەندانەی ئیتالیا له ترسی کڵێسا دەستیان لەسەر دڵیان بوو،شکۆیان لێ سەنرابووەوه، ئازارو ئەشکەنجەی ئەقڵی و دەروونیان دەدان و گاڵتەیان پێدەکردن و ژیانی ئەو دەوڵەمەندانه ببوو به دۆزەخ. ئالێره دەوڵەمەندو سەرمایەداره زەبەللاحەکانی ئیتالیا بڕوایان بەوه هێنا که سامان بۆ مرۆڤ دروست بووه نەک مرۆڤ بۆ سامان

دروستکرابێت،سانت ئانتۆنیۆش جەختی لەسەر ئەم قسەیە کردەوە، ئیتر دەوڵەمەندەکان بڕیاری خۆیان دا.لێرە مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت، لە هەر وڵاتێکدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییە دیموکراسییەکان بە باشترین شێوە فەراهەم نەکرابوون، بێگومان هیچ مانایەک بۆ شکۆی مرۆڤەکانیش نامێنێتەوە، واتا شکۆی مرۆڤەکان بەندە بە دادپەروەری و ئازادی. من دەزانم مێژوو تەنیا بە رۆشنبیر ناخولقێندرێ، بەڵکو چەندین هێزی جۆراوجۆرو تا رادەیەک لەیەک جیاش بەشداردەبن لە دروستکردنی مێژوودا، بەڵام رۆشنبیر دەبێ سەرەتای جوولە پێکردنەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، دەبێ رۆشنبیر کۆمەڵگا لە خەوە قووڵەکە وەئاگا بێنێتەوەو ئەو کاتانەی کۆمەڵگا دەکەوێتە خەوێکی قووڵەوە، پێویستە رۆشنبیر نوقرچەیەکی لێ بدات، بۆئەوەی خەوەکە بەرییدات. حەزرەتی ئیبراهیم بۆیە بە باوکی پێغەمبەرەکان دادەنرێ، چونکە یەکەمین کەس بوو خودای دۆزییەوەو لە دڵی گەرمی خۆی دانا،لەو رۆژەوە هەموو ئەوانەی خودا دەپەرستن و بڕوایای بە ئایینە ئاسمانییەکان هەیە، دین و خودایان لەناو دڵیان داناوە، هەر بۆیە توانیویانە درێژە بە دینداریی خۆیان بدەن، دەنا زۆر جار ئەقڵ شتێکی دیکەیان پێدەڵێت، بەڵام دڵ رەتیدەکاتەوە.

کوردەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 1976 تا نزیکەی ناوەڕاستی نەوەدەکان،خاوەنی جۆرێک لە هیوایەکی گەش و ئاڵ و واڵا بوون،ئەگەرچی ئەزموونێکی تاڵیشمان لە ساڵانی 1979- 1978وساڵانی 1982-1985، هەبوو،بەڵام ئەم هیواو ئاواتە گەش و زیندوانە دانەمرکانەوە،

کەچی لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بە دواوە،بە ناچاری کۆچی خەڵک بۆ دەرەوە دەستیپێکردو دواتریش بە رووخانی بەعس گەندەڵی وەک تەونی جالجالۆکە لە کۆمەڵگەو سیستەمی سیاسی هەرێم ئاڵا، ئیتر ئومێدەکان سیسترو ژاکاوتر بوون و رەشبینی و بێهیوایی هەموو تاکێکی گرتەوە،لەناو ئەم دۆخە تاریکەو بێ هیواییەدا ئۆپۆزیسیۆن دروستبوو کە لە بنەڕەتدا لەناو بزووتنەوەی گۆڕان سەری دەرهێنا،بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر بە ناچاری بووبێ یان بۆ هەر مەرامێکی دیکەی بووبێ،هات هاوپەیمانی لەگەڵ دوو هێزی ئیسلامی سیاسی کە یەکێکیان کۆنزەرڤاتیف و ئەوی تریشیان سەلەفی رادیکاڵ بوو هاوپەیمانێتی بەست،بەڵام دەبێ هەمووومان ئەو راستییە ئەگەر تاڵیش بێت لەبەرچاو بگرین،پارتی و یەکێتی هەرچەندە گەندەڵیش بن، بەڵام مەترسی ئایندەیان بە قەد ئیسلامی سیاسی ترسناک نییە،ململانێ و بەرەبەرەکانیکردنی گەندەڵی کە دەیان ساڵە دەیان وڵات پێیدا تێپەڕبوونە، زۆر زۆر ئاسانترە لە بەربەرەکانێکردنی ئیسلامی سیاسی،ئوسوڵی،سەلەفی و رادیکاڵی، کە حەقیقەتی رەها تەنها لای خۆیان دەبینن و لە بنەمادا هیچ بڕوایەکیان بە دیالۆگ نییەو دیالۆگ تەنیا هەڵخەڵەتاندنێکی کاتییەو هیچی دیکە. بڕوام وایە ئامرازو ئەقڵیەتی هاندان بۆ دروستکردنی بەرەی شەڕ،نامانگەیەنێتە هیچ جۆر لە ئازادی و رزگاری، بەڵام هاوپەیمانی گرێدان لەگەڵ کۆنزەرڤاتیف و حیزبە بەناو ئیسلامییەکانیش (کە لە بنەڕەتدا هەڵەیەکی گەورەی سیاسییە)مەودای گەیشتن بە ئازادی راستەقینەی گەل دوورتر دەخاتەوە،چونکە

هاوپەیمانیکردن لەگەڵ هێزی کۆنزەرڤاتیف و حزبی ئیسلامی ،لە گەوهەردا وەک ئەوە وایە بەشداریت کردبێ لە حکومەتێکی سەرکوتکارو ستەمکار. هیچ حزبێکی نیشتمانی بەو کەرەستەو بەو ئەقڵیەتەی کە ئاماژەم بۆیکردووە،ناتوانێ بچێتە ناو مێژووەوە.بزووتنەوەی گۆڕان باشی کرد هاتە ناو حکومەتەوە،باشتری کرد کە ئێستا لەگەڵ ئەو دوو حیزبە ئیسلامی سیاسییە(کە یەکێکیان سەلەفی ئوسوڵیی رادیکاڵە، ئەویتریشیان کۆنزەرڤاتیفە) وا وردە وردە لە یەکدی دووردەکەونەوە،باشترین نموونەی لەسەر پرسی پارێزگاری سلێمانی هەڵوێستەکان روونتر خۆیان نیشان دا، ئیسلامی سیاسی ئەوەندەی لە خەمی گەڕاندنەوە بۆ پەیڕەویکردن لە سەلەفیەتێکی ئوسوڵی توندڕەو دەکەن، نیو ئەوەندە لە خەمی رزگاری و نیشتمان و بەختەوەری خەڵکدا نین،کەس ناتوانێ داعش بە هێزێکی ئیسلامی سیاسی ئوسوڵی نەناسێنێ، بەڵام ئەوەتا ئاگامان لە بڕیارەکانیانە کە لە موسڵ دەریدەکەن.ئەوەی مورسی لە میسر دەیکرد ،ئەوەندە جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئەوەی داعش دەیکات بەڵام جیاوازییەکە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانیاندا هەبوو، دەنا خەونی هەردوولایان هەر یەک خەونی هەڵبزڕکاو بوو.تا ئێستاش حزبی ئیسلامی سیاسی لەم هەرێمەدا هیچ تێڕوانینێکی روونی پۆزەتیڤی لەسەر مۆدێرنەو و دیموکراسی و ئازادی نییە، هەندێک لە حزبە نەتەوەییەکانیش(یەکێتی نیشتمانی)هیچ تێڕوانینێکی پۆزەتیڤی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە،بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان نەخشە رێگایەکی دیکەی هەبێت لەناو دەسەڵاتدا، کە

ئێستاپێموایە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، ئیتر دەشتوانێ روونتر و سەردەمیانەتر ئاڵوگۆڕی سیاسی بکات و کاریگەریشی لەسەر سیستەمی سیاسی زیاتر دەبێت. ئەمە هەر سەبارەت بە بزووتنەوەی گۆڕان نا، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردیش ئەمڕۆ نغرۆی ناو چەندین قەیرانی قووڵ بۆتەوە، بۆ دەرچوون و رزگاربوونی لەم قەیرانانە پێویستی بە نوێکردنەوەی ژیانی دونیاو دینەکەیەتی، بەجۆرێک ئەو مێژووەی کە لە کولتوورەکەیدا چڕ دەبێتەوە لەگەڵ دۆخی ئێستاو ئایندەی بگونجێ، لە پێناوی پڕۆژەیەکی ئەوتۆ کە کۆمەڵگا لەو خەوە قووڵە وەئاگا بهێنێتەوە، رەنگە ئەمەشیان تەنیا بە قووڵبوونەوەی رۆشنبیریی بێتە دی.

هەر جارێک کە شەڕی ناوەخۆ هەڵگیرساوە مەرج نییە سیاسەتمەدارانی کورد مەبەستیان داگیرسانی شەڕو نیاز خراپی بووبێت، بەڵکو زۆرجار ئەو رێنماییانەی ئەوان دەریدەکەن کە زۆر هەڵەیە دەبێتە هۆی داگیرساندنی ئاگرەکە،کە ئاگریش داگیرسا کوژاندنەوەی ئەوەندە سانا نییە، چونکە ئەقلانیەت و پێشکەوتن و بیرکردنەوەی هێمنانە لینگەوقووچ دەکرێنەوەو دەچینەوە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی و تەیمورلەنگ، لەسەردەمی هاتنی تەیمورلەنگ بۆ ئەو ناوچەیە کوردەکان لە خزمەتی تورکان خوێنیان دەڕشت و بۆ تورکان گیانفیدابوون، لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیشدا کورد بۆ عەرەب شەڕی مان و نەمانی دەکرد و نیشتمانی خۆی داگیرکرابوو کەچی خوێنی لە پێناوی رزگارکردنی قودس دا دەڕشت.ئێستاش لەم هەرێمەدا بەشێک لە پیاوانی بەناو سیاسی و بەشێک لە مرۆڤە گەلحۆکان

له شێوەی ڕۆبۆتن، تا قورمیش نەکرێن جورئەتی ئەنجامدانی هیچ کارێکیان نییە، ئەو مرۆڤە قورمیشکراوانە گەورەترین و بەهێزترین مەترسین بۆ سەر پێشکەوتنی کۆمەڵگاو کۆمەڵگایان چەق ڕاگرتووە، چونکە لەشکرێکی لە ژمارنەهاتوون و وەکوو سن و کیسەڵە بەربوونەتە گیانی کۆمەڵگا .بەڵام ئەوەی زیاتر جێی قسەلەسەر کردنە ئەوەیە سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان نابێ ئەوەندە دڵخۆش بن بەو ڕۆبۆت و قورمیشکراوانە، چونکە ئەوانە کۆمەڵگا دەوەستێنن و دەیخەسێنن ، لە هەر دۆخێکی وەهاشدا کە بەزۆر دەسەپێندرێ، کاردانەوەی توندتری لێدەکەوێتەوە،کە ئەوکاتە بێگومان گۆڕانکارییەکان ئاسایی و سرووشتی نابن و ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوی لێدەکەوێتەوە .چونکە ئەمە وایکردوو حزبە سیاسییەکان لە جیاتی ئەوەی دامەزراوەیەک بن بۆ قووڵکردنەوەی دیموکراسی، کەچی بوونەتە دەزگایەکی بیرۆکراسی و کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێک بازرگانی زەبەلاح، لە جیاتی ئەوەی فیکرو بیروباوەڕ کۆیان بکاتەوە، کەچی پلەو پۆست و پایە کۆیاندەکاتەوە ئەوەش گەورەترین مەترسییە بۆ سەر حزبەکان .

کورد تەنیا بە هۆی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە دەرگایەکی لە مێژوو کردەوە، ئەویش بەتوانایی خۆی نەبوو بەڵکو وڵاتێکی دراوسێ بردی لەبەر دەرگای مێژووی دانا . بەڵام لە هەشت قۆناخی ئەنفالکردندا کە دەیان هەزار کەسی بێ گوناە بە زیندوێتی گیانیان بە خاک سپارد، نەمانتوانی بچینەوە

بەر ئەو دەرگایە، چونکە دیسان پێویستمان بە وڵاتێک هەبوو دەستمان بگرێ و بمانبات، لەمەیان کەس نەیبردین.

ئێمە ناتوانین بچینە ناو مێژووەوە تا مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە ئەوەندەی دڵیان بە ژیان تەنگ و ناخۆشە، نیو ئەوەندە دڵیان پێی خۆش نییە، مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە بەردەوام هەست بە بێزاری و نائومێدی دەکەن و لەم هەرێمە شتێکی ئەوەندە سەرنجراکێش نییە دڵمان خۆش بکات و ئارەزووە جوانەکانمان گەش بکاتەوە کە زۆر ژاکاون. مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە ئێستا ئەوەندە بێزارن تەنانەت توانای خەوبینینیشیان نەماوە، خەوبینین بە سبەینەیەکی زۆر جوان و گەش، تا توانای خەوبینینی جوانمان نەبێت و تا نەتوانین خەوە جوانەکانمان بکەین بە واقیع ناشتوانین بچینە ناو مێژووەوە. ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین، تا ئێستاش خۆشەویستی و راستگۆیی زەریبەی لەسەرە، بۆیە دەبینین هەڵخەڵەتاندن و درۆو ماستاوچییەتی رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشەسەندندایە،ئەمە رێک ئەو قسەیەی مۆنتیسکیۆی بیر هێنامەوە کە لە کتێبی رۆحی یاساکاندا نووسیویەتی: کەسێک لە خێڵی(مارسیاس)خەونێکی بینی لەو خەونەیدا (دینس)ی ئیمپراتۆری سەر بڕیبوو، بۆ سبەینێ ئەو کەسە خەونەکەی خۆی بۆ دۆست و برادەرانی دەگێڕێتەوە، ئەنجام گێڕانەوەی ئەم خەونە گەیشتەوە (دینس)، دینس بانگی کردو کوشتی، وتی ئەم کابرایە ئەگەر بە رۆژی رووناک بیری لە کوشتنی من نەکردبایەوە هەرگیز خەونی لەمجۆرەی نەدەبینی. دەبا خەون ببینین.

## سلێمانی و کام پایتەختی رۆشنبیریی ؟

ماوەیەکە بە گەرمی لەلایەن دەسەڵات و خەڵکی شاری سلێمانییەوە باس لەوە دەکرێ کە ئەو شارە (سلێمانی) بکرێ بە پایتەختی رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان، هەڵبەت پرسێکی لەم جۆرە پێویستی بە گفتوگۆیەکی هێمنانەو زانستیانەی دوور لە هەڵچوون و داچوون هەیە، دوور لە شارو شارگەرێتی، یان ناوچەو ناوچەگەرێتی، پێویستە گفتوگۆی ئەوە بکەین کە بۆچی ئێستا کاتی نییە ئەو شارە بکرێت بە پایتەختی رۆشنبیریی، ئێمە لێرە دەروازەیەک دەکەینەوە، هیوادارم ئەوانەی خەمی ئەوەیانە چی زووترە ئەم شارە ئەو ناوەی بە باڵادا ببڕدرێ، گفتوگۆیەکی زانستیانە ،ژیرانە، هێمنانە بکەن، بەڵکو بەم هۆیەوە حکومەتیش کەمێک پێداویستییەکانی کردنی شارێک بە پایتەختی رۆشنبیریی، لێ دابیندەکات.لەم روانگەوە ئەم وتارەم نووسیوە، هیوادارم رۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکانی شاری سلێمانی لێم تێبگەن کە هەرگیز خوانەخواستە مەبەستێکی نەرێنیم بەرامبەر ئەو شارە خۆشەویستەو ئەو

خەڵكە خۆشەویستەی سلێمانی نییە، بەڵام هەر كارێک كە دەكرێ پێویستە پێشوەخت زەمینەی بناخەیەكی پتەوی بۆ دابرێژرێ، كە بە بڕوای من ئەم بڕیارە لەلایەن حكومەتەوە جگە لە سۆزو عاتیفەیەكی رووت، جگە لەوەی بیانەوێ كەمێک دڵی گەرمی رۆشنبیرەكانی ئەو شارە سارد بكەنەوە،جگە لەوەی دەیانەوێ خەمی قورسی ئەم خەڵكە لەبیر رۆشنبیرەكانی ئەم شارە بەرنەوە، هیچی دیكە نییە، ئەم دەسەڵاتە دەیسەلمێنێ ئەسڵەن لە ماناو مەدلوولی پایتەختی رۆشنبیریی نازانێ، تەنانەت لە مێژووی رۆشنبیریش ئاگادار نین، ئەگینا لەوەتەی ئەم پرسەیان ورووژاندووە ، دەسەڵات دەیتوانی چەندین كاری گەورەو مێژوویی لەم شاری سلێمانییە بونیاد بنێ تا زەمینەكە باشتر بڕەخسابا بۆ ناولێنانی بە پایتەختی رۆشنبیریی.با دەسەڵات كەمێک ئاوڕ لە شاری قورتوبەی سەردەمی ئەمەوییەكان بداتەوە،بە كە لە سەدەی نۆیەمەوە تا سەدەی سێزدە، وەک رۆجیە گارۆدی باسی لێوە كردووە ، بۆ ماوەی 400 ساڵ لەسەر ئاستی جیهاندا پایتەختی فیكرو شارستانی و بیناسازی بووە، بە تایبەت لە سەردەمی عەبدولرەحمان ئەلناصر كە بە عەبدولرەحمانی سێیەمیش ناسرابوو،ئەمە زیاتر لە (1000) ساڵ پێش ئەمڕۆ.. هێشتا هیچ كام لە سەركردەكانی كورد نەیانتوانیوە پەیڕەوی عەبدولرەحمانی سێیەم بكەن ،كە تەنها لەو شارە زیاتر لە (70) كتێبخانەی كردبووەوە كە خاوەنی (400000)چوارسەد هەزار كتێب بوون.تەنها شەقامەكانی قورتوبە شەوان رووناک ئەكرانەوە، لەكاتێكدا ئەوروپا شەوان شەقامەكانی تاریک و نووتەک بوون. لەماوەی

(50)ساڵی حوکمڕانیدا،خزمەتێکی وەهای قورتوبەی کرد،بەجۆرێک کە هیچی لە سەردەمی حوکمڕانی (پیلیکس)ی سەردەمی یۆنانی کۆن کەمتر نەبووە، ئەگەر زیاتریش نەبێ. دەبێ دان بەوەدا بنێین هێشتا سلێمانی زۆری ماوە بگات بە قورتوبەی زیاتر لە 1000 ساڵ پێش ئێستا.عەبدولرەحمان ئەلناصر شاری زەهرای بە چوارساڵ دروستکرد، بەڵام سەرکردەکانی ئێمە باڵەخانەیان تەنها بۆخۆیان دروستکرد.ئەمە جیاوازییەکەیە.

دەبا لە حکومەت و دەسەڵاتی کوردییەوە دەستپێبکەین، تۆ بڵێی حکومەتی هەرێم ئەوەندە لە خەمی رەوشی رۆشنبیریی بێت لەم هەرێمەدا؟ نیشانەکانی ئەم پەرۆشیبوونەی حکومەت چین کە وایکردبێت ئەوەندە دڵمان پێی خۆش بووبێت؟ یان دەسەڵات بۆچی دەیەوێ بڕیارێکی رووتی ئاوەها لەم شێوەیە دەربکات،بێئەوەی پێداویستییەکانی بۆ مسۆگەر بکات.

ئایا بەراستی ئەم دەسەڵاتە کە رۆژانە بە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و مشەخۆرو بێ بەرهەمی ناودەهێنین، خۆی قەناعەتی بەوە هەیە کە سلێمانی پێویستە بکرێ بە پایتەختی رۆشنبیریی ؟ تۆ بڵێی حیزبی دەسەڵاتدار پێوەندی لەگەڵ ئەو رۆشنبیرانەی شار ئەوەندە خۆش بووبێت بۆیە دەیەوێ جوانترین دیارییان پێشکەش بکات؟

تۆ بڵێی رۆشنبیرانی سلێمانی ئەوەندە کاراو کاریگەر بن ئیتر حکومەت چاری نەمابێ و هەر ئەبێ ئەم رێگایە بگرێتە بەر؟

ئینجا ئەگەر قسە لەسەر رۆشنبیرانی ئەو شارە بکەین، دەبێ ژمارەی ئەو رۆشنبیرانە چەند بن  کە بەهەق رۆشنبیرن و جێ پەنجەشیان لەنێو بزاڤی رۆشنبیریی کوردی و فیکری هاوچەرخدا  بەرچاوە؟

هەڵەیەکی  زۆر ترسناکە ئەگەر رۆژنامەنووس و وتارنووس و چیرۆکنووس و بنووس و ......لەم سەردەمە بکرێن بە رۆشنبیر، ئەگەر ئەم جیاکارییەش بکەین و تەنها جارێک ئەم  توێژانە  تەتەڵە پێبکەین و  بە جوانی و بە وردی لە یەکتریان جیا بکەینەوە، ئەوا دەبینین رۆشنبیران لەو شارەش ژمارەیان زۆر کەمەو  کاریگەریشیان بەسەر دۆخەکە ئەوەندە دڵخۆشکەر نییە . با کەمێک وردتر بچینە ناو ئەم باسەوە..........

تا ئێستا رۆشنبیرانی سلێمانی ئەوانەی پێیان دەگوترێ رۆشنبیر (تکایە مەبەستم هەواڵنووس و وتارنووس و رۆژنامەنووسەکان نییە)، ئەوەندە کاراو کاریگەر نەبوونە چ بەرامبەر حکومەتێک کە ئیدارەیەکی باشی  بەرێوە نەبردووە، چ بەرامبەر ئەو خەڵکەش هێندە کاریگەر نەبوونە ئەگەر سبەی رۆشنبیرێک داوایەکی وەکوو مانگرتن یان خۆپیشاندانی کرد خەڵک  حیسابی بۆبکات و بە گرنگی بزانێ، هاوکات حکومەتیش ئەوەندە گرنگی پێ نەداون. بۆ ئەم پرسیارە بەر لەوەی من وەڵامی بدەمەوە  باشتر وایە رۆشنبیرانی ئەو شارە خۆیان وەڵام بدەنەوە کە دەردە کوشندەکە لە کوێیە؟ هەموومان رووداوەکانی 17 ی شوباتمان لەبیرە ،خەریک بوو

ڕۆشنبیرەکانی ئەو شارە ببوون بە چەند کەرتەوە تا وایلێهات لە تیڤی و رادیۆو رۆژنامەکانیشا ئەم کەرتبوون و جۆرێک لە ناکۆکییانە دەورووژێنران.

ئێمە نابێ ئەوەندە بەدوای سۆزو عاتیفەی رووت بکەوین، بەتایبەت رۆشنبیر ئەبێ زیاتر واقیعبین بێت، ئەبێ هەمیشە سەرنجەکانی رەخنەگرانە بێت بەتایبەت سەبارەت بە پرسێکی ئاوەها هەستیار.

باشە با چەند پرسیارێک بکەم بەو هیوایەی وەڵامەکەیم لەو رۆشنبیرە بەرێزانەی سلێمانی دەست بکەوێت، ئایا لەماوەی ئەو بیست و یەک ساڵەی رابردووا نەک تەنها رۆشنبیرانی سلێمانی بگرە تەواوی رۆشنبیرانی کوردستان توانیویانە بڕیارێکی پەرلەمان هەڵبوەشێننەوە؟ توانراوە بڕیارێکی حکومەت هەڵبوەشێننەوە؟ جارێک تەنها جارێک توانیویانە بەرامبەر بڕیارێکی هەڵەی حکومەت و پەرلەمان بچەقن و قەبووڵی نەکەن و بووبن بە بەهێزترین کارتی گوشار؟ ئاخر بەڕێزینە تا ئێستاش کە ئەو وتارە دەنووسم حکومەت و پەرلەمان و هەموو دامودەزگا بەناو فەرمییەکانی ئەم هەرێمە ئەوەندەی چاویان بە بازرگانەکان دەکەوێ، سەدا یەکی ئەوەندە چاویان بە رۆشنبیران ناکەوێ.ئەوەندەی کەسانی گەندەڵی ورگنی مشەخۆر ئەبینن، کوا رۆشنبیران ئەبینن؟ ئەسڵەن هێشتا رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە هەر ناشناسن.(24) ساڵە ئەم دەسەڵاتە ئەوەندەی گوێ لە کۆلکە مەلایەک دەگرێ سەدا یەکی ئەوەندە گوێی لە رۆشنبیران

نەگرتووە، ئەوەندەی مەلا دەسەڵاتی هەیە، پێم بڵێن کوا دەسەڵاتەکانی ڕۆشنبیر ؟

ئینجا ئەگەر نووسینەکەمان لەسەر شاری سلێمانی چڕ بکەینەوە، منیش ئەوە ئەزانم سلێمانی لە هەولێر کراوەترەو هەولێریش لە دهۆک کراوەترە، ئەزشزانم ڕۆشنبیرانی سلێمانی بە بەراورد بە ڕۆشنبیرانی هەولێر چالاکترو کاریگەرترن، ڕۆشنبیرانی هەولێریش بەرامبەر بە ڕۆشنبیرانی دهۆک زیندووترن؟ من زۆر حەزمدەکردو حەزیشدەکەم سلێمانی دە ئەوەندەی ئێستا بگرە سەد ئەوەندەی ئێستا ڕۆشنبیری هەبوایە، بۆئەوەی بیانتوانیایە گوشاری جیدی بوونایە بۆ سەر ئەم دەسەڵاتەی کە هەموومان ڕەخنەمان لێی هەیە، بۆیە بەڕێزان تکایە بە هەڵە لێم تێمەگەن، ڕاستە سلێمانی لە هەموو شارەکانی تر بە پایتەختەکەیشیەوە کە شاری هەولێرە کراوەترە، بە ڕای من شارێکی جوانترو دڵگیرتریشە، بەڵام بیریشمان نەچێ ئەو داخرانەی لە سلێمانی و دەوروبەرەکەی هەیە ئەو داخرانە لە هەولێرو دەوروبەرەکەی تا ئەو ئاستە نییە.. بیست ساڵە ئیسلامی سیاسی لە سنووری جوگرافیای سلێمانی هەر لە هەورامانەوە تا ڕانیەو پشدەر، وەکوو مارێکی حەوت سەرە کەپکەی کردووەو هەڕەشەیە،مەترسییە بۆسەر ئەم شارە، بیست ساڵە حیزبە ئیسلامییەکان پێگەی جەماوەرییان سنووری جوگرافیای ئەو شارەیە، بیست ساڵە بەشێک لە ڕۆشنبیرەکانی سلێمانی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆلی ئیسلامی سیاسیەوە، ئەگەر نەکەوتبنە ژێر کۆنترۆڵەکەیشییەوە بێگومان دەنگی ناڕەزاییمان زۆر لێیان نەبیست، فوئاد

مەجید میسری بە بوێرییەوە، بە جەسارەتەوە پەردەی لە رووی ئەو مەترسیانە هەڵماڵیوە، جارجارەیش شێرکۆ بێکەس وەک باڵندەیەک کە رەشەبا لەپۆلە باڵندەکانی دابڕیبێ، وەسفی شەمشەمەکوێرەی بۆ ئەکردین، بەڵام ئایا ئەوەندە بەس بوو؟ لەبیرتان چوو فەتوا بۆ کوشتنی گەورەترین شاعیری کورد شێرکۆ دەردەکرا؟ لەبیرتان چوو حکومەتە داخراوە بچووکەکەی هەڵەبجە چ کارەساتێکی بەسەر خەڵکدا هێنا، لەناو گەرمەی ئەم قات و قڕبوونەی خەڵکدا ژمارەی ئەو رۆشنبیرانە چەند بوون کە هەڵوێستی روونیان بەرامبەر ئەم مەترسییە وەرگرت ودەنگیان بەرزکردەوە؟، ئەی ئەوانەی ورتەیان لێوە نەهات و زۆر شەرمن بوون،ژمارەی ئەوان چەند بوو ؟ ئەو هەموو شەڕە نەگریسەی لە رانیەوە پەلوپۆی هاویشت بۆ زۆر شوێنی تر کە بە پێی زۆر سەرچاوە ئەمیری ئێستای کۆمەڵ هۆکار بوو لە داگیرساندنی ئەم شەڕە وەیشوومەیە، کەچی ئەوە من نیم بەڵکو رۆشنبیرەکانی شارن جار جار ئەچن چایەکی شیرینی لەگەڵ ئەخۆنەوە...وەک ئەوەی ئیمرۆ لە بەرگی فریشتە دابێت!!

ئێستاش حیزبە ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکانا زیاتر دڵیان بەو شارە خۆشە کە بە نیازن بکرێتە پایتەختی رۆشنبیریی ، چونکە ئەو دەنگەی لەو شارە وەدەستی دێنن ، لە هیچ کام لە شارەکانی تر وەدەستی ناهێنن بە پایتەختی هەرێمیشەوە کە هەولێرە. دڵنیام ئەگەر هەولێر پایتەختی هەرێم نەبوایە ئەمینداری یەکگرتوو، ئەمیری کۆمەڵ لە هەولێر دانەدەنیشتن و لە شاری رۆشنبیران مەنزلی خۆیان دادەنا، نەک لە هەولێر، هەر

کاتێکیش کاری ئەمینداری و ئەمیری یان تەوا بێت وەکوو ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو بەلای رۆژهەلاتدا (پایتەختی رۆشنبیریی)دا وەردەسوورێن. پێویستە رۆشنبیرانی سلێمانی لەم بابەتە غافڵ نەبن، ئاخر رێکخراوەکانی جوندلئیسلام وئەنصارلئیسلام کارەساتێکی بچووک نەبوون.ئێستاش گەراکانیان ریشەکێش نەکراوە، بەڵام وا وردە وردە دۆخەکە، کەشو هەوای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ.

راستە سلێمانی هەناسەیەکی تێدایە، راگەیاندنی ئەهلی لەوشارە زیاتر جێگیرەو بەرفراوانترە،جوولەی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی زۆر بزێوترە لە بەرامبەر شارەکانی تری کوردستان، بەڵام بوونی راگەیاندنی ئەهلی کارێکی جیایە لەگەڵ ناوەندی رۆشنبیریی، جیایە لەگەڵ بوونی رۆشنبیر.

حیزبەکانی کوردستان زادەی ئەم کۆمەڵگایەن، هێشتا هیچ کام لە حیزبەکانی هەرێمی کوردستان تیۆریستێک(منظر)ێکیان نییە، نەبلیخانۆفێکمان هەیە بڵی راپەرینەکەی بەهاری 1991 سەرکەوتوو نەبووە، وەک چۆن بلیخانۆف بە لینینی وت شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرکەوتوو نەبووە، نە کاوتسکی یەکیشمان هەیە بەرامبەر لینین و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوەستێ. تا ئێستا ترۆتسکی یەکیشمان نییە مێژووی سەرکوتکارییەکەی حیزبی دەسەڵاتمان بۆبنووسێتەوە بەقۆناخەکانی رزگاری نیشتمانیشمانەوە، وەک چۆن ترۆتسکی مێژووی شۆڕشی رووسیاو ستەمکارییە بەرفراوانەکەی ستالینی خستە نێو مێژووەوە. هێشتا راپەرینی بەهاری 1991 تەواو

نەبووبوو ئەم دوو حیزبەی (24) ساڵە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، گەورەترین سامانی نیشتمانی ئەو کاتەیان هەرزان فرۆش کرد کە بەنداوی بێخمە بوو،تەنها بە دوو ملیۆن دینار فرۆشتیان بە حوسێن ئاغای سورچی و عومەراغای سورچی کە ئێستا سەرۆکی حیزبی پارێزگارانە، عومەرئاغاش ئاودیوی ئێرانی کردوو (5) ملیۆن دیناری سویسری لەو ئاودیوکرنە قازانج کرد. بەڵام یەک دەنگی ناڕەزایی لەلایەن هیچ رۆشنبیرێک و هیچ نیشتمانپەروەرێکەوە لێ نەکەوتەوە.

24 ساڵە ئیدارەیەکی سەربەخۆمان هەیە، تا ئێستا (8) کابینەی حکومەت پێکهێنراوە، بەڵام نەمانتوانیوە گرفتی بێ کارەبایی ، کرێچییەتی، چارەسەر بکەین،ئەیبیسینەوە وەزارەتی تەندروستی کە هیچ رۆڵێکی لە تەندروستی هاوڵاتیان نییە، هێنانی دەرمانی ئێکسپایەرو بەکوشتدانی خەڵک بەم دەرمانە ژەهراوییانەوە،کەس ناتوانێ بیشارێتەوە بە خودی دەسەڵاتیشەوە،کەچی رۆشنبیران هەر بەیاننامەیەکی شەرمنانەشیان دەرنەکرد، رۆشنبیرێک نەبوو داوای بە دادگاییکردنی ئەوکەسانە بکات کە ئەو ژەهرەیان هێناوەتە کوردستان و دەرخواردی خەڵکیانداوە. ئێستا کە پەتای کولێرا شاری سلێمانی گرتۆتەوە وەزیری تەندروستی لەجیاتی ئەوەی سەرکۆنە بکرێت و وایلێبکەن دەست لە کار بکێشێتەوە، کەچی ئەبینین جەنابی وەزیر خۆی لێمان کردووە بە فس فس پاڵەوان و دەڵێ لە ماوەیەکی کورتدا کۆنترۆڵی ئەم نەخۆشیە دەکەین، کەسێ نییە لە هۆکاری سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە بپرسێتەوە.

(24) ساڵە حکومەتێکمان هەیە ناوی حکومەتی هەرێمە، ئەگەر هەر ئەوەندە حیساب بکەین کە بەعس رووخاوە ئەوە نۆ ساڵ و نیوە بەعس رووخاوە ،کەچی تا ئێستا دەستوورێکمان نییە، بەڵام رۆشنبیرانی ئەم شارەو ئەم هەرێمە کۆدەنگییەکیان نەنواند، سنوورێک بۆ پاوانخوازی دابنێن و داوای هەبوونی دەستوور بکەن. بەڕێزان وڵات بە بێ دەستوور چۆن بەڕێوە دەچێت ؟.

لەماوەی (12) ساڵی رابردوودا بەتایبەت لەوەتەی بەعس رووخاوە، چی زەوی ئەم وڵاتە هەبوو، تاڵان کرا، ئەگەر سەربردەی وەدەستگرتنی ئەم هەموو زەوییانە بنووسرێنەوە لە سەیرو سەمەرەکان (عجائب وغرائب)ی دونیا بەولاوە شتێکی تر دەرناچێ ، بەڵام رۆشنبیران لەوەش هەر دەنگیان نەکرد....یاسای وەبەرهێنان هەر بە کردەوە بووەتە یاسای لەبنهێنان، تا ئێستا زەوی بۆ پرۆژەیەکی پیشەسازی گەورەو سەردەمانە بەکارنەهێنراوە، کارەساتی گەورە ئەوە بوو ئەو زەوییانەی بەناوی موساتەحەوە بەرپرسێکی حیزبی وەریدەگرت، سێ(3) دەست و چوار دەستی دەکرد، بەرپرسە گەورەکە یەکسەر بە نرخێکی خەیالی دەیدا بە بەرپرسێکی لەخۆی بچووکتر ئەوی تریش ئەیدا بە یەکێکی بچووکتر و ئا بەم شێوەیە ، بەڵام رۆشنبیرێک هاوارێکی لێ هەڵنەستا بڵی دەسەڵات ئیتر بەسە، رۆشنبیران بەرامبەر ئەو کۆمپانیایانەی لەسەر رەنجی خەڵک ئاوا زەبەللاح بوون قسەیان نەکرد، هەموومان پەیڕەوی (ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە)مان کرد.

نەگبەتی ئەم میللەتە ئەوەیە رۆشنبیرانی کورد کەسانی وەکوو مەسعود محەمەد و مەلا شوکریان لێ بوونەتە سوپەرمان و، وەک ئەوەی ئەوان بوون لە جیاتی سوقرات فەلسەفەیان لە ئاسمانەوە هێناوەتە سەر زەوی. پارتی دیموکراتی کوردستان کە خۆی بە حزبێکی نەتەوەیی ناوزەد دەکات و تا رادەیەک لە ریزی مەحافەزەکارەکانیشە، کەچی مەسعود محەمەدێکیشی نییە تەنزیراتی بۆ بکات، یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە خۆی بە سۆسیال دیموکرات ناو ئەبات بلیخانۆفێک ، کاوتسکییەکی نییە تیۆری بۆ دابنێ.

لەماوەی 24 ساڵی رابردوودا ئەم هەمووتوندوتیژییەی بەرامبەر بە ئافرەت کراوە، بێگومان لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەم چڕییە رووی نەداوە، بەڵام رۆشنبیرانی ئازادیخواز جارێک نەچوونە ناو خۆپیشاندانێکی گەورەوە دژ بە کوشتنی ژن وتارێک بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە بخوێننەوە، کەچی هەمووشیان لە بەرهەمەکانیانا ژن تەقدیس ئەکەن. هێندەی نەمابوو ئەم پەرلەمانەی کوردستان یاسایەک بۆ پاراستنی پیرۆزییە ئایینییەکان دابنێ، خۆ رۆشنبیران لەمەش هەر قسەیان نەکرد!!

بۆیە دەمەوێ بڵێم شارێکی وەکوو فرانکفۆرت کە مەزنترین قوتابخانەی فیکری بەناوی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە لێ دروست بوو، قوتابخانەیەکی رەخنەگرانە بوو،کەسانی وەکوو ( ماکس هۆرکایمەر،تیۆدۆر ئۆدۆرنۆ، ، ئەریک فرۆم، هێربەرت مارکۆز، هابرماس و زۆرانی دی) لەناو ئەو

قوتابخانەیە گەشەیان سەند . هەر ئەو شارە شوێنی لە دایکبوونی گەورە نووسەری وەکوو گۆتە و ئۆدۆرنۆو ئەریک فرۆم و زۆری ترن، بەڵام شاری فرانکفۆرت نەکرا بە پایتەختی رۆشنبیریی، بەڵکو کرا بە پایتەختی ئابووری ئەڵمانیا.سەرچاوەی کاغەزی دراوی ئەڵمانی لەوشارەیە و بانکی ناوەندی ئەورووپیش هەر لەو شارەیە.

رۆشنبیرانی سلێمانی لە من باشتر ئاگادارن کە ڤۆلتێر چۆن توانی کێشەی ناڕەوای (جان کالاس) بخاتەوە بەردەم دادگاو رەدی ئیعتیبار بۆ ئەو باوکە بەدبەختەو بۆ بنەماڵەکەی بگێڕێتەوە، ئەرێ ئێمە تاقە ڤۆلتێرێکمان هەیە ؟ لەم کوردستانە زۆرن ئەو باوکانەی بە ناهەق کوژراون و وەکوو (جان کالاس)یش بێ گوناه بوون ، بەڵام رۆشنبیران چیان کردووە بۆ ئەوانەی تا ئێستا تەرمەکانیان کەس نازانێ لە کوێیە؟.

کوشتنی ئەفسەرێکی پلەی نەقیب بە ناهەق بە ناوی (ئەلفرید دریفۆس)ی جوولەکەی فەرەنسی بە تۆمەتی ئەوەی نهێنییەکانی فەڕەنسای داوەتە ئەڵمانیا، چی لە (ئەمیل زۆلا) کرد؟ ئەمیل زۆلا بە یەک بەیاننامە بە ناوی ( من تۆمەتبارم) حکومەتی فەڕەنسای هەژاند، دواتریش لەگەڵ چەند کەسایەتی دیاری بواری ئەدەب و هونەری فەرەنسی بەیاننامەیەکیان بۆ پشتگیریکردن لە (دریفۆس) لە 1898/1/14 بە ناوی (بەیاننامەی رۆشنبیران) بڵاوکردەوە ،کە ئەمە یەکەمجار بوو زاراوەی رۆشنبیر بەکار بهێنرێت. وتارەکەی ئەمیل زۆلاو ئەو بەیاننامەیەی رۆشنبیران رای گشتی

له فەرەنسا کرد بە دوو کەرتەوە، کەرتێکیان بریتی بوون  له رۆشنبیران کە سەرمەشقی رۆشنبیرەکان ئەمیل زۆلا بوو لەگەڵ کەسایەتییە چەپ و سۆسیالیستەکان  کەوتبوونە بەرەیەکەوە بەناوی (کۆمەڵەی کۆماری)کە دروشمی لیبرالی و مافی مرۆڤیان بەرز دەکردەوە،  بەرەکەی تریش  لە دژی (کۆمەڵەی کۆماری) بەرەیەکیان بە ناوی (نیشتمانپەروەرەکان) پێکهێنابوو، بەتوندی دژی دووبارە دادگاییکردنەوەی دریفوس بوون، بەڵام بەرەی (کۆمارییەکان) سەرکەوت و حکومەتی فەرەنسای ناچارکرد جارێکیتر (دریفۆس)دادگایی بکاتەتەوەو  بە دوو قۆناخ (دریفۆس) ئازاد کراو رەدی ئیعتیباری بۆ گەڕایەوە

لێرە بە ئاخێکی قووڵەوە خۆزگە دەخوازم ئەو شارەی  بەهیوایە ناوی لێ بنرێ پایتەختی رۆشنبیریی  چەندین ڤۆلتێرو ئەمیل زۆلای لێ هەڵکەوتبایە. بەڵام خۆزگەو بریا شتێکن ، واقیع شتێکی ترە.

ئەگەر بچینە ناو بواری ئەدەب هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێ سلێمانی لە بواری شیعردا لە سەردەمی نالی یەوە تا ساڵانی شەستەکان و تا سەردەمی(هەردی و دیلان)  لە پێشەوەی شارەکانی تری کوردستان بووە، بەڵام لە هەشتاکان (بەتایبەت نیوەی دووەمی هەشتاکان) هەولێر  ئەو پێشڕەوییەی وەرگرت و لە سلێمانی سەندەوە، ئەگەر بمانەوێ گفتوگۆی لەسەر ئەم پرسە بکەین دەبینین لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشوو هەولێر لە گەشەیەکی  باش بوو ، بەڵام سلێمانی ئەگەر (شێرکۆ

بێکەس)ی لێ بێنیتە دەر ئەوا هەر زۆر وێران بوو لە بواری شیعردا. بەڵام لە ماوەی (40) ساڵی رابردوودا سلێمانی لە بواری شانۆ و نواندنەوە لە پێش هەموو شارەکانی کوردستانە، ئەمە راستییەکەو کەس ناتوانێ نکولی لێ بکات.

بەڵام با ئەم چەند پرسیارە لە حکومەت و لەو رۆشنبیرانەی سلێمانی بکەین هیوادارم وەڵامێکی هێمنانەو موقنیعیان پێبێت کە من بەش بە حاڵی خۆم ئەم وەڵامەم لا نییە، بۆیە دەپرسم، ئەرێ دەکرێ شارێک ناوی لێ بنرێ پایتەختی رۆشنبیریی بەڵام بەدەست هۆڵی مۆدێرنی سیمینارەوە بناڵێنێ ؟ کوا هۆڵە نوێکانی تایبەت بە هونەری مۆسیقاو هونەری هەڵپەڕکێ و، کوا ستۆدیۆ پێشکەوتووەکانی ئەم شارە؟ کوا مۆزەخانە بەناوبانگەکەی کە گەشتیاران سەرسام بکات؟ کوا ئەو ڤیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵانەی کە وەرزانە کێشە نییەساڵانە دەبەسترێن و لەمسەر بۆ ئەوسەری دونیاوە بە تاسەوە دێن بۆ بینینیان؟ کوا ئەو چاپخانە تازەو نوێیانەی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب و هونەرو رۆشنبیریی بەکار دەهێنرێن؟ کوا ئەم کتێبخانە گەورەو بەناوبانگانەی کە لە هەرچوار پارچەی کوردستانەوە بۆ سوود وەرگرتن سەردانی دەکەن؟ تکایە بە هەڵە لێم تێمەگەن سلێمانی خاوەنی کامە قوتابخانەی فیکرییە؟ من بڕوای تەواوم بەوە هەیە شێرکۆ نەک هەر گەورەترین شاعیری کوردە، بەڵکو شاعیرێکی جیهانیشە، ئەگەر کوردیش نەبوایە بێگومانم بۆ خەڵاتی نۆبڵ ئەپاڵێورا، بەڵام بە تەنها یەک شێرکۆ بێکەس نە دادی ئەم شارە ئەدات و نە دادی

ئەم میللەتە داماوەش ئەدات، شێرکۆ کاتێک تورە ئەبێت ، دەرژێتە شەقام ، بەڵام کاتێک دەکەوێتە ژێر گوشاری دەسەڵاتەوە ئاورێک بە لا تەنیشتەکانییەوە ئەدات، ئەبینێ کەس وەکوو خۆی باڵا لەم دیوو ئەو دیوی نییە، بۆیە ناچار دەچێتەوە لە ژوورێکا هەڵدەکورمێ و ئەمجارە جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و بە شیعرێک نەفرەت لە دەسەڵاتی ستەمکار دەکات، ئەوەی بکەوێتە بەر نەفرەتی شێرکۆش بێگومان دەکەوێتە بەر نەفرەتی مێژوو، چونکە شێرکۆ مێژووی(40)ساڵەی کوردە، شێرکۆ مێژووی تێکۆشان و قوربانیدانی چل ساڵی ئەم نەتەوەیە، کەس وەکوو شێرکۆ نازانێ وێنەی پێشمەرگەو شەهیدو بێوەژنەکانی ئەم هەرێمە بکێشێ . شێرکۆ بە تەنیایە ئەگەر نا کوڕی باوکێکە کە (ئەدمۆنز) لە هەموومان باشتر ئەیناسێ...شێرکۆ ئەزانێ ئەو دەسەڵاتەی دەڵێ سلێمانی دەکەین بە شاری رۆشنبیریی هەر ئەو دەسەڵاتەیە ئەگەر هەڵوێستێک لە شێرکۆ ببینێ ئامادەیە بیکا بە پەند ، شێرکۆش باش ئەزانێ لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا ئەگەر بکرێ بە پەند، رۆشنبیران و نووسەران نایەن مانی بۆ بگرن، نایەن لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە بچەقن و بڵێن رەدی ئیعتیبارمان بۆ شێرکۆ دەوێتەوە، من دڵنیام ئەگەر گوشاریش هەبێ ئەگەر هەوڵیش هەبێ ، هیچیان ناگەن بە ئاستی گەورەیی شێرکۆ..

هەردوو حیزبی دەسەڵات رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر رۆشنبیریان لێ دەتەکێ، ئەمە ئەگەر هەیانبووبێ... جارێک لەخۆشیان نەپرسیوە بۆچی وا داماون بە دەست رۆشنبیرەوە، بە رای من هەر حزبێک تیۆریست واتا مونەزیری

نەبێ ئەو حیزبە کۆتایی هاتووە، ئێستا هەردوو حیزبی دەسەڵات خالین لە کەسانی وا.. کارەسات ئەوەیە  هیچ باکیشیان نییە ...

بڕوا ناکەم کەسمان دڵمان بەوە خۆش نەبێت حیزبەکانی کوردستان زۆر نیشتمانی بن و بە تەنگ ئازادی و مافی خەڵکەوە بن. بەڵام تازەش کار لە کار ترازاوە، ناتوانین دڵمان پێیان خۆشبکەین.

بڕوا ناکەم کەسێ هەبێ حەز نەکات سلێمانی پڕ بێت لە مۆزەخانەو تیپی ئۆرکستراو کتێبخانەو جوانترین هۆڵی سەردەم، هەر هیچ نەبێ کاتێک بۆ گەشتێک روو لەو شارە دەکەین بتوانین لە نێو ئەو کتێبە پڕ بەهایانە بگیرسێینەوە کە زۆر تامەزرۆیانین، گوێبیستی ئاوازێکی مۆسیقا بین تا خۆمانی پێ فۆرمات بکەینەوە، سەردانێکی ئەو مۆزەخانە بەناوبانگانە بکەین کە مێژووی نەتەوەکەمانی تێدا رەنگرێژکراوە..

هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا  لەلایەن رۆشنبیرانەوە هەڵنەگیرسا، بەڵام رۆشنبیرانی ئەم وڵاتە رۆڵیان لە خولقاندنی هەبوو، ناتوانرێ رۆڵی هزرڤانەکانی سەردەمی رۆشنگەری لەبەر چاو نەگیرێ، ئەوان یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ دروستبوون و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە. تەنانەت مێژوونووسی بەناوبانگ (دانییێل مۆرنێ) ئەڵێ ئەگەر رۆشنگەری نەبوایە شۆڕشی فەرەنساش دروست نەدەبوو، رۆشنگەری بوو رەوایی لە کلێسەی کاسۆلیک وەرگرتەوەو لەباریەکی هەڵوەشاند.لەکاتێکدا پیاوانی ئایینی خراپترین رۆڵیان لە سڕ کردنی

خەڵکدا هەبوو، لە پێناو درێژەدان بە ستەمکاری.کلێسەکان سەرچاوەی ستەمکاری بوون، ئەوە رۆشنبیرەکان بوون کلێسەیان لەبەر چاوی خەڵک ریسوا کردو لە دەسەڵات رووتیانکردنەوە. بۆیە هەموو گۆڕانکارییەک ئەگەر لە رووی فیکرییەوە سەرکەوتن وەدەست نەهێنێ، با لە رووی سیاسیشەوە سەرکەوتوو بێت، ئەنجامەکەی هەر شکستە، راپەڕینی بەهاری 1991 یش هیچ بنەمایەکی فیکری لەخۆنەگرتبوو، ئێستاش رووداوە یەک لە دوای یەکەکان بە 17ی شوباتیشەوە، هیچ بنەمایەکی فیکرییان لە خۆ نەگرتبوو، بۆیە شکست لە دوای شکست دێنین.

گرێبەستی کۆمەڵایەتی رۆسۆ لە کاتی شۆڕشی فەرەنسا بە ئینجیلی شۆڕش ناو دەبردرا، بەڵام کوا بەرهەمەکانی کورد لە دوای راپەڕینەوە تا ئێستا، تا وەکوو دیکارت بە باوکی شۆڕشی فەرەنساو بە باوکی فەلسەفەی نوێی ناوزەد بکەین. ؟

تا ئێستا جیهانبینینی کۆن بەدوامانەوەیەو زۆرجاریش وەکوو سێبەری خۆمان لەگەڵمانایە، لەکاتێکدا دەبوو ماوەی ئەو 21 ساڵەمان بە هەدەر نەدابوایەو جیهانێکی نوێمان دا بهێنایە، هەر کاتێک روو لە سلێمانی دەکەیت، ئەو قسەیە لە ناخمانا زیندوو دەبێتەوە، کە خەڵکی ناو شاری سلێمانی خۆیان دەیانوت: سلێمانی لە شارەوە ئێستا بووەتە قەزا، ئێستاش کە سەیری شەقامەکانی، باڵاخانەکانی، شوێنە گەشتیارەکانی، ناوەندی شارەکەی دەکەیت، ئەم قسەیە خۆی دووبارە دەکاتەوە، کەواتە

جورئەتی دەوێ ناوی پایتەختی رۆشنبیریی لێ بنێی، ترسناکترین پرسیاریش ئەوەیە کاتێک گرووپی بێگانەکان روویان لەم پایتەختی رۆشنبیرییە کرد، کوێیان پێ نیشان ئەدەن ؟

## جارێكی تر

**سلێمانی و كام پایتەختی رۆشنبیریی ؟**

مانگی رابردوو  بابەتێكم بەو ناونیشانەی سەرەوە بڵاوكردەوە بەو ئومێدەبووم گفتوگۆیەكی فیكری- رۆشنبیریی لە رووپەڕی بڵاوكراوەكان بەخۆوە بگرێ، بەڵام ئەوگفتوگۆیە نەكرا، لەولایشەوە ئەوانەی پێوەندییان بە كاروباری فیكرو رۆشنبیرییەوە نەبوو هەڵمەتی سلێمانی بوون بە پایتەختی رۆشنبیرییان زیاتر برەوپێدا، تا وای لێهات سەرۆكی حكومەتیشیان هێنایە ناو بابەتێكی وەها هەستیار، وەك ئەوەی ئەگەر سلێمانی بە بڕیارێك ببێتە پایتەختی سلێمانی ئەوا دونیا لەناو سلێمانی خۆیدەنوێنێ و ئیتر (ویل دیورانت) دەبێت بێت جارێكی تر لەو شارە (مێژووی شارستانێتی) بنووسێتەوە.

هەستدەکەم  پرسی بوون بە پایتەختی رۆشنبیریی ئەوەندەی بووەتە گرێیەکی دەروونی، نیو ئەوەندە بۆ خەمی رۆشنبیریی نییە، چونکە ئەوانەی زیاتر لەو بارەیەوە قسە دەکەن، زۆر بە دەگمەن رۆشنبیرەکانن، بەڵکو زیاتر کەسانێکن  کەم بەرهەمن، رۆشنبیرەکانی سلێمانی ئەوانەی پێیان بگوترێ رۆشنبیر بە ژمارە ئەوەندە زۆر نین تا لێمان ون ببن، دەسەڵاتیش ئەوەندە کەیفیان بەو رۆشنبیرانە نایە ، چونکە لە ئاوازی دەسەڵات و حیزبی دەسەڵات ناخوێنن، بۆیە ئەو دەسەڵاتەی ئێستا، مافی ئەوەی نییە باس لە پایتەختکردنی رۆشنبیری سلێمانی بکات.. لێرەوە وردە وردە زیاتر دەچمە نێو باسەکەوە .

با پرسیارێک لە هەموو ئەوانە بکەم کە زۆر بە پەلەن سلێمانی ببێتە پایتەختی رۆشنبیریی، دەبێ لە چ روانگەیەکەوە قەناعەتیان بەخۆیان هێنابێ؟ ئەوەی من سەرنجی بۆ دەدەم زیاتر لەبەر چەند شاعیرێک و چەند بڵاوکراوەیەکی رۆژنامەوانییە، بۆ نموونە باس لە نالی و سالم و کوردی دەکرێ و باس لە چەند گۆڤارێکی رۆژنامەوانیش دەکرێ،یان باسی پیرەمێردی شاعیرو...تد دەکەن، یان دەچنە سەر باسی میرنشینی بابان و..تد. من حەزمدەکرد ئەو بەرێزانەی  مەبەستیانە سلێمانی بکرێتە پایتەختی رۆشنبیریی باسیان لە چەند پرسێکی رۆشنبیری و فیکری(بە مانا مەعریفییەکەی) بکردایە، لە کوێی دونیا شارێک کراوەتە پایتەختی رۆشنبیریی تەنها لەبەر ئەوەی چوار شاعیرو سێ گۆڤاری ئاسایی رۆژنامەوانی لێ دەرچووە؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوشاعیرانەی کە ئەو بەرێزانە

باسی دەکەن کە لە سەرووی هەموویانەوە (نالی)یە، من نازانم بۆچی نالی لەسەر سلێمانی حیساب بکرێ؟، بە دڵنیاییەوە دەڵێم (حاجی قادری کۆیی) چەندە لەسەر شاری هەولێرئەژمار دەکرێت، (نالی) یش هەر ئەوەندە سەر بە سلێمانییە. نالی لە گوندێکی دوورە دەستی(خاک و خۆل)ی دەشتی شارەزوور هاتۆتە دونیاوە، کاتێکیش چووە بۆ حەج و لەوێوە چووە بۆ شام بۆنی غوربەت کاری تێکردووە، هاواری بۆ سلێمانی نەبردووە، بەڵکو هەر بە حەزرەت خاکو خۆلەکەی شارەزوور بووە، بۆیە لە نامەکەیدا بۆ سالم نووسیویەتی (قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور، ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور)ئەمە لە کاتێکدا نالی دەیزانی سالم لە سلێمانییە، بەڵام باسی شارەزووری بۆ کردووە..

من زۆر دڵخۆشتر دەبم کاتێک ببینم لەم کوردستانە شارێک ناوی پایتەختی رۆشنبیری بە باڵادا بڕاوە، بەڵام ئەو شارە خۆ دەبێ پێگەکانی ئەوەندە بەهێز بن تا شایانی هەڵگرتنی ئەو ناوە بن. من ئەوجارەش دەیڵێمەوە سلێمانی لە هەموو شارەکانی تری کوردستان زیندووترە تەنانەت لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە زیندووترە،جوولەیەکی رۆشنبیری-کۆمەڵایەتی-سیاسی تێکەوتووە، بەڵام بوونە پایتەختی رۆشنبیری وەها بە سووک و سانایی نابێت، ناشبێت سۆزو عاتیفەی رووت بە ئارەزووی خۆی هەڵمانسووڕێنێ. با نموونەیەک بهێنمەوە ، لەدوای شاری ئەسینای یۆنانی، شاری فلۆرەنسای ئیتالی بەناوبانگترین و کاریگەرترین شار بووە کە رێنیسانسی ئیتاڵی لەو شارەدا گەشەو نمای کردو تا هەموو ئەورووپای

گرتەوەو تەنانەت پەلوپۆی بۆ زۆر وڵاتی دیکەی دونیاش برد، ئەم شارە شاری (ماکیافیلی و مایکل ئەنجیلۆ و لیۆناردۆ دافنشی و ساندرۆ پۆتیشیلی و گالیلۆ ودانتی و زۆری دیکەیە)، وەک وتم رێنیسانس لە دوای رووخانی قوستەنتینیە گوازرایەوە فلۆرەنساو لە دوای ئەسینای یۆنانی ئەو شارە سەدەکانی چواردە تا شازدە بەناوبانگترین و گەورەترین شاری ئەوروپا بوو کە لانەو بێشکەی  فیکروفەلسەفەو شارستانیەت و بیناسازی و هونەرو ......هتد بووە.یۆنسکۆ ساڵی 1982 ئەو شارەی وەک کەلەپووری جیهانی ناساند. بەڵام ناویشی لێ نەنرا پایتەختی رۆشنبیریی..من زۆر سەیرم پێهات کاتێ لە یادی ساڵانەی گەلاوێژدا ئەم پرسە زۆر بە گەرمی لەلایەن دەسەڵاتەوە نەک رۆشنبیران باسی لێوە کرا، هەموو پاساوەکانیشیان خوێندنەوەی دوو دێڕە شیعر یان نواندنی هەڵوێستێکی سیاسی یان دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەیەکی رۆژنامەوانی بووە لە سەردەمێکی زوودا.. ئەم بەڕێزانەی جەختیان لەسەر بە پایتەختکردنی سلێمانی دەکردو دەیکەن، تەنها دوو مەبەست لەخۆ دەگرێ، یان ئەوەتا لە مانای پایتەختی رۆشنبیری نەگەیشتوون، یان ئەوەتا دەیانەوێ بەو رستە تریسکەدارانەیان سۆزو عاتیفەی ئەو شارە بۆ خۆیان بهێننەوە ، چونکە دەسەڵات باش لەوە گەیشتووە سلێمانی رووی لە دەسەڵات وەرگێڕاوەو ئیتر لەگەڵی هەڵناکات. ئەگینا کوا ئەو کەرەستەیەی کە پاساوێک بن بۆ بوونی سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیریی؟  سلێمانی ئەو بڕیارەشی بۆ دەربچێت، هەر تەنها دەبێتە مەرەکەبی سەر کاغەزو بە فیعلی ئەو شارە نابێتە

پایتەختی ڕۆشنبیریی، چونکە حیزبی دەسەڵات  لە ڕەهەندەکانی ڕۆسشنبیریی نەگەیشتووە. لە بنەڕەتیشدا ئەو دەسەڵاتە ئەوەندە لەو خەمە حەقیقیەدا نییە، با بپرسم باشە ئەگەر دەسەڵات ئەوەندە لە خەمی بە پایتەختکردنی شاری سلێمانییە ، بۆچی یەکێک لە ڕۆشنبیرە هەرە دیارەکانی ئەو شارە کە (فاررووق ڕەفیق)ە، پۆلیس و ئاسایش کون بە کون بەدوایەوە بوون بۆ گرتن و ئازاردان و لێدانی ؟ دواتریش تۆمەتبارىيان کردو پەلکێشی چوونە بەردەم دادگایان پێکرد؟ ئەرێ بۆ وایان کرد؟ ئەی بۆچی جووتە برا(ڕێبین و ئاسۆس هەردی)یان دایە بەر شەق و ئازاریاندان؟ چیبوو تی ئێن تی لە باخەڵیان دۆزرابۆوە؟ باشە بە چ هەقێک باسی پرسێکی وەها هەستیار دەکەن، لەکاتێکدا هیچ بەهاو نرخێکیان بۆ ڕۆشنبیرانی ئەو شارە دا نەناوە؟ شێرکۆ بێکەس کەمێک هەر تەنها کەمێک هەڵوەستەیەکی کردو ویستی هەڵوێستێک وەربگرێ، خێرا بودجەی دەزگای سەردەمیان لێ بڕی و کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی دروستکراویشیان خستە پاڵی، خەریک بوو ڕووی ڕاستەقینەی شێرکۆ بە تەواوی ناشیرین بکەن، ئەم دەسەڵاتە ئەگەر تۆزێک لە بەهای ڕۆشنبیری بزانیبایە جورئەتی نەدەکرد هەوڵی ناشیرینکردنی شێرکۆ بێکەس بدات، جورئەتی نەدەکرد فەرمان بە پۆلیس بدات بەدوای فارووق ڕەفیقەوە بن بۆ گرتن و ئازاردانی. ئەی ئەمانە ڕۆشنبیری ئەو شارە نەبوون ؟ ئەرێ بۆچی واتان کرد؟. کارەساتی گەورە ئەوەبوو گوێمان لە دەنگی بەرز نا بەڵکو گوێمان لە نووزەی یەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی تەنانەت یەک ئەندامی

سەرکردایەتی حیزبی دەسەڵات نەبوو، ناڕەزاییەکی راشکاوانە دەربېرێ لە راوەدوونانی رۆشنبیرانی سلێمانی. یەک کەس لەو سەرکردە بەڕێزانە نوقەیان لێوە نەهات، ئەمە مانای ئەوە نییە حیزبی دەسەڵات ئێکسپایەر بووەو لە سەنگەری میللەت نەماوەو بە ئاقارو ئاراستەیەکی تردا مل دەنێ، کە بۆ ئەم دۆخەی ئێستا ناگونجێ؟ ئەگەر دەسەڵات بیەوێ لەگەڵ رۆشنبیرانی کوردستان ئاشت بێتەوە،پێویستی بە (تۆما ئەکوینی)یەک هەیە ، کە چۆن ئەکوینی هەوڵیدا بیروبارەڕی مەسیحی وفەلسەفەی یۆنانی لەگەڵ یەک ئاشت بکاتەوە.ئەمە جگە لەوەی خودی رۆشنبیرانی کوردستانیش لە قەیرانێکی قووڵدان، چونکە رۆشنبیر لەم هەرێمە هەر بە تەنها قسەکەرنییە وەک محەمەد عابد جابری باسیکردووە، بەڵکو رۆشنبیر ئەگەر لە رزگارکردنی کۆمەڵگەش پێشڕەو نەبێت، دەبێت لە گۆڕینی کۆمەڵایەتی پێشڕەو بێت.من ناڵێم رۆشنبیرانی کورد ئەبێ داهێنانێکی مەعریفی وەها لە بەرامبەر ئەو دۆخە ئاڵۆزەی کوردستان بێننە ئاراوە، چونکە داهێنانی مەعریفی لەناو رۆشنبیرانی عەرەبیش زۆر دەگمەنە یان هەر نییە،چونکە لە بنەڕەتداسەرچاوەو مەرجەعییەتی ئەو داهێنانە فیکرییە بۆ فیکری ئەوروپی دەگەڕێتەوە.کارڵ پۆپەر لەناو کوردان بە زانایەکی کۆمەڵناسی ناسراوە،بەڵام ئەوەندەی قوتابی و موریدی لە بواری ماتماتیکدا و زانستدا هەیە، ئەوەندە قوتابی و لایەنگری لە کۆمەڵناسیدا نییە، ئەگەر کۆمەڵگای کراوەو دوژمنانی لێ دەربکەین،کارل پۆپەر لە بواری کۆمەڵناسیدا بە تەواوی رووتدەبێتەوە.ئەمانۆیل کانت و برتراند راسل و

زۆرانی دیکەش لەم شێوەیەن.فرۆید چەمکی فیزیایی و ئابووری لە میتۆدی شیکردنەوەی دەروونیدا بەکارهێنا، مارکس چەمکی ماتماتیک و فیزیای لە شیکردنەوەی ئابووری سەرمایەداریی خستە روو، کەسێکی گەورەی وەکوو هێربەرت مارکۆز دەڵێت: راستیت دەوێ من لە بەشێکی زۆری نووسینە قووڵەکانی تیۆردۆ ئۆدۆرنۆ ناگەم چونکە زۆر قورسن.زۆر زەحمەتە مێژوو دووبارە بێتەوەو ئۆدۆرنۆیەکی تر دروست بێتەوە کە لە هەموو پرسێکدا قسەی هەبێ، تەنانەت لە هونەرو مۆسیقاش.هیشام شەڕابی دەڵێت، ترسنۆکی رۆشنبیرانی عەرەب و ناجێگیریی لە فیکریاندا بە روونی پێیانەوە دیارە نەک تەنها لە هەڵوێستیان بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو لە هەڵوێستی دوودڵیان بەرامبەر دەسەڵاتی ئایینی و رەوتی ئوسوڵی.ئەم قسەیەی شەرابی رێک بۆ رۆشنبیرانی کوردیش دروستە. من پێمخۆشە ئەو دابڕانە ئەپستمۆلۆجییە ببینم کە رۆشنبیرانی شاری سلێمانی دروستیان کردووە.پێمخۆشە ناوی ئەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفیانەو ئەو سیستەمە میتافیزیقییە بزانم کە لەماوەی 228 ساڵەی سلێمانی وەدەستهاتوون. سەیرم پێدێت لە سەدەی بیست و یەکداین، کەچی شانازی بە میرنشینی بابانەوە بکەین، زۆر ناچمە سەر میرنشینی بابان، بەڵام ئەوەندە بەسە،شەڕی خوێناوی نێوان میرنشینی بابان و میرنشینی ئەردەلان لە لایەک و شەڕی سەختی نێوان میرنشینی بابان خۆیان لەلایەکی ترەوە، تەنانەت شەڕی سێ برا، مەحمود پاشای بابان و ئەحمەد پاشای بابان ومحەمەد پاشای بابان، کە نزیکەی بیست ساڵێکی خایاند لە شەستەکان و

حەفتاكانی سەدەی نۆزدە، درامایەكی مەرگەساتئامێز بوو لە مێژووی كورددا.ئینجا شەڕی نێوان مەحموود پاشای بابان و سلێمان پاشای بابان لە لایەكی ترەوە ئەوەندە شەڕی سەختی براكوژی بە خۆیەوە بینی كە ناوچەی شارەزوور بە مانا فراوانەكەی ئەوكات كردیان بە شانۆی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریای فارس و سوپای والی بەغدا.ئەم كارەساتە لەماوەی نیوسەدەی رابردوودا چەندین جار خۆی نمایش كردۆتەوە.باسی پیرەمێردی شاعیر دەكرێ، پیرەمێرد كۆمەڵێك شیعری جوانی هەن، كە هەندێكیان تەواو نیشتمانین نموونە (وەفدی كوردستان، ئەوا هاتن شەهیدان، نەورۆز..هتد)، بەڵام هەموو فیكرو فەلسەفەكەی پیرەمێر خۆی لە زیندووكردنەوەی پەندی پێشینان بەرجەستە كردووە، بوونە پایتەختی رۆشنبیری بەو كەرەستەیە دەكرێ؟

من دەزانم خەڵكی سلێمانی هەست بە جۆرە غەدرێك دەكەن كە لێیان كرابێ،هەر دوێنێ بوو خەڵكی سلێمانی دەیانوت سلێمانی لە پارێزگاوە بووەتە قەزا، ئەم قسانە لە ساڵانی 2005تا 2007 زۆر دەوترانەوە، كە هەمووی چوار پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. ئەگەر خەڵكی سلێمانی پێیان وابێ شارەكەیان بە بڕیارێكی حكومەت بكرێ بە پایتەختی رۆشنبیریی و ئیتر تەواو، پێموانییە ئەمە راست بێ، بگرە هەڵەیەكی كوشندەیشە، ئاخر تا ئێستاش نەخۆشخانە چوارسەد قەرەوێڵییەكە بووەتە كراسەكەی عوسمان و هەر نەبڕاوەتەوە، دەسەڵاتێك بەم هەموو ناتەواوییەوە نەخۆشخانەیەكی (400)قەرەوێڵەیی كە چەندین ساڵە تەواوی

نەکات،تونێلەکەی ئەزمڕ نازانم ئەوە چەند ساڵە بە دەرزی کونی دەکەن یان لێی پەشیمان بوونەوە؟ ئیتر بەڕێزان چ مانایەک بۆ بە پایتەختکردنی ئەو شارە ماوەتەوە ؟ مۆنتیسکیۆ دەڵێ: هەڵوێستی ستەمکار رێک وەک هەڵوێستی ئەوکەسە وایە کە دارێک لەپێناو بەروبوومەکەیدا ببڕێتەوە، لێرە رێک ئەو قسەی مەسیحیش بۆ سەرکردەکانی حیزبی دەسەڵات دەگونجێ کە وتوویەتی (مرۆڤ چ سوودێکی دەستدەکەوێ ئەگەر هەموو جیهان بەرێتەوەو خۆی بدۆڕێنێ).

پێویستە رۆشنبیران و کۆمەڵی مەدەنی و رێکخراوەکانی تری ناحکومی، بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە پێکەوە گوشارێکی جیدی بخەنە سەر دەسەڵات کە باشتر لە ئیمڕۆ ئاوڕ لەم شارە بداتەوە، با دیزاینی شەقامەکان بگۆڕن کە هی سالآنی شەستەکانە واتا نیو سەدە پێش ئەمڕۆ، با نەخۆشخانە و قوتابخانەو بواری پەروەردە لەو شارە ببەنە پێشەوە، سنوورێک بۆ ئەو قۆرخکارییەی دەسەڵات دابنرێ کە هەموو سامانی نیشتمانی بۆخۆی هەڵلووشیوە،با کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێ،با رۆشنبیرانی شار جیدی تر لە ئێستا گوشار بخەنە سەر دەسەڵات کە بۆچی دوازدە ساڵە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ناکرێتەوە؟بۆچی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەوە هەشت ساڵە ناکرێتەوە؟ لە کوێی دونیا بووە سەرۆکی شارەوانییەکان بۆخۆی پۆستی گەورە لە حزبەکەی وەربگرێت و بە ئارەزووی خۆی کەسێک بێنێ لە شوێنی خۆی دابنێ، ئەمە چ شەرمەزارییەکە بۆ پەیڕەوکردنی یاسا لەو شارە، بێگومان دانانی

پارێزگارەکەش هەر بە هەمان شێوە. ئەو گرفتانەی ئەمڕۆ تەنگی بە سلێمانی هەڵچنیوە لەبەر ئەوە نییە چونکە بڕیاری پایتەختی رۆشنبیریی بۆ نەدراوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەودەسەڵاتە لە خەمی ئەو شارە نییە، بێباکی ئەو دەسەڵاتە لە تونێلەکەی ئەزمەڕو نەخۆشخانە (400) قەرەوێڵییەکەو زۆری دیکەدایە.دەسەڵاتێک بە چەندین ساڵ ئینجا بەرزە پردێکی بچووکی لە شەقامی سالم تەواو کرد، ئیتر چ مانایەک بۆ بە پایتەختکردنی رۆشنبیری ئەو شارە دەمێنێتەوە.

ئێستا ئێمە هەمووماں لە قەیراندایں، بە کۆمەڵگاو دەسەڵات و حیزبە سیاسییەکان و خودی رۆشنبیرانیشەوە ، زۆرجاریش ئەو قسەیە بۆتە باو کە دەڵێت قەیرانێک لەناوت نەبات زیندووت دەکات و بەهێزت دەکات...بەڵام خۆ ناشبێ هەرێمی کوردستان بەردەوام نقومی ناو قەیرانەکان بێت، چونکە قەیرانیش لە زۆربەی حالەتەکاندا دیکتاتۆر بەرهەمدەهێنن، هەر بۆ نموونە قەیرانەکانی فەڕەنسای سەدەی هەژدەو نۆزدەو تا سەرەتای سەدەی بیست سیستەمی حوکمێکی دیکتاتۆری بەرهەمهێنا، رۆبسپێرو ناپلیۆن و چەندین سەرکردەی دیکەی دیکتاتۆر دروستبوون. ئەوەندە بەسە بڵێین تەنها لە ساڵانی 1792 تا 1799 موحافەزەکارەکان (ئەوکات پێشیان دەوتن ئۆرستۆکراتەکان) لەلایەن ئەوانەی گوایا داوای رزگاریان دەکرد (پێشیان دەوتن نیشتمانپەروەرەکان)، رووبەڕووی ریسواکردن و حەپس و تێهەڵدان و کوشتن و دوورخستنەوەو نەفیکردن هاتن. ئەم هەڵوێستە نادروستەی نیشتمانپەروەرەکان دۆخێکی

دیکەی پێچەوانەی هێنایە ئاراوە کە لە ساڵی 1814 تا 1815 ئەمجارەیان نیشتمانپەروەرەکان لە لایەن ئۆرستۆکراتەکانەوە ڕووبەڕووی حەپس و تێهەڵدان و کوشتارگە بوونەوە.

ڕۆشنبیرانی کورد ئیتر نابێ هەر تەنها قسەی زلی ڕووکەشانەو ئینشائیانە بکەن، کاتی ئەوە هاتووە هەمووومان بەخۆدا بچینەوەو ئەو تەپوتۆزە لە خۆمان بکەینەوە کە بووەتە ماسک بە جەستەمانەوە، دیکارت (400)چوارسەد ساڵ بەر لە ئیمڕۆ لە کتێبی (وتارێک دەربارەی میتۆد) نووسیویەتی دەبێت ڕەخنە لە خۆمان بگرین.

کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی بەرخۆرە، دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەبەردەم هەڕەشەو مەترسیدایە، چونکە خودی مرۆڤ بۆتە کاڵایەکی بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت. ئەمانۆیل کانت دەڵێ، نابێ مرۆڤ بکرێتە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی هیچ مەبەستێک، بەڵکو پێویستە هەمیشە خودی مرۆڤەکە وەکوو ئامانج سەیر بکرێت و ڕێزی لێبگیرێت، واتا نابێ بازرگانی پێوە بکرێت و بە هیچ شێوەیەک سووکایەتی پێوە بکرێت.

ئێمە تا ئێستا لە کوردستاندا خاوەنی هیچ شارستانییەتێک نین، وەکوو جیهانی شارستانیەتی عەرەبیش نین بڵێین خاوەنی ئیبن ڕوشدو ئیبن باجەو ئیبن خەلدون و مەعەڕی و کەواکبی و ئەفغانی و دەیانی تری لەو جۆرەش نین تا بڵێین شارستانیەت پشتی تێکردووین، ئاخر لەوەتەی مرۆڤایەتی خولقاوەو کورد هەیە، ڕابردوویەکمان نیە تا گلەیی بکەین و

فرمێسکی گەرمی بۆ هەڵبرێژین. چەندین هەزار ساڵە ئێمە هەر لە خاڵی سفرداین و، تازە خەریکە بە پۆینت سەردەکەوین. لە هەرێمی کوردستانا لە رووی ژمارەوە زانکۆمان زۆرن کەم نین، بەڵام لەوەتەی زانکۆ لە کوردستاندا هەیە لە پێش راپەڕین و لە دوای راپەڕینەوەش تا ئەو ساتە وەختەی ئەم بابەتە دەنووسم لە هیچ کام لە زانکۆکانی کوردستاندا تاقە یەک رۆشنبیر سەری دەرنەکردووە، لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری رۆشنبیرو هزرڤانەکانی دونیا لەناو زانکۆکاندا چاو هەڵدەهێنن و گەشە دەکەن، زانکۆی سەلاحەدین کە لە هەولێرە، گەورەترین زانکۆیە لە هەرێمی کوردستان کەچی لە ریزبەندی زانکۆکانا ژمارەکەی 15000 پازدە هەزارەمینە، کەسمان نەبینی لەسەر ئەو پرسە لێکۆڵینەوەیەک لێپێچینەوەیەک بکات. لەهەموو زانکۆکانی کوردستانا بەشێکی گرنگ قوتابیان ساڵانە لێی وەردەگیرێن بۆ خوێندن لێی کە بەشی مێژووە، بەڵام ئەو بەشە تەنها وەکوو تووتی کاری وتنەوەو نووسینەوەی مێژووەکەیە وەکوو خۆی بێ زیادو کەم، وەک ئەوەی کە لە کتێبەکاندا هاتوون و بەس.کارەساتی گەورە ئەوەیە تا ئێستا زانکۆکانی کوردستان نەیانتوانیوە میتۆدێکی مێژوویی بەسەر کەلەپووری ئیسلامدا پراکتیزە بکەن. زانکۆکانی کوردستان لە دوای راپەڕینەوە بەتەواوی کەوتنە پاشەکشە بۆ دواوە بەتایبەت لە نیوەی دووەمی ساڵانی نەوەدەکان کاتێک بەرپرسانی حیزبی بە لێشاو روویان لە زانکۆکان کرد بە مەبەستی بڕوانامە وەرگرتن نەک

خوێندن و فێربوون، ئەمە وایلێهات زۆر بڕوانامەی ساختەش بەکارهێنران بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆکان و سەیرو سەمەرە ناو زانکۆکانیشی گرتەوە.

لە بیست ساڵی رابردوودا دەسەڵاتی کوردی بەردەوام نغرۆی ناو کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ بووە، ساڵ لەدوای ساڵیش لە جیاتی ئەوەی دەسەڵات قەیرانەکان سووکترو بچووکتر بکاتەوە، بە پێچەوانەوە گەورەترو قووڵتر دەبن.ئەگەر ئەو قەیرانە قووڵ و زەبەللاحە نەبوایە، بە هیچ شێوەیەک بزووتنەوەی گۆڕان نەیدەتوانی لە هەڵبژاردنی 2009/7/25 موفاجەئە دروست بکاتـ . تەنانەت بۆ خودی بزووتنەوەکەش موفاجەئە بوو، ئەمە یەک واتای هەبوو کە دەسەڵات لەم هەرێمە ناتوانێ چاکسازی بکات و بە تەواوی نقومی ناو گەندەڵییەکان بووە، بزووتنەوەی گۆڕان هات تەنها ئەو راستیانەی وتەوە کە پێشتر لەناو دل و دەروون و هەناوی خەڵک دەکولا.خەڵک پێویستی بە گوتاربێژ هەبوو، کە گوزارشت لە خودی ئەو خەڵکە ناڕازییە بکات.. بەڵام ئەمەش قۆناخێک بوو ئێستا هەموو خەڵکی ئەم هەرێمە گوێی پڕ بووە لەوەی کە ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە، سامانی نیشتمانی بۆ خۆیان تەخشان و پەخشان ئەکەن، دەسەڵات شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە کاتێ لە هەڵبژاردنەکانا پەنا دەباتە بەر فرت و فێڵی هەڵبژاردن .بۆیە ئێستا پێویستە لەوە بەدوا چ رۆشنبیران و چ ئۆپۆزیسیۆن بیر لە بەرنامەو ململانێی تر بە شێوازی جودا تر لەوەی پێشوویان بکەنەوە.

نووسەرانی کورد ئەوانەی لەناو هەرێمی کوردستان دەژین، بیرکردنەوەیان سنووردار نییە، بەڵام نووسینەکانیان ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی بیرکردنەوەکانیان نییە، چونکە هێشتا کاتێ بە مەبەستی نووسینێکیان پەنجەکانیان دەخەنە سەر پیتەکانی کۆمپیوتەرەکەیان دەسەڵاتی کوردی یەکسەر ئامادەگی خۆی نیشاندەدات ئەمەش نیشانەی ئەوەیە نووسەرانی کورد هێشتا ترسیان لە دەسەڵات هەیە، نەک هەر ئێمە، ئەو قسەیە بۆ نووسەرە عەرەبەکانیش هەر زۆر ڕاستە ، ئەگەر محەمەد ئارگۆن لە فەڕەنسا نەبوایە، بە دەردی حەسەن حەنەفی دەچوو، کە لە نووسینەکانیا دەبینین چەندە نیگەرانە، چەندیش خەمبارە، نیگەران و خەمبارە چونکە ناتوانێ بە هەمان ئەو ئازادییەوە بنووسێ کە محەمەد ئارگۆن دەینووسێ، هەر لەبەر ئەوەیشە هەڵکشان و داکشان بەنووسینەکانییەوە دیارە، حەنەفی خۆیشی بە باشی دانی بەوە ناوە کە ئەم پرسی ترسە گرفتێکی گەورەیە، (هاشم سالح)یش لەم بارەیەوە وتوویەتی (من خۆم ئەگەر لە پاریس نەژیابوومایە و لە وڵاتێکی عەرەبی ژیانم بەسەر بردبا، هەرگیز نەمدەتوانی چارەگی ئەو شتانە بنووسم کە لێرە لە پاریس نووسیومن تەنانەت نەشدەوێرام ئەو شتانەش وەربگێڕم کە تا ئێستا وەرمگێڕاونەتە سەر عەرەبی) .ئەگەر سەیری ڕۆشنبیرە کوردەکانیشمان بکەین ئەوانەی لەناو هەرێمی کوردستان دەژین دەبینین زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین، نووسینەکانی مەریوان وریا قانع و بەختیار عەلی چونکە لە وڵاتانی ئەوروپان نووسینەکانیان هەڵکشان و داکشانێکی

بەرچاویان پێوە نابینرێ و نەفەسی پارو پێرارو ئیمساڵیان لە نووسینەکانیا یەک نەفەسە، بەڵام فارووق رەفیق چونکە لەهەرێمی کوردستانە زۆرجار کەوتۆتە بەر ئەو شەڕە دەروونیەی کە دەسەڵات لەبەرامبەریا هەڵیگیرساندووە، راوەدوونانی لەلایەن پۆلیس و پەلکێشکردنی بۆ پێش دادگا وەک تۆمەتبارێک،ئەو راگەیاندنەی لەکاتی رووداوەکەی 17ی شوباتا لەبەرامبەری وەستانەوە، هەموو ئەمە کاریگەری و رەنگدانەوەی هزری و دەروونی دەخولقێنێ... ئەوەیە کە دەوترێ هەموو نووسەران و رۆشنبیران مەحکومن بە ژینگەو هەلومەرجی مێژوویی خۆیانەوە کە تێیدا دەژین، بۆنموونە ئەگەر مەریوان و بەختیار عەلی لە هەولێر بژیابوونایە بێگومان زۆر بە زیاترەوە تووشی هەمان ئەو حاڵەتەی فارووق رەفیق دەهاتن کە ئەو لە سلێمانی تووشی بووە. چونکە لە کوردستانا نە رۆژنامەنووسان نە دەسەڵاتیش هێشتا لە مانای فەزایەکی رۆشنبیری ئازاد حاڵی نەبوون یان حاڵی بوونە بەڵام کاری پێ ناکەن.

دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا لەسەر مێژووی خۆی پاڵکەوتووە ، کە مێژووی هەردوو حیزبی دەسەڵاتەکەیە، کۆمەڵگەش هێشتا لە گرێی کەلەپوورەکەی خەبەری نەبۆتەوە، هەردووکیان (مێژووی حزبی دەسەڵات و مێژووی کۆمەڵگا) تا ئێستا شیکردنەوەیەکی بونیادی بۆ نەکراوە ، تا ئێستا جورئەتی راستکردنەوەی هەڵەکانیمان نەکردوون، تا ئێستا هەڵە لە دوای هەڵە بەرهەمدێنین کە کەسمان بڕواشمان پێی نییە.

ڕووداوەکانی 17ی شوبات لە جیاتی سەرکەوتن شکستی بە دوای خۆیدا هێنا، دەبوو ڕۆ شنبیران تێزێکی فیکرییان دابهێنایە، وەک چۆن لە ئەڵمانیا بە لەسێدارەدانی  ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لبیکنخت توانرا شۆڕشی ساڵی 1918 شکست پێبهێنن، بەڵام هزرڤانەکانی ئەو وڵاتە وردە وردە قوتابخانەیەکی ڕەخنەگرییان پێکهێنا کە دوایی بە قوتابخانەی فرانکفۆرت ناسرا. یان شۆڕشی قوتابیان لە ئایاری 1968 کە بێ ئاکام کرا، هزرڤانەکانی فەڕەنسای هاندا، تا سەر لەنوێ چاو بە تێزە فیکرییەکانیاندا بچنەوە، هێربەرت مارکۆزەش لەو بوارە ڕۆڵی زۆر گرنگی خۆی نیشاندا. مارکۆزە بە پێچەوانەی مارکسەوە ئەو تێزەی خستە ڕووکە سەرمایەداری نەک هەر بە گەشەکردنیەوە نامرێ و لەناو ناچێ ، بەڵکو سەرمایەداری سیستەمێکە بە گەشەکردنییەوە دەژی و دەتوانی بەردەوامی بدات بە خۆی. مارکۆزە ئەوکاتە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی وشکە دەروێشە مارکسیستەکان بووەوە کاتێ ئاشکرای کرد، پڕۆلیتاریا توانای شۆڕش و گۆڕانکاری نییەو لە هێزێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕەوە بووەتە هێزێکی  دژە شۆڕش و ئەو چینە (مەبەستی چینی پڕۆلیتاریایە) لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا بەرەو لەناوچوون دەچن.ئەم تەرزە فیکرییانەی مارکۆزە وای لە وشکە سۆفی و وشکە دەروێشە مارکسیستەکان کرد، ئاڵای شەڕکردن لە بەرامبەر مارکۆزە هەڵبگرن و تۆمەتی گەورەیان دایە پاڵ مارکۆزە ، یەک لەو تۆمەتانە وتیان مارکۆزە بووەتە پیاوی سی ئای ئەی. ئەمە ڕێک وەکوو ئیسلامییە سەلەفییەکان وابوو کاتێ لەبەرامبەر کرانەوە

فیکرییەکەی (محەمەد عەبدە) شەڕیان هەڵگیرساند، محەمەد عەبدەیان بە پیاوو بەکرێگیراوی ئینگلیز لەقەڵەم دا.

ڕەنگە کێشەی هەرە گەورە لەمڕۆدا ئەوەبێ، بەگژداچوونەوەی دەسەڵات شەڕێک بێت زیاتر نائەقڵانیەکان بەڕێوەی ببەن، دەسەڵاتێکی ئەفسووناوی کە خۆی وەها دەمامک داوە لە پێناو باڵادەستی خۆی ئامادەیە بەردەوام وەکوو گورگ بەربێتە گیانی هاوڵاتیان، ئەم شەڕە پێویستی بە خەڵکی ئەقڵانییە، پێویست دەکات ڕۆشنبیران (ئەوانەی بە ڕاستی ڕۆشنبیرن) یەکگرتووییەکیان لە نێواندا هەبێ، چونکە تەنها ئەو ڕۆشنبیرانە دەتوانن ئەو دەمامکە لە دەموچاوی دەسەڵات دابکەنن و ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵات کە (گورگەو لە پێستی مەڕدایە) بە خەڵکی نیشان بدەن.ئێمە ئیمڕۆ (مێشێل فۆکۆ)یەکمان پێویستە بۆئەوەی باسی گرتووخانە شاراوەکانمان بۆ بکات ، باسی سزای بە ناهەقی دادگاکانمان بۆ بکات.چونکە بەندیخانە باشترین جێگایە یان تاکە جێگایە کە تێیدا دەسەڵات بە ڕووتی وەک ئەوەی هەیە دەبینرێت و زۆر بە ڕاستگۆیی خۆی نیشاندەدات.

هەموو شەڕو ململانێ گەورەکانی ئەم دونیایەو بە درێژایی مێژوو بۆ دوو شت بووە، یان بۆ دەستبەسەرداگرتن و لووشدانی ئابووری بووە، یان لە پێناوی ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی بووە. پێویستە ڕۆشنبیرانی کورد ئەوانەی لە خەمی ئەم هەرێمەن ئەو تێزە فیکرییانە بە ڕوونی بخەنە ڕوو ،

ئایا وەزیفەی دەسەڵاتی کوردی کە پێکهاتەکەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارە، کۆتایی هاتووە؟ ئەگەر وادەی ئەو دەسەڵاتە تەواو بووەو ناتوانی بەردەوام بێت، ئەی ئەو ئەلتەرناتیڤانە چین کە پێویستە کاری جیدی بۆ بکرێ؟ لەگەڵ زۆر پرسیارو زۆر بۆچوونی تر کە دەکرێ لە باسێکی تردا بیانخەینە روو.

## قەیرانی رۆشنبیرانی کورد

لەو رۆژەوەی ئەقڵ کاری پێکراوە، زەمینەی بۆ بواری داهێنان و روناکبیری و تێگەیشتن لە جیهانی زۆر ئاڵۆزی سرووشت رەخساندووە ، لە سەردەمی قابیل و هابیلەوە تا سەدان هەزار ساڵ دواتر، تێگەیشتن لە سرووشت کرچ و کاڵ بوو، نیوتن بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بانگی ئەوەی هەڵدا کە ئیتر سرووشت بە تەواوی قابیلی تێگەیشتنە.بەڵام خودی ئەقڵ لەو رۆژەوە دەستی بە کاراکردنی خۆی کردووە، کە ململانێی نێوان قابیل وهابیل قووڵبووەوەو دواییش قابیل هابیلی کوشت وئیتر ئەقڵ دۆزینەوەی رێگای شاردنەوەی تەرمی هابیلی بۆ قابیل دروستکرد، هەر ئەقڵیش بوو وردە وردە بەدوای هۆکاری کوشتنی هابیل چوو، چونکە ئەوە ئەرکی ئەقڵە ئەو واقیعە ساکارەمان بۆ لە بنەچەوە شیبکاتەوە کە لەکوێوە هاتووەو بۆ کوێش سەریخۆی هەڵگرتووە. کوشتنی هابیل لە لایەن براکەیەوە دوو هۆکاری سەرەکی بوون، یەکەمیان ململانێی چینایەتی بوو دووەمیشیان

پێشبڕکێی جنس (سێکس)ی بوو،هەموو سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەوەدەکەنەوە شەڕی نێوان قابیل و هابیل یان چینایەتی بووە یان جنسی بووەو لەم دوو خاڵە بەدەرنەبووە،ئیتر دوای ئەم مێژووە زۆر درێژە، لە سەدەی هەژدە قووڵبوونەوەی ئەقڵ وایکرد ئەو سەدەیە بە سەدەی ئەقڵ ناوزەد بکرێ، کە رۆشنگەری تیایدا تاوی سەند.لەو کاتەوەش تا ئەمڕۆ کێشەکانی هەموو دونیاش لەم دوو خاڵە بەدەر نین کە قابیل هابیلی لەسەر کوشتووە.

ئەدەب و فەلسەفە دوو شتی زۆر سەیرن، بە پێچەوانەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە وەجوولە دەکەون و هیچ خۆیان بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە نابەستنەوە، بە پێچەوانەی زانستەوە کە زانست بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بەرەوپێشەوە دەچێت، ئەگەر فەلسەفەش بەردەوام لە بەرەوپێشەوەچوون بوایە، لە ماوەی زیاتر لە (2000) ساڵی رابردوودا،هەموو فەیلەسووفەکانی دونیا خۆیان بە ئەفلاتوونەوە ماندوو نەدەکردو تەنانەت لە پەراوێزی فەلسەفەکەی ئەفلاتونەوە خۆیان نەدەکرد بە فەیلەسووف، ماوەی(2300) ساڵە ئەفلاتون چووەتە ناو زیهنی هەموو فەیلەسووفەکانی دوای خۆیەوە بە یارو نەیارەکانییەوە..ئەدەبیش هەر وایە، ئەگەر ئەدەب بەردەوام لە پێشکەوتنبایە، ئەلیادەو ئۆدیسای هۆمیرۆس تا ئێستا ئەوەندە زیندوو نەدەبوون و هۆمیرۆس بیردەچووەوە، ئەوکاتەی نالی و مەحوی شیعری کلاسیکیان دارشت، کورد زۆر لە ئێستا دواکەوتووتر بوو، بەڵام هێشتا جگە لە(شێرکۆ بێکەس) کەس لە نالی و مەحوی

تێنەپەڕاندووە و شاعیرە هەرە باڵاکانی ئیمڕۆمان (شێرکۆ)ی لێدەرچێ، لە دامێنی نالی و مەحوی و گۆران دوە شیعر دەنووسن.

ئەگەر زۆر بۆ دواوە نەگەڕێینەوە، دەتوانین بڵێین لە قۆناخی شەستەکانەوە تا کۆتایی سەدەی بیست نووسەرانی کورد دوو جۆر بوون ،نووسەرانی چەپ و مارکسی بەتایبەت لە هەشتاکان بە دواوە هەندێجار پێیان دەوترا عەلمانی،لەنێو بژاردەی رۆشنبیریش بە تەقەدومی ناوزەد کرابوون. بەشەکەی تریش نووسەرانی ناسیۆنالیست (نەتەوەیی)بوون.بەڵام هەمیشە نووسەرە چەپ و مارکسیستەکان بە ژمارە زیاتر بوون لە بەرامبەر نووسەرانی ناسیۆنالیست، بۆ داهێنانیش چەپ و مارکسیستەکان بەهرەمەندتر بوون. بەتایبەت لە سەرەتای هەشتاکاندا بەتەواوی زاراوەی تەقەدومی خرابووە پاڵ کەسایەتییە چەپ و مارکسیستەکان و زاراوەی رەجعیش بۆ کەسایەتییە نەتەوەییەکان بەکار دەهێنرا.بێگومان نوسەرانی دیموکراسی یان ئیسلامی سیاسی هەر زۆر کەم بوون تەنانەت تا دوای راپەڕینی بەهاری 1991 شتێکی ئەوتۆ بۆ ئەمانە نەبوو، بەڵکو لە دوای راپەڕینەوە ئیسلامی سیاسی هاتە پێشەوەو لە بەرامبەریشیدا دیموکراسی جێگەی خۆی کردەوە.

بەڵام لە دوای سەدەی بیست، ئەم جۆرە پۆلینکردنەی سەرەوە لێکهەڵوەشایەوەو بە جۆرێکی تر رەنگرێژ کرایەوە، بۆنموونە نووسەرانی چەپ و مارکسیست لەگەڵ ناسیۆنالیستەکان پێیان دەوترا عەلمانی،

لەبەرامبەریشدا ئەوانەی سەر بە ئیسلامی سیاسی بوون هەر بە ناوی ئیسلامی سیاسی ناوزەد کران (ئەگەر چی سەرەتا بە ژمارەو بە قەڵەمی بە برشت زۆر کەم بوون). بەرەی عەلمانییەکە تا رادەیەکی دیارو بەرچاو لە ژێر کولتووری رۆژئاوادا بوو، بەرەی ئیسلامی سیاسییەکەش لە ژێر کولتووری عەرەبی-ئێرانی —تورکی دابووە (لە باسێکی تردا بە وردی دەچمە سەر ریشەی سەرهەڵدانی هەردوو بەرەکە).

رۆشنبیرانی کورد بە گشتی لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان زیاتر لەو بیست ساڵەی دوایی کە بە حیساب کەشو هەوای ئازادی بووە بەڵام کەمتر توانیویانە گوزارشت لەکارەساتەکان و لە ئێش و ئازاری خەڵک بکەن، ئەو کات راستە رۆشنبیری گشتیی ئاوەها بەربڵاوو بەرفراوان نەبوو، بەڵام شاعیرو چیرۆکنووسەکانمان ویژدانیان زیندووتر بوو، بۆیە روئیاشیان فراوانترو ئایندەبیتر بوو.لەسەر پارچە شیعرێکا راپێچی گرتووخانە دەکران،بێگومان رۆژێکیش بیریان لە پاداشت نەدەکردەوە؟.محەمەد سالح دیلان و شیعری رەز، هەردی و کامەران موکری و زۆرانی دیکە،هەڵوێستەکانیان لەنێو مێژووی خەباتی سیاسی گەلەکەیان زۆر بەرچاوە، تەنانەت لە بوارەکانی تری هونەریش بۆ نموونە محەمەد جەزا نموونەیەکی زۆر زیندووە. (فرانسو جیزو)ی مێژوونووسی فەرەنسی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە نووسیبووی( بەرپرسیارێتی رۆشنبیر بەرزکردنەوەی راستییەکانە بە ڕووی دەسەڵاتدا).

رۆشنبیرانی کورد لە سلێمانی و هەولێرو کەرکوک و دهۆک، پێویستە یەکەمجار لە گرفتی خۆیان بدوێن، چونکە رۆشنبیرانی کورد ئەمرۆ لە قەیرانێکی قووڵدان، هەرچی زووە پێویستیان بە گردبوونەوەیەک هەیە لە گرفتی خۆیان بدوێن و لەسەر دروستکردنی هاوئاهەنگییەک رێکبکەون، بەتایبەت لەم قۆناخەدا کە زۆر پێویستە رۆشنبیر قسەی خۆی هەبێت.

بەڵام وەک سارتەر دەڵێت، بە شێوەیەکی گشتی رۆشنبیران بە پێی سرووشتی خودی خۆیان لاوازن، بەرهەمهێن نین و تاکە هۆکاری گوزەرانیان ئەو مووچەیە کە وەریدەگرن و هەمان ئەو پرسەشە کە توانای بەرگریکردن لە خۆیان چ لە کۆمەڵگای مەدەنی یان لە کۆمەڵگای سیاسیدا لێزەوتدەکات، بۆیەش راراو ناکارامەن، چونکە دەسەڵاتی ئابووری یان کۆمەڵایەتیان نییە. هەڵبەت سارتەر بەهۆی ئەو هەڵوێستە جەسارەتئامێزەی،لەساڵی1964 خەڵاتی نۆبڵی رەتکردەوە کە پێیبەخشرا. دەیان هەڵوێستی سیاسیشی ئاشکراکردووە، وەک دژی شەڕی ئەمریکا بەرامبەر ڤێتنام، تەنانەت بەهۆی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر گەلی ڤێتنام، ئەو داوایەی زانکۆی (کۆرنێل)ی رەتکردەوە بۆ وەرگرتنی بە مامۆستایی. ئەمە جگە لەوەی دژی سیاسەتی فەڕەنسا لە بەرامبەر داگیرکردنی جەزائیردا وەستاو بەشداری چەندین خۆپیشاندانی لە دژی دیگۆل کرد،دژی سۆڤیەت وەستا لە بەرامبەر هەردوو داگیرکردنی چیکۆسلۆفاکیاو ئەفغانستان و دەیان نموونەی دیکەی ئەو پیاوە ئازاو فەیلەسووفە لەبەردەستن.مەگەر سارتەر نەبوو ساڵی 1969 لەگەڵ بێرتراند راسل

دادگایەکی لە دژی تاوانەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام دامەزراند. هەر سارتەر بوو لەناو خوێندکارە چەپڕەوەکان بە (سارتەری سوور) ناسرابوو، لەولایشەوە لەناو بۆرژواو ناسیۆنالیستەکان بە (شێرپەنجەی سوور) ناسرابوو. ئەو نموونانەم تەنها بۆ ئەوە هێنایەوە رۆشنبیر تەنها لەناو دەقە ئەدەبی و هونەرییەکانا نابێتە رۆشنبیر، بەڵکو هەڵوێستەکان سنوورو ئاستی رۆشنبیر دیاریدەکەن. رۆشنبیر بە گشتی و لەم هەرێمەی خۆمان بە تایبەتی لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ئابووری نییە، ناشتوانێ گوزارشتی حەقیقی لە رووداو و بەسەرهاتە مەرگەساتئامێزەکان بکات. رۆشنبیری مووچەخۆری حیزب لە ئەسپێک دەچێ کە لغاو کرابێت. بەڵام رۆشنبیری ساختە بوونەوەرێکی خۆفرۆشە، بۆیە رۆشنبیری واقیعبین بەردەوام لەگەڵ رۆشنبیری ساختە دژ و ناکۆکە.

پێموایە کێشەکە بە تەنها دەسەڵاتی سیاسی و حزبی سیاسی نییە، راستە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 حزبی سیاسی تەنانەت بە دروستکردنی حیزبە کارتۆنییەکانیشەوە بوونە بنکەی ئیمتیازات بەخشینەوەو قۆرخکردنی هەموو دەستکەوتەکان بۆ خۆیان و تەخشانکردنی سامانی نیشتمانیمان، بەڵام بە گشتی رۆشنبیرانیش هەر زوو ئەو بەیعەتەیان بە سەرکردەکان بەخشی، ئەمە گەورەترین هەڵەی رۆشنبیران بوو، تەنانەت یەکێتی نووسەرانی کورد کە هێشتا لەسەروبەندی بەستنی کۆنگرەی راپەڕین بوو لە 1991 لە شەقڵاوە،روون بوو کە هەرکەسەو هەڵپەی دەکرد لە بەرپرسێکی حیزبی نزیک بێتەوە، تا ئەو سەنگ و

دەنگەی هەیانبوو هەموویان لەدەست دا. من نالێم دەبوو دژایەتی بەرەی کوردستانی و حیزبەکانی دیکەی غەیری بەرەی کوردستانییان بکردایە، بەڵام نەدەبوو بشبن بە ماشە بە دەستی ئەو بەرپرسە نادیدانەوە.

لە ماوەی ئەو بیست و دوو ساڵەی رابردوودا سەدان کارەسات و مەرگەسات لەم کوردستانە روویانداوە، رۆشنبیرانیش بە گشتی هەروەکوو خەڵکە سادەو ساویلکەکە تەنها تەماشاکار بوون، تەنانەت نەیانتوانیوە رۆڵێکی بەرچاو لە ژیانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا ببینن. ئەمە نەک تەنها لە رووی هەڵوێستی نیشتمانیانەوە بەڵکو لە رووی داهێنانی ئەدەبی و هونەریشەوە کەوتوونەتە پاشەکشەیەکی ترسناک. لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لە هەر دەیەیەکدا گوێبیستی قۆناخێکی ئەدەبی بە مانا فراوانەکەی (جا شیعر بوایە یان چیرۆک، یان شانۆ) دەبووین ، بەڵام لەدوای راپەرینەوە، کە زیاتر لە 24 ساڵە خاوەنی هیچ قوتابخانەیەکی فیکری-فەلسەفی نین، رەخنەیەکی جیدیش لە هیچکام لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری وڵات،یان باری کۆمەڵایەتی و ...هتد بەوجۆرە نابینین ئاسۆیەک بە ئایندەمان ببەخشێ.هەڵبەت ئەمە ناکرێ ئاوا بە سووک و سانایی تێپەرێ، بەڵکو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. لەگەڵ شکستی 1967/6/5 گەڕانەوەی رۆشنبیرانی عەرەب بۆ رابردوو دەستیپێکردو پەرچەکرداری بە کۆمەڵیان هەبوو،تەنانەت دژایەتیکردنی ئەمریکاو رۆژئاواشیان قووڵترکردەوە، کەچی شکستی گەورەی ئاداری 1975ی خۆمان،کە هیچی لە شکستەکەی عەرەب کەمتر نەبوو، رۆشنبیرانی

کورد هەر وجوودیان نەبوو..گرفتی گەورەی رۆشنبیرانی کورد بە تەنها ئەوە نیە، لە ماوەی رابردوودا تا ئێستا رۆڵێکی گۆشەگیرو پەراوێزکراو دەبینن، بەڵکو گرفتی هەرە گەورە ئەوەیە لە کۆی ئەو هەموو رووداو و پێشکەوتن و هەڵکشان و داکشانەی لەماوەی 24 ساڵی رابردوودا بەسەر کوردستاندا هاتووەو دێت، رۆشنبیران بە گشتی لە بەرژەوەندی ئەو هێزانەن کە هێزی نەزانین و دەمارگرژی و سەرەڕۆییە. ئەو هێزانەش خەڵک متمانەی پێیان نەماوەو تەواو لێیان تووڕەیە. ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە خوێندنەوەیەکی کۆنکریتیمان بۆ فەلسەفەو فیکری رۆژئاواش هەبێت.بە واتایەکی دیکە زۆربەی هەرە زۆرمان ئەگەر نەشڵێم هەموومان قوتابییەکی زۆر تەمبەڵی خوێندنەوەی فیکرو پێشکەوتنی رۆژئاواین بە تایبەت لەماوەی ئەو 400-500 ساڵەی دواییدا. من دەزانم گۆڕینی فیکر یان قورتاربوونمان لەو کولتورو کەلەپوورە سەقەتەی کە بەرهەمی پاشماوەی سەدە تاریکەکانە، هەر وا سووک و سانا نییە،ماوەی درێژخایەنی دەوێت، بەڵام گرفتەکە لێرەدایە لەماوەی ئەو 24 ساڵەی رابردووشدا، کاری بە بەرنامەمان نەکردووە بۆ ئەوەی لەو دۆخە شێواوە تێپەڕین، رۆشنبیرانی ئێمە لەگەڵ ئەو کەمی ژمارەشیان، کەچی ئەوەندە لووتبەرزن هەر یەکەو لە ئاوازێک دەخوێنن، لەکاتێکدا بە حیساب پەیامی نەتەوەیەکیان هەڵگرتووە کە تا ئەو چرکە ساتەش لەسەر مێژووی خۆی نووستووەو لە خەوێکی زۆر قووڵیشدایە.

زۆر حەزمدەکرد پۆلینێکی رۆشنبیرانی کوردم بکردایە وەک چۆن دەتوانم رۆشنبیرانی عەرەب تا رادەیەک پۆلین بکەم ، بۆنموونە تەها حوسێن و فوئاد زەکەریا سەر بە قوتابخانەی ئەقڵانیەتن، تەهتاوی یەکەمین رۆشنگەری سەلەفی بوو، حەسەن حەنەفی سەلەفییەتێکی چەپڕەوە، ..هتد. بەڵام رۆشنبیرانی کورد جگە لەوەی زۆر کەمن و بەشی ئەو هەموو قوتابخانەو رێچکە فیکرییانە ناکەن، هاوکات بەرهەمەکانیشیان سنووردارە، ئەبێ کەی کەسێکی وەکوو (جۆرج تەرابیشی)کە رۆشنبیرێکی زۆر گەورەی عەرەبە، زۆریش بە جورئەتە، لەناومان دروست ببێت و نووکی تیژی رەخنەکانی بخاتە سەر هەر یەک لە رۆشنبیرەکانمان، من بە هۆی جۆرج تەرابیشییەوە توانیم حەسەن حەنەفی باشتر بناسم. رۆشنبیرانی ئێمە دەیانەوێ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە یەک کاتدا قایل بکەن. ئەمەش جگە لە سەرلێشێواوی هیچی دیکە ناگەیەنێ.(حەسەن حەنەفی)ش زۆری کرد بۆ ئەوەی ئیخوان موسلمین لە لایەک و مارکسیست و چەپڕەوو لیبراڵەکان لە لایەکیترەوە  قایل بکات، بەڵام (حەنەفی)ش لە ناخی خۆیدا تووشی ناکۆکییەکی قووڵ هات و سەرنەکەوت.

لە 22 ساڵی رابردودا دوای ئەوەی هەرێمێک بە ناوی کوردستانەوە توانی ئیدارەی خۆی بکات،بەڵام دەسەڵاتی سیاسی لە لایەک و خودی رۆشنبیرانیش لە لایەکی دیکەوە،نەیانتوانی (یان ئەو هەوڵەیان نەدا) کە پردێک لەگەڵ رۆشنبیرانی رۆژئاوادا دروست بکەن،لە کاتێکدا بەشێک لە رۆشنبیرانی کورد ئێستایشی لەگەڵدابێ لە رۆژئاوا دەژین. ئەمە بە

پێچەوانەی ئەفریقیاو ئاسیاو تا رادەیەک لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی عەرەب، ئەفریقیاو ئاسیا دوای جەنگی جیهانی دووەم توانیان زۆرترین پێوەندی بەهێز لەگەڵ رۆشنبیران و نوخبەی رۆشنبیری و هونەریی رۆژئاوا دروست بکەن.ئەمە لە کاتێکدا زەمینەی دروستکردنی ئەو پێوەندییەی نێوان رۆشنبیرانی کورد و رۆژئاوا زۆر لەبارترو گونجاوتر بوو لە هی ئاسیاو ئەفریقیا لەگەڵ رۆژئاوا، ئەویش بەهۆی ئەو هەموو مەینەت و کارەساتە گەورانەی بەسەر کورددا هاتبوو، هەر لە گۆڕی بە کۆمەڵ تا کیمیا باران و ئەنفال و هەر بە تەنها هەڵەبجە بۆ خۆی دەتوانرا زۆر کاری لەسەر بکرێ، بەڵام دوای ئەوەی وا چارەگە سەدەیەک بەسەر ئەم کارەساتەی هەڵەبجە رەتبووە ، کەچی هەوڵەکان هێشتا نەزۆکن و هەوڵی جیدی نابینرێن. دروستکردنی پێوەندی رۆشنبیرانی کورد بە رۆشنبیرانی رۆژئاواوە مانای ئەوە نییە دەبێ ئەو رۆشنبیرانەی رۆژئاوا رازی بن بە سیاسەتی حکومەتی هەرێمەوە،بەڵکو دروستکردنی ئەو پردە لەو ئاستە باڵایە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردن و ئاشنا بوونیانە بە کولتوورو تەنانەت نەریت و ئاکاری کورد.

جەواهیری لە حوکمڕانێتی عێراق رازی نەبوو، قەبانی و ئەدۆنیس و زۆری دیکە نەیانتوانی لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانە بژین، بەڵام هەریەکەو ببوونە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بۆ ئاسمانی وڵاتەکەیان و گەلەکەیان شانازی پێوە دەکەن.ئەدۆنیس تا لە بەیروت بوو، زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە لە فەرەنسا گیرسایەوە. هاشم ساڵح ئەگەر لە پاریس نەبوایە، بێگومان نەدەبوو بەو نووسەرەی ئەمڕۆ، تەیب تیزینی

له شەستەکان بەرەو بەریتانیاو دواتر ئەڵمانیا رۆیی، حەسەن حەنەفی دوکتۆراکەی لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرت، بۆیە ئەو وتەیە راستە کە دەڵێت زۆر جار ژینگە رۆڵی لە دروستبوونی فەیلەسووف دەبینێ.بەڵام ئێمەی کورد دەیان نووسەرو بەناو خوێنەوارمان بۆ ئەوروپاو رۆژئاوا کۆچیان کرد، کەچی بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ شین نەبوو.گرووپی رەهەند، وەکوو قۆناخی ئەدەبی روانگە بگرە لەویش بچووکترو خێراتر و کەم بەرهەمتر لەبارییەک هەڵوەشایەوە، ماوەیەکە مەریوان وریا قانع وەکوو رۆشنبیرێکی کورد زۆرترین قسەی لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام مەریوانیش هێشتا لە سەرەتای رێگای نووسینی فەلسەفیدایەو جۆرێک لە کرچ و کاڵی پێوەیە، چونکە هێشتا نەیتوانیوە بە تەواوی خۆی لە رووداوی رۆژ قورتار بکات و بۆچوونەکانی خۆی بە جۆرێک موتوربە بکات کە ببن بە نووسینی چەند گرێ سەدەیەک (چەند دەیەیەک). مەریوان کاتێک لە پرسێکی گرنگی وەکوو پرسی سەرۆک دەدوێ تەنها پێویستی بەوە نییە تەنها لە رەفتارو گوفتاری سەرۆک بدوێ، راستە کردارو گوفتاری سەرۆک گرنگن بۆ قسەلەسەرکردن، بەڵام پێویستە ئەو قسەلەسەرکردن و هەڵسەنگاندنە ببنە بنەماو بنەچەو هەوێنی نووسینێک کە فۆرم و ناوەرۆکێکی فیکری و فەلسەفی بە خۆوە بگرێت و نووسینێک بێت وەکوو شەراب چەند کۆن بێت ئەوەندە بەهادارتر بێتو تامەزرۆی خوێنەر زیاترو بەهێزتر بکات. مەریوان لەگەڵ ئاراس فەتاح ی هاورێی پێکەوەو بە هاوبەشی لە پرسێک دەدوێن، ئەم پێرەوکردنە زۆر کۆنە،مارکس و ئەنگلس،هەروەها ماکس هۆرهایمەرو

ئۆدۆرنۆ،  زۆری دیکه پێکەوه بابەت و کتێبیان نووسیوه، بەڵام هەیهوو ئەوان له کوێ و ئەمان له کوێ.مەریوان ئەگەر هەڵسەنگاندنەکانی  به شێوەیەکی زیاتر فیکری قووڵتر بکاتەوه، دەتوانین به بلیخانۆفی کوردی بچوێنین، ئەو بلیخانۆفەی که  نووسینەکانی دوای یەک سەده لەسەر بەلشەفیک تا ئێستاش زیندوون و زۆربەی پێشبینییەکانیشی لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەرو شۆڕشی سۆسیالیستی راست دەرچوون.مەریوان ئەگەر زیاتر خۆی به تێکهەڵکێشانی فیکر لەگەڵ ئەو سیاسەتەی گرتوویته بەر خەریک بکات، مەریوانێکی تری لێدەردەچێت. بەتایبەت ئێستا ئەو له ئەوروپایەو زمانێکی ئەوروپی دەزانێ. خۆ عەرەبەکانیش هەر وان تا له سوریا یان له میسر بوون شایانی باسی ئێمه نەبوون، بەڵام ئەوەتا ئێستا بوونەته بابەتێکی گرنگ نەک بۆ عەرەب به تەنها بەڵکو بۆ نەتەوەکانی تریش، بەڵام مەریوان نەیتوانیوه ئەو پێشکەوتنه بەخۆوه ببینێ، هەرچەنده هەوڵەکانی لەمبارەیەوه به نووسینەکانیەوه دیارن.با بچمه ناو چەند نموونەیەکی زەقترەوه، فەیلەسووفەکانی سەردەمی رێنینسانس به گشتی و سەردەمی رۆشنگەری و دوای رۆشنگەری به تایبەتی،دەبینین به رووتی(مجرد) سەیری دیاردەیەکی جا نامۆبێ یان نامۆ نەبێ نەیانکردووه،بەڵکو چەندین بابەتگەلی زۆر گرنگی لەگەڵ گرێدەدەن. نموونەیەکی زۆر ساده با سەیری قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەین، ئایا کاتێ هیتلەر رقی له بەرامبەرهزرڤانەکانی فرانکفۆرت هەڵگرت ئاوا به زەقی و به رووتی باسی هیتلەریان کردبوو؟؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو باسی دۆخێکی

ترسناکیان دەکرد کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بزووتنەوەی کرێکاری تووشی شکست بووبوو، لەولایشەوە سۆشیالیزم لە یەکێتی سۆڤیەت چەقیبەستبوو بیرۆکەی سۆشیالیزم لە یەک وڵاتدا دروستبوو، لە لایەکەی تریشەوە، کۆماری ڤایمار رووخابوو، فاشیزم و نازیزم لە ئەوروپا نەخشەیان دەکێشا.هەموو ئەو قوتابخانەیەی فرانکفۆرت، کە دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی زۆر جۆرج لۆکاش و کتێبەکەی وشیاری و وشیاری چینایەتی ببوونە بنەمایەکی گرنگ بۆ بونیادنانی ئەو قوتابخانەیە. ئەو لۆکاشەی هەر لە سەرەتاوە مارکسی بوو بەڵام بە چاویلکەکەی ماکس ڤێبەرو زیمێل و دواتریش بە چاویلکەی کانت و هیگڵ مارکسی بوو.فرانکفۆرت باسی لەو دۆخە ئاڵۆزە دەکرد کە بەسەر ئەوروپادا دەهات بە گەڕانەوە بۆ کانت و هیگڵ و مارکس، بەمەش نازییەکان تەواو هەراسان ببوون، ناچار ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە سەریانهەڵگرت و بۆ ئەمریکا رۆیشتن نەک سۆڤییەت. ئادۆرنۆ مێژووی هێنابووە بەر باس و پەنجەی خستە سەر(ئۆدیسۆس)و گرێدانی بە پەیوەندی لەگەڵ پرسی دونیای مۆدێرنی کردە کێشەی قوربانیدان لە لایەن مرۆڤەکانەوە. کارل پۆپەر دوور لە فرانکفۆرتیشەوە ، کەچی دوژمنانی کۆمەڵگەی کراوەی لە رێگای هیراکلیوتس و ئەفلاتون و هیگڵ و مارکسەوە شەن و کەو کرد. نموونەی دیکە زۆرن لەمبارەیەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە من خوانەخواستە دژی مەریوان بم یان نووسینەکانی بە هەند نەخوێنمەوە، بە پێچەوانەوە من تا رادەیەکی زۆر مەریوان بە باشترین نووسەری فیکری- کۆمەڵناسی سیاسی دەبینم لە سەردەمی

ئەمرۆماندوا بە تواناترینیانە، بەڵام ئەمەش دەستپێکێکە بۆ ئایندەیەکی نزیک کە ئیتر نووسینی رۆشنبیرانی کورد پێویستە خۆی لە هەندێ تەپ و تۆزی رق و سۆز، دابماڵێ کە بە داخەوە ئەو پەتایە وەکوو مار بە نووسینەکانمانەوە ئاڵاون و دەبینرێن، کە ئەمە کاری رۆشنبیر نییە.ئەمە جگە لەوەی مەریوان و ئاراس و هەندێک لە برایانی دیکەش زیاتر گوفتاریان هەیە نەک کردار.ئەمەش رێک پێچەوانەی بەشێکی یەکجار زۆری فەیلەسووفەکانی سەدەی18-19 ن.مەریوان ئەمە باش ئەزانێ بۆیە نموونە ناهێنمەوە.ئەگەر شەڕی جیهانی یەکەم و شکستی بزووتنەوەی کرێکاری و تیرۆرکردنی رۆزا لۆکسمبۆرگ و....نەبوونایە رەنگە قوتابخانەی فرانکفۆرت لە 1922 هەر دروست نەبوایەو یەکێکی وەکوو مارکۆزیش ئاوا رادیکاڵ نەبوایە.بەڵام لەم هەرێمەی ئێمەدا، بەلای مەریوان و هاوڕێکانییەوە کوێی پەسندو بەرزن، بکوژرێن، دەربەدەر بکرێن، بخرێنە گرتووخانەوە، مەریوان و هاوڕێکانی ناتوانن قوتابخانەیەکی رەخنەگرانەی فیکری سەردەم لە غوربەتەوە حەواڵەی هەرێمی کوردستان بکەن. سەیرکەن (مارکۆز)، بە سوود وەرگرتن لە مارکس و لۆکاش و فرۆید هونەری جوانناسی خستە خزمەتی ئەخلاقەوەو لە راپەڕینی قوتابیانی 1968 یش پەنجەی نووسینی لەسەر دڵی قوتابییەکان بوو.(ئەریک فرۆم) هات مارکس و فرۆیدی تێکەڵ بە یەکتر کرد و فەلسەفەیەکی موتەکاملی بۆ بەرەو پێشەوەچوونی مرۆڤایەتی لێدروستکرد،گەشبینی مارکس و رەشبینی فرۆید بە دیوەکەی تر کۆمەڵگای نەخۆشی مارکس و تاکی نەخۆشی فرۆیدی خستە ژێر

لێکۆڵینەوە.گەشبینی (لۆکاش)بەرامبەر ئەم هەموو رووداوە کارەساتئامێزەی بەسەر ئەوروپادا هاتن، ورەی بەرخودان و شۆڕشگێڕی خستەوە دڵی خەڵکەکە، بەڵام بە فیکر. من بەش بە حاڵی خۆم حەزمدەکرد مەریوان وەکوو بلیخانۆف بوایە کە چۆن رەخنەی لە لینین گرتووە، سەیرکەن ئەو هەڵسەنگاندنەی بلیخانۆف بۆ لینینی کردووە، تا ئێستا دوای یەک سەدە کەسێکی تر ئاوەها بە وردی هەموو دیوو رووەکانی لینینی نەخستۆتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، پێشبینییەکانی دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەشێکی یەکجار زۆری راست دەرچوون، بەراوردکردنی کامینیف لەگەڵ زینۆفیف و لەو لاشەوە تیشک خستنە سەر بوخارین و ترۆتسکی و زۆری تر، پێمان دەڵێت بلیخانوف گەورەترین نووسەری فیکری شۆڕشی رووسی بووە. مارکس و نیتچە بەوجۆرە لە بەرامبەر ئایین نەدەوەستان ئەگەر ئایین لە سەردەمی ئەوان کارەساتی نەخولقاندبا، ئاخر کڵێسا هیچ تاوانێکی تر نەمابوو تا بە ناوی ئایینەوە بیکات، پاشاکان بە ناوی ئایینەوە گەورەترین زوڵم و ستەمیان لە خەڵکەکە دەکرد، چی زوڵم و زۆر هەبوو لە پێناوی مانەوەی خۆیان دەیانکردو شەرعیەتیشیان پێدەدا، لە کوردستانیش لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی رابردوو تا کۆتایی هەشتاکان کە هاوکات بوو لەگەڵ رووخانی دیواری بەرلین، ئەو رۆشنبیرەی مارکسی نەبوایە، بە پێشکەوتنخواز دانەدەنراو بیری ناسیۆنالیستی و ئایینی و تەنانەت هەموو ئەو فەلسەفانەی دەرژانە نێو سەرچاوەی فیکری سەرمایەداری بە کۆنەپەرست لەقەڵەم دەدران.

هەڵبەت کە باسی دۆخی نالەباری رۆشنبیرانی کورد دەکەم، بێگومان دۆخی هونەرمەندان و توێژەکانی دیکە بە هەمان شێوە خراپە، ئێمە بە گشتی لەو بارەیەوە هەر خەریکی پێکوتە (راوح)کردنین. ئێمەی کورد ژیانی رۆژانەمان پڕە لە دیاردەکانی نوێگەری، مۆدیل و مۆدێلکاری و باڵەخانەی بەرزو جوان و دیزاینی جلوبەرگمان و خواردنی جۆراو جۆری نوێ و..لە رۆژئاوایی دەچێت، بەڵام فیکرمان نییەو بیرکردنەوەو ئەقڵیەتمان هی چەندین سەدە لەمەوپێشی ئەوروپایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین وەک چۆن کورد لە نێو قەیرانی رۆشنبیردایە، تا رادەیەکی بەرچاو ئەوروپاش کەوتۆتە نێو قەیرانێکی قووڵەوە، راستە هابرماس و ئالان تۆرین و زۆریدیکەش ئێستا هەن، بەڵام رووحی رەخنەگرانە لای فەیلەسووفەکانی ئەمڕۆ ئەگەر کاڵیش نەبووبنەوە،ئەوا ئەو کاریگەرییەیان نییە وەک ئەوەی لە سەدەی هەژدەو نۆزدە هەبوو. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جارێکی تر پێویستی بە رەخنەی نیتچەیی و پۆپەرو مارکۆزو کانت هەیە. بەڵام کوانێ؟؟. گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکەی رۆسۆ ببووە ئینجیلی شۆڕشی فەرەنسی، خوێندکارانی زانکۆکانی فەرەنسا لە ئایاری 1968، مارکۆزیان بە سەرچاوەی گرنگ و کاریگەری خۆیان دادەنا.لە نیوەی دووەمی شەستەکان و نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا فەلسەفەی مارکۆز بووبوو بە ئینجیلی گەنجانی ئەوروپا،ساڵی 1964 کە کتێبی مرۆڤی تاکڕەهەندی بڵاوکردەوە، بە رووداوێکی فەلسەفی گرنگ مەزەندە کراو تیایدا فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی و شیکارانەی دایە بەر رەخنە کە ئەوکات لە جیهانی ئەنگلۆ

ساکسۆنیدا باڵادەست بوون. هەوڵی بێئاکامی شۆڕشی قوتابیان لە ئایاری 1968 فەیلەسوفە فەرەنسیەکانی هان دا، تا سەرلەنوێ چاو بە بیرو بۆچوونەکانیاندا بخشێننەوەو بەخۆیاندا بچنەوە.بە هەمانشێوە سەرنەکەوتنی شۆڕشی 1918 ی ئەڵمانیاش مارکسیستەکانی ئەو وڵاتەی ناچار کرد مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزمدا بکەن و دابڕانێک لەگەڵ ئەو دیدگا تەقلیدییەدا دروست بکەن کە تا ئەوکات ئاراستەی کاری سەرجەم گرووپە مارکسیەکانی رۆژئاوای دەکرد. پیربۆردیۆ تا رادەیەک کاتێک بێدەنگی شکاند کە رۆڵی خۆی لە مانگرتنەکەی کرێکارانی هێڵی ئاسنی شاری لیۆن لە کۆتایی 1995 بینی و بوو بە دیارترین رۆشنبیری سەرشەقام و داکۆکی لە مانگرتوان دەکردو پێشیان کەوتبوو. جۆن راوڵز لە سەرەتای حەفتاکان بە نوێترین کتێبەوە کە تیۆری دادپەروەری بوو، جیهانی سەرسام کرد.ئێمە بۆ ئەمڕۆ لەم هەرێمەدا رۆشنبیرێکمان پێویستە کە وەک ئەو برووسکەیە بێت کە لە پۆڵاوە دەردەچێت.. مۆنتسکیۆ (20) ساڵ خۆی بە نووسینی کتێبە مەزنەکەی (رووحی یاساکان) خەریک کرد، وەک خۆی نووسیویەتی و دەڵێت، هێندەی نەمابوو ئەم کتێبە بمکوژێت. لەگەڵ ئەو هەموو ماندوو بوونەیشی کە (20) ساڵ بوو، کەچی ساڵی 1748 کە ساڵی چاپکردنی کتێبەکەیەتی لە دوو توێی دوو بەرگ لە شاری ژنێف، مۆنتسکیۆ ناوی خۆی لەسەر دانەنابوو، هەروەکوو چۆن دیکارت و سپینۆزاو ڤۆلتێرو...و... لە بەرهەمە هەرە مەزنەکانی خۆیان جەسارەتیان نەدەکرد ناوی خۆیان لەسەر

کتێبەکانیان بنووسن، بەتایبەت ڤۆلتێر دەگەڕا سوێندیشی دەخوارد کە نازانێ ئەو کتێبە کوێ نووسیویەتی!!، سەرەڕای ئەمەش لە ئەمستردام کنێسی یەهودی فەتوای لە دژی سپینۆزا داو، دوای ئەم فەتوایە جوولەکەیەکی توندڕەو بە چەقۆ پەلاماری سپینۆزای دا، بەڵام چەقۆکە بەر شمەکەکانی کەوت و نەگەیشتە سەر گۆشتی. بەسەرهاتی کۆپەرنیکۆسیش پرسێکە لە هەموو پرسەکانی تر زیندووترە، کاتێ کتێبەکەی خۆی چاپکردبوو بەڵام هەرلە چاپخانە رایگرتبوو، بڵاوینەکردبووەوە تا ئەو رۆژەی کەوتە سەرەمەرگ و لە رۆژی سەرەمەرگیدا بڕیاریدا ئیتر کتێبەکەی بڵاوبکاتەوەو لەکاتی مردنیدا کتێبەکە رۆشنایی بینی، کاتێ کتێبەکەی بڵاو بووەوە کۆپەرنیکۆس مردبوو، ناشتبووشیان، بۆیە کڵێسا دەنگی لەگەڵ نەکرد، دەنا دەیانویست وەکوو جیۆردانۆ برۆنۆ زمانی ببڕن و ئینجا بیسووتێنن، مقۆ مقۆیەک لەناو کڵێسا دروست بوو، کە کۆپەرنیکۆس لەنێو گۆڕدا دەربهێنن و بیسووتێنن، بەڵام سەری نەگرت و ئەو بۆچوونە زوو کپ کرا. نیتشە نەبوایە کەس جەسارەتی نەدەکرد بانگی مردنی مۆدێرنێتە رابگەیەنێت و بڵێ تەماشا کەن وا دەینێژم، چونکە مۆدێرنە لەگەڵ (دیکارت) دەستی پێکردو بە درێژایی ئەو مێژووەی نێوان دیکارت و نیتچە، کەس وەکوو نیتچە نەیتوانی چەکوشی لێ بەرزبکاتەوەو لە تەپڵی سەری بدات، بۆیە مۆدێرنە لەگەڵ نیتچە کۆتایی پێهات.(2500)ساڵ لەمەوبەر یۆنانییەکان فەلسەفەو شیعر و هونەریان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، رۆمییەکانیش دەوڵەتی سنووردارو باڵادەستی یاسایان پێشکەش بە

جیهان کرد..کەچی کورد هێستا نەیتوانیوە سوود لە ئەزموونی ڕۆمییەکان وەربگرێت. ئەو ڕۆژئاوایەی کە دەیبینین چەندە پێشکەوتووە، کەچی یاساکانیان پڕن لەو میراتەی ڕۆم، تەنانەت تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش دەبوو یاساناسەکانی ئەوروپا زمانی لاتینیان بزانیبایە، چونکە یاساکانی سوودی زۆری لە یاساکانی ڕۆم وەرگرتبوو. بەتایبەت لەبارەی یاسای پەیماننامەکان ، موڵکداری، بەرپرسیارێتی، سووکایەتیکردن بە کەسایەتی، یاسای میرات و موڵک و ماڵ و یاساکانی شێوازی دادوەری و سەلماندنی تاوان و زۆریدیکە. ڕۆمییەکان هەمیشە سوودیان لە ئایین بۆ ریفۆرمی دەوڵەت و بەدواداچوونی شەڕە گەورەکان و درووستکردنی ئاژاوە وەردەگرت. هەڵەی کوشندەی ئێمە ئەوەیە زۆربەی ڕۆشنبیرەکانمان لە گۆشەگیریدان و ڕۆژنامەنووسان شوێنی ئەوانیان گرتۆتەوە. قۆناخی ڕۆشنبیریی تەرفیهی و ئەدەبی و هەندێجاریش هونەری لە هەڕمێن کەوتووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگە تووشی نامۆبوونێکی قووڵ هاتووە،ئەرکی ڕۆشنبیرانە میللەت لەو نامۆبوونە قورتار بکەن، شیعرو هونەری فەنتازی دادی ئەو کۆمەڵگەیەی پێ نادرێت کە لە نێو نامۆبوونا نغرۆ بووە.. گەر گالیلۆ مەرجەعی باڵای زانستی سەدەی حەڤدە بێت، نیوتنیش گەورە مەرجەعی باڵای زانستی سەدەی هەژدەیە. ئێمە گەورە مەرجەعی زانستمان نییە، لە ئەدەب و هونەریش تەنها چوارکووچکەیەکمان لە شیعردا هەیە کە بریتین لە نالی و مەحوی و گۆران و شێرکۆ ، ئەوچوارکەسەی لێدەربێنین، دەکەوینە سەر ساجی عەلی. ئەفلاتون بۆ

سوقرات  کۆماری نووسی، ئەی ئەگەر مەسیح لە سەردەمی ئەفلاتون بوایە، ئاخۆ ئەفلاتون چ دیالۆگێکی دیکەی نەقشدەکرد.. ئێمە ئەنفال و کیمیا باران و گۆڕی بە کۆمەڵ و دەیان و سەدان داستانی پێشمەرگەو حکومەتی مەلیک مەحمود و لە سێدارەدانی قازی و شێخ سەعید و ..هتدمان هەن، بەڵام ئەفلاتونێکمان نەبوو، بۆیە لە نووسینەوەی مێژوو خەوتبووین. ئەدیب و رۆشنبیری کورد ئەمرۆ لە هەموو کات و سەردەمێکی تر زیاتر داماوە، داماوییەکەی گەیشتووەتە ئاستێک داهێنانەکەو پەرۆشییەکەیشی بۆ نووسینەکەی نەماوە، ئەمە لە کاتێکدا (2500)ساڵ زیاترە مرۆڤ پەرۆشییەکی زۆری بۆ هەردوو بواری هونەری و فەلسەفی هەبووەو قوربانیشی لەپێناویداوە.نوسەری گەورە،ئاسخیلیۆس452-525پ.ز و(سۆفۆکلیس405-496پ.ز) جوانترین شانۆگەرییان نووسییەوەو( 2500) ساڵە لە یۆنان نمایش دەکرێن.خۆ لە کوردستانیشدا ، هەندێک لە مەلاکان ئەوکات ئەوان خوێنەوارو نوخبەی ناو کۆمەڵگا بوون، نالی و مەحوی جوانترین ئەدەبیاتیان داهێنا کە شیعر بوو. ئەوکاتەی شۆڕشی فەڕەنسی لە ئارادابوو، رۆشنگەری ئەوروپای گرتبووەوە، نالی و مەحوی لە کوردستانێکی کەلاوەو وێراندا گەیشتنە لوتکە. نووسەران و رۆشنبیرانی کورد لە بیریانکردووە، کە زۆرجار مرۆڤ بەبێ بوونی زنجیر لە دەستاندا دەکرێتە کۆیلە، ئەمەش دژی ئەو بۆچوونەیە ئایینییەیە کە دەڵێت: دەکرێت مرۆڤ هەرچەندە بە زنجیریش بەسترابێتەوە، بەڵام لە ناخدا ئازاد بێت. برایم ئەحمەدیش هەر لەو روانگەیەوە وتبووی:لە زڕەی زنجیر دڵت

نەلەرزێ، پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان. کارەساتەکە ئەوەیە ئەمڕۆ مرۆڤەکان بەتایبەت نوخبەی رووناکبیری کراونەتە کۆیلە بێئەوەی زنجیری لەدەستدا بێت، کۆت و بەندە دەرەکییەکان وەکوو مار خشکەیان کردووە لەناو ناخی مرۆڤەکان کەپکەیان کردووە،ئەو حەزو بیرو خولیایانەی کە لەناو کۆمەڵگاو دەسەڵاتەوە دەوری رۆشنبیری کوردیان داوە، ناچاریان کردووە لە نووسین و داهێنان هەژاری بکەن ، ناچاریان کردووە بێدەنگی بکەن و ویژدانی سڕ بکەن. رۆشنبیرانی کورد تا ئەمڕۆش لەناو شێوەی بیرکردنەوەو رامان و فەلسەفەی(باو)چەقیون، سەیرکەن بۆ ئەوەی دەسەڵات بەردەوام بێت لە لغاوکردنی رۆشنبیران، بەشی فەلسەفە لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، ئەو قوتابیانە وەردەگرێت کە کەمترین نمرەیان وەدەستهێناوە، من تێناگەم ئەو قوتابیەی کە کەمترین نمرەی هێنابێت، چۆن دەتوانێت لە فەلسەفە بگات، چی لە نیتشەو هایدگەرو دۆلۆز و پۆل ریکۆر و هۆرسریل و فۆکۆ دەگات، چۆن لە میتافیزیکای هایدگەرو لە هۆرمۆنیتیکای پۆل ریکۆر دەگات.. راستە توانای راستەقینەی ئەقڵ وەک لیسینگ دەڵێت دەبێت لە بەدەستهێنانی هەقیقەتدا ببینین نەک لە خاوەندارێتییەکەیدا، بەڵام رەوانەکردن و وەرگرتنی تەمبەڵترین قوتابی بۆ بەشی فەلسەفە ، تەنها مانای کوشتن و سووتانی فیکرو تێنەگەیشتنی دەسەڵاتە لە فیکر.هەر بۆیە زانکۆکانی کوردستان لەماوەی ئەو 22 ساڵەی رابردوودا یەک رۆشنبیریان پێ دروست نەکراوە، دروستیش ناکەن.

لەوەتەی عەرەب لەسەر ئەم ئەرزە دەژی، هیچ کاتێکی لە کاتی عەباسییەکان لە رووی زانست و پێشکەوتنەوە گەشەسەندووتر نەبووە، بەڵام چەقبەستوویی عەرەب و سوود وەرنەگرتنی لە واقیع بەم دەردەی برد کە قاعیدەو بن لادن و بزووتنەوەی تالیبانی لێ هاتە ئاراوە. یۆنان راستە خاوەنی سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆو و چەندین فەیلەسووفی دیکە بوون بە جۆرێک نەک هەر ئەوروپا بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی قەرزاری یۆنانە، بەڵام یۆنانیش چەقی بەست، فەرەنساو ئەڵمانیاو بەریتانیاو ئیتالیا کەوتنە سەر ئەو میراتەو هەر یەکەو هەندێکیانی بۆ خۆی برد.

جیرار لیکلرک دەڵێ( هەموو کۆمەڵگایەک قەبیلە، شار، دەوڵەت، نەتەوە، ئیمپراتۆریاو شارستانیەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر سەیری کۆمەڵگای کوردی بکەین، دەبینین خودان شارستانێتی و ئیمپراتۆریاو دەوڵەت نەبووە،تەنانەت شارەکانیشی هاوچەرخ نین، کەواتە ئەو کۆمەڵگایە چی لێ مایەوە).

لە رووی مێژووییەوە ئایدیۆلۆژیا سیستەمێکی فەلسەفییەو لە فەرەنسا لە کۆتاییەکانی سەدەی 18 سەریهەڵدا، ئیتر رۆشنبیرانیش گوتاری گشتی و دونیایی کۆمەڵگەی بەرهەمهێنا کە بە گوتاری ئایدیۆلۆژی ناسران، نموونە هیگڵی، نیتشەیی، مارکسی، ....هتد. بەڵام پێوەندی رۆشنبیران بە ئایدیۆلۆژیاکان وەک ئەو پێوەندییە نەبوو کە پیاوانی ئایینی بە گوتارەکانی ئایینییانەوە هەیانبوو، پیاوانی ئایینی جێگەو پێگەی خۆیان

له نێو دامەزراوە ئایینییەکانەوە بوو، بەڵام  جێگەو پێگەی رۆشنبیران بە گشتی بریتی بوو لە جیهانێکی خالی لە پیرۆز، یان عەلمانی، رەخنەکانی سپینوزاو ریتشارد سیمۆن کە لەگەڵ ڤۆلتێردا ئەو گیانی رەخنەییەیان زیاتر بەرەو پێشەوە برد، بۆ رەخنەگرتنی سیاسییانە بوو لە دامەزراوەکانی کڵێساو پێشێلکردنی پیرۆزی دنیایی...سپینۆزا توانی گومان بخاتە سەر قۆرخکردنی ئایینی  تەقلیدی،ئا لەوەوە رۆشنبیر لە دایکبوو. راستە  بە مانای وردی وشەکە رۆشنبیر لە سەردەمی رۆشنگەری لە دایک نەبوو، بەڵکو دوای وەرگێڕانی تیۆرییەکانی رۆشنگەری لە دوای شەڕی ئایینی و ناپلیۆنی هاتە بوون کە لێکدانەوەو شیکردنەوەو رەخنە جیدییەکانی هاتنە بوون کە لە سەرەتای  سەدەی نۆزدە (19) بە جوانی خۆی نیشان دا.بەڵام زەمینەی  رۆشنبیر لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەو وەرچەرخانە دەگمەنە بوو کە لە ئەوروپا کاریگەریی خۆی بەسەر رۆشنگەرییەوە داهێنا، ئەو سەردەمەی باوەڕی مەسیحی هەڵوەشانەوەی بەخۆیەوە بینی و گومان لە رابردووی فیکری ئەو ئایینەو زاڵبوونەکەی بەسەر کۆمەڵگادا دروستبوو.لە جێگەیدا زانستی سروشت و واقیعبینی سەریانهەڵدا (مێژووناسی، رەخنە لە دەق، کۆمەڵناسی)واتا لەدایکبوونی رۆشنبیر بەسترایەوە بە زانستیکردنی کۆمەڵگەو سیاسەت. عەلمانییەتیش خۆی لە قووڵایی ئایینەوە هات، بۆیە زۆرجار دەوترێ عەلمانییەت دیاردەیەکی مەسیحییانەیە ، چاکسازی ئایینی و سەرهەڵدانی پرۆتستانتی هۆکاری بنەڕەتی و یەکلاکەرەوەی ئەو عەلمانییەتە بوون،لەبەرئەوەیشە هەندێ جار لە نووسەرانی ئەوروپی ئەوە

دەخوێنینەوە کە دەنووسن مەسیحییەت ئایینێکە لە دەرەوەی ئایین یان لە سەرووی ئایینەوەیە.

هیگڵە لاوەکان (الهیغلیون الشباب) بە باوک (نەک باپیر)ی ڕۆشنبیرانی هاوچەرخ دادەنرێن، واتا یەکەم وێنای ڕۆشنبیرین کە لە سەرەتای سەدەی 19 نۆزدە دەرکەوتن. هەڵبەت ئێمە لێرە کە باسی ڕۆشنبیر دەکەین مەبەستمان ئەو کەسانەیە کە پیشەیان کاری ڕۆشنبیرییە وەک کارل مانهایم گوزارشتی لێکردووە.

ترسی ڕۆشنبیرانی کورد و جێگیرنەبوون و ترس و دڵەراوکێی فیکرییان بە ڕوونی دیارە، نەک تەنها بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئایینی و ڕەوتە ئوسوڵییەکانیشەوە بەرچاوە.

هەموو ئەو ڕەوتە فیکرییانەی لە ڕۆژئاواوە هاتنە بوون وەکوو مارکسیزمی نوێی ڕۆژئاوایی، بونیادگەرایی، تەفکیکی، شیکردنەوەی دەروونی، میتۆدی زانستی کۆمەڵایەتی و..هتد دەبینین ڕۆشنبیرانی عەرەب لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی شەستەکان ڕووبەڕووی ئەو تەوژم و ڕەوتە فیکرییانە بوونەوە، لە هەموو ئەو ڕەوتانەش زیاتر بریتی بوون لە مارکسیزم و بونیادگەرییو میتۆدی زانستی کۆمەڵایەتی.هیشام شەرابی زۆر بە وردی باسی ئەم سێ ڕەوتە فیکرییەو بڵاوبوونەوەی لەو وڵاتە

عەرەبیانە کردووە کە لە کام دەزگاو دامەزراوەو لە لایەن کام موفەکیری عەرەبەوە گرنگی پێدراوە.

راستە لە سەردەمی ویلایەتی عەبدولحەمید دی(1876-1908) رۆشنبیرە تێکۆشەرەکان بێدەنگکرابوون بەتایبەت لەو هەرێمەی پێی دەوترا میسرو (هیلال الخصیب)، جا چ بە مەحسوبیەت بووبێ یان بە هەڕەشەو گوڕەشەو تۆقاندن بێ، یانیش بە راپێچکردنیان بووبێ بۆ گرتووخانە، لەبەرئەوەش بوو زۆربەی رۆشنبیرانی میسرو (هیلال الخصیب) بە ناچاری جا بەهۆی سیاسییەوە بووبێ یان بە هۆی ئابوورییەوە بووبێ وڵاتی خۆیان جێدەهێشت، ئەم کۆچکردنەی رۆشنبیرانی عەرەب لە شوێنە جیاجیاکانی سەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو، بۆ نموونە سوریاییەکان بۆ میسر هەڵدەهاتن و میسرییەکانیش پەنایان دەبردە بەر قوستەنتینییەو زۆربەشیان لەوێوە خۆیان دەگەیاندە پاریس و لەندەن و ژنێف. بۆیە باروزروفی رۆشنبیرانی عەرەب لە هی کورد ئەوەندە باشتر نەبوونە، گوشار بۆ سەر ئەو رۆشنبیرانەی عەرەب لەو گوشارە نەرمتر نەبووە کە بۆ سەر رۆشنبیرانی کورد بەردەوام هەبووە. بوونی ئەم گوشارانە رۆڵی گرنگی بینیوە لە پاشگەزبوونەوەی فیکری و تا دەگاتە ملپێکەچکردنی رۆشنبیران. محەمەد عەبدەو جەمالەدین ئەفغانی لە سەرەتاوە ژیانیان بە یاخیبوونەوە دەستی پێکرد، بەڵام کۆتاییەکەیان بە کۆنەپارێزی و دوور لە راستی (تەلفیق)ەوە تەواو بوو.ئەفغانی دەیویست راچەنینێکی فیکری لەنێو ئاییندا دروستبکات تا رادەیەک جێ پەنجەیشی دیار بووە، بەڵام زوو

میلەکەی سووڕاندەوەو تەواوی نەکرد، بەتایبەت کاتێ وتی (کۆمەڵگای ئیسلامی نەخۆشە) بەم قسەیە هەڵلایەکی نایەوە بەڵام یەکسەر وتی (هەموو موسڵمانێکی نەخۆش دەرمانەکەی وا لەناو قورئاندایە).ئەمەیە وامان لێدەکات بڕوا بەو قسەیەی هیشام شەرابی بهێنین کاتێ دەڵێت (موسڵمانێکی عەلمانی ناتوانێ بە قەد مەسیحییەکی رۆژئاوایی عەلمانی بێ) بەگشتی من بۆ خۆم زۆر بڕوام بەو قسەیەی شەرابی هەیە بەڵگەش زۆرن لەو بارەیەوە، رەنگە زۆربەمان سەربردەی دڵتەزێنی ئیحسان تەبەری بزانین کە لە گرتووخانەی ئێرانی ئیسلامی چی بەسەرخۆیدا هێنا.بەڵام سەربردەی رۆجیە گارۆدی زۆر دەگمەنەو وەکوو 22 لەسەر حەوتەکەی ناو ماتماتیک وایە.

راستە رۆشنبیرانی کورد رووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی مەترسیدار بوونەتەوە، وەک گرفتی دەسەڵاتی سیاسی، گرفتی هێرشی بەردەوامی توێژێک لە سەرەڕۆیانی ئایینی، گرفتی ئابووری و..هتد. بەڵام پەرتەوازەیی رۆشنبیران و نەتوانینیان بۆئەوەی ئەوانیش ببن بە جۆرێک لە دەسەڵات (مەبەستم لە دەسەڵاتی رۆشنبیرییە بە مانا مەعریفییەکەی) ئەمە بۆتە دژوارترین گرفت بۆ خۆیان هەرچەندە ئێستا باشترین هەل لەبارە بۆئەوەی رۆشنبیران ئەو رۆڵە گرنگە ببینن .بێگومان ئەو پەروەردە سەقەتەی کە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە زانکۆکان بە شێوەیەکی زۆر نادروست تاک پەروەردە دەکات هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەو پەرتەوازەییە و بۆئەو قەیرانە قووڵەی نەک رۆشنبیران بەڵکو تەواوی

کۆمەڵگا پێوەی دەناڵێنێ.ئەو پەروەردە سەقەتەیە وایکردووە ئەم هەموو قەیرانە قووڵە بە یەکبگەن، قەیرانی رۆشنبیران، قەیرانی حیزبی سیاسی ، قەیرانی ئابووری و ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگا، قەیرانی هونەری و رۆشنبیری و فیکر، قەیرانی کۆمەڵگە بە گشتی، کەچی لە نێو ئەم هەموو قەیرانە قووڵانە، ئەدەبیاتی کوردی بە شیعرو فیکرو رۆمان و لێکۆڵینەوەوە نەیتوانیوە کارەساتەکانمان بکاتە پەندێک بۆ دوژمنانی، نەیتوانیوە فیلمێکی لە هۆلیود پێشکەش بکرێ، ئاخر تا ئێستا کورد سینەمای نییە.کەچی هەندێک لە نووسینی ئەو برادەرانە کە دەخوێنیتەوە غرووربیەکی زۆریان پێوە دیارە، وەک بڵێی ئەوان دامەزرێنەرو دروستکاری چەندین رێبازو میتۆدی فیکری و ئەقڵی بووبن!!.

هەموو نەقابەو سەندیکاکان، حیزبە سیاسییەکان، هێزە کۆمەڵایەتییەکان، گۆشەگیرن لە بەرامبەر شکاندنی ئەو تەوقی قەیرانانە، ئاخر تا ئێستا بە دەست نەبوونی گوتارێکی شارستانی ئەقلانی رەخنەگرانە دەناڵێنین. لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا ئافرەت رۆڵێکی ستراتیژی دەبینێ لە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو وڵاتدا، لێرە لەو کوردستانەی کە دەڵێن خاکی گەوهەرە.. ئاوی کەوسەرە.. ئەو رۆڵە ستراتیژییە خنکێنراوەو ونە.

با ئەوەندە باسی رێنیسانس و رۆشنگەری ئەوروپا نەکەین، چونکە کورد هێشتا زۆر زۆری ماوە ، بەڵام عەرەب رێنیسانسی خۆی لە کۆتاییەکانی

سەدەی 19 بینی، ئەی کورد کوا رێنینسانسەکەی؟ وا لە ناو سەدەی 21ین. راستە رێنینسانەکەی عەرەب سەرنەکەوت و نەیتوانی رۆڵێکی گرنگ بگێڕێ، چونکە بە درێژایی 150 ساڵی رێنیسانسی عەرەبی ئینجا گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە کە بووە هۆی هێنانەدی دەوڵەتی نوێ و ئابووری نوێ.بەڵام کورد هێشتا هەنگاوێکیشی لەو بارەیەوە نەناوە.چونکە کورد خاوەنی هیچ پاشخانێکی فیکری و فەلسەفی و تەنانەت قوتابخانەیەکی رەخنەگرانەش نییەو نەبووە، ئەو نووسەرانەی بە گیانی رەخنە گرتنەوە هاتنە بوون، زوو ون بوون و شتێکمان لەبەردەست نییە کەمێک دڵمان خۆش بکات.ئەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، سەجادی، برایم ئەحمەد، مەسعود مەحەمەد، مەلا شوکور..هتد. کورد تا ئێستا نەیتوانیوە یەک جۆرج تەرابیشی، یەک جابری، یەک حسین مروە،یەک هاشم سالح، تەنانەت یەک کەواکبی و عەبدەو ئەفغانی هەبێ، تا ئێستا کەسێکی هەڵکەوتووی نییە شایانی پێدا هەڵگوتن بێت. نەگبەتی کورد مەسیحییەکانی کوردستانیش پێچەوانەی مەسیحییەکانی وڵاتانی لوبنان و شوێنەکانی دیکەن. مەسیحییەکانی کوردستانیش وەکوو کوردەکانیان لێهاتووەو زۆر هەژارن لەو بارەیەوە، کەچی مەسیحییەکانی لوبنان لوبنانیان لە هەموو روویەکەوە رووناک کردۆتەوە، لە وڵاتەکانی دیکەی عەرەبیش وەکوو میسر و مەغریب و تونس بە هەمانشێوە ، نەتەوەکانی تر باشترین یارمەتیدەر بوون بۆ پێشخستنی وڵاتی عەرەب. بەڵام لێرە لەم

کوردستانە جگە لە نەهامەتی بۆ کورد مەسیحییەکان و تورکمان و..هتد لە خراپترین دۆخی رۆشنبیریدان.

کە راپەڕینی بەهاری 1991 سەرکەوت، دەبوو کۆمەڵگایەکی نوێ بونیاد نرایە، دەبوو ئەدەب و هونەرو فەلسەفەیەکی نوێ لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لە دایک بوایە، دەبوو زۆرترین گرنگی بە بواری پەروەردەو زانکۆکان بدرایە، بەڵام لە بری ئەمانە ناکۆکییەکان گەیشتنە ئەوپەڕی، عەقڵییەتی خێڵ گەشەی پێدرا، ئابووری وڵات ئەوەندە شێواوە سەرمایەداری کورد بۆتە پارەدار نەک سەرمایەدار لە نێوان شەوو رۆژێکدا دەبێتە خاوەنی چەندین ملیۆن دۆلار، ئەم حەقیقەتە ژەهراوییە لە هیچ کوێیەکی دونیادا نموونەی نەبووە!!، ئاخر بەو عەقڵیەتەوە سەد ئەوەندەی تر کوردستان پارەی هەبێ ناتوانێ ببێتە بەرهەمهێن.چونکە خوێندنەوەیەکمان بۆ هیچ کام لەو گرفتە ئاڵۆزکاوو تێکچڕژاوانە نییە، ئەوەتا هێشتا تەنانەت ئاشنای مێژووی فەلسەفەش نین، چ جای ئەوەی خاوەنی بین.تا فیکرو فەلسەفەش لەناوماندا غائیب بێت، گفتوگۆی ئەقڵانیشمان هەر ئەوەیە کە لە دەوری وڕێنەدا دەخولێتەوە. تا ئێستا نەمانتوانیوە تێڕوانینێکی غاندییانە بخەینە بەرچاوی سەرکردەکانەوە. نەمانتوانیوە نموونەی وڵاتانی سەنگافورەو مالیزیاو ئەندەنووسیاو کۆریای باشوور بخەینە بەرچاوی سەرکردەکانەوە، تا ئێستا زۆر شت دەبوو بیکەین ، بەداخەوە نەمانکرد..دەبوو هەمیشە پەنجەمان لەسەر زەنگ بوایە و لە خەوی قووڵ ئەو سەرکردە تەمبەڵانەمان لەخەو راپەڕاندبایە، بەڵام

نەمانکرد.. بەڵێ زۆر شتمان نەکرد، لێرەوەیە دەڵێم مێژوو بەزەیی بە ڕۆشنبیرانی کورد نایەتەوە.

هەرێمی کوردستان هێشتا سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی باوک سالارییە، حکومەتی هەرێم بە بێ گوشاری ڕۆشنبیران ناتوانێ ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە لە قۆناخی باوک سالارییەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناخێکی دیموکراسی، لە قۆناخێکی رەعییەتەوە بیگوازێتەوە بۆ سیستەمێکی یاسایی و نیشتمانی، لە سیستەمی زاڵبوونی تاکەوە بیگوازێتەوە بۆ سیستەمی کۆدەنگی میللی. ئاخر یاساکانیشمان لە دوای 20 ساڵ حوکمڕانی خۆیی هێشتا پرسیاری زۆریان لەسەر نیشتووە. ئاخر تا ئێستا ڕۆشنبیرانی کوردیش نەیانتوانیوە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دابنیشن و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی پێکەوە گەڵاڵە بکەن و کۆدەنگی لەسەر وەربگرن، کورە تا ئێستا دەستوورێکمان نییەو ڕۆشنبیرانیش نوقمەیەکیان لێوە نایە. ڕۆشنبیر نابێ پاشکۆ بێت بەڵکو دەبێت پێشڕەو بێت و هەمیشە لەگەڵ ڕووداوەکاندا کۆمێنتی خۆی هەبێت، ئەمە چ ڕۆشنبیرێکە بیەوێ بە شیعرە تەمومژاوییەکەی گوزارشت لە دۆخێک بکات و هەر گوشارێکی بۆ هات بڵێ (المعنى في قلب الشاعر). بەرپابوونی کەشوهەوایەکی ڕۆشنبیری نوێ و لەبار لە وڵاتدا، پێویستی بە ڕۆشنبیرانە ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن، لانی کەم لە بەرهەمهێنانی گوتاری ڕەخنەگرانە لە پێناو گۆڕینی هوشیاری دواکەوتوو ساختە بۆ بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی . چونکە سیستەمی دیموکراسی لە ناوەخۆداو هەنگاو بە هەنگاو لە ژێر سایەی ململانێی

کۆمەڵایەتیدا دروستدەبێت، نەک بە گواستنەوەی نموونەی وڵاتێکی تر، هەر دیموکراسیەتێک  بە نێو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و بە نێو قەیرانێکی کۆمەڵایەتیدا وەرنەچەرخێت ئەو دیموکراسیەتە ساختەو درۆزنانەیە.

دەسەڵاتی ئەم هەرێمە ئەو هەموو خەرجییەی لە دامودەزگاکانی بەناو راگەیاندنی حیزبی و ئەهلی و سێبەر تەخشان و پەخشانیدەکات، کەچی تا ئێستا ئەم دەسەڵاتە هەوڵی دامەزراندنی یەک دەزگای ستراتیژی نەداوە تا رێنمایی دەسەڵات بکات، بەشدارینەکردووە لە دامەزراندنی تاقە دەزگایەکی فیکری و مەعریفی ئیتر نازانم بێ بوونی دەزگای فیکری و مەعریفی و بێ بوونی دەزگای ستراتیژی، وڵات چۆن پێشدەکەوێ. لەکاتێکدا ئەو هەموو گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوانەی بە یارمەتیدانی ئەم دەسەڵاتە بەڕێوە دەچن و بەردەوامن،  سادەترین بنەمای مەعریفیان تێدا نییە.بەڵکو هەندێکیان نەک هەر دوورن لە  مەعریفە بەڵکو جنێونامەن.

ئەگەر بەراوردێکی ئەو هەموو خەرجییەی حیزب و حکومەت بکەین کە بۆ بووژانەوەی خێڵ تەخشان و پەخشانی کردووە، لەگەڵ ئەو خەرجیانەی بۆ دەزگایەکی مەعریفی خەرجی کردووە (کە نەیکردووە)،ئەوکات ماهییەتی ئەو حیزبانەو ئەو حکومەتەت بۆ دەردەکەوێ کە دەیانەوێ میللەت بەکام ئاقارو ئاراستەدا ببەن، بەهاری کوردی بۆتە بەهاری گردبوونەوەی خێڵ، کارەساتی گەورە ئەوەیە هەندێک لە سەرکردەکانی ئەم هەرێمەش زۆر بە شانازییەوە باس لە خەمی بووژاندنەوەی خێڵ دەکەن.

مێژووی گەلان ئەوەی بۆ سەلماندووین کە ژیانی مرۆڤ لەسەر بنچینەی مرۆڤایەتی راست و دروست پێکنایەت ئەگەر وڵات بە قۆناخێکی ناجێگیردا تێپەڕ ببێ، ژیانی مرۆڤ ئەوکاتە مرۆڤایەتی خۆی رادەگرێ کە ئازادییە دیموکراتیەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی مسۆگەر بووبن، بە ئامادە نەبوونی ئازادییەکانی مافە بنچینەییەکان، ناتوانرێ لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ئامانجە مرۆڤایەتییەکان وەدیبهێنرێن.

کوردستان بە زۆر قۆناخی دژوارو وەرسوڕان رەتبووە , راپەڕین , شەڕی ناوەخۆ ، رێککەوتننامەی ستراتیژی , رووخانی سەدام ,تا 17ی شوبات و رووداوەکەی ئایار.لە هەموو ئەو رووداوانەو زۆر رووداوی دیکەیشا بەڵام پێگەیەکمان بۆ رۆشنبیران نەدی، لەکاتێکدا لە هەموو دونیادا رۆشنبیران جۆرێک لە دەسەڵاتن ؟ کەچی لەکوردستان رۆشنبیران نەک هەر لە رووی سیاسییەوە بەڵکو لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە چەندین رووداوی وەک دوعا و هاوشێوەکانی لە کوردستان بەردەوام دووبارەو چەند بارە دەبنەوە بەڵام دیسان رۆشنبیران زیاتر لە بەردی بن گۆمێک دەچن و هیچی تر.

دوا قسەم قسەی نووسەرێکی بەناوبانگی ئەورووپایە کە دەڵێ: کاتێک خەڵک تاوانیان بینی و نەیانبینی تاوانبار سزا بدرێت، هەروەها بینیان کەسانێک سزا دەدرێن و تاوانێکیشیان نەکردووە، دڵنیابە ئەو کاتە بارودۆخەکە روو لە تەقینەوەیە.

### وەزارەتی رۆشنبیریی ..وەزارەتی بێ رۆشنبیرو بێ مەعریفەت

له خۆڕا نییه زۆربەی ئەم وەزارەتانەی لەناو حکومەتی هەرێمدا هەن، خەڵک لێیان بە گلەیی و توڕەن، بۆ نموونە 23 ساڵە چینی جوتیار هەست بەوە ناکەن وەزارەتێک هەیە کە ناوەکەی وەزارەتی کشتوکاڵەو بۆ خزمەتکردنی ئەوان دروستبووە، وەزارەتی پیشەسازی 23 ساڵە بێ بەرهەم و بێ پیشەسازییە، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، نەیتوانیوە پلانێکی نیمچە تۆکمەشی بۆ دۆزینەوەی کارو نەهێشتنی بێکاری هەبێ، وەزارەتی رۆشنبیریش ئەوە 23 ساڵە رۆشنبیران هەست ناکەن وەزارەتێک هەیە بۆ خزمەتکردنی ئەوان دروستبووە،تەنانەت زۆرجاریش ئەم وەزارەتە دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن بە رۆشنبیران. لە کاتێکدا تاکە جیاوازییەک کە لە

نێوان وەزارەتەکانی دیکەو وەزارەتی رۆشنبیریدا هەیە، ئەوەیە، وەزارەتی رۆشنبیری بە حیساب دەبێت بۆ توێژی رۆشنبیران بێت، ئەو رۆشنبیرانەی کە قسەکانیان حیسابی بۆدەکرێ و جۆرێک لە دەسەڵاتی تێدایە، ئەگەر رۆشنبیران نەتوانن وەزارەتێک بە ئاراستەی باشبوون بگۆڕن، ئەی چۆن دەتوانن قسە لەسەر کۆی گرفتەکانی کۆمەڵگا بکەن؟. لە کاتێکدا رۆشنبیران مافێکی زۆر سروشتی خۆیانە لە بنج و بنەوانی ئەم وەزارەتە بکۆڵنەوە. وەک چۆن هایدگەر دەڵێت ئێمە تەنها پێویستمان بەوە نییە بزانین گەردوون چۆن دەجوولێتەوە،بەڵکو پێویستە بشزانین کە بۆچی بەم شێوەیە دەجوولێتەوە. رۆشنبیرانیش پێویستە بزانن وەزارەتی رۆشنبیری بۆچی وادەکات.

ژەهر خواردنەکەی سوکرات چەندە کاریگەری دەروونی لەسەر ئەفلاتون دروستکرد، بەشێوەیەک ئاراستەی ژیان و بیرکردنەوەی فیکری و فەلسەفی ئەفلاتونی بەتەواوی وەرچەرخاند،ئەم وەزارەتە نارۆشنبیریی و نا مەعریفییە خەریکە بە تەواوی ئاراستەی رۆشنبیران و داهێنەرانی ئەم هەرێمە بە ئاقارو ئاراستەیەکی زۆر نێگەتیڤ و مەترسیداردا دەبات.

چۆن نیچە بڕوای وابوو ئەقڵانییەتی سوکراتی و ئایدیالیستی ئەفلاتونی دۆخێکیان دروستکردووە کە مرۆڤەکان ناچار بکەن لە داهێنان بکەون و دەست بۆ کاری بڤە نەبەن، ئەم وەزارەتی نارۆشنبیری و ئەم دارودەستە مافیا ئاسایەی ناو وەزارەتیش هەموو داهێنانێکیان سەربڕیوە و ئێستا لەم

هەرێمەدا داهێنان بەتایبەت لەلایەن وەزارەتی نا  رۆشنبیرییەوە تک تک خوێنی لێ دەچۆڕێ، ئەرێ  ئەم وەزارەتە بۆ بەودەردە چوو؟، ئەی حکومەتی هەرێم بۆچی لە ئاست ئەو پرسە گرنگەدا تا ئێستا بێدەنگە؟، باشە رۆشنبیران بۆچی لە بەرامبەر هەڵوێست وەرگرتن لەم وەزارەتە ئەوەندە شەرمنن ؟ چەندین پرسیاری دیکەش هەن پێمخۆشە رۆشنبیران ئەمجارە  ئەو شەرمە لە گۆڕ بنێن، چونکە شەرم بۆ رۆشنبیر راگەیاندنی مەرگی خۆیانە. لە هەموو دونیادا فەیلەسوفێک تەنانەت رۆشنبیرێک کورە تەنانەت داهێنەرێکییش نادۆزیتەوە، رۆشنبیر یا داهێنەر بێت، بەڵام شەرمنیش بێت.

ئەو رۆشنبیرەی نیچە ئاسا دژی جیهانی ئەپۆلۆنی بێت، ئەو جیهانە ئەپۆلۆنییەی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی بێ رۆشنبیرو بێ مەعریفەت  نەخشەی بۆ کێشاوەو خۆیشی بە کردەوە نەک پەیڕەوی نەکردووە بەڵکو فێڵێکی درۆزنانەیە لەگەڵ رۆشنبیرانی دەکات، هەموو رۆشنبیرانیشی بە تەواوی کپ کردووە.

ئێستا دوای 23 ساڵ لەم وەزارەتە بێ مەعریفەتە و لەم کەسانەی گورگ ئاسا لە پێستی مەڕدان و ئەم (5) ساڵەی دواییش سووکایەتیی بەرامبەر بە رۆشنبیران زیاتر چڕ کراوەتەوە، پێویستە حکومەتی نوێ و پەرلەمانتارانی نوێ بە گفتوگۆکردنی بەردەوامیان لەگەڵ رۆشنبیران  بە جیدی کار بۆ گۆڕینی سەرلەبەری ئەم وەزارەتە بکەن و لەم هەموو

گەندەڵی و ناعەدالەتییەی لەناو ئەم وەزارەتە روویداوە پاکی بکەنەوە. ئەگەر حکومەتی هەرێم بە گشتی لەماوەی 42 ساڵی رابردوودا گرنگییەکی پێویستی بەم وەزارەتە نەدابێ، ئەوا ئیتر پێویستە لەمەودوا هەموو هەوڵێکی بۆ بونیادنانەوەی ئەم وەزارەتە بێت، بونیادنانەوەی نەک لە دیوارو دەرگاو پەنجەرەو باڵەخانەی جوان، بەڵکو بونیادنانەوە لە کەسایەتی بەهرەمەندەکان و هەموو رێزو پەیوەندی و هاوکارییەکیش بۆ داهێنەران و بۆ رۆشنبیران. ئاوەها ئینتیمای رۆشنبیران بۆ ئەم وەزارەتە دروست دەبێت، ئەوەتا ئێستا رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە نەک ئەم وەزارەتە بە ماڵی خۆیان نازانن بەڵکو وەزارەت کۆسپێکی حەقیقیشە بۆ ئەوان.

ئێستا دەتوانم بڵێم ئەم وەزارەتی رۆشنبیرییە بە ئەقڵی کاسۆلیکەکانی سەدەی 16 ی ئیسپانیاو فەرەنسا بەڕێوە دەچێ کە چۆن کەوتبوونە ویزەی پرۆتستانتەکان و ناچاریان دەکردن کۆچ بۆ وڵاتێکی دیکەی باکووری ئەورووپا بکەن، بەم کاروکردەوەیەی کاسۆلیکەکان فەرەنسا لە وڵاتی یەکەمی ئەورووپاوە دابەزی بۆ وڵاتی دووەم و هەندێکجاریش بۆ وڵاتی سێیەم، بەریتانیا ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە کرد، ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری بەم ئەقڵیەتی کاسۆلیکەوە کە لە راستیدا وەزارەت لە دەزگایەکی کاسۆلیکی دەچێت، بۆتە خراپترین وەزارەتی ئەم حکومەتی هەرێمە. مێژوو لە یۆنانەوە لەسەر قاچی خۆی وەستاو دەستی بە رۆیین کرد، بە ئیتالیاو فەرەنساشدا تێپەڕی و ماوەیەکیش لە بەریتانیا گیرسایەوە، پاشان وردە وردە ئەوروپای جێهێشت و بە دوو ئاراستەدا ملی

نا یەکێکیان بۆ ژاپۆن و ئەویدیکەش بۆ ئەمریکا چوو بەڵام ئێستا ماوەی (40 -50) ساڵێک دەبێت ئاراستەیەکی دیکەشیان بۆ بەریتانیاو ئەڵمانیا بردووە، روونیش نییە دوای (20 – 30) ساڵی دیکە ئەم ئاراستانە روو لە کام وڵاتی دیکە دەکەنەوە.چین خەریکە ئاراستەیەک بەلای خۆیدا وەردەسوورێنێ. وەزارەتی رۆشنبیریش هەر لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنییەوە یەکەمین وەزارەت بوو، رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە واژۆیان لە دژی کۆکردەوەو یەکەمین مۆری ناپاکی و گەندەڵیان بە نێوچەوانی ئەم وەزارەتەوە نا،کە ساڵی 1992 بوو. واتا ئەم وەزارەتە یەکەمین وەزارەت بوو کە مێژووی گەندەڵی بەرهەمهێنا، یەکەمین وەزارەتیش بوو وەزیرەکەی دەستی لەکار کێشایەوە، بۆئەوەی بەرئەو گەندەڵی و پیسییە نەکەوێ کە لەناو وەزارەت چڕ ببووەوە، بەڵام ئەوە 23 ساڵە ئەم وەزارەتە لەناو گەندەڵی قووڵدەبێتەوەو قووڵتر دەبێتەوە، لەم 5 ساڵەی دواییشدا گەندەڵی تیایدا گەیشتە ئاستێک کە هەموو سنوورەکانی بەزاندو رەشترین و خراپترین قۆناخی وەزارەتی رۆشنبیری بووە لە هەرێمی کوردستاندا. ئاخر مەترسیدارترین شت ئەوەیە ئەم وەزارەتە رۆشنبیرو هونەرمەندو بەهرەمەندان لەخۆی دووربخاتەوە، ئێ باشە ئەگەر کارێکی ناجۆری لەم جۆرە بکات کە بەردەوام کردوویەتی ئەی کاری ئەم وەزارەتە دەبێت چیدیکە بێت؟. من وەنەبێت پێموابێت رۆشنبیرانی کورد ئەوەندە داهێنەرن هەر ماشەڵڵایان پێدەوێت، من ئەوە دەزانم رۆشنبیرانی کوردیش بەشی هەرە زۆریان خەریکی لاساییکردنەوەو کاوێژکردنەوەن و شتی تازەو نوێیان

زۆر دەگمەنە، بەڵام ئەمە پاساو بۆ ئەم وەزارەتەش نییە بە ئارەزووی میزاجی دوو کۆلکە نەخوێندەوارەوە، دەرگا لەسەر ئەم رۆشنبیرو هونەرمەندانە دابخەن، چونکە وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئەم وەزارەتە بەهۆی بوونی رۆشنبیرو هونەرمەندانەوە ئەم جێگەیان وەرگرتووە، دەبێت بەتایبەت بەڕێوەبەری گشتی دیوان بەرنامەی مانگانەو وەرزانەی هەبێت کە بۆ خزمەتکردنی رۆشنبیران بێت و دەبێت بزانێت کام بەرنامە باشترینیانە تا جێبەجێی بکات ، نەک هەر بە تەنیا خەریکی بیرکردنەوە لە پڕکردنی گیرفانی خۆیان بن. ئاخر تەنیا لە وڵاتێکی وەکوو هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی رۆشنبیری لە رۆشنبیران جیا کراوەتەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ لە جووتیاران دوورخراوەتەوە ، وەزارەتی پیشەسازی خاوەنی هیچ پیشەسازییەک نییە، وەزارەتی پلاندانان بێ پلانە، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بیری تەنیا لای نەوتە، (ئاو)ی بە سامانێکی سرووشتی دانەناوە، زانکۆکانی هەرێم، بێ زانان و ....هتد ،ئەمە حاڵی دامەزراوە گرنگەکانی ئەم هەرێمەن کە چارەنووسی ژێرخانی ئابووری ئەم هەرێمە بەدەست ئەم دامەزراوە داماوانەوە داتەپیون.

رۆشنبیرانی کورد هێشتا بە قۆناخی نامۆبووندا رەت نەبوونە و نەیگەیشتوونێ، بەڵام ئەم وەزارەتە بێ مەعریفەتە کە بەناو وەزارەتی رۆشنبیرییە گەر ئاوا بڕوات هەموو رۆشنبیرانی کورد دەگەیەنێتە قۆناخی نامۆبوون، نامۆبوون نەک بەمانا فیکرییەکەی، بەڵکو زیاتر بە مانا رووحییەکەی.

هەر رۆشنبیرێکی ئەم هەرێمە دەگری لە ژێر جەبری ئەم وەزارەتە بە کارە نائەقڵانی و نا سەردەمییەکانی وەزارەت بە درۆو فرِوفێڵەکانیانەوە، رۆژانە دەکەونە ژێر لە خشتەبردنەوە، لە سەرووی هەموویانەوە بەم هەموو نوکتە درۆ ئامێزانەی بەرێوەبەری گشتی دیوان، کە جگە لە خەمی گیرفان پڕ کردن، هەر گاڵتەشی بە کاری جیدی دێت. بەڵام ئەوە ترسنۆکی و راڕایی و شەرمنی رۆشنبیرانی کوردە نەیانتوانیوە هەڵوێستێکی دەستە جەمعی بەرامبەر بەم وەزارەتە نیشانبدەن و سوور بن لەسەر لابردنی ئەم دەموچاوە قێزەونانە. بەرنامەیەکی سەردەمیانە بەسەر ئەو وەزارەتەدا بسەپێنن. ئاخر رۆشنبیرانی کورد راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ رۆژانە لە لایەن ئەم وەزارەتە رووبەڕووی ئیهانەکردن دەبنەوەو هەموو شکۆیەکیان لەناو ئەم وەزارەتە ون بووە. چونکە وەزارەت لە ماوەی 23 ساڵی رابردوودا نە سیاسەتێک نە فەلسەفەیەک نە پلانێکی سەردەمیانەی بۆ رۆشنبیران نەبووە، تاکە پلانێک هەیانبووبێ بۆگەنکردن و گەندەڵکردنی زیاتری وەزارەتەکە بووە. گرفتەکەش ئەوەیە هێشتا خودی رۆشنبیرانیش بە میتۆدێکی رەخنەیی نەانتوانیوە ئازارە پەنگخواردووەکانیان دەربڕن. هەر رۆشنبیرێکی کورد پێویستە وەکوو ڤۆلتێر چۆن رووبەڕووی کەنیسەی کاسۆلیک بووەوە کاتێ وتی(ئەم عەیب و عارە لەناو بەرین)، پێویستە رۆشنبیرانی کوردیش ئاوەها بەرامبەر ئەم هەموو عەیب و عارەی وەزارەتی رۆشنبیری بوەستن، ئاخر چ جیاوازییەک لە نێوان وەزارەتی رۆشنبیری و کەنیسەی کاسۆلیک هەیە کاتێ ماکیاڤیلی رووی لە کەنیسە کردو وتی:

کەنیسە بەرپرسە لە هەموو ئەو بەدبەختیانەی کە لە ئیتالیا روودەدات. باشە با منیش پرسیارێک بکەم ئایا وەزارەتی رۆشنبیری بەرپرس نییە لەم هەموو گەندەڵی و بەدبەختییەی بەرامبەر بە رۆشنبیران دەیکات؟ جۆرج ئۆیل فێری کردووین و دەڵێت لە سەردەمێکدا کە هەڵخەڵەتاندن جیهان دەگرێتەوە، بێگومان ئەوکاتە وتنی راستییش دەبێتە کارێکی شۆڕشگێڕیی.رێک ئێمە ئێستا لە بەرامبەر وەزارەتی بێ مەعریفەت بەم قۆناخەدا رەتدەبین.

وەزارەتی رۆشنبیری لە بنەڕەتدا بۆتە دەزگایەکی بیرۆکراتی و کەوتۆتە ژێر رکێفی چەند کەسێکی مشەخۆر و بەرخۆر ی نەخوێندەوارو دەسەڵاتێکی زەبەللاحیشیان هەیە بۆ چۆنێتی دادۆشینی ئەم وەزارەت و ئەم سامانی گشتییە.

ئادۆرنۆ، نەک هەر دیارترین کەسایەتی مەعریفی ناو قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو، بەڵکو کەسێکی وەکوو مارکۆز دەڵێت من ناتوانم بە ئاسانی لە نووسینەکانی ئادۆرنۆ تێبگەم چونکە یەکجار قووڵن، ئەمڕۆ نەک ئەڵمانیا بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی شانازی بە ئادۆرنۆوە دەکات، کەچی ئەو ئادۆرنۆیە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بە خەم و خەفەتێکی یەکجار قووڵەوە ژیانی بردە سەر، تا وایلێهاتبوو تووشی جەڵدەی دڵ هاتبوو بەدەم دەردو ئازارێکی زۆرەوەماڵئاوایی لە ژیان کرد،لەم هەرێمەی ئێمەش خەڵکمان هەبوو لە ئاستی ئادۆرنۆ نەبوون بەڵام کەسایەتی زۆر دیاری رۆشنبیری

کوردی بوون و ئێستاش هەن، نموونە مەسعود محەمەد و شکور مستەفا، سەعید ناکام و چەندانی دیکە، بەڵام وەزارەتی نارۆشنبیریی چ دەرگایەکی لەم کەسایەتییە بەرزانە کردبووەوە؟، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم کە ئەوە چەندین ساڵە بە دەم ئازاری زۆرو بەدەم ململانێی بەردەوامی لەگەڵ مەرگدا شەوو رۆژ دەکاتەوە، بەڵام ئەم وەزارەتە چی بۆ کردووە شایانی باس بێت.ئەرێ وەزارەتی رۆشنبیری نەبوونی باشتر نەبوو لەم بوونەی کە ئیمڕۆ لە بەرامبەر رۆشنبیرانی وڵاتەکەی زۆر زۆر داماوو زەلیلە.

ئەمە ئەرکی رۆشنبیرانی ئەم هەرێمەیە ئەبێ ئیرادەی خۆیان نمایش بکەن و چیدی ئیرادەیەکی پچڕ پچڕ و بەش بەش و کەرت کەرت نیشان نەدەن، نابێت چیدی رێگە بدرێت وەزارەت کە لە بەرژەوەندی گرووپێکی بچووکی بازرگان و ورگن و خەڵکی مشەخۆری ناو وەزارەتەکەیدایەو، خەمی رۆشنبیرانیشیان لەکۆڵ خۆیان کردۆتەوە. ئەم وەزارەتە ئەوەندەی رێز لە درۆو نوکتەو گەندەڵی دەگرێت، سەدا یەکی ئەوەندە رێز لە کاری داهێنەرانە ناگرێت، بە دیوەکەی دیکەدا دەتوانم بڵێم بەرپرسانی ئەم وەزارەتە قوتابیەکی کریتیاس ن، چونکە کریتیاس یەکەمین کەس بوو کە رێزی لە درۆو پڕوپاگەندە دەگرت.ئەم وەزارەتە کاتێک بەتەواوی نغرۆی ناو گەندەڵی بوو، کاتێ گەندەڵییەکانی ناو مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن گواسترایەوە بۆ ناو ئەم وەزارەتە، کە ئەمەشیان هەر بۆ خۆی حیکایەتێکی درێژەو بابەتێکی سەربەخۆیە.

دیموکراسی ئەسینا چۆن لەسەر بناخەی کۆیلایەتی   لە ئەسینا دامەزرابوو، بە هەمان شێوە وەزارەتی رۆشنبیریش بە ئاراستەی داماوکردن و بە کۆیلەکردنی رۆشنبیران رەفتاردەکات، ئەمە دوو ساڵە بۆ بەکۆیلەکردنی رۆشنبیرو هونەرمەندان زیاتر لە (5) ملیار دینار تەخشان و پەخشان دەکات و بە میزاجی بەرێوەبەری گشتی دیوان دابەش دەکرێت. نامەوێ وتارەکەم لەسەر گەندەڵییەکانی ئەو کەسانە چڕ بکەمەوە کە سامانی گشتییان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئەگەر حکومەتێکی دادپەروەرو خەڵکێکی وشیارو بە ئاگامان هەبووایە، ئێستا ئەو برادەرانە دەبوو لە ناو قەفەزی گرتووخانەدا ئارەقەی شەرمەزارییان بڕشتایە، بەڵام نە حکومەتەکەمان دادپەروەرە، نە رۆشنبیرانیش ئەوەندە بە جەسارەت و هاودەنگن تا بە دەنگی بەرز لەبەرامبەر ئەم هەموو مشەخۆری و بەرخۆرییە بوەستنەوە. ئەوەتا هەموومان لەو وەزارەتە بێزارین، بەڵام هەڵوێستەکانمان لاوازەو لە ئاستی پێویست نییە. ئەو دەرس و وانەیەی پێویستە لە وەزارەتی رۆشنبیری فێری ببین، رێک پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بەرپرسانی وەزارەت هەوڵیانداوە فێرمان بکەن، ئەم وانەیە نابێ لە بیری بکەین، بەڵکو پێویستە کاری جیدی لەسەر بکەین. چونکە ئەم وەزارەتە جگە لەو هەموو گەندەڵییەی دەیکات، بگرە لە هزرو بیرکردنەوەشیاندا تا سەر ئێسقان کۆنزەرڤاتیڤن و هیچ بەلای داهێنانی راستەقینە ناچن، هەر ئارەزووشی

لێناکەن. واتا ئەوانەی لەو وەزارەتە کۆبوونەتەوە بە تەواوی لە داهێنان و ڕۆشنبیری و ئەقڵی کراوە داشۆراون.

جاران ناسیۆنالیزم لە پێش هیگڵ ئامانجێکی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانەی هەبوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی هیگڵ و فریدریکی گەورە وردە وردە مەیلی کۆنەپەرستانەو نا ئەقڵیانەی لەگەڵ دروست بوو، کە ئیتر هزری ناسیۆنالیزم تۆتالیتارییەتی لەگەڵ خۆیدا هێناو دواییش فاشیزم و نازیزم و بەعسیزمی لێکەوتەوە، کە ئەمانە هەرسێکیان فاشیزم-نازیزم-بەعسیزم لووتکەی تۆتالیتارییەتەکە بوون. ڕۆشنبیریش بەهەمانشێوە، لە سەردەمی شێرکۆ بێکەس ئامانجێکی نیشتمانی و ڕۆشنبیریی و داهێنەرانەی هەبوو، بەڵام لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی شێرکۆ بێکەس لەم وەزارەتە بێ مەعریفەتە وردە وردە ئەم وەزارەتە لە پەیامی ڕاستەقینەی خۆی لایداو بە ئاقاری گەندەڵی وەرچەرخا، ئیتر ئەم وەزارەتە گەندەڵی — مافیا- بازرگانیی بەرهەمهێنا، ئێستا ئەم وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لە لووتکەی ناڕەزایی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانە و هەروەها لە لوتکەی گەندەڵییەکەشیدایە. مارکس مادەو بەرژەوەندی مادی و ئابووری لە جێگای (ڕۆح)ی هیگڵ دانا، ئەم وەزارەتەش هات گەندەڵی و خزم خزمانێ و تەخشان و پەخشانکردنی سامانی نیشتمانی لە جێی ڕۆشنبیری و داهێنان دانا.

23 ساڵە وەزارەتی رۆشنبیری هەوڵدەدا رۆشنبیرانی کورد بەرەو خەوێکی ئەبەدی موگناتیسی رابکێشێ، ئەم سێ چوار(4/3) ساڵەی دوایی هەوڵەکانی وەزارەت لە پێناوی ئەو خەوە موگناتیسییە بە تەواوی چڕ کراوەتەوە، بۆئەوەی ئۆردووگایەک لە کۆیلە لە ژێر ئاڵای وەزارەتی رۆشنبیری دروستبکات و پاساویش بۆ هەموو کارە بێتام و قێزەونەکانی خۆیان دەهێننەوە، کە کەڵەکەی کردووتە سەر یەکدی و ئەوەی پێیدەوترێ رۆشنبیریی و داهێنان ...بوونی نییە بۆ رۆشنبیرو داهێنەران، جگە لەو حەزە قێزەونە ناشیرینەی خۆیان کە شەوانە خەونی پێوە دەبینن و بە رۆژیش هەوڵ بۆ هێنانەدی خەونە دزێوەکانیان دەدەن، بەمەش دونیای رۆشنبیری و داهێنان لەم وەزارەتە بە تەواوی ئیفلیج کراوەو تاوان لەم وەزارەتە بە بەرگی بەرائەت داپۆشراوە، وەک کورد دەڵێ گورگەو لە پێستی مەڕدایە. ئەمانەی باسمکرد مشتێکی زۆر زۆر بچووکن لە خەروارێک و هێشتا ژمارەکان بە دەنگی بەرزەوە قسەی خۆیان نەکردووە، بەڵام ئەم وەزارەتە ئەوەندە رووی ناشیرین بووە بەرامبەر بە رۆشنبیرانی کورد، بۆیە هیچ پرسیارێک لە ئارادا نەماوە رووبەڕووی بکرێتەوە، چونکە نە متمانەیەک لە نێوانیان ماوە، نە ئومێدێکی زۆر بچووکیش بەو وەزارەتە ماوە، جگە لە خۆ پێگەیاندنی مادی چەند کەسێک کە تا دێ ورگ و گیرفانیان گەورەتر دەکەن . ئێستا ناچارم بڵێم زۆر زۆر بەداخەوە سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیە لە بن نەهاتووەی کورد پێشکەشی کرد لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەریدا، کەچی ئەوەتا 22 ساڵە بەگشتی گەندەڵی

بووەتە هەقیقەتی مێژووی ئێمە و بەتایبەتیش ئەو 10 ساڵەی دوایی ئەم هەقیقەتی گەندەڵییە گەیشتە ئەوپەڕی و هەموو سنوورەکانی بەزاندووە. بۆیە ئێستا ئەو پرسیارە لە رۆشنبیران دەکەم چۆن و بە چ رێگایەک بەهاکانی خۆتان لەنێو ئەم وەزارەتە گەندەڵ و بێ مەعریفەتە دەدۆزنەوە ؟، ئایا هەر ئاوا رۆشنبیرانی کورد دەبێ شەرمنانە قسە لەسەر دیاردەیەکی قێزەونی زەق بکەن، یان کاتی ئەوە هاتووە ئیتر هەموو پەردەیەکی شەرم بدرێنن و قسەی هەق و رەقی خۆتان بکەن؟باشە ئەگەر ئێوە وەک رۆشنبیر ئاوا شەرمنانە قسە بکەن، ئەی چی بەم چین و توێژانەی ناو کۆمەڵ بڵێین کە هیچ پەناگەیەکیان نییەو 23 ساڵە ئەو کارە دزێو و ناشیرینانە دیزە بەدەرخۆنە دەکەن ؟ ئایا بەراستی هەقی گلەییمان هەیە کە کۆمەڵگە ناتوانێ بە ئاستی پێویست بیربکاتەوەو ، ئێوەش زۆرجار بە مێگەل ناویان دەبەن؟ باشە ئەگەر کۆمەڵگە مێگەل بێت، ئەی ئەبێ چ ناوێک بە باڵای رۆشنبیران کاڵای پڕ بە باڵا بێت، کە نەتوانن وەزارەتێک چاکبکەن کە بە حساب بۆ خزمەتکردنی ئەوان دروستبووە بەڵام جگە لە سووکایەتیکردن بە رۆشنبیران و تێرکردنی چەند بەرپرسێکی ناو وەزارەت هیچیدیکە نییە ، ئەگەر رۆشنبیران نەتوانن ئەم وەزارەتە لە بونیادەوە بگۆڕن، ئەبێ چ ناوێک بە باڵای خۆیان ببڕن؟ ئاخر هەڵبژاردنی بێدەنگی واتا هیچ بیروبۆچوونێکت نییە بۆ گۆڕینی یان بە واتایەکی دیکە واتا قەبووڵکردنی ئەگەر بە زەلیلیش بێت.

هەر رۆشنبیرێک لە جیهانی تایبەتی خۆیدا، خۆشەویستی بە رادەیەکی بەرز تێدا نەبوو،ناتوانێ بە رێگای بەرهەمەکانی خزمەتێکی بەرچاو بکات، خۆ ئەگەر خۆشەویستییەکی زۆریشی هەبووبێت  بەڵام ئامانجێکی روونی نەبێت ئەوە کارەساتێک لە ژیانی ئەو رۆشنبیرە دەخولقێ، کارەساتێک وەک ئەو کارەساتەی کە ئیڤان لە رۆمانی برایانی کارامازۆڤی دوستۆڤسکیدا نیشانیداوە، خۆشەویستییەکی زۆری هەیە بەڵام ئامانجی نییە.

مەسیح  تەنیا بۆ ئەوە نەهات تا بە خەڵکی بڵێ ئەی خەڵکینە ئەوەتا منیش پێغەمبەرم ، بەڵکو بۆ ئەوە هات تا دوو کێشەی یەکجار گرنگ و سەرەکی لە ژیانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا چارەسەر بکات، ئەویش یەکەمیان خراپەکاری و شەڕانگێزی بوو، دووەمیشیان کێشەی مردن بوو، بەهۆی ئەم دوو کێشەیەش بوو رۆحی بەرزەفڕ ئاسا بەرزبۆوە بۆ ئاسمان، ئەمەیە  جیاوازی مەسیح لەگەڵ پێغەمبەرەکانی دیکە، بە دیوێکی دیکە بەشێک لە فەیلەسوفان لەسەر ئەوە کۆکن دوای  مەسیح پرسی پاکبوونەوەی خود دروستبوو. پرسیارەکەی من ئەوەیە بوونی وەزارەتی رۆشنبیری  بۆ رۆشنبیرانی ئەم هەرێمە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ هەر وەزارەتێکی دیکە، کە چەند کەسێکی ورگن و گیرفان بڕو گیرفان پڕ لەسەر حسابی رۆشنبیران نغرۆی نێو گەندەڵی بوونە.

لە راستیدا وەزارەتی رۆشنبیری زۆر زیاتر لەوە  هەڵدەگرێ لەسەری بنووسین چونکە راستە وەزارەتی رۆشنبیری لە کوڕەکانی قابیل

پێکنەهاتووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە کوڕەکانی شەیتانن، چونکە ئەم وەزارەتە هەر ئەوەندەی ماوە لە پێناوی درێژەدان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان قامچی  بە رۆشنبیران بکێشن و بیانکوژن. بۆیە ئەگەر پێویستی کرد جارێکی دیکە دێمەوە سەر ئەم وەزارەتەو هەندێ وردەکاری کە لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا باسم نەکردووە، دەیخەمە روو.

## پێش سەربەخۆیی

هەر هەرێم و ناوچەو میللەتێک هێزی بە دەوڵەتبوونی تێدا نەبێت، ئازاری بێهێزییەکەی زۆر زیاترو مەترسیدارتر دەبێت لە راگەیاندنەکەی، بە دیوەکەی دی حیکمەت لە راگەیاندنی سەربەخۆیی نییە بە قەد ئەوەی حیکمەتی زۆر زیاتر لە کەرەستەی بەهێزییەکەو حیکمەت لە بەهێزبوونی ئەو سەربەخۆییەو ئینجا بەهێزبوونی دەوڵەتە راگەیەندراوەکەیە. دەسەڵاتی کوردی لەماوەی ئەو 23 ساڵەی رابردوودا سەرەڕای ئەوەی زۆرکاری گرنگی لەم هەرێمی کوردستانە کردووە، هاوکات زۆر کەلێنی گەورەشی دروستکردووە یان زۆر کەلێنی گەورەش هەبوون پڕی نەکردوونەتەوە،یان بەرپرسانی حیزبی و حکومی خۆیان بەشدارێکی کارا بوون لە دروستکردنی کەلێنەکان.لە جیهانی دوای تازەگەری و مردنی تازەگەری و مردنی مرۆڤ و لە جیهانی جیهانگەرایی و کۆتایی مێژوو، لە جیهانی زۆر شتی دیکەی کە بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین، 23 ساڵی ئەم قۆناخە بەقەد2300 ساڵی سەدەکانی ناوەڕاستە، بەقەد 300 ساڵی سەدەکانی شازدەو حەڤدەو هەژدەیە، کۆریای باشوور لەماوەیەکی یەکجار کورتدا

توانی دەیان ساڵی پێشکەوتن ببڕێت و بیگاتێ، سەنگافوورە بە هۆی لی کوان یو، لە جیهانی سێیەمەوە گەیشتە جیهانی یەکەم، مالیزیا بەهۆی محەمەد مەهاتیرەوەبوو کە ساڵی 1981-2002 سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بوو ،ئیدی کەوتە هەڵسانەوەیەکی گەورەی پیشەسازی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، میچی بەردی بناخەی پێشکەوتنی ژاپۆنی داناو دوای جەنگی دووەمی جیهانی گەڕانەوە سەر ئەو هێڵە گشتییەی کە میچی کێشابووی،ئەمە بۆ چین و هیند و چەند وڵاتێکی دیکەش هەمانشێوەیە.

ئێستا پرسیارەکەم ئەوەیە بۆچی کورد بە گشتی و دەسەڵاتی کوردیش بە تایبەتی نەیتوانی ئەو 23 ساڵە زێڕینەی باشتر لەوەی کە هەیە بیقۆزێتەوەو هێزی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونمانی زۆر بەهێزترو تۆکمەتر بکردایە؟، بۆچی نەیکرد..؟ڕەنگە هەر یەکێک لە ئێمە وەڵامی جیاوازی بۆ ئەم پرسیارە گشتگیرە هەبێت، بۆیە با بچینە سەر ئەو پرسیارە، ئایا هێزی دەوڵەتبوونمان تێدا بەهێزە، لە رووی مادی و مەعنەوی، لە رووی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵایەتی..حەزدەکەم لێرە هەڵوەستەیەک بکەم و چەند بۆچوونێکی با سەرەتاییش بێت دەرببڕم، چونکە ئەم هەرێمە تا سەرنج و ڕەخنەی زیاتر بێت باشتر پێشدەکەوێت، بۆیە دەڵێم لێمانگەڕێن با ڕەخنە بگرین، چونکە بە ڕەخنەکانمان ئێوە لە هەڵە گەورەکان سڵدەکەنەوە، تەنیا بە ڕەخنە نیشتمان جوانتر دەبێت، دڵنیاشبن هەموو ڕەخنەکانمان لەناو خوێن و ئازارو ژانە بەسوێکانمانەوە دێن.

کورد ئەدیب و خاوەن بەهرەی زۆرە ، بەڵام داهێنەری نییە، نەخوازە داهێنەری فیکر،فیکر  بە مانا فراوانەکەی ناو کۆمەڵگا .ئاخر  هەر بە تەنیا لە رێگای فیکرو فەلسەفەوە، بنەماکانی فیکرو هزر دانارێژرێن،راستە لەو بارەیەوە زۆر کۆڵەوارین، بەڵام نووسەرو ئەدیبی بە توانا دەتوانێت لە رێگای تاقە رۆمانێکەوە یان تاقە دیوانێکی شیعرەوە رەنگرێژی فیکر بۆ کۆمەڵگاکەی و بۆ هەموو مرۆڤایەتیش بکات، تۆ بڕوانە (فیکتۆر هۆگۆ، مەولانای رۆمی، خەیام) بەناوبانگترین فەیلەسووفەکانی ئەڵمان سەرسامی خۆیان بۆ هۆگۆ نیشانداوە، مەولانا رۆمی و خەیام و چەندانی دیکەش بە هەمانشێوەن. ئێمەی کورد نەک هزرڤان و فەیلەسووفمان نییە، بەڵکو لەناو جیهانی داهێنانی چیرۆک و شیعریشدا، هێشتا نە هۆگۆیەک نە مەولانایەکمان نەبووە، ئەوەی هەمانە خانی و نالی و مەحوی و حاجییە، کە ناچارین دەستبنێین بە بن باڵیانەوە، شێرکۆ دەردی ئەوانەی دەزانی بۆیە توانی  ئەو سنوورانەی ئەوانە کێشابوویان ببەزێنێ و لەو ناوانەی باسمکردوون لە هەموویانی زۆر بە زیادەوە تێپەڕاند، بۆیە شێرکۆ راستە شاعیری تەنیا یەک سەدەش نییە بەڵکوو شاعیری مێژووە، مێژووی کورد لەوەتەی هەیە، بەڵام شێرکۆیەک لەناو ئەو پاشماوە شیعریی و ئەدەبییە چاویکردبێتەوەو لە کوردستانیشدا گەورە بووبێت و زمانێکی جیهانیش فێر نەبووبێ، پێموابێ هەر کەسێکی دیکەش بێت ناتوانێت لەوە زیاتر سنووری پێش خۆی ببەزێنێ، کوا ئەو شاعیرو چیرۆکنووس و ئەو فەیلەسووفانەی بە زمانێکی لۆکاڵی و تەواو دروست نەبوودا سەریانهەڵداوە، کورد هێشتا

زمانەکەی زۆر لەنگە، هێشتا جگە لەوەی زمانێکی یەکگرتوومان نییە،ئاخر زمان پەیوەندی بە تێڕوانین و بیرکردنەوەوە هەیە،لە ڕێگای زمانەوە مرۆڤەکان بیردەکەنەوە، تۆ بڕوانە ئەڵمانییەک لەگەڵ فەڕەنسییەک، ئیسپانییەک لەگەڵ بەریتانییەک بیرکردنەوەیان لە یەکدی چەند جیاوازە،تەنانەت فەلسەفەکانیشیان جیاوازە، تا ئێستا زمانی کوردی توانای وەرگێڕانی چەمکە زانستییە تازەکانی نییە. زمانەکەشمان وەکوو هزرمان هەژارو دەستەوەستانە. ئەم دەردە ڕەنگە پەیوەندی زۆری بە دەوڵەت بوونمانەوە هەبێت، واتا کەی بووین بە دەوڵەت ئیتر وردە وردە زمانەکەشمان دەوڵەمەندتر و گەشەسەندووتر دەبێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی بتوانین پاساو بۆ ئەو تەمبەڵییەی خۆمان بهێنینەوە.

کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی (کە کۆمەڵگای کوردیش هەوێنی ئەمجۆرە کۆمەڵگایەیە)چەندە کۆمەڵگایەکی پڕ لە هەڵچوونە، ئەوەندەش عاتیفییە، بەردەوام ئامادەن لە پێناوی خۆشکردنی ژیانی هاوڕێکەیان خۆیان بکەن بە قوربانی و کۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنن،زۆرجاری دیکەش بە پێچەوانەوە، نزیکترین و گوایا خۆشەویستترین هاوڕێی خۆی کوشتووە لە پێناوی خۆیدا، ئەم کۆمەڵگایە لەنێو تەمتومانی کولتوورو نەریت و ئاخاوتنی پێکناکۆکی ڕۆژانەیدا نقوم بووە، تا ئێستا نەیتوانیوە وەکوو کۆمەڵگایەکی نیمچە تەندروست خۆی نمایش بکات، بەردەوام بە دەردو پەتاوە دەناڵێنێ و وەڵامی سەدان پرسیاریشی بە کراوەیی هێشتۆتەوە..ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ئەقڵمان لێ کەوتۆتە خوارەوە بەڵام نەمانهێشت بکەوێتە سەر زەوی لە

نیوەی ڕێگا گرتمانەوەو خستمانە ناو دڵمان، ئێستا ئەقڵمان لەناو دڵماندایە، ئەقڵ و بیرکردنەوەکانمان لە ژێر ڕووناکی دڵدایە، دڵ هەڵماندەسووڕێنێ و ئیعازی ئەنجامدانی هەر کارێکمان پێدەدات، چونکە ئەقڵمان لەناو دڵمان خەواندووەو لە خەوێکی زۆر قووڵدایە.لەناو کوردان ئەوە دڵە گومانی دیکارتیمان پێدەبەخشێت، ئەوە دڵە مرۆڤ دەکات بە سۆپەرمانی نیچە، بە دڵ لە ئامێرەکان نامۆ دەبین ، دڵ بۆ هەر لایەک بمانبات ئەقڵیش هەمان ئاراستە وەردەگرێت، ئێمە دڵمان نەبێ ژیانیشمان نابێت، ئێستا لەناو میللەتانی دونیادا کورد گەورەترین دڵی هەیە، بەڵام بچووکترین ئەقڵ.هەموو فەیلەسووفەکانی دونیا لە تالیسەوە تا پۆل ریکۆرو هابرماس و ئالان تۆرین بە ئیمامی شیعییەک یان بە شێخێکی قادری یان نەقشبەندی ناگۆڕینەوە، دڵمان لە لای شێخ و ئیمامەکانە، کەچی هیچیش لە بارەی ئیبن تەیمییەو ئیبن غەزالی نازانین ئەگەرچی دڵیشمان لەگەڵیاندایە.مرۆڤی کورد بەر لە هەر شتێک مرۆڤێکی بەرخۆرو مشەخۆرە، بێگومان مرۆڤی مشەخۆرو بەرخۆریش، لەوجۆرانەن کەشیلەی هەنگوین دەمژن و ئینجا لە دواوە ژەهر و کیمیا دەردەدەن و ژینگەو سروشتت لێدەکەن بە گوفەک و زبڵدان.ژینگەت لێدەکەن بە ژەهرو کیمیا.

ڕەنگە هیچ نەتەوەیەک بەقەد کورد لەخۆی ڕازی نەبێت و ئەو هەمو ستایش و شانازییەی بەخۆیەوە نەکات، ئەڵمان، فەڕەنسی، ئەنگلیز، تورک، خۆیان باڵاتر لە نەتەوەکانی دیکە دەبینن، بەڵام هەریەک لەمانە چەندین قوتابخانەی فیکرییان بەرهەمهێناوە،تورکیش لەسایەی دەسەڵاتی

عوسمانییەکانەوە توانیان 37 خەلیفە وەبەربهێنن بۆ حوکمڕانی کە زیاتر لە (598)ساڵ حوکمڕانیان گرتە دەست و گەورەترین ئیمپراتۆرییایان لەسەر ئاستی جیهان پێکەوەنا.کەم نەتەوە هەیە بەقەد فارسەکان رەخنە لە خۆیان بگرن،چونکە فارس ئازارە بەسوێکانی خۆیان دەستنیشانکردووەو دەیبینن، لێناگەڕێن ئەو ئازارانە سەرهەڵبدەنەوە، بۆیە بەردەوام رەخنە دەگرن. کورد تا ئێستا دەزگایەکی ئەکادیمی مۆدێرنی بۆ شیکردنەوەی ئەم هەموو نەخۆشی و پەتا کوشندانەی نییە تا فێرببێ بۆ چارەسەرکردنیان ، نەتەوەیەکی بێ فیکرە، هەر نەتەوەیەکیش فیکری نەبێ، وەک ئەو ئۆتۆمبێلە وایە کە سوکانەکەی بە دەستی خاوەنەکەی خۆی نەبێ، بەڵکو کەسێکی دیکە بە ئارەزووی دڵی خۆی لێیدەخوڕێ، نەتەوەیەکی تا سەرئێسقان دەستەمۆی ئاینین،بۆیە زۆر باوەڕمان بە قەزاو قەدەر هەیەو بڕوامان بەوجۆرە شیعرانە هەیە، وەک هێمن دەڵێ (هەر بەڵایەک کە لە ئاسمانەوە دێت بۆ من،کە گەیشتە سەر زەوی دەکا پرسیار ئەرێ لە کوێیە ماڵی مام هێمن)لە بنەڕەتدا ئەمجۆرە لێکدانەوانە زۆر سەقەتن. ئاخر ئێمە هێشتا فێری خۆشەویستی نەبووین، خۆشەویستی ئەوکاتانە گەورە دەبێت، کە ئەقڵ لەگەڵیا گەورە بووبێ.خۆشەویستییەک تەنیا بە دڵ دروستبووبێ و ئەقل تیایدا باڵای نەکردبێ، ئەو خۆشەویستییە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ دوژمنایەتییەک کە بە دڵ دروستکرابێ، چونکە هەردوکیان لە یەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون.

لە مێژووی کورداندا زۆرن ئەوانەی بەناو ئەم نیشتمانەماندا هاتن و چوون و داگیریان کردو خەڵکیان لێ کوشتین، هەر لە ئەگزەنیفۆنەوە تا تەیمور لەنگ، هەر لە لەشکری عەرەبی ئیسلامی تا هاتنی عوسمانییەکان، هەر لە ئیمپراتۆریای عوسمانییەکانەوە تا هاتنی ئینگلیز، سەدەی بیستەمیش سەدەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بوو بەسەر کوردستان، هەموو ئەمانە تەنیا ماڵوێرانی و سەرگەردانی بوون بۆ کورد،خاک و نەتەوەیەکیان پارچە پارچە کرد، بەڵام بە درێژایی زیاتر لە دوو هەزارو پێنجسەد ساڵی رابردوو لە چەوساندنەوەو ئازاردانمان، ئێمە نەمانتوانیوە سوود لەو هەموو ئازارو نەهامەتیانە وەربگرین کە بەسەرمانیاندا هێناوە.

گوایا زەردەشت پێغەمبەری کوردانە، بەڵام هیچ شتێکی بونیادی و نا بونیادی لە ژیانی نەتەوەی کورد نەگۆڕیوە، تەنها شتێک کە رایەڵەی پەیوەندی نێوان کوردو زەردەشتییەت بێ ئەوەیە کورد شانازی پێوە دەکات، دەنا زەردەشت نەیتوانیوە کولتوورێک بۆ کورد دابنێت،یان کۆمەڵگاکەی نەیتوانی هەزمی بکەن،بۆیە نەیتوانیوە بێتە ناو ماڵەکانمان و لە نزیکەوە خۆیمان پێ بناسێنێ و ژیانمان بگۆڕێت (وەک ئەوەی بودا چۆتە ناو ماڵی هەموو هیندییەک و تەنانەت خۆی گەیاندۆتە ناو ماڵی ژاپۆنییەکانیش، یان وەک کۆنفۆنشیۆس کە لەناو هەموو ماڵێکی چینیدایەو کولتوورێکی پڕ لە ئارامی و دانبەخۆداگرتن و پڕ لە هەڵسانەوەو ورە بەرنەدانی بۆ بەرهەمهێناون) زەردەشت هیچکام لەوانەی بۆ نەکردین،زەردەشت چۆن هات ئاوەهاش رۆیی، بەبێ سڵاو و بە بێ

ماڵئاوایی، زەردەشت لەناو کولتووری کوردی گۆشەگیرکراوە، بەڵام بەناوبانگترین فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە سوودی لەو وتەیەی زەردەشت وەرگرت (کاری چاک بیری چاک کردەوەی چاک) و بەناوبانگترین و پڕ بەهاترین کتێبی لێ بەرهەمهێنا (زەردەشت وەهای گوت)کە یەکێک لە هەرە بەناوبانگترین کتێبی سەدەی نۆزدەیە.بەم کتێبە نیچە بوو بە بزێوترین فەیلەسووفی سەدەی نۆزدە. کورد زەردەشتی تەنیا وەکوو رەمزێکی رەزا قورس بەکارهێناوە،لە کاتێکدا بوودا راچەنین و راپەڕینێکی خستە ناو دڵ و هزری هیندییەکان، بوودا وێڕای ئەم هەموو چەرمەسەرییەی لە ژیانیا بینی بەڵام بوێری و جەسارەتێکی بێ وێنەی لە خۆیدا نیشان دان بۆیە توانی بیرکردنەوەی چەندین هەزار ساڵەی هیندی بگۆڕێت. چینییەکان دڵیان بەشکۆفەو پشکووتنی گوڵێک خۆشدەبوو، ئێمە بە بڕینەوەی دار سنەوبەرێک، ئەوان ئیشقی تاڤگە بەرزو زیوینەکان بوون، ئێمە دەیان و سەدان کانی پڕ لە ئاوی سازگارمان کوێر کردوونەتەوە، ئاسیایەکان بە گشتی بەتایبەت ژاپۆنی و چینی و هیندی ئێستاش کۆرییەکان دڵ و دەروونی خۆیان بە ئاوی زیندەگی شووشتۆتەوەو بە تەواوی پاکیان کردۆتەوە، ئێمە تا ئەمڕۆش دڵ و دەروونی خۆمان گەندەڵتر دەکەین. خۆ کۆنفۆنشییۆس تەنیا سروشتی لەگەڵ چینییەکان ئاشت نەکردەوە، بەڵکو فێری میانڕەوی و دان بەخۆدا گرتن و خۆگری کردن، فێریکردن دەبێ پشوودرێژ بن، بەڵام من ئێستاش نازانم زەردەشت ئێمەی فێری چی کردووە، کۆنفۆشیۆس خەڵکی بۆ ترساندن لە خوداو زیندوو بوونەوە نەبرد،

بەڵکو کاریکرد بۆ ئەوەی چینییەکان فێری عەدالەتخوازی بکات و بەرەو چاکەیان ببات دوور لە حکومەتی ستەمکاری، بەڵام ئێمە خەونی جوانیش نابینین.

ئێمەی کورد ئەمڕۆ لە ژێر دوو کولتووردا دەناڵێنین، کولتوورێکیان دەرەبەگی و دواکەوتوویی و دروستکردنی میرو ئاغایە بەسەر خۆماندا، ئەویتریشیان کولتووری ئیسلامگەراییە، تا ئێستا ئەو کولتوورەی جیهانی گۆڕی و کەرامەتی بۆ مرۆڤ گێڕایەوە نەگەیشتووە بە ئێمە کە کولتووری رۆشنگەری و مۆدێرنەو دوای مۆدێرنەیە، بە کورتی نەمانتوانیوە کولتووری رۆژئاوایی هەزم بکەین و بۆ خۆمان سوودی لێوەربگرین. ئێمە کاتێک تەسلیم بە کولتووری ئیسلامگەرایی بووین،نەمانتوانی وەکوو فارس و تورک و عەرەب سوودی لێوەربگرین،ئێمە زیاتر چەشنی مەیمون لاساییەکی نەزۆکانەمان دەکردەوە، ئێمە زیاتر شوێنکەوتوو بووین، بەدوای ئەقڵی ئامێرییەوە بووین، ئەقڵی داهێنەرانە کە ناوەڕۆکەکەی رەخنەگرانەیە خۆمانمان لێی بەدوور گرت، ئێمە ئێستا لە گۆشەیەکی بچووکی ئەم جیهانەین،کەرەستەی زۆر باشمان هەن، دەتوانین بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەم نیشتمانە بکەین بە چەق و ناوەندی جیهانی، بەڵام بە بێ ئەقڵ کاری لەمجۆرە روودانی مەحاڵە،بینیمان لەدوای رووخانی سۆڤێت لە بۆسنەو هەرزەگۆڤینیا چۆن هەموو کامێراکانی دونیایان بۆخۆیان راکێشابوو، ئێمەش لە بەهاری 1991 دەمانتوانی کاری لەمجۆرە بکەین، بەڵام نە ئازایەتیمان تێدا هەبوو نە ئەقڵ، لە ساڵانی 2003 دیسانەوە مێژوو خۆی

دووباره کردەوە،ئەویشمان لە کیس خۆ دا، ئێستاش لە بارودۆخێکی وەهاین، بەڵام ..... ئاخر ئەقڵی کوردی ئەوەندە بچووکە تا ئەو ساتە وەختەش مارکس و ئەنگڵس بەهۆی لینین و ستالینەوە دەناسێت..

نابێت خەڵک وا تەماشای ئەم هەرێمە بکات کە وڵاتی قەزاو قەدەرە، ئاخر لەم نیشتمانە سووتماکەدا هەر لە کرێکارێکی بێکاری خوێندەواری پڕ لە ئازارەوە، تا مامۆستایانی زانکۆو نوخبەی ناو کۆمەڵگا ، هەر هەموویان ئەم وڵاتە بە قەزاوقەدەر دەچوێنن، ئەوە لەوپەڕی نائومێدییەوە دروستبووە ، نەک لەناو ئومێدو هیوا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریای رۆما، تا دوا قۆناخەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، کە سیستەم لەم ماوەیەدا سیستەمێکی دەرەبەگایەتی بوو، لە کۆتایی سەدەی شازدەو سەرەتای سەدەی حەڤدەوە ئەورووپا لە خەمی ئەوەدا بوو کولتوورێکی نوێ بەرهەمبهێنێ، سەریشکەوت لەو کولتوورە نوێیەدا، رێنیسانس بە تەنیا کۆتاییهێنان نەبوو بە 1000 ساڵەی سەدەکانی ناوەڕاست کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بە هۆی بەربەستی زۆر توندی کڵێسا هەزار ساڵ بوو لە بازنەیەکی بەتاڵدا گینگڵی دەخواردو پێڕەوکەی دەکرد،واتا رێنیسانس تەنیا لە بواری ریفۆرمی ئایینی نەبوو بەڵکو پێشکەوتنی هزرو فیکریش بوو، هاوکات شۆڕشێکی گەورەی پیشەسازیش دەستی بە جوولەیەکی خێرا کرد،شۆڕشی پیشەسازیش تەنیا چەند کارگەو کارخانەیەک نەبوو، بەڵکو سیستەمی سەرمایەداری خولقا کە

موڵکداری تایبەت و بەرهەمهێنان و لەگەڵیدا ئازادییە سیاسییەکان و پێشبڕکێی بازاڕی ئازاد  هاتنە ئاراوە.

ئایینی مەسیحی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆماوەی هەزار ساڵ هەموو ڕۆژئاوای گرتبووەوە، ئێستا هەر لەو ڕۆژئاوایەدا گۆشەگیرکراوە، تەنانەت خودی یۆنان کە سەرچاوەو بنکەی ئەو ئایینەیە،ئێستا هەر ئاگایان لێی نییەو سیستەمی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی خۆیان بەتەواوی گۆڕیوە.

ئاخر بڕوا هێنان بە خودا دۆزینەوەی خودا نییە، ئەوانەی بڕوایان بە خودا هێناوەو ئەوانەیش کە بڕوایان پێی نەهێناوە، ناتوانن بیدۆزنەوە. ئایین لە بنەڕەتدا هێزێکی ڕۆمانسی بەهێزو تا رادەیەک شاراوەی تێدایە.

کۆمەڵگای کوردی هێزی بیرکردنەوەی قووڵی نییە، بۆیە تا ئێستاش نازانێ کام هزرو فیکر مرۆڤی کورد لە ژێردەستەیی قورتاردەکات و دەیکات بە مرۆڤێکی ئازادو سەربەخۆ، کە خاوەن قەوارەی سیاسی خۆی بێت.، ئایا ئەو هزرە ناسیۆنالیزمە، یان سۆسیالیزمە،یان سیستەمێکی دیموکراسییە کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا بەرقەرارە، یان، یان،.... یان هیچکام لەودوانە نییە، بەڵکو دواجار تەنیا ئایین مرۆڤەکان رزگاردەکات لە ژێردەستەیی، مێژووی تێکۆشانی کورد، رەنگە نەیتوانیوە هەندێک لەو ڕێگا پێچاوپێچانە شەن بکات، بۆیە نەیشیتوانیوە بگات بە ئەنجامی کۆتایی. روسیا لەنێوان ئەوروپاییبوون و ئاسیاییبوونیدا تێدا ماوە، دیستۆیڤسکی

150 ساڵ زیاترە وتی روسیا هەردووکیانە، بەڵام هێشتا بە تەواو رووە رۆژئاواییبوونەکەی یان بڵێین رووە ئەوروپاییبوونەکەی زۆر تۆخ نەبۆتەوە.

هەموو پێشکەوتنی ئەوروپاو رۆژئاوا کە بەهەشتێکی لەسەر زەمین مسۆگەرکردووە کەچی تا ئێستا نەیتوانیوە لایەنی گرفتی رۆحی و دەروونی تاکی رۆژئاوایی سووک بکات بگرە تا دێ زۆرتر دەبێت و نەخۆشییە دەروونییەکان هەڕەشە لە تاکی رۆژئاوایی دەکات، کەواتە ئەوە چ بەهەشتێکە دروستکراوە، کە خەڵکێکی زۆر هەست بە دۆزەخ بکەن.

کاتی ئەوە هاتووە ئەو سیاسەتمەدارانەی حەز بە مۆسیقا ناکەن، لە سیاسەت دوور بخرێنەوە، ئێمە سیاسەتمەداری وامان پێویستە وەکوو نیچە ئیشقی مۆسیقا بێت و لەگەڵ شیعریش بتوێتەوە، لە ئیستاتیکاش تێبگات، ئەمە چ پیاوێکی سیاسییە کە ئیستاتیکا تەنیا لە کچانی شەهوەتئامێزی باڵەخانە بەرزو بڵندەکاندا دەبینێت.

سەدان ساڵ و بگرە هەزاران ساڵە هونەری پەیکەرتاشی لە ئەوروپا بەردەوامە،ئێستا میراتێکی دەوڵەمەند لە ئەوروپا ماوەتەوە، کە کەسیش نازانێ خاوەنی ئەو پەیکەرە جوانانە کێن. ئەم هەموو رووبارە جوانانەی کە لە ئێران هەن، لە سەردەمێکی زوودا مرۆڤی ئێرانی جوانترین دیمەنیان لێدروستکردوون، ئێستا بوونەتە جوانترین سرووشت بۆ ئێران کەسیش نازانێ کێن ئەوانەی ئەو رووبارانەیان دروستکردووە، ئەمەیە نیشتمانپەروەری و ئەمەیە ئەقڵی بونیادی دەوڵەتی ...

نەتەوەی کورد بەگشتی و هی ئەم هەرێمە بەتایبەتی هێشتا لە ژێر چەتری وشەی رەنگین و سەنگین و گەرموگوڕەکانی نەتەوەیی و سەربەخۆییدایە، بەڵام هێشتا نە قۆناخی یاخیبوون (مەبەستم لە یاخیبوونی فیکرییە)،نە قۆناخی نامۆبوون (مەبەستم قۆناخی پێشکەوتنی پیشەسازییە) ، هێشتا نە لەمانای قووڵی کەرامەت گەیشتووە، نە لە مانای ئیرادە، نە رۆحی شێتانەی بلیمەتانی وەکوو (نیچەو ڤان کوخ)ی هەزمکردووە،نە لە بوون و هەبوون (الوجود والموجود) بە مانا هایدگەرییەکەی، نە گومانی دیکارتی لا پەسندە، نە ئەقڵانیەتی کانت و نە رۆحانییەتی هیگڵ نە ئیرادەی شوبنهاوەرو نە گرێی دەروونی فرۆیدو زۆریدیکەیشی قەبووڵ نییە، ئای لەم کۆمەڵگایە! .بڕوادارەو بێ بڕوا، لە تەنگانە پشت بە خوادەبەستێ و لە بەختیاریدا لێیهەڵدەگەڕێتەوە،حزبەکانیش وان، بڕوایان بە خودا هەیەو ئەوەی خوداش پێی ناخۆشە ئەوشتە دەکەن، بڕوایان بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام بە کردەوە عەدالەتی کۆمەڵایەتییەکەیان لە یاساکانی حامورابی بۆگەنتر کردووە،باسی بەهای ئافرەت و نیوەی کۆمەڵت بۆ دەکەن، بەڵام تەنیا لە روانگەی چێژی سێکسییەوە تێیدەڕوانن و هیچ متمانەیەکیان بە ئافرەت نییەو رۆژانە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت بەکاردەهێنن و زۆر جار شەوە سوورەکانیان بە گوللەیەکی بێدەنگ سوورتر دەکەن،دەڵێن سۆسیال دیموکراتین بەڵام هەڕەشەی هەڵگیرساندنەوەی شەڕو دوو ئیدارەیی دەکەن، خۆیان بە حزبی نوخبە دادەنێن، بەڵام نوخبە لەناویان دەمێکە کۆچیکردووەو کۆمەڵێک بەرژەوەندخوازی تایبەتی ئەو

حزبەی هێشتۆتەوە،باسی مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام هێشتا مافی مرۆڤ لە شانۆگەرییەکی گاڵتەجاری دەچێت، هەر حەز بکەن بە سووک و سانایی بەڵگەنامەی ساختەشت دەدەنە پاڵ،تۆ سەیری ئەم هەموو دروشمە جوان و رەنگینانەیان بکەو ئینجا وەرە فایلی تاوانەکانیشیان هەڵدەوە، بزانە چ کارەساتێکیان خولقاندووە.

سەرکردەکانی ئێمە هەموویان لە چەشنی ئەو راوچیانەن ئاسک لە بازاڕ دەکڕن و دەیبەنەوە ماڵێ و دەڵێن چووبووینە راوو لە راو گرتوومانن، تا ئەو ئەقڵیەتە باو بێ سەربەخۆییمان نابێ.

## فس فس پاڵەوان و مۆسیقاو پێشمەرگە

ئێمە لە هەرێمێکدا چاومان کردۆتەوە، کە تێیدا یاساکانی سرووشت سەربەرەو خوارەو، قلْپ کراونەتەوە، مارکس وتی فەلسەفەی هیگڵ سەربەرەو خوارە (سەری لەسەر زەوییەو قاچەکانی لە ئاسمانن)وتی من هاتووم قلْپی بکەمەوە، بۆئەوەی هەردوو قاچی بخەمەوە سەر زەوی و سەریشی لە ئاسمان بێت، بەڵام لەم هەرێمەی ئێمە هەر خودی یاسا سرووشتییەکە پێویستی بە قلْپکردنەوەیەکی ورد هەیە، چونکە هەموو یاساو رێساکانمان سەربەرەو خوارن، گرفتی گەورە ئەوەیە کەسێکی ئەقڵانیمان نەبووە ئەم یاسا وەرگەڕاوە راستبکاتەوە، بۆیە لە ئەنجامی نەبوونی خاوەن فیکرێک ئەوەتا فس فس پاڵەوانیشمان لێ خولقاون.

فس فس پاڵەوان ئەوانەن کە رقیان لەمۆسیقاو سمفۆنیایە ،هەر نازانن قالەمەڕە کێیە، رقیان لەعەدالەت و خۆشەویستییە ،رقیان لە یاساو

سنووردانانه، فس فس پاڵەوان ئەوانەن هەمیشە خەون بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤەکانەوە دەبینن، خەون بە ئیمپراتۆریایەک دەبینن کە لە سێبەریدا خەڵک نۆرە بگرێت بۆ کڕنووش بردن بۆ ئەوان و، نایانەوێ وەکوو مرۆڤ وەکوو هاووڵاتی ئاسایی بن، فس فس پاڵەوان ئەوانەن کە سەدان پارچە زەوییان بە ناوی قەرەبوو وەرگرتووەو بە هۆیەوە بوونەتە خاوەن سەدان ملیۆن دۆلار،چەندین دۆنم زەویشیان بەناوی وەبەرهێنانەوە لە باشترین شوێنەکانی شاردا وەرگرتووەو چەندین مەزرەعەو باڵەخانەو شوێنی رابواردنیان بۆخۆیان پێکهێناوەو، لەناو شەوی سووردا رۆژ دەکەنەوە.

فس فس پاڵەوان ئەوانەن کە لەسەر رەنج و خەبات و قوربانیدان و لەسەر کەرامەتی خەڵکانی دیکە بوونەتە سینگ دەرپەڕێن و بە شانازییەوە باسی درۆزنانەی خۆیان بۆ ئێمە دەگێڕنەوە، فس فس پاڵەوان هەمیشە مایکاڤیلیانە خەڵک دەکەنە پێپلیکانە بۆ خۆیان و جۆگەلەی خوێنیان بە خوێنی قارەمان و نیشتمانپەروەران و دڵسۆزانی گەل دروستکردووە، هەموو کارێکی ناڕەواو ناشەرعی بۆ ئەوان حەلالە، تا دەگەنە پلەی بەرزی فس فس پاڵەوانێتی، چونکە لەناو ئەوانیشدا پلەو پایەی جیاواز هەیەو هەر فس فس پاڵەوانێک هەوڵدەدا فس فس پاڵەوانەکەی دیکە بسڕێتەوە. ئینجا هەندێکیان بەرامبەر بە ئەوی دیکەیان لە مشک دەچن، هەندێکیش بەرامبەر ئەوی دیکە لە رێوی دەچێت و ، ئاوا ژیان لایان بەردەوامە...

فس فس پاڵەوان مێژوویەکی پڕ لە ترسنۆکانەیان هەیە، ڕۆژێک قارەمانێتییەکیان نەنواندووە، تەنیا ئەوە نەبێت زیرەکترین و باشترینن لەوەی خەڵک بۆ بەرەی شەڕ هانبدەن و خەڵکی تێدا بکوژرێ، بۆئەوەی لەسەر شاشەی تیڤییەکان فرمێسکی تیمساحانە بۆ خوێنی ئەو شەهیدانە بڕێژن، بەڵکو ئەم قوربانیدان و ئەو فرمێسکی تیمساحیانە کاریگەرییەک دروستبکات، پلەیەکی دیکە بەرزتر بکرێتەوە، چونکە فس فس پاڵەوانەکانیش هەموویان یەک جۆرو یەک ڕەنگ و لە یەک پلەدا نین، ئەوانە لە نەوەکانی قابیلن، بۆیە خوێنی نەک تەنیا براکەی خۆیان بگرە خوێنی دایک و باوک و کوڕەکانی خۆشیان حەڵاڵ دەکەن تەنیاو تەنیا لە پێناوی دامرکاندنەوە، یان تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆیان.

فس فس پاڵەوانێک لەهەرێمەدا نییە، ژیانێکی ئاسایی بباتە سەر، هەموویان لە ژیانێکی پاشایانەی ورگن دان، مێژووش جار جارە بە گوێماندا دەچرپێنێ، کە ئەو فس فس پاڵەوانانە چەندە ترسنۆک و بێ غیرەتن، لە کاتی بچووکترین تەنگانەدا، چۆن ڕەنگیان هەڵدەپرووکێ و لەومەیموونە دەچن کە لەناو بەفرو سەهۆڵبەنداندا هەڵدەلەرزێ، بەڵام لە کاتی شێنەییدا، قارەمانێکی بێ وێنەن و خاوەنی سەدان داستانی بێ وێنەن.

فس فس پاڵەوان، ڕقی لە ڕاستی وتن و ڕقی گەورەی لە دۆستایەتی ڕاستەقینەو لە نیشتمانپەروەرییە، لە ناخیاندا ئەوەندە هەست بە کەموکورتی دەکات، ناچارە بە درۆی شاخدار پڕی بکاتەوە، ئەوەندە

بچووکن ناتوانن تەنانەت لەگەڵ دۆستەکانی خۆشیان  راستگۆ بن، چونکە لە بنەڕەتدا راستگۆیی لای ئەوان بچووککردنەوەو ناپووتبوونیان مانیڤێست دەکات.ئەوەندەی ئەوان نیشتمانیان تالآن و کاول کردووە، هیچ هێزێکی دیکە بە دوژمنە سەرسەختەکانیشەوە نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن، کەچی تەنیا بۆ چاوبەستنی زیاتری خەڵک و لە سەر شاشەی تیڤییەکانەوە هەڵمەتی نیشتمانپەروەری رادەگەیەنن. کۆمەڵگای مێگەلیش بڕوایان پێدەکات و چەپڵەیان بۆ لێدەدات. ئای لەو فس فس پاڵەوانانە.....

فس فس پاڵەوانەکانمان بینی چۆن لە چاوترووکانێکدا لە بەرامبەر داعشدا چۆکیان داداو نەیانتوانی بچووکترین بەرگە بگرن،یەک فس فس پاڵەوان نەماوە تا ئێستا داعش راوی نەنابێ و بە دوای نەکەوتبێت، کەچی ئێستا هەموو کەناڵەکانی تیڤی ستایشی ئەو فس فس پاڵەوانانە دەکەن، شەوانە لە شاشەی تیڤییەکانەوە مژدەی سەرکەوتن رادەگەیەنن، بێ ئەوەی خۆیان لە بەرەکانی شەڕدا بووبن.برادەرێک دوای هێرشی داعشەکان بۆسەر گوێڕ لە شاشەی چەندین تیڤییەوە، بانگی بەرەنگاری و تێکشکانی داعشەکانی دەدا، بەڵام ئەو برادەرە شەوی هێرشەکە لەوێ نەبوو، بەڵکو سبەینەکەی چووبوو!!بەڵام گوێمانی کەڕ کرد ئەوەندەی باسی هێرش و تێکشکاندنەکە بکات، بەڵام بۆ رۆژی دواتر هەر ئەو برادەرە چووبووە کتێبخانەیەکی ناو هەولێرو لەسەر حیسابی ئەنجوومەنی وەزیران بەهای 400$ چوارسەد دۆلار کتێبی بۆ خۆی کڕیبوو، تا ئێستاش نەگەڕاوەتەوە ئەو شوێنەی کە داعشیان تێکشکاندبوو!! برادەرێکی تر بە هەمانشێوە

باسی ئەو شوێنانەی دەکرد کە داعش چۆن هێرشی هێناوەو چۆنیش تێکیانشکاندووە!! (بێگومان ئەو برادەرەش هەر سبەینەکەی چوو بوو شەو لەوێ نەبوو)، کەچی رۆژی دوایی کە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر بوو، لە مزگەوتەکانا دەسووڕایەوەو جەژنانەی لە موسڵمانان دەکرد!!.. ئێستا لەم هەرێمەی ئێمە یاساکان وەها ئاوەژوو کراونەتەوە،رێک ئەو قسەیەی مایکاڤیلی بۆ ئێرە پڕ بە پێستییەتی کاتێ وتی: ئایینی ئێمە لە جیاتی ئەوەی قارەمانەکان بگەیەنێتە پلەی قەدیسی، کەچی کەسانێکی گەیاندۆتە ئەم پلەیە کە زۆر لاوازو زەبوون و ناپووت بوون. ئەم ناپووت و بوودەڵانە ئەمڕۆ فس فس پاڵەوانن، هەموو فس فس پاڵەوانەکانیشمان، لەسەر ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵک و بەتاڵانبردنی سامانی خەڵک و لەسەر نەهێشتنی کەرامەتی هاووڵاتیانەوە پێگەیشتوون و ئەو نازناوەیان وەرگرتووە. ئەخلاقیش لای ئەو فس فس پاڵەوانانە لەو مایۆیەدایە کە شەوی سووری پێ بەسەر دەبەن و بە رۆژ بەسەر رستەی ماڵەکانیانەوە هەڵواسراوە. ئەوان مامۆستای هونەری فێڵبازی و بەڵێنشکێنی و ملشکاندنی هاورێکانیانن ، مامۆستای دزی و کۆکردنەوەی سامانن، مامۆستای نیفاق و دوو روویی و مامۆستای بێ شەهامەتین، بۆیە هەموو هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە لەمڕۆدا پێویستی بە رەدی ئیعتیبار هەیە،هەر هیچ نەبێت برینە قووڵەکانی کەمێک ئازاریان بشکێت، لەپێش هەمووشیانەوە پێشمەرگە، ئینجا هاووڵاتی. چونکە پێشمەرگە تەواو پێچەوانەی ئەو سەروەرییانەیە کە فس فس پاڵەوان وەدەستیهێناون. پێشمەرگە لە پێناو بەرژەوەندی

نیشتمانی و هاوولاتیانەوە گیانی خۆی بەخت دەکات و هیچ ریکلامیش بۆخۆی ناکات، رێک سەربازی ونە. نە خاوەنی کۆشک و تەلارە، نە خاوەنی دەیان و سەدان ملیۆن دۆلارە، نە خاوەنی درۆو هونەری فێڵبازییە، پێشمەرگە خاوەنی داستانی نەمرییەو خاوەنی شەهامەتی مەردانەیە، لەگەڵ رۆحی مۆسیقاش تێکەڵ دەبێت و سەدان بیرەوەری تاڵ و شیرینیشی لەگەڵ شمشاڵەکەی قالە مەڕە بەرهەمهێناوە.بێ ئەوەی شۆپینهاوەرو نیچەشیان خوێندبێتەوە، ئەوان هێندە ئاشنان بە مۆسیقا بە جۆرێک لەگەڵیدا دەتوێنەوە، پێچەوانەی فس فس پاڵەوانەکان،کە تەنیا لەگەڵ خواردن و رابواردنی باڵەخانە بەرزەکانا دەتوێنەوە. پێشمەرگە ئەوانەن کە لەگەڵ سنووری داعش هەر سەد مەترێکیان نێوانەو شەوان لەبەر سەرماو لە ترسی هێرشی داعشەکان خەو ناچێتە چاویان و دینارێکیشیان لە گیرفاندا نییە، بەڵام ئەوە گوناهی راگەیاندنەکانە، ئەو پێشمەرگانە نە کەس دەیانبینێ، نە کەسیش بەخەم و هیواو ئازارەکانیان دەزانێ، راگەیاندنی کوردی تەنیا خەریکی فس فس پاڵەوانەکانن و بە لای پێشمەرگەدا ناچن.کوا ئەو تیڤی و رادیۆو رۆژنامانەی هەواڵی گەرمی پێشمەرگەکان دەگوازنەوە، کەس باسی ئەو شەهیدانەمان بۆ ناکات کە داستانێکی بێوێنەی خولقاندووە ئینجا بە خوێنی خۆی داستانەکەی رەنگرێژ کردووە، کەسمان باسی ئەو پێشمەرگانەمان بۆ ناکەن کە بریندار دەبن و بە چ نەبەردییەک قورتاریان دەبێت و فس فس پاڵەوانەکان چۆن تێیان تەقاندوە.راگەیاندنی کوردی ئێستا قێزەونترین رۆڵ دەبینێ لە

نمایشکردنی فس فس پاڵەوانەکانداو پێشمەرگەی بە تەواوی فەرامۆشکردووە .

ویژدان هێزێکی مرۆیی رەسەنە، هەموو کەسێک ویژدانی هەیە، بەڵام ئەوانەی فس فس پاڵەوانن لە بچووکترین شتدا بێویژدانی دەکەن.هەڵبەت مەبەست لە ویژدانیش واتا هێزی هەڵسەنگاندنی ئەخلاق. لێرەوە پێویستە نەوەکانمان لە نوێوە لە ئەخلاقیاتی سوقراتەوە را بهێنین تا دەگاتە ئەخلاقیاتی جۆن ستیوارت میل و مارکس و نیچە،لەوێوەش بۆ ئەخلاقیاتی کارڵ پۆپەرو جۆن راولز و ئالان تۆرین.چونکە تا ئەو بنەمای ئەخلاقبوونەمان نەبێت ناتوانین باشتر لە ئەمڕۆ بیر بکەینەوە. تا حکومەتێکمان هەبێت پڕ بێت لە فس فس پاڵەوان، ئەو حکومەتە ناتوانێ ببێتە حکومەتی هاووڵاتی، چونکە لە بنەڕەتدا دەبێتە حکومەتی فس فس پاڵەوانەکان.

مارکس دەیوت ئای چەند بەدبەختە ئەو کۆمەڵگایەی کە بۆ بەرگری جگە لە جەلاد وەسیلەیەکی باشتر لەو شک نابات.

مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە ئەوەندە دڵیان بە ژیان ناخۆشە، ئەوەندە هەست بە بێزاری و نائومێدی دەکەن،چونکە دەبینن ژیان لەم هەرێمەدا شتێکی ئەوەندە سەرنج راکێش نییە، کە ببێتە مایەی ئاسوودەییبوونیان و دڵیان خۆش بکات.

مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە بەشی هەرە زۆریان بۆیە ئەوەندە پەست و دڵتەنگن، چونکە باش دەزانن ئەوان هیچ کاریگەرییەکیان بۆ سەر داهاتوو نیەو ئازارەکانیش وەکوو ڤایرۆس بەردەوام لە گەشەسەندندان و ڕێگای وشککردنەوەی ئەم هەموو ڤایرۆسە زۆر ئەستەمە. ئاخر نەست ڕێنمایی هەست دەکات، بێزارییەکانیشمان لە نەستەوە دەستیپێکردووە، بۆیە وا قووڵە،هەست گۆڕانی تێدەکەوێ، بەڵام نەست بە سانایی ناگۆڕێ.

جورئەت و ئازایەتی ستالین لەو فرتو فێڵانەیدا بوو کە توانیبووی نەک هەر بەناوی مارکسەوە قسە بکات، بەڵکو مارکسی لە میتۆدەوە کردە تیۆرێکی وشک و برینگی نەزۆک و ناوی خۆیشی لەگەڵ ناوی مارکس و لینیندا تێکهەڵکێش و ناونووس کرد،ئەمرۆ فس فس پاڵەوانەکانی ئەم هەرێمەش بە درۆو دەلەسەی ڕێوییانەوە خۆیان کردۆتە بەرپرسیاری بەرژەوەندی گشتی و خەڵکی بەشمەینەت،لەکاتێکدا جەوهەری مرۆڤ هەمیشە لە ئازادیدایە، بەبێ ئازادی جەوهەری مرۆڤ لەژێر گەورەترین گوتاری دەروونی و کۆمەڵایەتیدایە، چونکە ئازادیش ئەوکاتە دێتە دی کە مرۆڤ بتوانێت بە تەندروستی پێداویستە مرۆییەکانی خۆی مسۆگەرو دابین بکات (فەیلەسووفەکان وادەڵێن).

لەو ڕۆژەوەی قابیل هەبیلی کوشتووە، مرۆڤایەتیبوون کەمبووەتەوە ، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاست و شەڕی کاسۆلیک و پرۆتستانت و ئینجا هەردوو شەڕی گەورەی جیهانی،ساختەکاری و ڕۆحی چەوساندنەوەو

تۆڵەکردنەوەو دادۆشینی کەرامەتی مرۆڤایەتی لە یەکدی گەیشتە ئەوپەڕی، ئەم باهۆزی یەکدی سڕینەوەیە بە ڕێگای جیاوازو بە شێوازی نوێ، بارگەوبنەی لەم هەرێمەدا داکوتاوەو وەکوو گورگی هار بەربۆتە گیانی ئەو هاووڵاتیانەی کە بڕیاریان داوە وەکوو مەڕ بژین. ڕاستە مێژوو، شووناسەکەی، خۆی لە خۆیدا دادگایە، بەڵام ئەو دادگایە لەم هەرێمەدا هیچ ڕۆڵێکی کارای نەبووە، بۆیە فس فس پاڵەوانەکانیش لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە، چونکە لاوازی و ناپووتی ئەو دادگایە بەچاوی خۆیاندەبینن.

هەموو فەیلەسووفەکانی دونیا درکیان بەوە کردووە کە مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ،مێژووش چیرۆکێکی پڕ لە هەورازو نشێوە کە کەسایەتییەکانی، چینە ئابوورییەکانی، ڕەنگاو ڕەنگو جۆراو جۆرن و، هەمیشە ئەم چینانە لە شەڕی مان و نەمانی یەکترین.ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، تا ئێستاش غەریزەی توندوتیژی و ستەمکاری زۆر زۆر لە غەریزەی خۆشەویستی و تەبایی بەهێزترو کاراترە،ئەوڕوپا و ڕۆژئاوا، هەوڵیانداوە بە یاسا ئەم غەریزە توندوتیژییە لغاو بکەن و زەمینە بۆ خۆشەویستی فراوان بکەن،چونکە هزرڤانەکانیان بەتایبەت دەروونزانەکانیان روونیانکردۆتەوە کە توندوتیژی و ستەمکاری سیفەتی سەرەکی و بنچینەیی مرۆڤە، بەڵام لەم هەرێمە، ئەم یاسایە خۆی لە لایەن فس فس پاڵەوانەکانەوە لغاوکراوە، جا چۆن مرۆڤە ستەمکارەکان لغاو دەکرێن. بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی حوکمڕانێتی لە مێژوودا، حوکمڕانێتییەکی ستەمکارو زۆر بە دەگمەن عادیلانە بووە، بەڵکو هەمیشە بەلای ستەمکاریدا بایانداوەتەوە. لە کاتێکدا

زۆربەی هەرە زۆری حکومەت و دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم جیهانە حکومەتی زوڵم و زۆر بوونە، کەچی لەولایشەوە زۆر بە دەگمەن دەبینی کتێبێک پشتگیری لە دەسەڵاتێکی رەهای ستەمکار کردبێ، بەڵکو بە درێژایی مێژووی فیکر هەر لە هیراکلیوتوس و سوقراتەوە،دەتوانین ئەو راستیە بدۆزینەوە کە هەموو نووسراوەکان لە پێناوی رزگاری و قورتاربوون لە ستەمکاری نووسراون و داکۆکییەکی رەهایان لە ئاشتی و پێکەوە ژیان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ کردووە.بەڵام هەموو فەلسەفەو فیکرەکانی دونیا نەیانتوانیوە غەریزەی مرۆڤ لغاو بکات. دیکتاتۆریەت دەڵێت من جیهانم، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە رۆچۆتە ناو زیهنی فس فس پاڵەوانەکانیش و گەر بۆیان بڕەخسێ بانگەشەیەکی خودابیش هەڵدەدەن.

مێژوو ئەوەی یەکلا کردۆتەوە کە یۆنانییەکان لە سەرەتادا چەتەی دەریایی بوون،لەو مرۆڤانە بوون، کە ئیدی تەنیا بە شەڕو کوشتن نانی رۆژانەی خۆیان دەسەندو، رێگرو تالانچی بوون، بەڵام هیراکلیوتوس و سوقرات و ئەفلاتون بە رێگای ئەقڵ و فەلسەفەوە وڵاتەکەیان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە برد،بە جۆرێک وایلێهات هەموو مرۆڤایەتی، بەتایبەت هەموو ئەوروپا قەرزاری یۆنانە لە فیکرو فەلسەفە، وەک فەیلەسووفێک دەڵێت هەموو فەیلەسووفەکانی دوای ئەفلاتوون هاتوون، لە پەراوێزی ئەفلاتوونەوەن. ئیتر با ئەفلاتون لە بیرکردنەوەی ئازادو سەربەخۆ ترسابێت، یان با بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون بەرنامەیەکی تۆتالیتاریی بووبێت، ئیتر با ئەفلاتون حکومەتی ستەمکاری زۆر جار وەکوو حکومەتێک

به خەڵک نیشاندابێت، وەک ئەوەی کە لە لایەن جەماوەرەوە پشتگیری لێکراو بووبێت، ئیتر با ئەفلاتون بڕوای بە گۆڕان نەبووبێت و یەکسانی لای ئەفلاتون ئەوپەڕی ستەمکاری و جیاوازی بووبێت، گرنگ ئەوەیە ئەفلاتون بنەمایەکی وەهای هێنایە ئاراوە کە ئیدی مرۆڤ بتوانێت بیر بکاتەوەو بیر لە خۆی و لە دەوروبەری و بیر لە شێوازی حوکمڕانی و بیر لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی بکاتەوە، گرنگ ئەوەیە ئەفلاتون کلیلێکی دروستکرد بەو کلیلە توانی دەرگای ئەقڵ بکاتەوە. بنەمایەکی بۆ ئەقڵ داڕشت بە درێژایی دوو هەزارو پێنجسەد ساڵە هەموو فەلسەفەکانی دوای ئەو، دێن لەسەر میراتی ئەفلاتون قسە دەکەن.بەڵام پێش ئەفلاتونیش هیراکلیوتوس دەستنیشانی کلیلێکی بۆ ئەقڵ کردبوو، ئەفلاتون لە هەموویان باشتر ئەو کلیلەی پێناسە کرد، ئەگەرچی بە چاویلکەی ئەمڕۆ ئەو پێناسەکردنە زۆر کۆنەپەرستانەیە. ئەو فیکرو فەلسەفەیەش بوو وای لە یۆنانییەکان کرد بتوانن دەستپێشخەری بکەن و بەر لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی و رۆژئاوایی لە خێڵپەرستییەوە بەرەو مرۆڤدۆستی هەنگاویان بنێن. کەچی دەسەڵاتی کوردی لەو 24 ساڵەی رابردوودا، چینی ناوەندی بەتەواوی پەکخست، پەکیخست چونکە دەزانێ ئەو چینە داینەمۆی رووخانی هەموو رژێمێکی دیکتاتۆرین لە دونیاداو داینەمۆی راپەڕین و شۆڕشەکانیشن، رۆشنبیرانی کوردیش دەکەونە نێو ئەو چینی ناوەندەوە، بۆیە رۆشنبیرانیشیان پەکخستووە، ئەوەتا لەم هەموو رووداوە گەرماو گەرم و چارەنووسسازانەشدا رۆشنبیران هیچ دەنگێکیان نییە. ئەو

فس فس پاڵەوانانە بەرهەمی شەڕی ناوەخۆن نەک بەرهەمی خەباتی شاخ بن، زۆرن ئەوانەی بەرهەمی خەباتی شاخ بوون و ئێستا وەکوو خۆیان ماونەتەوەو نەبوونە فس فس پاڵەوان، بەڵکو تا ئەمڕۆش هەر پێشمەرگەیەکی ونن و، هەر ئەوانیشن بەردەوام قوربانی دەدەن، بەڵام فس فس پاڵەوانەکان، دوورن لە هەر جۆرە قوربانییەک و هەر خەریکی ئەوەن دەستە چەورەکەی خۆیان بە ملی پێشمەرگەکانەوە بسڕن.

کورد لەم هەرێمەدا مادام بەرەو بە دەوڵەتبوون دەڕوات ئیدی دەبێ ئەو دەمامکە گەچراوانە ونجڕ ونجڕ بکات و پرسیاری نەفرەتی دروستبکات، چونکە هێشتا پرسیاری نەفرەتی لەم هەرێمە، نەفرەت لێکراوەو نەخولقاوە.مەبەستم ئەوەنییە خەڵکێک خۆی بە کوشت بدا بۆئەوەی ئەو سیستەمە سیاسییەی هەرێم بەر نەفرەت بدا، بەڵکو مەبەستی گەورە ئەوەیە کورد بەردەوام زۆرترین شانازی بەخۆیەوە دەکات بەڵام تا ئێستاش خۆی رزگارو ئازاد نەکردووەو هەر ژێر دەستەو داگیرکراوە، نەتەوەیەکی بێ فیکر بێ خۆشەویستی (بە مانا فەلسەفییەکەی) تەنانەت ئایینێکیشمان نییە تایبەت بە خۆمان بێت، وەک ئەوەی چینییەکان و هیندییەکان و ئەوروپییەکان و عەرەبەکان هەیانە، ئەو ئایینەی ئێمە هەمانە ئایینی نەقلە نەک ئەقڵ.

ئێستا زیاتر لە%75 ی وڵاتانی دونیا بە جۆرێک لە جۆرەکان پێڕەوی لە سیستەمێکی دیموکراسی ئەکەن، ئەمە لە کاتێکدا تا کۆتایی سەدەی

نۆزدەش کە دەکاتە ساڵی مردنی نیتچە 115 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە یەک وڵاتی ئەم دونیایە سیستەمێکی دیموکراسی لە ئارادا نەبوو،لە وڵاتە دواکەوتووەکانیشا پاشاو میرو سەرۆک خێڵەکان دروشمی دیموکراسی بەرزدەکەنەوە بەڵام کاریان پێی نەکردووە، تەنها بۆ فریودان و گەوجاندنی خەڵک بووە. بەڵام ئەمڕۆ ئەمڕۆی دوێنێ نییە، ئەمڕۆ لە قۆناخێکداین ئیتر ئەو رۆژە بەسەر چوو، گۆرانیبێژێکی میللی زۆرترین جەماوەری هەبێت و بەناوبانگتریش بێت لە گۆرانیبێژێکی پڕ هونەری، هونەریش ئەمڕۆ زمانی قسەکردنی خۆی هەیە کە خەڵکی تێیدەگەن. ئەمڕۆ لەناو 21 وڵاتی عەرەبیدا یەک وڵاتی عەرەبی دیموکراسیمان نییە، کوردیش لەناو ئەم زەلکاوەدا چاویکردۆتەوەو هەوڵی سەربەخۆیی دەدات، بۆیە ئاساییە ئەمڕۆ خاوەن دەیان فس فس پاڵەوانیش بین، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە نابێ نوخبەی رۆشنبیریش ئەوەندە بێدەنگ بێت، چونکە تا نوخبە بێدەنگتر بێ، فس فس پاڵەوانەکان تەمەنیان درێژتر دەبێت.لێرە ئەو قسەیەی جۆج ئۆرویل زۆر راستە کە دەڵێت: لە سەردەمێکدا کە فریودان و هەڵخەڵەتاندن دەبێتە جیهانی، راستی وتن دەبێتە کارێکی شۆڕشگێڕی.

ئێستا ئێمە چۆن بتوانین رێزو گرنگی بۆ بەهاکانمان و بۆ شایستەیی مرۆڤەکان بگەڕێنینەوە؟ ئایا هەر دەبێ خراپەکاران خۆیان خاوەنی هەموو خێروبێرەکان بن و کەچی لەولایشەوە هەژارەکانمان هەژارترو سەرگەردانتر بین؟ راستە هەژارەکانی ئەم سەردەمەمان وەکوو قۆناخی دەرەبەگی لە کۆیلایەتی ناژین، بەڵام جێگیربوونی ئەو هەژارییەی کە رۆژ بە رۆژیش

داڕووخاوترو قووڵتر دەبێت،رووخانێکی دەروونیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە زۆرجار لە کۆیلایەتییەکەی سەردەمی دەرەبەگی زۆر زۆر مەترسیدارترە. تۆماس هۆبز و سپینۆزا لەوبارەیەوە قسەی خۆیان کردووە، بەڵام ئەوانیش داکۆکی زۆرتریان بۆ موڵکایەتی کردووەو نەتەوەیان بە بزوێنەری مێژوو داناوە، کە ئەمەش فەلسەفەیەکە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی کۆمەڵگەی بۆرژوایی دەگونجا، نەک بۆ ئەو سیستەمە بەربەرییەتەی کە مرۆڤەکانی بە تەواوی هەڵلووشیوە. ئێستا قۆناخی کۆیلایەتی یان دەرەبەگی نییە، تا بەو جۆرە خەڵکی رەشۆک ملکەچی فس فس پاڵەوان و ملکەچی سەردارانی وەکوو سەدەکانی ناوەڕاست بێت، راستە هێشتا لە کوردستاندا خەڵکی رەشۆک و هەژار زۆرن،هێشتا خەڵکی چەوساوەو تەنانەت نەخوێندەواریش زۆرن، بەڵام قۆناخ و سەردەمەکان جیان، رایەڵی تێگەیشتن و پێگەیشتن و بێدار بوونەوەو هوشیاربوونەوە زۆر خێراترە لە جاران، هەر بۆ نموونە لە ماوەی ئەو 24 ساڵەی رابردوودا دەبینین وەڵامدانەوەی خەڵک بۆ ئەو شوێنکەوتووییەی دەسەڵات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو بە تەواوی گۆڕاوە .

## مێوانە درۆنگەکانی مێژوو

مێژوو کراسێک نییە، هەر کەس ویستی لەبەری بکات، مێژوو، لەوکاتانەدا دەبێتە چەتری مرۆڤ، کە وەکوو ئەبوزەڕی غەفاری خۆ نەویست بێت، هەموو سەرۆکەکانی دونیا گەر نەیانتوانیبێت، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاینده دابڕێژن، کە بە درێژایی مێژوو نموونەی لەمجۆرە یەکجار کەمە، یان نەیانتوانیبێ وەکوو ئەبوزەڕ سکی هەمیشە برسییان هەڵگوشن و منداڵەکانیان بەبەرچاویانەوە لە برسانا گیان بدا، هەر سەرکردەیەک بە یەک لەم دوو ڕێگایە بەرنامەی ستراتیژی نەبووبێت، ئەوا نەیتوانیوە، بچێتە ناو مێژوو، ئەوانەی چوونەتە ناو مێژوو، ئەوانەن کە مێژوویان دروستکردووە، واتا خاوەنی چەند لاپەڕەیەکی پڕ شکۆی مێژوون، ئەمانەش لە مێژوودا زۆر نین،ئەگەر زۆر بوونایە ئەقڵی مرۆڤ ناگاتە چوارسەد ساڵ کە رووی لە زانست کردبێت و هەمووی دووسەد ساڵ نییە گەشە بە تەکنیکی زانستی داوە، لەکاتێکدا مێژووی مرۆڤایەتی چەندین ملیۆن ساڵە،بۆیە سەرکردەی خاوەن مێژوو یەکجار کەمن، هەموو ئەوانی دیکە، کە ژمارەیان یەکجار زۆرە، لە دەرەوەی مێژوون، بە دیوەکەی تر میوانی

مێژوون،لەنێو مێوانەکانیشدا، هەیانە مێوانێکی دڕدۆنگ و چارە قێزەونی مێژووە،هەیشە مێوانە بەڵام مێوانێکی ئاسایی بووە، هەیشە نەیتوانیوە مێژوو دروست بکات، بەڵام مێوانێکی ناشیرین و دڕدۆنگ نەبووە. لە هەموو دۆخێکدا میوان ماوەکەی زۆر کەمە، لەگەڵ بە کۆتاهاتنی حوکمڕانییەکەی بای بای دەکات و دەبێت مێژوو جێبهێلێت، چونکە مێژووش پیاوی خۆی دەوێ، هەموو کەس ناتوانێ بە بەژن و باڵای بەرزیدا هەڵگەڕێت، زۆرن ئەوانەی لە نیوەی رێگا هەڵدێراون و گیانیان لەدەستداوەو پێیرانەگەیشتوون. مێوانانی مێژوو،چەند بەرەبابێکن، هەموویان تەمەنیان کورتە،مردنەکەیان بە هەر جۆرێک بووبێت،زۆربەیان کەوتوونەتە بەر نەفرەتی مێژوو، مێژووی قۆناخەکانی مرۆڤایەتی هەمیشە زۆر بە دەگمەن بە سەرکردەو ئیمپراتۆرو پاشاکانیانەوە دەناسرێنەوە، تۆ کە وڵاتی فەڕەنسا دێنیتە بەرچاوی خۆت، یەکسەر دیکارت و رۆسۆو ڤۆلتێرو سارتەرو ئەراگۆن و..و..و.. ت دێنە ناو هزر،چاوەکانی ئەلیزای ئەراگۆن و نامەی لێبووردەییەکەی ڤۆلتێرو،پەیمانی کۆمەڵایەتی رۆسۆت دێتەوە یاد، سارتەریش ئەوە هەر بۆ خۆی مێژووە، کە دەتەوێ لە ئەڵمانیا بدوێی راستەوخۆ کانت و هیگڵ و نیچەو، قوتابخانە زیندووەکەی فرانکفۆرتت دێنە بیرو بەرچاوی مرۆڤ دەگرن، کە دەتەوێ باسی روسیا بکەی یەکسەر تۆڵستۆی و دیستۆیڤسکی و پووشکین و چیخۆف و.. و.. ئینجا بلیخانۆف و ترۆتسکی و لینین ئامادە دەبن، کەسمان بیرلەوە ناکەینەوە کێ لە ئەڵمانیاو فەڕەنساو روسیاو تەواوی وڵاتانی دیکە حوکمڕان بوونە، کە باسی

یۆنان دەکەین یەکسەر ئەفلاتون و ئەرستۆ دێنە پێشەوە، هەمووی هەر وایە... ئەبوزەڕی غەفاری رەنگە تاکە سەحابە بێت کە هەموو مرۆڤایەتی بە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەوە هەڵوێستێکی ئەرێنیان لەسەری دروستبووبێ،چونکە ئەبوزەڕ بەناوبانگترین سەحابەیە کە یەکجار خۆ نەویست و یەکجار راستگۆو یەکجار راشکاوانەو لە روو بووە.زۆرن ئەو سەرکردانەی دەسەڵاتی پشتاوپشتیان پەیڕەو کردو هەمیشە جەللادو دیکتاتۆری سەرخەڵک بوون، بەڵام هەرکاتێک ئەگەر باسبکرێن، هەموویان لە سووچێکی مێژوودا دادگایی دەکرێن و ئەوانیش سەر کزو مل شۆر، چونکە ئەمە یاساو دادگایە ئەوەی لە حوکمڕانیدا مل هوڕ بێت، دادگاش ملی دەپەڕێنی،زۆربەی هەرە زۆری جەللادو ستەمکارەکانی دونیا، لەکاتی تەنگانەدا زۆر ناپووت و ترسنۆک بوون. بە درێژی باسیان ناکەین، بەڵام نموونەی قەزافی نموونەیەکی کۆن نییەو زۆربەمان بینیمان ئەو دیکتاتۆرە ملهوڕە،پێش کوشتنی چ پیاوێکی لێبوردە بوو،بەڵام لێبووردەیی لە دۆخێکی وەهادا بەهای فلسێکی سووتاوی نییە، بۆیە قەزافیشمان بینی مێژوو چ جۆرە دادگاییەکی کرد. سەدام حوسێن و لویسی شازدە، هەردووکیان حەزیان لە راووشکار بوو، هەردووکیشیان لە گرتووخانە پەستران و بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، هەردووکیشیان کە لە گرتووخانە بوون، خۆیان بە سەرۆک و پاشا دەزانی، سەدام دەیوت من سەرۆکی عێراقم و لویسی شازدەش دەیوت من پاشای فەڕەنسام، هەردووکیشیان کە بردرانە بەردەم سێدارە، ترسێکی ئەوتۆیان لەسەر دڵ

لێ نەنیشتبوو، بەڵام مێژوو هەردوکیانیشی کردە مێوانێکی زۆر ناشیرین و قێزەون،ڕۆبسپێریش کە بڕیاردەری لە سێدارەدانی لویسی شازدە بوو، لەبەرامبەر مێژوو حاڵی لە حاڵی لویس باشتر نەبوو، مالیکیش کە بڕیاردەری لە سێدارەدانی سەدام بوو، ئەویش حاڵی لە حاڵی سەدام باشتر نابێت، ئەمەیە مێژوو..

ئێمە کە باسی وڵاتێک دەکەین، گەورەیی هزرڤانەکانیان بە رادەیەکە تەنانەت توانیویانە نەقشی جۆرە سیاسەتێکیش بۆ وڵاتەکەی خۆیان دابڕێژن، فەڕەنسا کە بە دەوڵەتی یاساو مافی مرۆڤ دادەنرێ، سەرچاوەکەی لە مۆنتسکیۆوە وەرگرتووە، فەلسەفەی ئەڵمانیش فەلسەفەیەکی زیاتر هێرشبەرە، سەرچاوەکەی لە شوپینهاوەرو نیچەو ئینجا دوای سەرهەڵدانی نازیزم و دۆڕاندنیان لە شەڕی دووەمی جیهانی سوودیان لە قوتابخانەی فرانکفۆرت وەرگرت،ئەمریکا لە رابەرانی قوتابخانەی پراگماتیزم و..هتد. ئیتالیا بە کلێساو پاشاکانیانەوە ناناسرێن، ئیتالیا بە ڕێنیسانس شەوق دەداتەوە..ڕوسیا دیستۆیڤسکی و پووشکین ی لێ دەربهێنیت، گەورەترین بۆشایی لێ دروستدەبێت، ئەو دیستۆڤیسکییەی چەند ساڵێک لەگرتووخانە پەستراو، ژیانێکی یەکجار هەژارانەی بردە سەرو، لەسەرووی هەمووشیانەوە، دەچووە داخوازی هەر کچێک رەفزێکی توندی وەردەگرت، نیچەش لە خەمی کۆمەڵگەی مێگەل و ترسنۆکی ئەڵمانیا دە (10)ساڵی دوایی بە شێتی و بە بێ هۆشی ژیانێکی زۆر زۆر خراپی گوزەراند..

ئێمەی کورد ئەمڕۆ لە وڵاتێکداین وەک مەولانا رۆمی وتەنی: نیوەمان لە ئاوو گڵە...نیوەمان لە گیان و دڵە. لەوەتەی مێژوو هەیە، رۆڵی سەرکردە هەمیشە گرنگ بووە لە مێژوودا،مارکس و زۆری دیکەش جەختیان لەو راستییە کردۆتەوە، بەڵام کۆمەڵگایەکیش کە زۆر ماندوو هیلاک بێت، زۆر ئەستەمە سەرکردەکانی بتوانن تەندروست بن و بە تەندروستی بیر بکەنەوە ، لەمڕووەوە ئەریک فرۆم لە کتێبی کۆمەڵگای تەندروست بە درێژی قسەی خۆی کردووە. کاتێک کۆمەڵگا ماندوو بێت، ئەستەمە حیزبە سیاسییەکانیشی بتوانن ببنە خاوەنی کولتوورێکی رۆشنگەریی، تەنانەت بەرنامەو میتۆدێکیشیان بۆ پرسێکی گرنگ پێ نابێت. بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی ماندوون و نەیانتوانیوە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بن، بۆنموونە وەکوو نەتەوەی کورد، پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو نەتەوەیە خێزان رزگار بکات، چونکە لە بنەڕەتدا رزگارکردنی خێزان زۆر زۆر لە رزگارکردنی نیشتمان گرنگترو سەختترە، هەر کاتێک توانیمان خێزان رزگار بکەین، ئازادی بۆخۆی دێتە دی. بیست و پێنج سەدەیە فیکرو فەلسەفە لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی دادەڕێژرێ، کەچی هێشتا دەسەڵاتی ستەمکار شەرم نایگرێ درێژە بە ملهوڕی و تاکڕەوی خۆی دەدات، هێشتا تەریق نابنەوە کە مێژووی دیکتاتۆرەکان و پاشاکان و بنەماڵەکان و خێڵەکان چۆن خراونەتە ناو زبڵدانی مێژووەوە.کەچی هێشتا لێرەو لەوێ دووبارەو سەدبارە دەکرێتەوە.

له ئەنجامی کەللە رەقی هەندێ سەرکردەدا، هەردوو شەڕی جیهانیی هەڵگیرساو لە پێناوی دۆخە دەروونییە غەریزەییەکانی هەندێک سەرکردەدا، دەیان ملیۆن کەس دەرخواردی ئاگری  ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە کران و ئێستاش ئاسەواری ئەم شەڕە بەسەر جەستەی ئەوروپاو ژاپۆن و رووسیاو بەسەر جەستەی زۆر کەس ماوەتەوە، کەچی چ لە شەڕی یەکەمی جیهانی و چ لە شەڕی دووەمدا دوای خەڵکێکی زۆر لە یەکدی کوشتن و سووتاندنی نیشتمانەکانیان تا ئەو رادەیەی ئەوەندە ماندوو ببوون، زۆر بە سووک و سانایی هەموو لایەک بۆسەر مێزی گفتوگۆ غاریاندەدا، چ دۆڕاوەکە، چ براوەکە، کەچی نەرگسییەت  وا لە سەرکردەی نانیشتمانی و نادادپەروەر دەکات بەردەوام ئەوەندەی بیر لە شکاندنی بەرامبەرەکەی بکاتەوە، نیو ئەوەندە بیر لە ئاشتی نەکاتەوە. دوای داگیرسانی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی لە ساڵی 1994،پەرلەمانی ئیفلیجی کوردستان، لەژێر رەشماڵێکدا کۆبوونەوەی خۆی نوێکردەوەو،دواتریش نەک هەر ئاشتی بەڵکو هاوپەیمانی ستراتیژیشی لێ هاتە بەرهەم،  کەچی دوای ئەم هەموو ئەزموون و مێژووە تاڵە، زۆرێک لە سەرکردەکان بەردەوام بە هەڵگیرسانەوەی  شەڕی ناوەخۆ(کە یەکجار نەگریس و نەفرەت لێکراویشە) خەڵک دەترسێنن.

وڵاتانی دواکەوتوو پڕن لە دڕندەو یاخی و سەرکێش ی وەکوو بیهیمۆس، کاتێک هۆبز باشترین و بەنرخترین کتێبی خۆی ناونا لیڤیاسان، رێک هەستی بەو جۆرە دڕندانەکردبوو ،دەیزانی مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ، بۆیە ئەوناوەی بە باڵای کتێبەکەی خۆیدا بڕی،لیڤیاسان دڕندەیەکی ترسناکی

نێو ئەفسانەی فینیقییە،زۆرجاریش لە شێوەئاژەڵی حووت ناوی دەبردرێ، ئەو ئاژەڵانەی بە ئاسانی مرۆڤ هەڵئەلووشن و قووتی دەدەن.ئێستا لە جیهانی کۆمەڵگای دواکەوتوودا دەسەڵات و تەنانەت یاساش چوونەتە شوێنی لڤیاسانەوەو هەمان ئەو رۆڵە دەبینن.

ئەوروپا بۆیە گەشەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینی ،چونکە میراتگری چەندین فەلسەفەی جیاوازبوو، ئایینی جوولەکە، مەسیحی،یۆنانی-رۆمی، سەدەکانی ناوەڕاست،رێنیسانس، ریفۆرمی ئایینی ،رۆشنگەری، رۆمانتیک و ...هتد.بەڵام ئێمە هیچ میراتێکی فیکریمان نییە، جگە لە پەندی پێشینان و جگە لە ئەمارەتە بەشەڕهاتووەکان، کە میراتی براکوژییان بۆ بەجێ هێشتووین،پاشای کۆرە گەورەترین قەسابخانەو کوشتارگەی بۆ ئێزیدییەکان خولقاند،رۆژێک دێت پاشای کۆرەو دەیان سەرداری دیکەی کورد لەبەردەم دادگادا نەفرەت و ریسوا بکرێن.

ئەگەر کاوتسکی و برنشتاین نەبوونایە رەنگە مارکسیزم بەو قەوارەیە گەورەیە ئەو بەها فەلسەفییەی بەخۆوە نەگرتبایە،کاوتسکی و برنشتاین لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەڵمانیادا هاتن بۆ یەکەمین جار خوێندنەوەیەکی جیدییان لەسەر مارکسیزم کرد، ئەمەش جارێکی تر هێزێکی نوێی بە مارکسیزم بەخشی، ئەگەر (فلۆبێر)یش نەبوایە، نوێخوازییەکەی جیمس جۆیس و مارسیل پرۆست و کافکا، بەجۆرێکی ترو بە دیدێکی ترو بە ئاراستەیەکی تر دەبوون، یان هەر نەدەبوون و

ناووناوبانگیشیان بۆ دوور نەدەڕۆیی، بەڵام سەیریکەن جۆیس و کافکا ناوو ناوبانگیان لە فلۆبێر زیاتر دەرکرد، ئەمە چ مێژووەکە، فلۆبێر کەوتە پشتەوەی کافکاو جۆیس؟ بەهەمانشێوە ئەگەر یەکێتی نەبوایە، پارتی هەرگیز نەدەبوو بەو هێزە کاریگەرە، یەکێتی ململانێیەکی سەختی پڕ لە هەڵەی بەرامبەر بە پارتی هەڵگیرساند کە لە ئەنجامدا یەکێتی خۆی بچووک بووەوەو پارتیش گەیشتە ئاستی زلهێزی یەکەم لە کوردستان. ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لە کێبڕکێی وەدەستهێنانەوەی ئەو هێزەیە کە پارتی بدا بە ئەرزا، بەڵام کەرەستەکانی دەستی گۆڕان بۆ ئەو ململانێیە دژوارە تا رادەیەک ئەوە نیشاندەدا پارتی گۆڕانیش وەکوو یەکێتی بە ئەرزا بدا، راستە ئەوەی ئێستا لە هەردوو لاوە دەبینرێ تەنها نمایشکردنە .ناپووتکردنی پارتی لەلایەن گۆڕانەوە ئامانجی نزیک و دووری گۆڕانە، ئەوکاتانەی پارتی و گۆڕان دەشکەونە شەڕێکی ساردەوە هەردولا بۆ ناپووتکردنی یەکتری لە شەڕێکی نەرمە ساردی بێ ئامان دان ،درێژەدان بە شەڕی سارد لە بنەڕەتدا درێژەدانە بە خۆکۆکردنەوەو ئامادەباشییەکی تەواو بۆ پەکخستنی بەرامبەرەکە، ئێستا هیچیان نە توانیویانە بە باشی خۆیان خۆ بکەنەوە، نە توانیوشیانە بگەنە ئاستێک لە ئامادەباشی وەهادا بن کە بتوانن ئەوەی بەرامبەر ناپووت بکات، بەڵام بە چڕی لە هەوڵی بێ وچانیشن.هەموومان ئەزانین پارتی خاوەنی دوو سەرچاوەی گرنگە کە یەکێکیان پارەیە، ئەویتریشیان سووپایە،لە کاتێکدا گۆڕان نە پارەی هەیە نە سووپا، بەڵام ئەم دوو خاڵەی پارتی بۆ کێشە ناوخۆییەکان

یەکلاکەرەوە نییە، راستە هەردوولا خاوەنی خەڵکن، بەڵام گرفتی پارتی لەوەدایە خاوەنی خەڵکێکی زۆری گەندەڵ و بەرژەوەندخوازی تایبەتە، واتا هەرئەوەندە لەگەڵ پارتی دەبێت کە بەرژەوەندییەکانی خۆی پێ دەپارێزێ، ئەمەش زیاتر بۆتە مایەی نارەزایی خەڵک، گۆڕانیش خاوەنی خەڵکێکە هەڵپەی ئەوەیانە بگەن بە کێک و شیرینییەکەی دەسەڵات،تا وەکوو پارتی و یەکێتی بەشی خۆیان بەرکەوێ،بەڵام وێڕای چوونیان بۆ ناو حکومەت، هێشتا بە باشی تامی ئەو کێکەیان نەکردووە، بۆیە گوتارەکانیان هەندێکجار بە لای دەسەڵاتەو هەندێکجاریش وەریدەسووڕێنن بۆ لای خەڵک،ئەمەش زیاتر لە سەرگەردانی دەچێت، نەک لە فەلسەفەی حوکمڕانی. من بەش بەحاڵی خۆم پێموایە ئەو کێکەی دەسەڵات کە گۆڕان خواردی، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ میوەی ئەو درەختەی کە ئادەم خواردی، ئیبلیس لە رێگای حەواوە توانی ئادەم فریو بدات و میوەی درەختێکی حەرامکراوی دەرخوارد بدات، خوداش غەزەبی لە ئادەم گرت و، لەناو ئەو بەهەشتە بەرینە دەریکردو فرێی دایە سەرزەوی، بۆئەوەی تا ماوە بە سەختی شەڕو رەنجدانەوە نان پەیدا بکات و بژی، لەکاتێکدا پێش فریودانەکەی، خودا هەموو رۆژێک بۆ بینینی ئادەم و حەوا دەچووە بەهەشت،بزووتنەوەی گۆڕان ئەو کێکەی خوارد، تازە ناتوانێ بگەڕێتەوە بەهەشت. لەولایشەوە من بڕوام وایە پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە درێژایی مێژووی خۆی رووبەڕووی مەترسییەکی ترسناکی لە شێوەی ئەمڕۆدا نەهاتووە، ئەوەی ئێستا هەیە هەڕەشەیەکی جیدییە لەسەر ئێستاو

ئایندەی پارتی، کە تا ئێستا پارتی  بە باشی یان هەستی پێ نەکردووە، یان هەستی پێکردووە بەڵام (لا حول ولا قوە)یە،لەکاتێکدا، رێگاکان زۆرن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، ئەگەر ویست و ئیرادە هەبێت.

ئەوەی یەکەمین کەس بوو خودای دروستکرد، بێشک ترسنۆکترین کەس بووە، لە سەرەتاییترین قۆناخی مرۆڤایەتیدا، ئەو قۆناخەی مرۆڤەکان یەکجار سادەو ساکار بوون، ترسیان لە سروشت و لە دەوروبەری خۆیان و تەنانەت ترسیان لە خودی خۆشیان هەبوو، هاتن بۆئەوەی دڵی خۆیان بدەنەوە، خواوەندێکیان بۆ خۆیان دروستکرد، قەناعەتیشیان بەخۆیاندەهێنا کە ئەوە خودایەو پشتیوانیان لێدەکات، تۆ بڕوانە ترس چی  بە مرۆڤ دەکات.. کاتێک هۆزو خێڵەکانیش سەرۆکێکیان بۆ خۆیان دادەنا یان یەکێک خۆی دەکرد بە سەرۆک تەنیا بۆ ئەوە بوو، خۆی و کەسە نزیکەکانی خۆی هەم بپارێزێت و هەمیش قەڵەمڕەوی بەسەر ئەو خەڵکە هەبێت کە لە چواردەوری کۆبوونەتەوە. دەوڵەتە سەرەتاییەکانیش بە هەمانشێوە   لە پێناوی پاراستن و بەردەوامبوونی سەرۆک خێڵەکان دروستکراون، نەک بۆ یاساو  پاراستنی مافی مرۆڤ ، بە پێچەوانەوە مافی مرۆڤیان زیاتر پێشێل دەکرد. رەنگە گرنگترین مێژووی مەسیحییەت،لە سەرەتادا ئەوەبووبێ کە   برەودانی یەهودییەت بە خێڵپەرستی ،کەمبکاتەوە، یان هەر دایبماڵێت، چونکە خێڵپەرستی بە هەموو مانایەکەوە، گوزارشت لە دواکەوتوویی و گەلێکی لۆکاڵی دەکات.

فیۆدۆر دیستۆیڤسکی لە رۆمانی برایانی کارامازۆف و ئەلبێر کامۆش لە هەردوو کتێبی مرۆڤی یاخی و تاعوون دا بە دەنگی زۆر بەرزەوە بانگیانهەڵدا کە یاخیبوون سەرچاوەیەکی ئەخلاقی هەیە. نیچەش بە دەنگە هەمیشە بەرزەکەی پێمانی وت، یاخیبوون مرۆڤ لە نەبوونەوە دەکاتە بوون، یاخیبوون ئەگەر هیچ بەرهەم نەهێنێ، جگە لە جورئەت و ئازایی هاوکات دەشڵێت بەڵێ من هەم وا لێرەم.ئەوانەی یاخیش دەبن، ئەوانەن هەموو شووناسێکیان لێ سەندراوەتەوەو بە دوای شووناسدا وێڵ و سەرگەردانن ، بۆیە یاخی دەبن،زۆر جار لە قۆناخی یاخیبوونیش تێدەپەڕن.

جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ئارەزووی بوونی دەسەڵات وەک ئامرازو، دەسەڵات وەک ئامانج،لە هەر وڵاتێکدا سەرکردە دەسەڵاتی لەلا ئامانج بێت، ئەوە لەناو ئەو ئامانج و دەسەڵاتەدا، زۆرترین حەزو خولیای تایبەتی خۆی کپ کردووەو چاوەڕوانی هەلێکە تا گەشەیان پێبداو هەموو هەوڵێک بدات بۆ وەدیهێنانیان، رەنگە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو سەرکردەکان دەسەڵات بۆیان ئامانج بێت، چونکە دەیبینین لە ماوەی حوکمڕانیکردنیان ناتوانن ئازارەکانی خەڵک سووک بکەن، ناشتوانن بە سانایی ماڵئاوایی لە دەسەڵاتە ناشیرینەکەی خۆیان بکەن. ئەخلاقی نادیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ژێر هەڕەشەو قەیرانێکی توندا ئەژی، ئەخلاقی نادیموکراتی ئەو ئەخلاقەیە کە زۆرێک لە تاکەکانی مرۆڤ هاوێر دەکات و دەڵێت: ئەمانە ئەبێت خاوەنی شتە باشەکان بن و ئەوانی

تریش ئەبێت خزمەتی ئەوان بکەن.چونکە ئەشق بە دەسەڵات وەک شەهوەت پاڵنەرێکی بەهێزەو هەموو کاتێک ئامادەیە کۆمەڵێکت بۆ بکوژێ لە پێناو ئەوەی کۆمەڵێکی دیکە بە خۆشی بژی. ئەشق بە دەسەڵات هەموو هۆڕمۆنەکانی پڕە لە شەهوەت، ئەوەندە نەرگسی دەبێت، کاتێک تورەی دەکەی، یان مەترسی بۆسەری دەهێنی، ئامادەیە وەکوو نیرۆن بەدیار سووتانی رۆماوە، مۆسیقا بژەنێ..

من کە دەمەوێ ناوی بووداو مەسیح و فیساگۆرس و گالیلۆ ببەم، هیچ کام لەوانە پشتیوانیان لە حکومەتەوە وەرنەگرتووە مەگەر کاتێک کە بیروراکانیان بەرفراوان بوون و کاریگەری خۆیان دروست کرد،هیچکام لەوانە لە سەردەمی خۆیاندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا، هەرکاتێک دەسەڵات ئامانجی یەکەمی ئەوان بوایە هیچ کامیان لە ژیانی جۆری مرۆڤدا بە ئەندازەیەکی زۆر کاریگەریان نەدەبوو،هیچکام لەوانە بەدوای جۆرێک لە دەسەڵات نەبوون کە ئەوانی تر کۆت و بەند بکات،بەڵکو بە دوای دەسەڵاتێکەوە بوون کە خەڵکی ئازاد ئەکرد.بۆیە مەسیحییەت لە سەرەتاییترین رۆژەکانیدا هیچ جوولانەوەیەکی سیاسی نەبوو. ئەوە دوای لەخاچدانەکەی بوو، پۆلس رێگاکەی رووناک کردەوە..

شکستی بزووتنەوەی چینی کرێکاران بوو مارکۆزی ناچارکرد بۆ فرۆید بگەڕێتەوەو شیکردنەوە دەروونییەکانی غەریزەی مرۆڤ تاوتوێ بکاتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە کەوتوونبوونە نێو فەلسەفەکەی

مارکسیزم.کە ئەویش بریتی بوو لە بێتوانایی چینی کرێکارانی پیشەسازی لە بەدەستهێنانی شۆڕشگێڕییەکی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزمێکی تەندروست و ئینجا گەیشتن بە کۆمۆنیزم.بەتایبەتی ئەو شکستەی کە چینی کرێکار لە ساڵانی 1929 تا 1939 لە تەواوی ئەوروپا پێیکەوت، کە نەیتوانی بارودۆخە لەبارەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە. هەر ئەمەش بوو وای لە ستالین کرد پشتگیری لە سۆسیالیزم لە تاکە وڵاتێکدا بکات، کە رێک پێچەوانەی بیری مارکسی بوو..

ئەخلاق بۆ دادوەرو بۆ پزیشک چەندە گرنگ و پێویستە، سەد ئەوەندەش بۆ پیاوی سیاسی و سیاسەتمەداران پێویستترە، چونکە ئەگەر دەوڵەت و حوکمڕانی ئەخلاقی تێدا نەما، دادوەرو پزیشک و..،ناتوانن بنەماکانی ئەخلاق بپارێزن،چونکە تەنیا لە دەوڵەتی دیموکراسی و سیستەماتیکیدا ئەخلاق دەپارێزرێ.تۆ وەرە لەهەموو قوتابیانی ئەم هەرێمە بپرسە، کە چ کاتێک لە ژیان بێزار ئەبیت ، هەموو مناڵانی بنەڕەتی بێنە لەو وەڵامەدا بە یەکدەنگ پێتدەڵێن،تەنیا لە کاتی دەوامی قوتابخانەکانیان بێزارو بێ تاقەت ئەبن، بەڵام لە 24 ساڵی رابردووشدا هیچ رێگەچارەیەک بۆ ئەو تاقەت پرووکێنییەی قوتابیان لە قوتابخانەکاندا نەدۆزراوەتەوە. دەبوو لە رووی دەروونییەوە قوتابخانەکانی ئەم هەرێمە (بە مامۆستاو میتۆدی وەزارەتی پەروەردە) جیهانێکی ئەوەندە جوانیان بۆ قوتابی دروستبکردایە، بە جۆرێک قوتابیان لە رۆژانی پشوودا دڵیان تەنگ بوایە چونکە لە قوتابخانە دووردەکەونەوە، کارلێکی بەهێز لەنێوان قوتابی و مامۆستا دروست نەبێت،

به شێوەیەک قوتابیان ئەو هەستەیان لا دروست ببێت کە نزیکترین و سوودمەندترین کەس بۆ ئەوان ئەوە مامۆستاکانیانن، کە شوێنی دایک و باوکیانی بۆ ئەوان گرتۆتەوە، ئەم قوتابخانەیە بوون و نەبوونی جیاوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە.

شێخ زاید بن سوڵتان، هیچی کەمتر نییە لە جۆرج واشنتن ی ئەمریکی ، هەردووکیان دامەزرێنەری وڵاتن و، لە لایەن هاووڵاتیانی وڵاتەکەیانەوە، پەیکەریان بۆ دەکرێت و مەراسیمی شایانیان بۆ دەگێڕدرێ،راستە ئەمریکا زلهێزێکی گەورەی جیهانە، بەڵام ئەمریکاش، تا بەریتانیا لەناو شەڕی دووەمی جیهانی لەناو خوێندا نەگەوزی، ئەمریکا نەبووبووە وڵاتی یەکەم، سەیرکە جوگرافیا چەند گرنگە، جوگرافیا لە هەزاران فیکرو فەلسەفە گرنگترو بەهادارترە، من دڵنیام وڵاتی ئیماراتیش، دوای نیو سەدەی دیکە، نەک تەنیا وڵاتانی عەرەبی، بەڵکو ئاسیاو ئەوڕوپاش داکۆکی لێدەکەن، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیشی گەیاندۆتە ناو ئیمارات،سەیرکەن شێخێکی ئیماراتی شوێنی تایبەتی بۆ مەلها کردۆتەوە، تەنیا بۆ ئەوەی، کوڕە گەنجەکانیان بەهۆی کەبتی سێکسییەوە روو نەکەنە ئەوروپا،لە شێخایەتی خۆیشی نەکەوت و ئێستا ئەو پیاوە پێ پەتییە گەورەتر بووە،ئەمەیە دروستکاری مێژوو، سەیرکەن، ئێمەش چۆن لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا شەڕ لەگەڵ خودو ناخمان دەکەین، ئاخر ئێمە ئەوە یەک چارەگە سەدەیە مێوانێکی دڕدۆنگی مێژووین، بەهۆی حەزی شێتانەو شەهوەتی

نێرگسیانەمانەوە    نەمانتوانیوە، یەک لاپەڕە لە مێژووی پڕ شکۆدا بنووسینەوە..

## بێ شوناسی نوخبەی ڕووناکبیریی و تەمتومانی سەدەکانی ناوەڕاست

بە درێژایی مێژوو، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، با ئەو کۆمەڵگایە وەک کۆمەڵگای کوردیش زۆر دواکەوتوو بێت، هەمیشە و لە هەر سەردەمێکدا، نوخبەیەک ئەو کۆمەڵگایەیان لە خەو بێدار کردۆتەوەو هەندێکجاریش رایانچەنیون، لەناو کۆمەڵگای کوردی نوخبەیەک هەیە، بەڵام گرفتی ئەو نوخبەیە ئەوەیە چالاکی فیکریی زۆر سنووردارەو،بەو هۆیەشەوە نەیتوانیوە بچووکترین جوولە بە کۆمەڵگایەک بکات کە ناوی مێگەلی بە باڵادا بڕاوە.بە دیوەکەی دی کارلێکی کۆمەڵایەتی بە شێوە ئەرێنییەکەی لەنێوان نوخبەو کۆمەڵگادا، زۆر تەمبەڵەو چالاک نەکراوە، ئەمەوایکردووە نوخبە شووناسەکەی خۆن ونکردبێ، یان نەیتوانیبێت شووناسێک بۆ خۆی دابهێنێت.

ئەمرۆ هەرێمی کوردستان بە تەواوی پێکهاتەکانییەوە، کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیدار ، ئەویش داعش لە لایەک و دواکەوتوویی کۆمەڵگاش لە لایەکی دیکەوە، چونکە جەهلی کۆمەڵگایە داعشی تێدا دەخولقێ، ئایا داعش دەتوانێ لەنێو کۆمەڵگایەکی وشیارو پراگماتیکدا

سەردەربهێنێت، بێگومان نەخێر.بۆیە من رەخنەی زۆرم هەیە کە 24 ساڵە نەمانتوانیوە بنەمایەکی پتەو لە زۆربەی رووەکانی ئابووری، سەربازی، رووناکبیریی ...هتد بۆ خۆمان دروستبکەین، بەڵام خۆ نوخبەی رووناکبیری ئەم هەرێمەش لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا گینگڵ دەدات. تۆ سەیرکە نوخبەی کوردی(هەڵبەت مەبەستم نوخبەی رووناکبیریی کوردییە)لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەی داعش، تا رادەیەکی زۆر ئەبڵەق ماون، لەکاتێکدا دونیایەک جیهانبینی و فیکرو فەلسەفە هەن تا بتوانین تێڕوانینێکی نوێی فیکری بۆ بەرهەمبهێنین، هەر لە خودی ئیسلامدا چەندین مەزهەب و رێچکەو رەوتی فیکریی ئاینی هەن،بەڵام هێشتا کەسمان جەسارەتمان نەکردووە، بە وردی و بەبێ ترس پەنجە لەسەر برینە قووڵەکانمان دابنێین. ئەمە لە کاتێکدا مۆدێرنەو رۆشنگەری بەمجۆرە دروستبوون. تا ئێستا لەم هەرێمە (ئەرنست رێنان) وەجاغی کوێرە، ئەوەی ئەرنست رێنان لە ساڵانی 1862-1863 بەرامبەر بە مەسیح بەهۆی کتێبی(ژیانی مەسیح)ەوە کردی،دوو شت بوو هەم ئازایەتی هەم فیکر بوو، لەم هەرێمەدا هێشتا جورئەتی ئەوەمان نەبووە، راشکاوانە هەندێک پرس یەکلا بکەینەوەو ئەم تەمتومانە بڕەوێنینەوە کە هەموو هەرێمەکەمانی تەنیوە.ئەم ململانێیە توندە ئەمڕۆش نەکرێ، خۆ هەر دەبێ سبەینێ بکرێ،بەڵام چەندی دوا بخرێ، زیانی زۆرتروماڵوێرانی زیاتری بەدوادا دێت. راستە شەڕێکی دژوارەو لە ماوەی 24 ساڵی رابردوودا نەمانتوانیوە بچووکترین ئامادەسازی بۆ ئەو ململانێیە سەختە بکەین، کۆمەڵگاش نەک هەر وشیار نەکراوەتەوە، بەڵکو دوو

هەنگاویشی بۆ دواوە هاویشتووە،بەڵام نا ئامادەیی رووناکبیریی کوردیش بۆ ململانێیەکی لەمجۆرە، کە لە بنەڕەتدا درێژخایەنەو دژوارو سەختە،ئەوا کۆمەڵگای کوردی هێشتا بۆ دواوە پاڵدەنێ، بێئەوەی یەک هەنگاویش بچێتە پێشەوە. چونکە جگە لە دەسەڵات بەر لە هەموو شتێک ئەرکی سەر شانی نوخبەی رووناکبیرییە، بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگاو جوولەی پێ بکات.

زمانی کوردی هێشتا زمانێکە تەنیا بۆ شیعرو پەخشان سازو ئامادەیە، ئەم زمانە (کە زۆر شانازی پێوە دەکەین)هێشتا لە دەرگای فیکرو سیاسەت و سرووشتی نەداوە،زمانی زانستمان ئەوە هەر بەجارێ وێرانەیەکە بە یەک سەدەی تریش ئەگەر بتوانرێ بونیاد بنرێ،کەس ناتوانێ بە کوردی باس لە زانستەکانی سروشت بکات،زمانی کوردی دەڵێی هەر تەنیا بۆ ئەوە خولقاوە باسی رووبارو گوڵ و چاوو برۆی یار بکات، پەتای گەورەش ئەوەیە کورد هەمووی شاعیرە،بەڵام شاعیری نەزۆک، مردووی بەسەرچوو ،شێرکۆیەکمان هەبوو شانازی پێوە بکەین، بەڵام ئەویش وەجاغ کوێر بوو.

نوخبەی کوردی باسی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەت بۆ دەکات، بەڵام جەسارەت ناکات بێت گەورەترین زام و پرسی نیشتمانەکەی کە دین و داعشە، بیخاتە بەر شیکردنەوەی زانستیانەی سەردەمانە، ئاخر پۆست مۆدێرنە هیچ مانایەک نابەخشێ، لەکاتێکدا داعش چەند کیلۆمەترێک لێمانەوە دوورە. لەوانەیە بەشێک لە نوخبەی کوردی پێیانوابێت کە خۆیان لەبارەی دین یەکلا کردۆتەوە، بەڵام بێگومان قسەی لەمجۆرە هیچ مانایەکی

نییە ئەگەر تۆژینەوەی قووڵی پێشکەش نەکردبێت و ئازایانە پەنجەی لەسەر برینە بەسوێکان دانەنابێ، دەبێت دەسەڵات و ئینجا کۆمەڵگاش فێر بکرێن کە ئیدی پێویستمان بەو جۆرە تۆژینەوانە هەیە، چ پێویستیش ناکات کەس تەکفیر بکرێت و لە وڵاتی خۆی قاچاخ بێت.وەک ئەوەی عەرەب بەرامبەر بە نصر حامد ئەبۆزێد و چەندانی دیکەی کردووە، پێویستە دەسەڵات و کۆمەڵگاش ئەقڵ لەو کارە قێزەونانەی فەرمانڕەوایانی عەرەب وەرگرن، چونکە ئەوانەی دژ ئەبوزێدو نەجیب مەحفوزو زۆری دیکە وەستانەوە،تەنیا قێزەونی و شەرمەزارییان بۆ مایەوەو مەحفوزو ئەبوزێدیش جوانترو گەورەتر بوون.

کۆمەڵگایەکمان هەیە ئەقڵیەتی خێڵ بەڕێوەی دەبات، ئێستاش ئامادەیە شەڕی پەڕۆ بکات و زۆرترین توندوتیژی بەرامبەر بە ژن نیشانداوە، ئیتر لە کۆمەڵگایەکی وەهادا، باسکردنی پۆست مۆدێرنە، هەم خۆ گێل کردن و خۆ دزینەوەیە لە پرسە بنەڕەتییەکان، هەم نیشاندانی ماسوولکەکانیەتی وەک ئەوەی بڵێ من رۆشنبیرێکی گەورەم!، بەڵام ئەوانەی لەو ریزبەندییەدان، پێیاندەڵێم بۆئەوەی باشتر رۆشنبیرو بەهاکانی نوخبە بزان،با کتێبەکەی (ریمۆن ئارۆن)بخوێننەوە، بەناوی (ئەفیونی رۆشنبیران)چونکە ئەو کتێبە شایانی خوێندنەوەیە.

نوخبەی کوردی تا ئەمرۆش شیکردنەوەیەکی جیدی و واقیعی و فیکری نە بۆ دین و داعش هەبووە، نە بۆ ئیسلامی سیاسیش پێبووە،بەجۆرێک

کەوتۆتە ناو تەمتومانێکی چڕەوەو کە هیچ شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە، زانستیانە، بابەتیانە، فەلسەفیانەی بۆ ئەو دوو چەمکە پێنییە،تا ئەمجۆرە شیکردنەوانەشمان نەبێت، ناتوانین کوڕی کورد لە توندوتیژی لەبەرامبەر کچەکانمان دوور بخەینەوە، ناتوانین سۆزو عاتیفەی براکانمان بۆ گرووپێکی توندڕەوی ئیسلامی ریشەکێش بکەین، ناتوانین بە ئەقڵێکی سارد بیربکەینەوە،راستە هەندێک هەوڵی نوخبە لێرەو لەوێ هەیە، بەڵام ئەم هەوڵە یەکجار کەمەو تا ئێستا هیچ کاریگەرییەکی دروست نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک هەوڵیدیکەش هەن دەیانەوێ پاساو بۆ ئایین بهێننەوە لەبەرامبەر هەر کارێکی قێزەون کە بەناوی ئایینەوە دەکرێ.بەڵام چ پاساوەکانیان زۆر لەڕو لاوازە، چ خۆیشیان بنەمایەکی تۆکمەیان لەبارەی ئایینە ئاسمانییەکانەوە نییە.

هەڵبەت ئەم کێشەیە زۆر ئاڵۆزەو لە کۆمەڵگایەکدا کە رێژەیەکی زۆری نەخوێندەوار بێت و ئەهلی فیکری زۆر کەم بێت، ئاسان نییە بتوانی لە پرسێکی وەها ئاڵۆزدا قسە بکەیت،چونکە ئەم پرسە لەناو توندڕەوییەکی قووڵدا خۆی مات کردووە،بۆیە تەنیا بە گفتوگۆی فیکریی دەتوانرێ دەرگایەک بەرووی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و کەمکردنەوەی توندوتیژی بکەینەوە، ئەگەر ئەمە نەکەین هەرچییەک بکەین لە کوتینی ئاسنی سارد دەچێت و نامانگەیەنێتە ئاکامێکی باش.

ئەگەر رۆشنبیرو هزرڤانەکانی ئەوروپا قۆناخی رۆشنگەری و دواتریش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بە توندی و بە چڕی رووبەڕووی ئەو ئایینی مەسیحییە نەبوونایەوە، نەیاندەتوانی سەدەی بیستەم، بکەن بە سەدەی سیستەم و یاساو مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و دەرکەوتنی زانستە نوێکان. کورد تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە کاری فیکری لەسەر دین بکات، نەیتوانیوە کاری فیکری لەسەر ئیسلام و ئیسلامی سیاسی بکات، تا ئێستا کورد لەم هەرێمە لەدەرەوەی مێژوو لە شوێنی خۆی پێکوتە دەکات.یەک بست نەیتوانیوە بچێتە پێشەوە،بەڵام دەبێ لەجیاتی پێکوتە پێڕەوکە بکەین،تا پێڕەوکە نەکەین، ئەم وڵاتە هەر ئاوا پڕ دەبێت لە توندڕەوی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی.خۆهەڵخەڵەتاندن و خۆ فریودانێکی گەورەیە، کاتێک بمانەوێ لە رێگای بزووتنەوە ئیسلامیە سیاسییەکانەوە، یان لە رێگای کۆمەڵێک گرووپ و رێکخراوی ئیسلامییەوە، قەناعەت بە خۆمان بهێنین کە لە ئیسلام دەگەین.

لێرەوە دێمە سەر وەزارەتی ئەوقاف، ئەم وەزارەتە هەر ناوەکەی بۆ ئەمرۆی هەرێمی کوردستان تەندروست نییە، لەکاتێکدا ئێمە جگە لە ئایینی ئیسلام، خەڵکێکی زۆرمان هەن، سەر بە ئایین و مەزهەبی دیکەی غەیرە ئیسلامین،بۆیە سەرکردایەتی کوردی کاتێک باسی پێکەوە ژیان و تەبایی و مافی یەکسانی هەموو هاووڵاتیانی هەرێم دەکات، ئەوا دەڵێین وەزارەتی ئەوقاف ئەو مۆرک و شەقڵەی بەخۆوە نەگرتووە، چۆن ؟ دەبا بپرسین ئایا وەزارەتی ئەوقاف جگە لەو خەڵکەی خۆی بە موسڵمان

دەزانێ، توانیویەتی هیچ جۆرە کارلێکێک لەگەڵ ئایین و مەزهەبەکانی دیکە، بۆنموونە، ئێزیدییەکان، شەبەک، کاکەیی...هتد بکات ؟ ئایا ئێزیدییەکان رۆژێک لە رۆژان بە خەونیش بیریان لەوە کردۆتەوە کە وەزارەتێک بەناوی ئەوقاف هەیە،کە پێکهاتەکەی ئەوانیش لەخۆ دەگرێ ؟ بۆیە لێرەوە دەڵێم پێویستە ئەم وەزارەتە ناوی بکرێتە وەزارەتی ئایینەکان (وزارة الأديان)، ئەوکاتە هیچ پێکهاتەیەکی ئەم نیشتمانە لەگەڵ ئەم وەزارەتە هەست بە دابڕان ناکەن، پێکەوە ژیان ئاوا دەبێت، نەک وەکوو ئەوەی ئێمە دەیکەین. ئەو وەزارەتەی ئێستا هەیە، لەجیاتی ئەوەی پێکەوە ژیان قووڵتر بکاتەوە، کەچی بۆتە کارگەیەکی گەورەو داعش بەرهەمدەهێنێت، ئەوەتا زۆرترین کارمەند کە چوونەتە ریزی داعش هی ئەم وەزارەتەن. لەگەڵیدا پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی وردیش لە کۆلیژو پەیمانگاکانی بەناوی شەریعەت بکرێ، ئەم کۆلیژو پەیمانگایانە بەهەمان شێوەی ئەوقافەکە، تەنیا ئیسلامییەکان وەردەگرێ و هەموو پێکهاتەی ئایینەکانی دیکە لێی بێبەشکراون،چی تێدایە ئەگەر کۆلیژی شەریعەت، بودایی و کۆنفۆشیۆسی و ئایینەکانی دیکەشی لێ بخوێندرێ، ئاخر دەبا پرسیارێک لەخۆمان بکەین، ئەم کۆلیژو پەیمانگایانەی شەریعەت، چ سوودێکی بۆ ئەمڕۆو ئایندەی کورد پێیە،لەبەرامبەریشدا چ کۆمەڵگایەکت بۆ بەرهەمدەهێنێت ؟ ئایا حکومەتی هەرێم یان ئەو دوو حیزبەی 24 ساڵە حوکمڕانی ئەم هەرێمەن، تۆژینەوەی وردیان لەسەر خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەمجۆرە کۆلیژانە کردووە ؟، بڕواناکەم.چونکە ئەوەتا گرفتی

دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە پێشبڕکێی ئیسلامی سیاسی لەم هەرێمە دەکات لەسەر مزگەوت دروستکردن و لەسەر ئەوەی کامەیان زۆرتر موسڵمانە، لەکاتێکدا تارادەیەکی یەکجار زۆر، ڕێک ئەم ئەقڵیەتەیە داعش بەرهەمدەهێنێت.

حکومەتی هەرێم پێویستە هەموو ئەو پێداویستیانە فەراهەم بکات کە نوخبەی ڕووناکبیریی زەمینەی ئەوەیان هەیە بە فیکر دژی ئەم ڕەوتە ئیسلامییە ببنەوە کە لەناو داعشدا خۆی زەق کردۆتەوە. بۆ تۆژینەوە لەم پرسە گرنگە، بەر لە هەموو شتێک پێویستە دەزگای تایبەتمەندی بۆ دابمەزرێت و خەڵکی پسپۆر ئیشی فیکری تێدا بکەن. ئاخر ئێمە تا ئێستا یەک دەزگای لەو جۆرەمان نییە. ئەوروپا کاتێک دژایەتی ئوسوڵییەتی ئایینی مەسیحی کرد، وەها دەستیپێکرد، فیکر بەرامبەر بە فیکر ، ئەقڵ بەرامبەر ئەقڵ، ئەرگیومێنت بەرامبەر ئەرگیومێنت، بەمجۆرە کێشەکەیان یەکلاییکردەوە ،ئاخر کاتێک مەلایەک دەچێتە ناو ڕیزەکانی داعش یان دەیان مەلاو کۆلکە مەلای دیکە، دڵیان بۆ داعش دەیکوتێ، ئەمە خۆ هەڵخەڵەتاندنە ئەگەر پێمان وابێت بە هێزی سەربازی داعش لەناو دەبردرێ ، هیچ هێزێکی توندڕەوی ئایینی بە هێزی سەربازی لەناو ناچێت، ئەگەر بەو ئەقڵیەتە ڕەفتار بکەین، کەس ناتوانێ گرەنتی ئەوەمان بداتێ لە دوای داعش ڕەوتێکی دیکە،یان چەند گرووپێکی دیکەی هاوشێوەی داعش و لە داعشیش خراپتر دروستنابنەوە، ئێمە کە لە قاعیدەو زەرقاوی دەترساین، بە خەیاڵماندا نەدەهات هەر خودی ئەوانە ئەبوبەکر بەغدادییەک

بەرهەمدەهێنن، ئەی ئەبوبەکر بەغدادی کێ بەرهەمدەهێنێت.کەس ناتوانێ ئەو گرەنتییەمان بداتێ، بەو کەرەستە کۆن و رزیوەی کورد هەیەتی ، سبەینێ بەغدادی کەسێکی دیکەی لە خۆی خراپتر بەرهەمناهێنێت. تا گرێکوێرەی داعش نەکەینەوە، کە ئەمڕۆ بۆتە مۆتەکە بەسەر دڵ و رۆحی هەموومانەوە،ناتوانین خۆمان لەوتاعونە قورتار بکەین، کە وەکوو پەتای کولێرە بە خێرایی بڵاوبۆتەوە. با واز لەوە بێنین کە کورد گەلێکی موسڵمانەو حەزی بە ئاشتی و پێکەوە ژیانە، من لەوەتەی هەم ئەم چیرۆکەم بەگوێدا دراوە، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیع چیان پێکردووین و چ نەهامەتییەکمان بەسەرهاتووە.

پێویستە ئەمجارە لە ناخەوە خۆمان فۆرمات بکەینەوەو، حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردیش هەر تەنیا جارێک خۆیان ئەبدێت بکەنەوە، با دوای 24 ساڵ لە حوکمڕانی کە چارەگە سەدەیەکە با جارێک تەنیا جارێک خۆیان ئەبدێت بکەنەوە،هەر بۆئەوەی لە حوکم بمێننەوە، بۆیە ئەگەر نوخبەی ڕووناکبیری و حیزبی دەسەڵات ئەمجارە بە ئەقڵێکی نوێ و بە دیدێکی فراوانتر لە ژیان و لە ئایین و لە جیهانبینی نەڕوانێ،دڵی بەوە خۆش نەبێت رۆژئاوا هاوکاری سەربازی پێشکەش دەکات، تۆ بڕۆ پێشمەرگە حەقیقییەکانی ناو سەنگەر بدوێنە ئەوکات دەزانی ئەوان چەندە ماندوون،لە رووی فیکریشەوە ئێمە وەکوو کورد نەمانتوانیوە رەفتار لەگەڵ کەلەپووری ئیسلام بکەین و لەگەڵیدا گیانێکی نوێی لەگەڵ بەرهەمبهێنین و بیگونجێنین، چونکە ئەم کەلەپوورە لە بنەڕەتدا یەکجار دەوڵەمەندە،

بەڵام ئەوە خەتای ئێمەیە کە تا ئەمڕۆش نەمانتوانیوە شیکردنەوەیەکی قووڵمان بۆی هەبێت.

ئێمە راپەڕینمان کرد، بەڵام دوایی چەندین هەنگاو بۆ دواوە گەڕاینەوە، ئیسلامی سیاسی، گەندەڵی، ململانێی ناوەخۆ لەسەر کورسی و پارە، بووژاندنەوەی خێڵ، بێ یاسایی،...هتد، گەشەیان کردو، کڵاورۆژنەیەکیان بۆ نەهێشتینەوە تا هەناسەی تێدا بدەین. لە دوای راپەڕینەوە، تا کتێبێکی محەمەد عەبدە یان عەبدولڕەحمان کەواکبی یان جەمالەدینی ئەفغانی دەکەوتە بەردەستی خوێنەر، بە دەیان کتێب و نامیلکەی سەید قوتب و حەسەن بەناو ئەلمەودودی و هاوشێوەکانی دیکەیان لەسەر شۆستەکانی پارێزگاکانی هەرێم دانرابوون و تەنەت گوتارەکانیشیان بە سیدی دەفرۆشران و ژمارەیەکی زۆریشیان لەو کتێب و نامیلکانە بە سیدییەکانیشەوە دەفرۆشت،ئەمە ئێمەی بە ئەمڕۆ گەیاند ، ئێستاش دەیان کتێب کە هانی توندڕەوی دەدەن وان لەکتێبخانە کوردییەکانا دەفرۆشرێن و هیچ بەربەستێکیشیان لەپێشدا نییە.بەشێک لە کتێبەکانی سەید قوتب و ئیبن تەیمییەو ئەوانی دیکەی لەمجۆرە کراون بە کوردی، بەڵام ئەم حیزبە ئیسلامی سیاسیانەی لە هەرێمن، یەک کتێبی محەمەد عەبدەو کەواکبی و ئەفغانی یان نەکردووە بە کوردی. (نیشانەکانی رێگا)ی سەید قوتب بوو هەرزە لاو و تازە گەنجەکانی بە ئاراستەیەکی خراپدا برد، بەڵام دەسەڵات ئەوکات بە کاروباری شەڕی ناوەخۆو کۆنترۆڵکردنی شارو شارۆچکەی زیاترو داهاتی زیاترەوە سەرقاڵ بوو.....ئێستاش نە حکومەت نە پەرلەمان

، نه دەزگاکانی دادوەری، نە کەس  سنوورێکیان بۆ پرسێکی لەمجۆرە نەکێشا، لەکاتێکدا زۆر مەترسیدارە..

ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە (ئیبن روشد)ێکە تا لەبەرامبەر غەزالی بوەستێتەوە،چونکە دەبێت ئەوە بزانین بەردەوامبوونمان لەسەر ئوسوولیەت، واتا بەردەوامبوونمانە بۆسەر سەدەکانی ناوەڕاست،ئەو هەموو سەدەیەی کە ژیان وەستێندرابوو، چەقی بەستبوو،کۆپەرنیکۆس و کاپلەرو گالیلۆ  درزێکی گەورەیان لەو قۆناخە هەزارساڵییەدا دروستکردو ئینجا (دیکارت)یش بە ترس و لەرزەوە بەشدارییەکی  قارەمانانەی تێدا کرد.

ئەمڕۆ ئێمە لەناو قووڵایی سەدەکانی ناوەڕاست دەژین، گرنگ نییە گوێمان لە پۆستمۆدێرنەو نووسینە جوانەکانی ئالان تۆرین و هابرماس و ئەوانی دیکەش دەبێت، گرنگ نییە فڕۆکەی ئێف بیست و دوو، دروستکراوەو، تەواوی گۆی زەوی بۆتە گوندێکی بچووک،ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە نەمانتوانیوە سوود لە فیکرو پێشکەوتنی کۆمەڵگای رۆژئاوا وەربگرین، نەمانتوانیوە، ئەو یاساو رێسایانە بخولقێنین کە کەرامەتمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، نەمانتوانیوە لەناو ئەو گۆی زەوییە، شوناسێکمان هەبێت، هاووڵاتی کورد تا ئەو چرکە ساتەش حەیران و سەرگەردانە، لە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی شوناسی خۆی، هاووڵاتی کە هەستی بە بوونی شوناسی خۆی نەکرد، هەرچییەکی بۆ باسبکەیت، وەک ئەوە وایە گوێزی بۆ بژمێریت. لەهەموو ئەو کۆمەڵگایانەشدا کە خەڵکی تێدا بەرەو توندڕەوی

ملدەنێن، ئەو خەڵکانەن کە هەست بە پەراوێزبوونی خۆیان دەکەن لەناو کۆمەڵگاداو، هەستدەکەن بوونی ئەوان مانایەکی تێدا نەماوە، بۆیە ئامادەن تەنانەت بچنە ناو داعشیش تەنیا بۆئەوەی شوناسێک بۆ خۆی وەربگرێت، کەوابێ ئەوە ئەرکی حکومەتە هەوڵبدات هیچ توێژێکی ناو ئەو کۆمەڵگایە، شوناسەکەی ون نەکات و ، بەهاکانی بۆ بگەڕێنێتەوە.